# تەمی خۆر



دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی

زنجیرەی رۆشنبیری

*

**خاوەنی ئیمتیاز: شەوکەت شێخ یەزدین**

**سەرنووسیار: بەدران ئەحمەد حەبیب**

* * *

ناوونیشان:

دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، شەقامی گوڵان، هەولێر

هێرمان شوڵتز

# تـەمی خـۆر

لە ئەڵمانییەوە:

ئەنوەر محەمەد ئەحمەد



ناوی کتێب: تـەمی خـۆر – ڕۆمان
نووسینی: هێرمان شوڵتز
وەرگێڕانی لە ئەڵمانییەوە: ئەنوەر محەمەد ئەحمەد
بڵاوکراوەی ئاراس– ژمارە: ٨٠٧
هەڵەگری: بۆکان نووری
دەرهێنانی هونەریی ناوەوە: ئاراس ئەکرەم
بەرگ: مریەم موتەقییان
چاپی یەکەم، هەولێر ٢٠٠٨
لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان لە هەولێر ژمارە ١٨٥٤ی ساڵی ٢٠٠٨ی دراوەتێ

"کۆتربازەکان باسی تەمی خۆر دەکەن. ئەگەر لە سەرەتای ساڵ و یان لە هاویندا خۆر ئاوا بێت. ئەوجا ترس و خەمی باڵندەکانیانە کە لە گەشتن. چونکە کۆتر بەئاسانی لە تەمی ڕۆژدا، مەسیریان لێ بزر دەبێت. ئەوجا یان درەنگتر و یان هەرگیز مەسیری گەڕانەوە نادۆزنەوە".

پینەچییەکەی شاری "ڕاینکەمپ"، کە پیاوێکی بچکۆلانەی قژ ماش و برنجە و دوو چاوی زیتەڵەی خۆشحاڵی هەیە، زۆر بەدەگمەن دوکانەکەی جێ دێڵێت. مرۆڤ جارجارە لە نیوەڕواندا ئەوی بە بەرکۆشە چەرمە ڕەش هەڵاتووەکەیەوە دەدی، کە پشتکۆماوە لەبەر دوکانەکەیدا وەستاوە و مژ لە سەبیلە بێ ئاگرەکەی دەدات. ئەگەر تێپەڕبووەکان سڵاویان لێ بکردبایە، ئەویش بەبیرەوە سەری بۆ دەلەقاندن. تەنیا کاتێک خۆی گرینگی بەمشتەرییەکان دەدا، ئەگەر کارەکە پێویستی بە کارامەیی خۆی هەبووایە. چونکە لە دوکانەکەدا، خوشکە کەڕولاڵەکەشی کاری دەکرد. ئەویش





هەر بچکۆلە و وەک براکەی بەکۆمەکۆم دەڕۆیشت. ئەو هەمیشەیش لەچکێکی دەبەست. ئیدی مرۆڤ بەجۆرێکی تر نەیاندیوە. لە بەردەرگەکەدا قەفەزێک هەڵواسرا بوو، کۆترەپێکەنینەیەکی تێدا بوو. منداڵ و گەورەساڵەکان زویر و سەرسووڕماو بوون، چونکەی کۆترەکە هەرگیز پێ نەدەکەنی. خوشکە کەڕولاڵەکەی هەر هەموو پێڵاوە چاککراوەکانی دەناسییەوە کە بۆ وەرگرتنەوە لە ڕەفەکەدا دانرابوون. ئیدی ئەگەر مشتەرییەکە خەڵکی هەمان گوند، یان گوندییەکانی دەوروبەر و یان خەڵکانی کانە خەڵووزەکانی دەوروبەر بوونایە زۆر بەدەگمەن شتی لێ تێکەڵ و پێکەڵ دەبوو. نرخی چاککرنەکەشی لەسەر پارچەیەک کاغەز دەنووسی، دەیخستە سەر مێزەکەی بەردەم مشتەرییەکە و ئەوجا پارەکەی هەڵدەگرت. کەسیش نەیدەزانی ناوی خۆی چییە ئەگەرچی زۆریش گرینگ نەبوو.

هەردوو خوشک و براکە پێکەوە، لەو خانووە گەورەیەدا دەژیان. مرۆڤ نەیدەزانی بەچییەوە خۆیان سەرگەرم دەکرد، ئەگەر ئەو پێڵاوی چاک نەکردایە و خوشکەکەشی چاوەڕێی مشتەرییەکانی نەکردبایە بێ شک بێجگە لە فرێدی، کەسێکیش خۆی بەوەها شتێکەوە سەرگەرم ناکات. فرێدی باشترین مشتەری ئەوان بوو. جار هەبوو لە هەفتەیەکدا دە جووت و یان زۆرتر پێڵاوی دەهێنا . فرێدی دەیزانی کە خوشکەکەی ئەمی لا پەسەندە. چونکە ئەو هەمیشە بەچاوترووکاندنێک و زەردەخەنەیەکەوە، بەدەمییەوە دەچوو نەشیدەزانی کە چ شتێک لە ژێر ئەو چاوترووکاندنەیدا خۆی مەڵاس دابێت. تەنیا هەستێکی نامۆی لەم خانووە بێدەنگەدا، لە کن دروست دەبوو. چونکە پێ دەچێت ئەو ژنە بیر لەوە بکاتەوە؛ ئەم ئەو هەموو پێڵاوی پیاوانەیەی لە کوێ بوو؟ لەسەر ئەوەشەوە، ژنەکە لەو باوەڕەیدا بوو کە فرێدی دەستی بەکارتۆنی بان مێزەکەدا کردبێت و دەرزی دزی بێت. چونکە لە هاتنی جارێکدا بۆ ئێرە، ژنەکە لەسەر لێواری ڕۆژنامەیەک بۆی نووسی: لە ١٥ فێبریوەردا و لێرە دەرزیت دزیوە؟ کە ئەمیش دێرەکانی خوێندەوە، سەری لەوە سووڕما ئەو توانی بەبێ هەڵە بنووسێت. ئەمیش پێنووسەکەی لێ وەرگرت و لە پەنایدا نووسی: بەڵێ. فرێدی خۆتان. ئیدی کێشەکە کۆتاییی پێ هات. چونکە پێ دەچێت کە ژنەکە حەوسەڵەی ئەوەی نەبووبێت، لەبەر چەند دەرزی بێ نرخ، بەدوای یەکدا و پەسا پەسا لەسەر لاپەڕەی ڕۆژنامەکە شەڕە نووسینی لەگەڵدا بکات. ئەگەرچی فرێدی هەندێک لە تاڵە مووەکانی سەر

چەناگەی ئەویشی بەناحەز دەزانی، بەڵام حەزی لە هێشتنەوەی ئەو پێوەندییە دەکرد. ئەو وای بەباش دەزانی کە زۆر ئاسانترە لە تەک کەڕولاڵێکدا کارێک جێبەجێ بکەیت. چونکە ئەو وەک گەورەساڵاکانی دی ئەمیان بەپرسیار کون کون نەدەکرد. بۆ ئەو ساتانەشی کە ئەو دەرگەکەی دەکردەوە و زەنگۆڵە ناپێویستەکەیش زرنگەی لێ هەڵدەستا، بۆ سڵاو، ڕۆژباشێکی دەوت. ئیدی خۆ ئەو "ژنەکە"، لە هیچی تر تێ نەدەگەیشت. ژنەکە بڕیاری دا کە نرخی دەرزییەکانیش، لەگەڵ نرخی پارەی داهاتووی پێڵاوچاکردندا، بۆ حسێب بکات. چونکە بەڕاستی نەدەزانی واز لەو پارەیە بێنێت. پێ دەچوو فرێدیش نەتوانێت، جێی تەواوی پێڵاوەکان بڵێت، کە لە کوێوە هاتوون. چونکە کارەکە فەرمی نەبوو. نیو ساڵ لەمەوبەر و لەسەر شەقام، لە کاری پەنچەری و پینەکردنی لاستیکی تایەی پایسکیلدا، هاوکاری کابرایەکی شپرزەی کرد. پیاوەکە ناوی (هێرمان گیرمەن) بوو. ئەو لە کانە خەڵووزەکە، بەرپرسی بەشی شووشتن بوو. ئەو پێشنیازی ئەو کاسبیەی بۆ فرێدی کردبوو. ئەو هەمیشە لە کابینەی خۆگۆڕینی کرێکارەکانی کانە خەڵووز، پێڵاوی دەدزی و پاکی دەکردنەوە. ئیدی ئەرکی فرێدیش ئەوە بوو، بەدزییەوە، لە ناوچەی کانەکە بیانباتە دەرەوە و پاشان بۆ لای پینەچییەکەی بەرێت. ئەویش ناو کەفی مقەبا و پاژنەی نوێی لێ دەدان. چەور و بۆیاخ دەکران و دەخرانە کارتۆنێکی تازەوە. ناو کەفەکانیان وەها چەور دەکرد، وەک چەرم بنوێنێت. پاشان کە فرێدی پێڵاوەکانی دەهێنایەوە، بەپارچەیەک فەرشی دڕاو، هێندەی پێ دادەهانی کە وەک پێڵاوێکی نوێ بریقەیان دەدایەوە. ئینجا پێڵاوەکانی دەبردە کن "هێرمان" کە لە بەرهەیوانی خانووەکەیدا و بەدزییەوە، بازاڕێکی بۆ پێڵاوی هەرزان و هەندێک شتی تر، دروست کردبوو. فرێدی جارجار مشتەری بۆ دەبرد. بەشی ئەویش لەو کاسبییەدا، بەڕێژەی لە سەدا حەوت و نیو بوو. لە هەمبەر ئەوەشەوە کە کام تاکە پێڵاو بکەنە جووتی یەکتری، بیر و بۆچوونی جیاوازیان هەبوو، گەنگەشە چێ دەبوو. فرێدی هەر لە سەرەتاوە لەو باوەڕەیدا بوو، ئەوان دەبێت بۆ فرۆشتن حیساب لەسەر نابیناکان بکەن. "هێرمان"یش لەو باوەڕەیدا بوو، تاکە پێڵاوەکان دەبێت لە پاژنە و پشتەوە وەها دەربکەون کە قابیلی فرۆشتن بن. ئەگەرچی بۆچوونەکەی ئەوی بەلاوە پەسەند نەبوو. ئیدی بەناچاری فرێدی ڕای ئەوی قبووڵ کرد. چونکە هەرچییەک بێت گیرمان





سەرکاری بوو. بۆیە فرێدی هەوڵی لەگەڵ پینەچییەکەدا دەدا، بەکارامەیی تێ بکۆشێت، وێکچوون لە نێوان تاکە پێڵاوە جیاوازەکاندا، دروست بکات. بەڵام پینەچییەکە لە یەکەم گفتوگۆیاندا لەم بارەیەوە، بەپۆرخزی هاتە پێشەوە. لە ساتێکدا وەک شارەزایەک لە کاری خۆیدا، پێڵاوێکی بەدەستەوە گرتبوو و ئەمدیو و ئەودیوی پێ دەکرد، وتی:

– ئیدی یان بۆ یەک دەبن، یان نابن.

بەڵام فرێدی وازی نەهێنا. لە ساتێکدا پەنجەی بەسەر چەرمەکەدا دەخشاند وەڵامی دایەوە:

– بۆ نموونە دەتوانن تاڵە دەزوویەک بێرەدا ڕەت بکەن، چونکە تاکەکەی تر وەها تاڵێکی پێوە دیارە کە ئیدی جیاوازییان پێ ناکرێت. دەی مرۆڤ دەتوانێ لێرە و لەوێش گۆڕان لە بنەکانیاندا بکات.

پینەچییەکەیش پرسی:

– یانی وابکەم کە هەروەک..؟

– هەر بەو مانایە. وا بکە هەروەک وا دیاربێت.

پینەچییەکە سەرێکی بادا. بەڵام وەستابوونی خۆشی سەلماند. چونکە هەستی بەنارێکی زۆر لە نرخەکاندا کرد. بەڵام هەندێک لە پێڵاوەکانیش شایانی کار تێداکردن و هاوجووتبوون نەبوون. بۆ نموونە نەیدەتوانی تاکی چەپ کە پێنج کونی قەیتانی هەبوو، لە تەک تاکی ڕاست کە شەش بێت، هاویەکسان بکات. چونکە جێگە بۆ کونێک نەما بووەوە. هەر بۆیە فرێدی پێشنیازی بۆ گیرمەن کرد، ئەم جۆرە تاک پێڵاوانە بە هەرزانتر بفرۆشێت. بەڵام گیرمەن پێشنیازەکەی بەرپەرچ دایەوە. ئەوجا بۆ سەرسووڕمانی فرێدیش، ئاکامەکەی بەخواستی گیرمەن بوو. فرێدی ڕایشی وابوو تاکەکان بەتەنیا بفرۆشرێن. بۆ ئەم مەبەستەیش، ئەو خەڵکانەی کە لە شەڕدا لاقێکیان تێدا چووە، دەتوانن بۆ ساغکردنەوەی تاک پێڵاوەکان مشتەری باش بن. چونکە هێندەی ئەو ئاگای لێ بوو، نەدەتوانرا لە دوکانەکانی تر تاک پێڵاو بکڕدرێت. خۆ ئەگەر یەک لاقەکان جووتە پێڵاویان بکڕیبایە، ئەوا تاکی چەپ و یان ڕاست، بێ سوود لەو ناوەدا دەکەوت. ئەوەشی بەلاوە وەک مەتەڵ بوو، کە بۆچ پێڵاو لە کانی

بەردە خەڵووزەکە بەجێ دەما. نەشی دەتوانی باوەڕ بکات کە کارکەرەکان، بەپێی پەتی بۆ ماڵەوە دەڕۆنەوە. خۆ ئەگەر تەنیا پێڵاوی کار بەجێ بمایە، ئەمە جێی باوەڕ بوو، بەڵام پێڵاوی ئاساییش بەجێ دەمان. تەنانەت چەند جارێکیش پێڵاوی ئافرەتانە دۆزرایەوە. ئەگەرچی دەزانرا کە ئافرەت وەک کرێکاری کانە خەڵووز کار ناکەن.

جاران شارۆچکەی "ڕاینکەمپ" لە دوو بەشی سەرەکی پێک هاتبوو. دانیشتوانە کۆنەکان لە گوندەکەدا دەژیان. کارکەری کانە خەڵووزەکانیش لە گەڕەکێکی تایبەت و بەهەمان جۆری خانووەوە. ئەوان خانوو و باخچەی بچووک، کولانەی مریشک و کۆتر و تەویلەی بەرازیان لە ناو خۆیاندا هەبوو.

خانووەکەی "ئێما" هەر تەواو لە نێوانی هەردوو بەشەکان و نێزیک لە کەنیسەی کاتۆلیکەکانەوە بوو. چەند ماڵی جووتیاریش لە نێزیک ماڵەکەیەوە بوون. "زینکە" جووتیارێک بوو کە هەر زۆر بەدەگمەن لە تەک کەسێکدا قسەی دەکرد. خەڵکی دەیانوت کە ئەو لە پۆڵۆنیاوە هاتووە. ئەو جارجارە لە بابی خۆی دەدا و هاوار هاواری پیرە "زینکە"، دەگەیشتە کن خانووەکەی "ئێما". کە پیرە "زینکە" هاواری لێ هەڵدەسا، سەگی حەوشەکەیش دەکەوتنە حەپە و وەڕین و قرووسکە قرووسک. "تێلن"ی جووتیار زەوی کەم هەبوو. بۆیە لە کن کانە خەڵووزەکە، پاڵی بەگاری بەردە خەڵووزەوە دەنا. ئەسپە خوێنساردەکەشی وەک ژنە جوانەکەی ناوی "لیزا" بوو. پاڵوەکەی زەردی ئاڵتوونی بوو کە هەموو ئێوارەیەک دەکەوتە پاککردنەوەی. "فریدی" چەند جارێک لەگەڵیدا چوو، هەتا کەمێک پارە پەیدا بکات. ئەو تیانووسی بەردە خەڵووز تۆمارکردنەکەی دەبردە ئەوێ، هەتا مۆری لێ بدەن. پاشان دەیهێنایەوە بۆ جێگەکەی خۆی. "تێلن" لە نێزیک بێشەی کن ماڵەکەی "ئێما" وە گارییەکەی ڕادەگرت، ئەوسا "فریدی" بەخێرایی چەندین بەردە خەڵووزی گەورەی فڕێ دەدایە خوارەوە و ژێر بێشە و دەوەنەکانەوە، کە پاشان "ئێما" دەیهێنانە دەرەوە. لێ، "ئێما" بەم کاری فڕێدانە خوارەوەیەی نەدەزانی.

لە بەرامبەر کەنیسەی کاتۆلیکیش، خواردنگەی "بێک" بوو. جارجارە بۆنی بیرە هەتا پەنجەرەکەی "فریدی" دەهات. مێردمنداڵەکانی گەڕەکیش هەمیشە بەو ناوەدا دەخولانەوە. هەتا هیچ شەڕێکیان لە کیس نەچێت و دزیش لە سەرخۆشەکان بکەن.





"فریدی" بەچاوی خۆی دی چۆن "بۆدۆ ڕۆزن" گرەوێکی بردەوە. بەوەی سەری مشکێکی زیندووی پەڕاند. خستییە نێوان دوو لەتە سەموون و لووشیدا. زۆربەی شەڕەکان لەسەر ئافرەت بوون بەتایبەتی لەگەڵ ئیتالییەکاندا کە لە ئۆردوگا دەژیان و پێیان دەوتن ماکارۆنی. ئۆردوگاکە لە پێنج بینای لە تەختە دروستکراو بوو. سەربانەکانیشیان، فەرشەقیر بوون و ڕەبەنەکانی هێشتاکە جێیان پەیدا نەکردبوو لەوێدا دەژیان. یاخۆ نەشیان دەویست جێی دی پەیدا بکەن. کە لە سەرەتای ساڵی ١٩٥٥دا، زیاد لە دە هەزار بەندیی جەنگ لە ڕووسیاوە گەڕانەوە، ئیتالییەکان ترسی ئەوەیان لێ نیشت کە دەبێت لێرە نەمێنن. بەڵام ئەم گریمانەیە بەڕاست نەگەڕا. جارجارە منداڵانی ئەو گەڕەکە، دەکەوتنە هەڵگیرسانی شەڕێک لە دژی منداڵانی ناو گوندەکە. زۆربەی شەڕەکانیش ئەوان دەیانبردەوە، چونکە لە شەڕکردندا بێ هاوتا و دەستوەشێن بوون. باش دەیانزانی چۆن لە خەڵکی بدەن. جا پێ دەچێت هۆکارەکەشی ئەوە بووبێت، چونکە خۆیان لە ماڵەوە لێیانی باشیان دەخوارد. "بۆکمانی خێل" و "ئێرڤین ڕوپێلڤیتس"یش، بەدەستوەشێن و دەمارگرژ بەناوبانگ بوون. ئەگەر گەنجێکیان بەگیر بهێنابایە و گەورەساڵانێک لەو نێزیکانە نەبووایە، ئەوا حاڵی خراپ دەبوو. بەڵام ئەگەر یەکێکیش لەمان لە گوند بکەوتایەتە بەردەست، ئەوا سزای هەموویانی وەردەگرتەوە. کە منداڵانی گوند لە کن سەکۆی هێڵی وێستگەی شەمەندەفەرەکە بە "سێپل بادوین" گەیشتن، چەقۆ و جرجە تۆپیوەکەیان لێ سەند. پایسکیلەکەیان بۆ شەق و شڕ کرد و چاوێکیشیان بۆ شین هەڵگەڕاند. کە "یورگن سێرڤاتیۆس"ی کوڕی پزیشکەکەیش، بەتەنیا کەوتە بەردەستیان بەزامێکی ناوچاوان و بێ پێڵاو بۆ ماڵەوە گەڕایەوە. هەر هەموان زۆر بەدژواری دەیانتوانی لە حەوشەی خوێندنگەدا، ئاشتی و ئارامی ڕابگرن. ئەو خوێندنگەیەی کە "فریدی" چوار ساڵ تێیدا خوێند، تەنیا یەک کوڕی لێ بوو لە گەڕەکەکەی دەرەوەوە بێت. لە سەر گۆمە ئاوەکەی کە هەمووان، چاڵە هەڵکەنراویان پێ دەوت، کوڕەکان باشترین جێیان دەگرت. "خێلە" و براکەی، ناوبانگێکی تایبەتیان هەبوو. خەڵکی دەیانزانی کە ئەوان، باوکێکی نەرمونیان و دایکێکی خەمخۆریان هەیە. دایک و باوکەکە چاویان خێل نەبوو، بەڵام هەردوو کچ و کوڕەکان خێل بوون.

باوکەکە بە ئاشکرا دیاربوو کە کۆمۆنیستە، بەسەر پەرژینی ماڵەکانەوە و بەڕووی

خۆشەوە ڕۆژنامە کۆمۆنیستییەکەی بەخەڵکی دەفرۆشت. کوڕە خێڵەکانی کۆتربازی باش بوون. خەڵکی لەبەر خێلێتییەکەیان ئەو جووتە برایەیان بە "بۆکمان خێلە" ناو نەدەبرد، لەبەرئەوەی خێل بوون، بەڵکو دراوسێیەکیشیان بەناوی "بۆکمان" هەبوو. جا بۆ ئەوەی جویێیان بکەنەوە، خەڵکی ئەویتریشیان ناو نا "بۆکمان هاوای"، هەردووکیشیان لچی هەڵئاوساویان هەبوو. زۆر کەم کەسێک هەبوو بزانێت ناوی یەکەمی برایانی بۆکمەن چی بێت. جا لەبەرئەوەی کە "فرێدی" کۆتربازێکی ناسراو بوو بۆیە وەک ئەوانی تری دەرەوەی گەڕەک بەدوای کەمایەتییەکەیدا نەدەگەڕان. تا ڕادەیەک کۆتربازەکان لە تەک یەکدا هەڵیان دەکرد. کە فرێدی دووجاران لەسەر یەک خەڵاتی دووەمی بۆ فڕینی دوور بردەوە، ئاستی کەسایەتییەکەی بەرەو ژوورتر هەڵکشا. کە هاتیشە ئامادەیی هەر خێرا و بێ ئەوەی "ئێما" بزانێت، کرایە ڕاپۆرتنووس. گوندییەکانی دەوروبەر کۆترەکانیان وەک کلکە تاوس و قومری بۆ جوانی دەناسی، نەک وەک کۆتری نامەبەر. چونکە ئەوان هیچیان لە کۆتربازی نەدەزانی. کۆترە کلکەتاوس، بۆ فرێدی جێی گاڵتەبازی بوو. خورتی گوندییەکان بۆ شەڕی تاقم تاقمێنە بێ کەڵک بوون، چونکە ئەوان پاش خوێندنگە، دەبایە لە مەزرادا کاریان بکردبایە.



## ڕۆژێکی وەڕسکەر

پاشنیوەڕۆیەکی زوو بوو. فرێدی بەئاگاییەوە دەرگەکەی لە پشت خۆیەوە ڕاکێشا. ئێما کەم دەیپرخاند. پرەخەکانیشی وەک دەرکێشانی تەبەدۆری سەری شووشە وابوو، کلک... کلک... جا بۆ ئەوەی بەئاگاییەکەی بەفیڕۆ نەچێت، قەدەرێک خۆی مەڵاس دا. دیاربوو کە ئێما گوێی لێوەی نەبووە. یان ئەو بەلایەوە گرینگ نەبوو، ئەم بۆ کوێ دەچێت. بۆیە نەیدەویست ڕێی لێ بگرێت. خۆ ئەگەر ژنەکە مەبەستی هەبووایە، ئەوا ئەگەر بیویستایە هەتا بەردەرگەی دەرەوەی باخەکەیش، گوێی لێ دەبوو. ئەوسا بەهۆکاری کردنی کارێکەوە ناچاری دەکرد بگەڕێتەوە. یان ناچاری گوێگرتن لە شتێکی دی دەبوو. فرێدی بەبێدەنگی بەلایدا تێ پەڕی. هەستی کرد چۆن بەتەواوی هەناسە هەڵدەمژێت و دەداتەوە. فرێدی دەسرۆکەکەی بە ڤیکس، تەڕ کردبوو. هەتا بتوانێت بەقووڵی هەناسە بداتەوە. ئیدی ساتی ئەوە هاتبوو کە ئەو بۆنە ئارامکەرەوەیە هەڵمژێت. چونکە ئەگەر وەهای نەکردبایە، دەبوایە بکەوتایە کۆکە کۆکی سەخت. چۆن ماسییەک لەسەر وشکانی بەدوای یەکدا تەکان دەدات، ئەمیش ئاوەها نەرمەکۆکەی کپی دەکرد و ڕوخساری لە دەسرەکەدا شاردبووەوە. ژبەروەی نەیدەویست ژنەکە هەست بە کۆکە کۆک و هەناسەسوارییەکەی ئەم بکات. ئەوجا خەمخۆرییەکەیشی لەم کارەکانی خراپتر دەکرد و دەبووە هۆکاری ڕێگەگرتن لە مەبەستەکەی. لەم ئان و ساتەدا، بەزەیی پێداهاتنەوەی بەپێویست نەدەزانی. بەتایبەتیش دوای ئەو ڕووداوە. کە بیریشی لێ دەکردەوە، هەستی بەهیچ ڤینێک لە هەمبەر ئەودا نەدەکرد. بەڵکو زۆرتر داخی لەوە دەخوارد کە ناچار بوو بۆ جارێکی تریش خۆی لەگەڵ ئەودا سەرگەرم بکات. کە بێ چاوەڕێکردن لە سەردانەکەی، ناچار بوو بێدەنگ لە بەرامبەریدا دانیشێت. ئەم هیچ گلەییەکی لەو نەبوو. نە لە شەپازلەکانی و نە لە خواردنە ساردوسڕەکانیشی. هەر دەتگۆ لە ئاسمانەوە بەربووەتەوە. ئەوە بوو کە زەنگی دەرگەکەی ماڵەوەیان لێ درا و خوێندکارێکی

پۆلێکی تری خوێندنگەکەی بەڕەنگی زەردەوە لە بەردەرگەی چێشتخانەکەدا وەستا. کوڕە قەڵەوەکە بەدەوری خۆیدا هەڵی دەڕوانی. دەتگۆ خەڵاتی یەکەمی گرەوێکی بردووەتەوە. زۆر جێی سەرسووڕمانە کە "ئێما" ئەوەی بەسەر خۆیدا تێ پەڕاندبێت. ئاوەها چاوەڕێ نەدەکرا. فریدی ئەو کوڕەی دەناسی. کوڕی مریشک بەخێوکەرێکی دەوڵەمەند. بۆ ئەم، ئەو مەراییکەرێک بوو. فشەکەرێکی بازیکەری تێنس بەگۆرەوی سپییەوە. پێ دەچوو کە لەو یانەی تێنسە، گۆرەوی سپی پێویست بوو. ئەم گرینگی پێدانیشی بەپێویست نەدەزانی. لەم جۆرە کەسانە لە خوێندنگەکەیدا زۆر بوون. ئەم قەڵەوە لە چێشتخانەکەدا لنگی لێ بڵاو کردەوە و وتی:

– خانمی "هاڵستنباخ"، جەنابی بەڕێوەبەر دەیەوێت لە تەکتدا قسە بکات. من تەنیا ئەوەم لەسەرە ئەم هەواڵەتان پێ بگەیەنم.

ئیدی بۆ چەند چرکەساتیش مایەوە. دەتگۆ چاوەڕێی ڕازیبوون دەکات. فریدی دەیزانی کە ڕۆژێک لە ڕۆژان ئاشکرا دەبێت. بۆیە هەرکە قەڵەوەکە لە ژوورەکە چووە دەرەوە، خۆی دانی بە هەموو شتێکدا نا. بۆ ئەوەی کارەکە لەوەندە زیاتر خراپ پیشان نەدات، نەکەوتە سوێند خواردن و بەڵێن دان، یان درۆکردن، بۆ پاتە نەکردنەوەی وەها کارێک. بەڵام وا دیاربوو کە ڕووداوی خوێندنگەکە هەمووی ئاشکرا دەبێت. ئەوپەڕی تا سبەینێ، ڕۆژێکی بەینیش هیچ سوودێکی نەبوو. چونکە لای ئاشکرا بوو کە "ئێما" دەچووە خوێندنگە و... ئەمیش ڕەخنە و تووڕەبوون و قسەکانی ئەوی بە هەناسەسوارییەوە، قبووڵ کرد و ڕای کردە ژوورەکەی خۆیەوە. بیری کردەوە؛ کە ئەو هەمیشە تووشی شتێک دەبێت. لێ لە ڕاستیدا ئەم وەهای نەدەویست و هیچ مەبەستێکیشی نەبوو، بەڵام وەها هات. ئەم جۆرە بیرکردنەوەیە باوەکو نیگەرانی دەکرد، دەبوونە هۆکاری هۆشیاربوونەوە و زیاتر بەئاگابوون و بەبیرەوە هەڵسوکەوتکردن بەڵام ئەوەی کە ئەمی خەمبار و ناتوانا دەکرد، هەردەم بێ مەیلی ئێما بوو لە بەرامبەر ئەمدا. تەنانەت "ئێما" بەئاکامی خراپ هەڕەشەی لێ کرد. هەڕەشەیش لە "کۆترە نامەبەرەکان"ی و پێوەندییە گومانلێکراوەکانی، لە تەک کۆتربازەکانی گەڕەکی کرێکارەکانی کانە خەڵووزەکان. تەنانەت باسی لەو پیاوانەیش کرد کە لە ماڵەکەیدا دەژیان و ئەم بۆ ئەوان، خواردنی چێ دەکرد. ئەوجا





"ئێما" بێ قسە و بە توندی قاپەکەی خستە سەر مێزەکە. "ئێما" بەزەییشی پێدا دەهاتەوە، بەوەی وا هەمدیسان ناچارە لۆمەی بکات. لەبەرئەوەی کە وا زیاد لە دوو مانگە، "بێ ئەوەی پیشانی ئەوی بدات" هەر خۆی واژووی پەڕەی تاقیکردنەوەکانی دەکات و دەیباتەوە بۆ خوێندنگە. هەردەم لەسەر تەوالێتەکە دانیشتووە و بەسانایی ئیمزاکەی ئەمی غەش کردووە. جا پێ دەچێت کە فریدی، ئەم کارەی کە لەسەر ڕانەکانی کردوویەتی، بەغەش و نایاسایی وەرنەگرتبێت، بەڵکو بەمافێکی خۆی زانیبێت. بەوەی کە چ خۆی و چ "ئێما"ش لە لێپرسینەوە بپارێزێت. بەهەرحاڵ، دیارە فریدی ئەمەی بەباشتر زانیوە، وەک لەوەی بۆ هەر شتێکی بچکۆلەی وەها، پێنج شەش دەمژمێر چەلەحانێی لەسەر بکرێت و لێپرسراویشی بخرێتە ئەستۆ. چونکە هەندێک جار، "ئێما" دەیوسیت لە خۆیەوە هەندێک شت بزانێت کە بێ ئاگابوو لێی. ئیدی هەرچی خۆشی ماندوو کردبا، بێ سوود بوو. "فریدی" وای بەباش دەزانی، دەبێت شتێک بێتە گۆڕین، بەڵام نەشیدەزانی چۆن. بیری دەکردەوە کە ژیان بەسەریدا تێ دەپەڕێت. ئەو وێنەیەی کە ئەو هیوای پێ دەخواست ڕۆژێک لە ڕۆژان، دەبێتە ئەو شتە تا دەهات دەچووە قووڵاییی تەمی چڕەوە. ئەو بەسەر جادەکە و بەلای مەزرا و بێشەکاندا، بەرەو گوندەکە چوو. ئەو لەو باوەڕەیشدا بوو دەتوانێت دڵی "ئێما" بێنێتەوە جێی خۆی. ئەمیش دەبوایە ئەمجارە ئەوەی بزانیبایە، کە جارجارە "ئێما" بێ ئەوەی خۆی بیەوێت، تووش دەکرێت. کۆتاییەکەشی بەنیگەرانی دێت. ئەگەر گەورەساڵان بەرەو ڕووی بهاتبانایە، ئەم دەچووە ئەوبەری جادەکە. چونکە لای ئاشکرا نەبوو، کێ دەڵێت داوای یارمەتی لێ ناکەن. ئەوە هیچ کە مرۆڤ خۆی لەسەر ڕێی پۆلیس و مامۆستا لادەدات. چونکە هەمیشە هۆیەک دەدۆزنەوە بۆ ئەوەی وات تێ بگەیەنن، هەروەک کردەوەیەکی قاچاغ بێت، ئەگەر جادەکە بۆ ڕۆیشتن بەکار بێنیت. جادەکە بەو گیا وشک و کایانە داپۆشرابوو کە لە گارییەکانەوە کەوتبوونە خوارەوە و بەدەم باکەوە سەمایان دەکرد. ئاسمانەکەیش وەک مانگەشەو سپییەکی زەردباو بوو. "کۆرنێلیا" و "فومێلتا" لەبەر فەرمانگەی پاشەکەوت و قەرزدا، بەلای جانتاکانیانەوە وەستابوون. ئەرێ کۆرنێلیا بۆچ وەها لەڕ و ڕەقوتەق بووە؟ نە ئەو سەرنجی لەم دا و نە ئەمیش لەو. بەڵام بەتیلەی چاو لێی بەئاگا بوو. کچە کاتۆلیکەکان لەڕ و ئیڤانگێلییەکانیش قەڵەو. "ئێدا" و "کۆرنێلیا" لەڕ بوون. هەر

هەموو ئەوانەی تریش کە ئەم لە یادەوەری مانگی گوڵاندا و لە کاتی ڕێپێواندا دەیدین، سەرنجیان لەسەر تەختی زەوییەکە بوو، هەروەک لە کەنیسا لێیان درابێت و یان، چاوەڕێی ناخۆشییەک بکەن. تەنیا "هێلما" کە ئێڤانگێلی بوو، لەڕ بوو. ئیتر وازی لە ژماردنیان هێنا.

ئەم بەر لەوەی ڕێک بکەوێت، دەرگەکەی لە کۆترەکان کردەوە و دانی بۆ ڕۆکردن. دەرگەکەشی بۆیە لێ کردنەوە، هەتا خۆیان بۆ مەزراکان هەڵفڕن و خواردن پەیدا بکەن. کۆترەکان نابێت ئازار بچێژن، لەبەرئەوەی کە ئەم هەمدیسان، تووشی کێشەیەکی بچکۆلانە بووە. قەل و دارەکەرخۆرەیش لە ئێواراندا دەبنهەۆی مەترسی و لە تاریکیدا دەست دەوەشێنن. کۆترە سوورە هەمدیسان پەڕی گرتۆتەوە. ئەم دەتوانێت کۆترەکەی، کە بە ئەسپی پێشبڕکێ، ناوزەدی کردبوو، لە شاری (ڤورتزبورگ) بەولاتریشەوە بنێرێت. چونکە ئەو کۆترەی پێویستی بە فڕینی کورتخایەن نەبوو. وە ئەمەیش بۆ هەمووان دەسەلمێنێت. ئەوجا هەر بە چاوی خەیاڵ و لەبەرەبەیانی زوودا، کۆترەکانی وەک پنتکی ڕەش بە ئاسمانەوە دەدی. دەشبێت بە کارامەییەکانیاندا بیانناسێتەوە، کە بە خێرایی و لەو بەرزاییەوە، وەک بەردێک بەرەو خوار دەبنەوە و خۆیان بەزەویدا دەکێشن. باڵەکانیان تەواو دەکرێنەوە و لە ماندوێتی بڕینی ڕێگای گەشتە دوورەکەیاندا، باڵەکانیان دەلەرزن.هەتا ئەوکاتەی کە بازنە لاستیکیەکانی دەکردە گوێیان، قەلەق بوو. نرخی خەڵاتەکەیش بەشی یەک دوو هەفتەی دانی کۆترەکان دەکات. ئەگەرەکو بیتوانیایە چەند (مارک) ێکیان لەسەر دابنێت. لەوە دەچی کە (گیرمەن) بتوانێت، پێشەکییەکی وەک قەرز بداتێ...؟ کۆترە سوورە باریکەلەکە لە ئاسمانەوە وەها دەلەنگی، کە ڕەگەزەی خۆی دیاری دەکرد. ئەگەر لەسەر زەویش بووایە، لە سووچێکدا، باڵەکانی وەها لێک دەنایەوە، هەستت پێ نەدەکرد. وا دوو ساڵیشە کە جووت نەبووە. چونکە لەو ساتەوەی کە بەیانییەک، هاوجووتەکەیان بە مردوویی لە کولانەکەدا دۆزییەوە، ئیدی هەموو هەوڵێک بۆ جووت بوونی، بێئاکام مایەوە. وەک کەسێک بێتاوانی خۆی دەربخات، لەپەنای لاشەی کۆترەکەوە هەڵیشتبوو. بۆچ مرۆڤ خەمخۆریی کۆترەکان نابینێت؟ ئەم لاشەکەی هەڵگرتوو، لەگەڵ تێڕوانیندا، بیری لەو فڕینانە دەکردەوە، کۆترەکە بۆ ئەمی ئەنجام





دابوو. ئەی چۆن دەتوانێت ئێستاکە سوپاس و پێزانینی خۆی بۆی پیشان بدات؟ بیرکردنەوە لەو کۆترە مردووە، ئەمی قەلەق دەکرد. بۆیە باشترە کە بەر لەوەی کۆترە سوورەیش بمرێت، بێچووی لێی هەبێت. سا ئەگەر زووتر لەلایەن جرجەکانەوە هێلکەکانیان نەخورێن. بۆیە جارێکی تریش تەڵەکانی تاقیکردەوە. بەڵام هەمدیسان تەقی بوون و خواردنەکانیان خورا بوون، هیچ باسێکیش لە بەتەڵەوەبوونی جرجەوە نەبوو. بۆیە بیری لەوە کردەوە، زەهر پەیدا بکات کە لە پشت گۆڕستان و بەنداوەکەوە. لە جادەکە لایدا و لەبەردەم دەوەنە چڕەکاندا خۆی دیەوە، خۆشی نەیدەزانی بۆچ هاتووەتە ئێرەکانە؟ لەسەر دارێکی لە بندا هەڵکەنرا و دانیشت و بۆ چەند خولەکێک، بیری بۆ هیچ نەدەچوو. بە گوێی خەیاڵ گمەی کۆترەکانی دەبیست و سەرنجیشی لەسەر مێرووەکان بوو، کە سەرگەرمی بەکێشکردنی گەڵایەکی سەوز بوون. بە گیرفانەکانیدا کەوتە گەڕان، هەتا بەڵکو قنچکە جگەرەیەک بدۆزێتەوە، بەڵام کە تەنیا تاڵە دەزووی بەدەستەوە هات، هەڵسا و ڕۆیشت. دارە عاجە کۆنەساڵەکە، کەوتبووە ئەولاتری بێشە و دڕک و داڵە چڕەکەوە. هەتا ئەوسەری مەزرا جۆجاڕە دووراوەکە، کەسێکی پێگەیشتوو، یان جووتیارێک لەوێدا بەدی نەدەکرا کە ئەم وەدەرنێت. بەدەم جنێودان و نەفرەتکردنەوە، بە هێواشی بە دارەکەدا هەڵگەڕا. سەرەوە بای هەبوو و فێنک بوو. هێلانەکە لە خوارەوە نەدەبینرا. چونکەی شاردراوە بوو. لە جیاتی دوو هێلکە کۆتری کە پێش لە دوو هەفتە لێرەدابوون، دوو بێچوولەی سەر سافی بەدەن ناشیرین، داپۆشراو بە پەڕی زەردی پیس و ناشیرینەوە زیقەزیقیان بوو. لە ترسا پاڵیان بەیەکەوە دەدا. ئەوەی کە ئەم دەیویست بیکات، پێویستی بە هەردوو دەستەکان هەبوو. لە نێوان دوو پەلدا دانیشتوو، بە بەنێک هەردوو زەڕنەقووتەکانی لە قاچەوە، پێکەوە بەستەوە. خەمیشی لەوەی خوارد کە بەنەکە، وەک کەلەپچەی مەچەکی دوو زیندانی، بڕێک شل و شێوا و بێت و ئازاریان پێ نەگات. سەری بەنەکەیشی بە هێلانەکەوە گرێدا، هەتا ئەگەریش بەربوونەوە، لە کەوتنەخوارەوە بۆ سەر زەوی بپارێزرێن. هەردوو زەڕنەقووتەکە بەردەوام لە زیقە زیقدا بوون. ئەم کاتێک دێتەوە و دەیانبات، کە پەڕیان دەرکردبێت. پێدەچێ لە سێ هەفتەی تردا هەتا ئەوکاتەیش، تا پێیانخۆشە دەتوانن پەلەقاژە بکەن. یان بەنەکە بەر دەنووک بدەن. دایک و بابیان، بێ ئەوەی هەست بە بەستنەوەیان بکەن،

خواردنیان دەدەنێ. ئەم جارێکی تر هەوڵ دەدات کە لەگەڵ کۆترەکانی خۆیدا جووتیان بکات. تا لە ئاکامدا، ڕەگەزێکی ڕەسەنی وەحش و گونجاو بۆ کۆتری نامەبەر، دێتە بەر. کە ئیدی هیچ کۆترێک لە بەرامبەریدا ناوەستێتەوە. پێدەچێت کە لەتەک کۆترشینکە بەلجیکییەکەشدا جووتیان بکات. ئەو کۆترەی، ڕۆژێک خۆی بەکولانەکەدا کرد و ئیدی نەیهێشت بفڕێتەوە. چونکەی وەها باڵندەیەک هەرکە کەوتنە ئازادییەوە، خێرا بۆی دەردەچن. دەگەڕێتەوە ئەو جێیەی کە لێوەی هاتووە و شوێنی ڕاستەقینەی خۆیەتی. جارجارە بیری لە خاوەنەکەی دەکردەوە. دەشێت پیرەپیاوێکی بەلجیکی بێت، کە بەدلەیەکی پیسی لەبەردایە. کلێتەیەک بە بان سەر و قژە خۆڵەمێشییەوەکەیەتی و لەتەک کۆترەکانیدا هەڵبەز و دابەزیەتی. پێدەچێت کە ناویشی باودوین بێت. هەموو ئەو بەلجیکیانەی کە ئەم تا ئێستاکە دەیناسین، ناویان باودوین بووە. ئەو بەرلەوەی ئەو کۆترشینکەیە بەڕەڵا بکات، پێویستە جارێ لەتەک کۆترەکانی تردا جووتیان بکات. دەبێت ساڵێکیش چاوەڕێ بکات. بیرکردنەوە لە ئاکامی باش، ماخۆڵانی پێدەگرت و بە دەوری خۆیدا هەڵیدەڕوانی. مەزراکەی "کۆلنەوک" دوورابۆوە. لە دوورتریشەوە جووتیارێک بە دارێکەوە، بە دارسێوەکەیدا دەکێشا. چەند منداڵیش لەسەر گۆمێک خەریکی ڕاوە ماسی بوون. باکە خۆی بەنێوانی پەل و لقەکاندا دەکرد. ئەسپێکیش لەناو گژوگیادا دەلەوەڕا. لە گوندی "لۆتەرسەۆف"ەوە مانگاکان بەوناوەدا بڵاو ببوونەوە و سەگەکانیش لەژێر داری میوەکانی گوندی پلیز دا، کۆ ببوونەوە. هەستی لە بەرزاییەوە بوون هێندەی نەخایاند، هەمدیسان خەم و نیگەرانی تەنگیان پێهەڵچنی و خستیانەوە هەستی وەڕس بوون، برسی بوو، بۆیە بیری لێکردەوە کە لە ماڵی جووتیارێک، چەند هێلکە بدزێت. لە قتوو یان بنی تەنەکەیەکدا و لەسەر چۆمەکە بیانکوڵێنێت. هەروەک چۆن جارجارە وەهای کردووە. بەڵام بەتەنیا هیچ زەوقی نییە. لە بورجی کانەبەردی خەڵووزەکەوە، کەڕەنای شیشت گۆڕین لێدرا. بۆ کۆتایی جار گرێی بەنەکەی کۆنترۆڵ کرد. دەستی خستە سەر لەشی ڕەق و گەرمی جووچکەکان و لەگەڵیشیاندا قسەی کرد، وەک هەمیشەیش ئافرەتەکان، لەسەری مانگ و پارەداندا، لەبەر دەرگەی کانەکەدا وەستابوون. چاوەڕوان و چاودێریی پیاوەکانیان دەکرد، هەتا پارەکانیان لێوەربگرن. ژنەکان منداڵە بچکۆلەکانیان لە ناو زەمیلە بەستراوەکانی دوای







پاسکیلەکانیان دانابوو. منداڵەکان بێتاقەت و ناڕەزاییان دەردەبڕی. فرێدی تۆزێک چووە ئەولاترەوە، هەتا بۆنە ترشەڵۆکەکەیان بەسەریا نەچێت. ژنەکانیش سەرنجی ناحەزیان تێدەبڕی. بەڵام ئەم نەیدەزانی بۆچی. بڕێک لەولاترەوە و لەبەر دەرگەی کانەکەدا، "دیتس پلۆتەرمەن"ی بچکۆلەی بە چاویلکە ئەستوورەکەیەوە دی. ئەو کلێتە سەیرەی لە سەردا بوو، کە بە بێ ئەو کلێتە نەدەچووە سەر جادە و دەرەوە. پێدەچێت ئەو پیاوە لەڕەی کە ئەو لە پەنایدا دەڕۆیشت باوکی بێت. بەداخەوە. "دیتس" ڕیکوپێکە. ڕۆژێکی باش نابێت ئەگەر زووتر بۆ ماڵەوە بگەڕێتەوە. ئەم بۆیە لێرەکانە وەستا بوو، کە شایەد کەسێکی ناسیاوی نێزیکی خۆی ببینێت. "گیرمەن"یش دەستی لەکار هەڵگرتبوو. ئەو ساتەی کە ئەم دەستی لێ هەڵتەکاند گیرمەن وەڵامی دایەوە: "ئەمڕۆ نا.." و ئیدی سەرکەوتبووە سەر پاسکیلەکەی و ڕۆیشتبوو. (فریتس هوفناگڵ) بە دەستێک کە بە سووکانەکەیەوە گرتبوو، پاڵی بە پاسکیلەکەیەوە دەنا و جگەرەیەکیش بە دەستەکەی تریەوە بوو، دەڕۆیشت. فرێدی بانگی لێکرد: "ئۆهۆو، فریتس.."

پیاوەکە وەستا. دووکەڵی جگەرەکەی بەرەو ئەم پاڵپێوە دەنا و تێیهەڵدەڕوانی. فرێدی پێیوت:

- پاسکیلەکەتم بە قەرز بدەرێ.

- نابێت. من دەبێت بۆ جێیەکی تر بچم.

- بۆ کوێ؟

- پێوەندی بە تۆوە نییە.

- تەنیا بۆ یەک دەمژمێر. دەچم دانەوێڵە بۆ کۆترەکان دەکڕم.

- فرێدی ئەمڕۆ نابێت و بە پێیان بڕۆ.

جا بۆ ئەوەی کە فرێدی نرخ بۆ ئەو دانەنێت، ئیدی هیچی تری نەوت. سەرنجی خستە سەر ئاپۆڕەکرێکارەکانی دەهاتن. "فریتس هوفناگڵ"یش، سواری پاسکیلەکەی بووەوە و ڕۆیشت. فرێدی بیری کردەوە:

"خراپ دەستم پێکرد. دەبوایە لە پێشدا سەرگەرمی گفتوگۆیەکم بکردبایە. باسی

شـتێکی ڕۆژانە یان باسی ئافرەت. پێدەچێت کە ئێسـتاکە ئەو لەقلەقە بچێت بیرە بخواتەوە پاشان ئارەزووی نییە بە پێ، بەرەو ماڵ خۆی بەکێش بکات..."

بیریشی کردەوە؛ کە هاکا "فریتس" ژنی هێنا و بۆ لای ئەمان گواستییەوە. چونکە چەند رۆژێک لەمـەوبەر بـوو کـە ئەمی بـۆ ژوورەکـەی خـۆی بانـگ کـرد. فـرێدی لەبەر قاچەکانیدا وەستابوو، ئەویش بە ڕووخسارێکی خۆشحاڵەوە وتبووی:

"مـرۆڤ ناتوانێت تـا ئەزەل هـەر خـواردنخـۆر بێت. ژبەروی دەبێت ئەوە بزانێت کـە جــێی ئـەم کــوێیــە. بۆیە دەیـەوێت لـەتـەک ئەلفــریدەدا زەمــاوەند بکات. لێ، بۆ زەماوەندەکەیش ئەمیش داوەت کراوە. ئەمەیش خواستی ئەلفریدە یە.."

ئەگەرچی ئەم هـەواڵە بەدڵی فرێدی نەبوو. بەڵام بیریشی کردەوە؛ سـائەگەر بڕیارە کـە فـریتس دوور بکەوێتـەوە، جـا بـالەتەک ئەلفـریدەدا بێت. ئەم زۆر کـیـژی تری دەناسی، بەڵام دەیزانی کە هیچیان بەکەڵکی فریتس نایەن. خۆشی نەیدەزانی، بۆچ وەها بیـرکردنەوەیەکی هەیە، چونکە لە ڕاسـتیـدا هیچ پێـوەندییـەکی بەمـەوە نیـیـە. لەبەرئـەوەی لەبەر دەرگـەی کـارگـەی کـانە خـەڵوزەکـەدا، کـەسـێکی ناسـیـاوی بەدی نەکرد، بۆیە لەوێکانە دوور کەوتەوە. لەوێوە دوو "خـانووەترۆمـبێل"ی لە ژێر سێبەری دارەکاندا بەدی کرد.. ئافرەتە لەشفرۆشـەکان لـەسـەر پلیکانەکان دانیـشـتبوون و چاوەڕێی پیـاوانیـان دەکـرد. ژنـە قـەڵەوە قـژڕەشـەکـە هاواری لەم کـرد؛ با لەگـەڵ "پیاوڵکەمیزکەر"ە کەیدا، بێتە لایان. ئەوانیتر کەوتنە پێکەنین و خۆیان نووشتاندەوە. دەتگۆ خـۆشترین نووکتـەی سەدەکـەیان بیستووە. نەیتـوانی بەوخێـراییە وەڵامی ئەم سـووکایەتیـیـە بداتەوە، چونکەی هیـچی بە بیردا نەدەهـات. بێـزاریش بوو لەوەی کە سوورهەڵگەڕاوە. فرێدی لە ناو پاسکیلی بیست سەرخـۆشی مانگانە وەرگری، بارِی سـەر جـادەکـە، پاسکیلەکـەی فـریتـسی دۆزیـەوە و ناسـیـیـەوە. چووە ناو هـۆڵە دووکـەڵگرتووەکـە و لەپاڵ فـریتـسـدا وەسـتـا و وتی: "جگەرەیێکم بدەرێ." فـریتس نەیدایە و وەڵامیدایەوە:

ـ مـادەم تۆ "ڕەبۆ" تـەنگەنەفـەسـیت هەیە، نابێت جگەرە بکێـشـیت... لەسـەر ئەوەشـەوە، ئینجا پازدە ساڵیش... خۆ ئەگەر پوورت پێبزانێت کە من جگەرەم بە تۆ داوە، دەرمدەکاتە دەرەوە.





ـ خۆ تۆ بێشک، هاکا ئێمەت بەجێهێشت و ڕۆیشتیت. دەی جگەرەیەکم بدەرێ.

فرێدی دەیزانی لەبەرئەوەی کە پاسکیلەکەی بەم نەدا، هەست بەنیگەرانی و ئازاری ویژدان دەکات، هەر بۆیەش فریتس پاکەتە جگەرەکەی لە بەردەمدا ڕاگرت. فرێدی جگەرەیەکی خسـتـە پەنا گـوێی، بەدزیەوە شـخـارتـەیەکی لەسـەر سـەکۆی باڕەکـە هەڵگرت و ڕۆیشت. لە دەرەوە جگەرەکەی خستە ناو کراسەکەیەوە، بەئاگا بوو لەوەی کە نەیشکێنێتەوە. پاسکیلەکەی فریتسی هەڵگرت، چووە ڕۆخی جادەکە و وەستا. لێگەڕا کە ئۆتۆمبێلی شەخسی تێپەڕن، چارەکە کاتژمێرێکی پێچوو هەتا کامیۆنێکی سـەربازیی ئینگلیـز دەرکـەوت. هێندە لەمـەوە دوور نەبوو کـە کـامیـۆنەکە وەسـتـا. شۆفێرەکە هاتە خوارەوە تا میز بکات. کە لێبۆوە سەرکەوتەوە. سووکانی کامیۆنەکە لەلای چەپەوە بوو، کـەواتە شـۆفـێـرەکـە ناتوانێت لە ئاوێنەکـەوە فرێدی ببـینـێت. کـامیـۆنەکە بە هێواشـی هاتە پێشـەوە و ورد وردیش خـێـرایی وەردەگرت. فـرێدی سواری پاسکیلەکە بوو و بەرەو پێشتر کەوتە پایدەر لێدان. کە خەریکبوو کامیۆنەکە لێی تێپەڕبێت، خۆی پێدا هەڵواسی و دەگەڕا بۆ جێدەستێکی باش. کە دەستی گیر کـرد، بە لەقـەیەک پاسکیلەکـەی بۆ کـەندەڵانەکـە فـڕێدا. سـەرکـەوتە سـەرەوە و ژێر چادرەکە. پەلەی بوو و لەوێشدا ڕووناکی هەر زۆر کز بوو. سێ کارتۆنی بەکێش کرد و تا توانی بۆ دەرەوە و چاڵی کەنار جادەکە، هەڵیدانە خوارەوە. لە پێش پێچەکەی شـاری(لینتـۆرف)، شـۆفـێرەکە ناچار بوو کە ئیسـتـۆپ بگرێت، ئیدی فرێدیش بازی دایە خوارەوە. لەسەر هەرچوار پەل کەوتە سەر جادەکە و بەری دەستەکانی زامدار و خوێنیـان لێـهات. بە خـەمخـۆریەوە هیـوای خواست کە جگەرەکە نەشکابێتـەوە. بە ئاگـاییـەوە جگەرەکـەی دەرهێنا. هیـچی لێنەهاتبـوو، تەنیـا تۆزێک ئارەقـاوی ببـوو. دەستەکانی دەلەرزین. پاسکیلەکە هەر تەواو تێکشکابوو. تایەی پێشـەوە خوار ببۆوە و پایدەرێکیش بۆ ناوەوە چەمابۆوە. کە بە دژوارییەوە بەرەو باڕەکە بەکێشی کرد، سێ پارچە ئاسنی پێدا شـۆڕ ببـۆوە. جـا بۆ ئەوەی کـە فـریتس بۆ پاسکیلەکـەی نەگــەڕێت، لەجــێی خــۆی بۆی دانـایەوە. ئەوجــا گــەڕایەوە، هـەتا بچــێت بەلای دەسـتکەوتەکـانیـیـەوە. کـارتۆنەکـان شـەقیـان بردبوو. بۆ ئەوەی کـەسـێک خـۆی تێـهەڵنەقورتێنێت، هەرسێکیانی بۆ ناو دەوەنەکان بەکێش کرد. ناواخنی پاکەتەکان لە کاغەزەوە پێچرابوون. کە هەرسێکیانی کردەوە و لێیانی هەڵڕوانی، سابوون بوون.

سابوونی زەردی بۆگەن. وایشی بیر لێکردەوە کە پێدەچێت ئینگلیزەکان حەزی پێ بکەن. دانەیەکی خستە گیرفانی پانتۆڵەکەی ئەوجا کارتۆنەکانی لە ژێر قووڵایی دەوەن و بێشەکەدا شاردەوە، هەتا پاشان، ئەگەر پاسکیلێکی باش و یان عارەبانەیەکی دەستی دەست بکەوێت، بێت و بیانبات بێ ئەوەی بزانێت بۆ کوێ بچێت، بۆ ماوەیەک لە قەراغ جادەکەوە وەستا، بەپێڵاوەکانی کەوتە هەڵدانەوەی گڵی زەویەکە و سەلکە پەتاتەی دەرهێنا، سەرنجی کەوتە سەر گەلەیەکی پێنج مانگا لە دووری دورەوە. ئەوجا بەمەزرا کێڵدراوەکەدا ڕۆیشت وەهایش دەڕۆیشت دەتگۆ بەرەوجێیەکی بڕیارلێدراو دەچێت، تەنیا جارێک وەستا، هەتا بەئاگاییەوە جگەرەکە داگیرسێنێت، دووکەڵی پوف کرد و جگەرەکەی بەدەمییەوە هێشتەوە، تا بزانێت بەجگەرەوە چۆن دەنوێنێت، بیری کردەوە: " سا ئەگەر ئەم کارانە بکەم، پوورم لە خوێندنگە دەرم دێنێت" ئەم بیرکردنەوانەیش بۆی ناخۆش و کارگەر بوو." سا ئەگەر پاش ڕوودانی پاسکیلەکەیش، فریتس بۆ زەماوەندەکەی داوەتم بکات باشە، فڕوفێڵکردن لە فریتس، بێ سوودە مرۆڤ دەتوانێت لەتەک ئەودا، لەسەر هەر شتێک بدوێت، بەڵام لەتەک ئێمادا نەء، چونکە ئەو لەبەر خەمخۆریی بێ بەزەیی دەبێت، پێ دەچێت کە گیرمەن بتوانێت لە دوکانەکەیدا، سابوونەکان بفرۆشێت" ئەم حەزی دەکرد کە پێش لەوەی بە گیرمەنی هەرزانفرۆش بکات، لەم بارەیەوە لەتەک فریتسدا قسەی بکردبایە، چۆن دەتوانین بەفرۆشتن پارەی زۆر پەیدا بکەین بەڵام هەر خێرایش ئەم بیرەی وەلاوە نا، چونکە، پێ دەچێت کە فریتس شوێنی سابوونەکان بە ئێما نەڵێت، بەڵام ئێمایش ناچار دەکات بچێت بۆ کن ئینگلیزەکان و داوای لێبووردنیان لێ بکات، ئەم جۆرە بیرانە دەبێت لەتەک کەسێکی جێی باوەڕدا، بێنە بەرباس، منیش لەوجۆرە دزانە نیم کە دەخوازن داوای لێبووردن بکەن ئەوجا تووتنی تف کردەوە. ئەمڕۆ کەسێک بەڕێگەوە نەبوو، کە لەتەک ئەودا شتێکم بکردبایە مرۆڤ کە پێویستی بەهاوەڵ هەبێت، کەسێک لەوێکانەدا نییە. بەڵام بیریشی کردەوە کە لە وەها کارێکدا، ناخوازێت کەسێک ببینێت.گەیشتە گۆڕەپانێکی وەرزشی داڕوخاو. خەڵکی زبڵەکانیان هەڵڕشتبووە ناو چیمەنە ژاکاوەکەوە. لە لایەکەوە دووکەڵ بەرز بووبووەوە، دیارە کەسێک هەوڵی داوە زبڵەکەی بسووتێنێت، بەرەو چەند تەپۆڵکە زبڵ چوو لەوساتەیشدا پێنج مانگاکە، هەروەک شتێکیان لەم بوێت، خۆیان لە پەرژینە





تەلەکە نێزیک کردەوە دەستی دایە گڵمۆتکە قووڕێکی وشک بووەوە و تێی گرتن، هەتا بەرەو دواوە گەڕانەوە. بەچیلکەیەک لە ئاگرەکەی هەڵژەنی پارچەیەک جامی فیلمی دۆزییەوە بەرزی کردەوە و لە ڕووناکییەکەدا لێی هەڵڕوانی لە فیلمەکەدا دوو پیاو کە بەرگی باشیان پۆشی بوو، لەبەرامبەر یەکدا وەستا بوون لە هەر وێنەیەکدا، بزووتنی دەستاکانیان جۆرێکی تر بوو: " ئەم یاریکەری تێنسە نەفرەتیانە." لە ژێر پاشماوەی پارچە ڕۆژنامە و کاغەزی دیواردا، تیانووسێکی ساغی دۆزییەوە تەنیا بەرگەکەی و لاپەڕەی یەکەمی پێوە نەما بوو. لە پەڕەی پێنجەوە هەتا ژمارەی کۆتایی چل و چواری پێوە بوو. لەسەر گیاکە دانیشت. پاڵی بەگردۆڵکەیەکی گیاییەوە دایەوە و کەوتە تێڕوانینی. جێی ڕوشاوی زۆر بەجلەکانییەوە دەبینرا هێشتاکە ڕۆشناییەکە باش بوو بۆ خوێندنەوە، زەنگی کاتژمێری بورجی کەنیسەکە، پێنجی ئێوارەی بەیان کرد بەبەسەرهاتی ناو تیانووسەکە، ڕووداوی ڕۆژ و دەووروپشتی لە بیر کرد کەسێکیش نەبوو لە خوێندنەوە قەڵسی بکات و دای ببڕێت:

## مـنـدالّـی ورچ

شازادە تاقانەی ئەمیرێکی ڕووس، لەگەڵ مێردەکەی و دۆستەکانیدا، چوونە ڕاوی ورچ. مێردەکەی کە جەنەڕاڵێکی شکۆداربوو، ڕای وابوو ژنە خۆشەویستەکەی لە نێزیک گاری و ئەسپەکانەوە بمێنێتەوە ئەوانیش پاش کاتژمێرێک دەگەڕێنەوە ئیدی جێنێراڵ لەتەک هاوکارەکانیدا، ملی دارستانە پڕ لە بەفرەکەیان گرتە بەر جا شازادە بۆ ئەوەی خۆی گەرم ڕاگرێت، دەستەکانی خستە گیرفانەکانی پاڵتۆ چەرمە تووکنەکەی و لە دەرەوەی دارستانەکە دەهات و دەچوو لە ناکاو ئەسپەکان بەترسەوە پڕمانیان، لەوەدا بوون گوریسەکان بپچڕێنن و خۆیان ئازاد بکەن، شازادەیش بەرەو ئەسپەکان هەڕای کرد، کە لە ناکاو ورچێکی ڕەشی گەورە، لە بەردەمیدا لەسەر دوو پەلی دواوەی وەستابوو. بۆیە شازادە بوورایەوە و کەوتە سەر بەفرەکە.کە پیاوەکان گەڕانەوە، ئاوەها شازادەیان دۆزییەوە. ئەوانیش لەسەر گاریەخلیسکە پاڵیان خستوو، گەڕانەوە بۆ مەنزڵ. ئیدی لەبەر خەمخۆریان لە شازادە، لە بیری جێپێ هەڵگرتنی ورچەکەدا نەبوون، وادیار بوو کە باری تەندروستی شازدە تێکنەچوو بوو وایشی پیشان دەدا کە هیچێک لەو ڕووداوەی لە بیر نەمابێت، بەڵام لەو ڕۆژی ڕووداوە، شازادە ئیدی بێدەنگ و خۆی لاتەریک دەکرد، دایک و بابی و جەنەڕاڵی مێردیشی خەمێکی وەهایان نەدەخوارد، چونکە وایان دەیانزانی بێدەنگی و لاتەریکبوون، یەکێکە لە تایبەتمەندیەکانی سکپڕی. کە پاش منداڵبوونەکە، هەر شتەی وەک خۆی لێ دێتەوە شازادە منداڵێکی بوو منداڵێکی تەندروست باش کە لە ژێر سێبەری خێزانێکی دەوڵەمەنددا و دوور لە خەم گەورە دەبوو. ناویشیان لێنا ئیڤان، هەرزوویش خووی سەیری لێ دەرکەوت هەروەک گیانەوەرێکی چەمووش. هەر لە مێردمنداڵییەوە تووکی چڕ و ڕەشی لێ دەرهات، ساڵانی گەنجێتیشی بە ڕاو و خواردنەوە و شەڕەنگێزییەوە بەسەر برد، بەڵام کاتیش هەبوو کە (ئیڤان) دەچووە ناو خۆی بۆ چەندین ڕۆژ دەچووە ناو دارستان کە دەیشهاتەوە بەبێدەنگی لەبەرئاگردانەکەدا دادەنیشت و سەرنجی دەبڕیە ئاگرەکە، ئەو خۆی بۆ سەربازی





ناونووس کرد. وەک ئەفسەر بەشداری شەڕی زێربەکانی کرد لە دژی عوسمانییەکانیش لە ئۆکراین جەنگا کە ئیدی بەخەڵات و مێدالەوە گەڕایەوە. ئەوەیش لە ئاستی جێنێراڵیدا بوو. دایک و بابی زۆریان لێ کرد زەماوەند بکات.ئەویش کاتێک ڕازی بوو کە ببێتە سی ساڵی، بۆ سەمەرەیش، ئەو لە هەڵبژاردنی هاوسەرەکەیدا هیچ بەشدارییەکی نەبوو. خێزانەکەی ئەویان بەرەو ڕووی جوانترین کچی دراوسێ زەنگینەکەیان کردەوە، هەمدیسان زستانێکی تری سەخت هات، ئەویش گاریەخلیسکەی بەست و کەوتە ڕێ، هەتا بڕوات و ڕازیبوونی کچەکە وەربگرێت هەر وەک باوی بوو، زەماوەندەکە بەباشترین شێوە ئاهەنگی بۆ دەگیرا زاوا کەیفساز و کراوە بوو. سەمای پڕکێشی دەکرد، بەڵام لەوەیش کەمتری خواردەوە کە لێی چاوەڕێ دەکرا، میوانەکان بەچاوداگرتن لە یەکتر، وایان دەزانی لەبەر بووکێیە، وا کەم دەخواتەوە، لە ناو ئاپۆڕەی خەڵکەکەدا دایکی زاوا هێندە نەدەکەوتە بەر سەرنج، کە لە پاڵ بووکێدا دانیشتبوو، دەتگۆ هەر لەم ئاهەنگەشدا نییە. لە نیوەی شەودا بووک و زاوا چوونە جێگەی بۆئامادەکراویان، لە نهۆمی سەرەوی خانووەکە. میوانەکانیشی کە لە دوورەوە هاتبوون، چوونە ژوورەکانیانەوە هەندێکیش هاواریان لە گاریەخلیسکە کانیان کرد و دەرپەڕینە دەرەوە ئیدی کش و ماتیی ماڵەکەی گرتەوە. تەنیا پێشخزمەتەکان بەبێدەنگی، لە هەوڵی کۆکردنەوەی لێوان، بووتڵ و پاشماوەی خواردنەکاندا بوون بۆ ڕۆژی دوایی کە میوانەکان بۆ ناشتا دەرکەوتن، هیچ باسێک لە ژوورەکەی بووک و زاواوە نەبوو، بۆیە دەمەدەمی نیوەڕۆ، خزمەتچییەکان بەئاگاییەوە لە دەرگەیاندا، ئینجا بەقایمتر لێیان دا، بەڵام بێ سوود بوو، پاش دەمژمێرێک دایکی زاوا فەرمانی دا کە بەتۆپزی دەرگەکە بکەنەوە، بەڵام کە دەرگەیان کردەوە، بایەکی سارد بەرەو ڕوویان هات، چونکە پەنجەرەکە کرابووەوە. ئەوەی کە ئەوان لەو ژوورەدا کەوتە بەرسەرنجیان، خوێنی بووکێ بوو، بووکێ بەگەرووی هەڵقڵیشاوەوە، لەسەر پێخەفەکەی کەوتبوو، لەشی بەستبووی و جێگەی چڕنووک بەلەشەڕووتەکەیەوە دیار بوو ئاشکرابوو کە میرەکوڕ لە پەنجەرەکەوە، ژوورەکەی جێهێشتووە و تێیتەقاندووە. لقی دارەکەی نێزیک پەنجەرەکە شکابۆوە، کە دیارە بۆ هاتنە خوارەوە قاچێکی خستووەتە سەری و ئەوجا کەوتووەتە سەر زەوی، هەر وەک لەسەر بەفرەکەیش جێ پێکانی دیاربوو، لەسەر هەرچوار پەل و بەرەو دارستانەکە تێی تەقاندووە.

# فرێدی

توانی زۆر بەدژوواری، لەبەر ڕووناکییە کزەکەدا، کۆتایی پەڕەکانی تیانووسەکە بخوێنێتەوە، بەڕووخساری گرژەوە هەڵسایەوە و ڕوانییە دەووروبەر، تا بزانێت لە کوێیە. زەنگی کەنیسەکە دەمژمێری حەوتی لێ دا. بۆیە ئیدی ساتی چوونە ماڵەوە هاتبوو، چونکە دەمژمێری حەوت ئێمە خواردن لەسەر مێزەکە دادەنێت و بەدواکەوتنی ئەم بێ سەبر دەبێت. زۆریشی خەم لێ خوارد کە تیانووسەکە، لاپەڕەی کۆتایی داستانەکەی پێوە نەمابوو ئیدی بەهەنگاوی خێراوە لەو ناوە دوور کەوتەوە. بیریشی کردەوە: تۆ بڵێیت خەڵکی ناو ماڵەکە، بۆ دۆزینەوە و تێدابردنی ئەو ورچمرۆڤە، ڕێی دارستان بگرنەبەر. خۆ ئەگەر شازادە سکی پڕ بووبێت، ناشێت کە ورچەکە باوکی منداڵەکە بێت جا مەگەر بەڕێگەیەکی جادووگەری، هەروەک ڕووداوەکەی مریەم و یوسف کە دەبێت هەر ئەوان دایک و بابی عیسا بوو بن، بەڵام نەخێر ناشبێت وەها بێت. جا هێندەی ئەم بیری لێ دەکردەوە، کەواتە دەبێت فریشتە کاری سکپڕبوونەکەی مریەمیان مەیسەر کردبێت. یان یەزدان دەی کەواتە وەهایش باشترە بابت هەر نەبێت، کە هیچ گریمانییەک ڕاست نەبێت. هێندەی ئەویش بزانێت، باوکەکان باش لێدەدەن.لە بیرێتی کە چەند ساڵێک لەمەوبەر، ڕۆژێکیان هەۆرست سیمانیاکی هاوەڵی، بە خۆدەرخستن و ڕووخساری سوور هەڵگەڕاوەوە، لە پۆلدا پەیدا بوو. گوایە باوکی لە بەندێتی بەندیخانەی ڕووسیاوە گەڕاوەتەوە. مامۆستاژنەکە پیرۆزبایی لێ کرد خۆشحاڵی بۆ دەربڕی کە بۆ ئەو گەورەترین بەختە، بەبێ باوک گەورە نەبێت  هۆرست ئەمی لەتەک خۆیدا برد، تا بابی پیشان بدات. هەر هەموو ڕێگاکە هەۆرست لەبەر خۆیەوە دەیووڕتاند کە باوکی گەورەیە و لە هەندێک پیاوی تریش بەهێزترە، ئەو کاتێک گەڕاوەتەوە، بێ ئەوەی دەست لە خواردنەوە بدات، بەبێدەنگی لەکن مێزی چێشتخانەکەوە دانیشتووە پێ دەچێت کە ئەو ماندووی بەندیخانە بووبێت و برسی نەبووبێت. دایکیشی لە ژووری خەوتنەکەیان





مابووەوە و گریابوو، دەی پێ دەچێت لە خۆشیدا گریا بێت. گەیشتبووینەپشت ماڵەکانی گەڕەکی کرێکاری کانەخەڵووزی بەردەکان. ئەوجا بەناو باخ و بەلای کولانەی مریشکەکاندا تێپەڕین کە هۆرست لە دوورەوە باوکی بەدی کرد، ئاماژەی پێ کرد: ئەوەتا! ئەویش بێدەنگ لەبەرپەرژینەکەدا وەستا بوو و لە سەربانەکان و باخەکانی هەڵدەڕوانی جا بەرلەوەی کە هۆرست دەم بکاتەوە، پیاوەکە زللەیەک و زللەیەکی تریشی تێسرەواند، هەتا خوێنی لووتی هۆرست بەربوو، پیاوەکە بەهێواشی و هەڕەشەوە وتیشی: " دەی وەرەوە سەرەوە..". هۆرست یش بە سەری دانەوا و دەستێک بە لووتە خوێناوییەکەیەوە، خۆی بە دەرگەی ژێرخانەکەدا کرد پیاوەکەیش هاواری کرد:" دەی خێراکە، بجووڵێ..!".ئەم ڕووداوە فرێدی تووشی شۆک و نیگەرانی کرد و نەیدەزانی چی ڕوویداوە. چونکە پیاوەکە ڕووی لەمیش کرد و پرسی:" ئەی تۆ کێیت؟". فرێدیش کە لە دوورییەوە مابۆوە، ناوی خۆی ورتاند.وتیشی کە ئەو لەتەک هۆرستدا لە پۆلێکن و لەسەر یەک مێز دادەنیش. کابرا پرسی: " ئەی دایک و بابت؟". ئەمیش وەڵامی دابووەوە:"هەردوویان مردوون و ئەمیش لەکن پووری دەژی." پیاوەکە بە بێدەنگی تێی هەڵڕوانی بوو، سەرنجەکانی بە شک و گومانەوە بوو. فرێدی بەخێرایی لێی دوورکەوتەوە و بیریشی کردەوە، کوڕی پیاوێکی ئاوەها بیت، ئاسان نییە، کێ دەزانێت کە چی تریش لەوێکانەدا ڕوودەدات.

لەوەی یەقین بوو کە ئێمە نایەوێت، هیچ لەبارەی ئەم ڕووداوەوە ببیستێت. فرێدی لە پلەکان چووە سەرەوە. دەست و ڕووخساری بەئاوی ناو تەشتەکە شت و چووە خواردنگەکە، ئێمە لەسەر مێزەکە دانیشتبوو و چاوەڕێی ئەمی دەکرد. ئێواران پێکەوە شێوانیان دەکرد، ئەم هەستی پێ دەکرد کە ئێمە کەیفسازە بۆیە ئارام بووەوە. ئێمە پرسی:

ـ خەریکی چی بوویت؟

ـ لەکن گێرد بووم تۆزێک خەریکی تەواوکردنی بەلەمە کاغەزییەکەی بووین و مەشقی ئینگلیزیشمان کرد.

ـ بەلەمتان بۆ چییە؟ خۆ لەم نێزیکانە، نە زێی لێیە و نە ڕووبار.

ـ هەروا... ئەو حەز دەکات بەلەمێکی هەبێت.

ئینجا ئێما سەری لەقاند، ئەمیش دەیزانی کە ئێما نایەوێت دژی گێرد قسان بکات، چونکەی چ باوکی گێرد کرێکاری کانی خەڵووزی بەرد بوو، چ لەتەک دایکیشیدا پەڕتووکیان لەگەڵ یەکدا دەگۆڕیەوە، ئێما وتی:

- پێویستە کە تۆیش زۆر بخوێنیتەوە، گێرد هەینی هەفتەی داهاتوو دەچێت بۆ "هامبۆرگ" و بۆ کۆڕێکی " گراف لوکنەر". گێردیش بەخوێندنەوەی "تۆماس مەن" دەستی پێ کرد و زۆریش پێی سەرسووڕمانە.

فرێدی بێدەنگ بوو، چونکەی دەیزانی کە گێرد چۆن لە هەمبەر پەڕتووکەوە بیر دەکاتەوە. ئەوجا بەو گراف لوکنەرەیش بگەیت کە ئەم لە خوێندنگە لە بارەیەوە شتی بیستبوو، گوایە لە هەموو جێیەک وەک پاڵەوانێکی گەورە خۆی ناساندبوو کەچی داوای پارەی چوونە ژوورەوەشی دەکرد کە هیچ بەپێویست نەدەزانرا کەوتیشەوە یادی ورچمرۆڤەکەوە خۆ ئەگەر کەسێکی وەک تۆماس مەن وەها شتێکی بنووسیبایە، ئەمیش دەیخوێندەوە بەڵام زۆر جاران بەرگی پەڕتووکەکانی ئێما بۆ ئەم نرخێکی وەهایان نەبوو، بیانخوێنێتەوە، وەها چیرۆکێکی کەم هەبوو کە تەواو لە ژیان بدوێت. یان باسی ئەو شتانە بوون، ئەم دەیزانین و وەڕسکەر بوون. فرێدی لەو پاشنیوەڕۆیەوە بڕیاری دا کە ئیدی نایەوێت هیچی دی بخوێنێتەوە. ئەرێ لە بریتی ئەوەی تیانووسەکە فڕێ بداتە ناو خۆڵەمێشەوە بۆچ هەڵی نەگرت؟ لەوە دەچێ کە بتوانێت سبەینێ هەڵی بگرێتەوە، لە ساتێکدا ئێما هەنگوینە تەقلیدەکەی خستە بەردەست، پێی وت:

- پەڕتووکێکی "جاک لۆندۆن"م لەسەر پێخەفەکەت بۆ داناویت.

ئەی خوایە، خۆی بەچییەوە ماندوو دەکات! ئینجا پرسیشی:

- لەهەمبەر چییەوە دەنووسێت؟

- ئەو لە ئەمریکا، لە زەریای باشوور و ئەنتارکتیس، ژیانێکی سەرچڵانەی بەسەر بردووە، ئەو لە بارەی گەشتی کەشتی و ڕووداوەکانی لەتەک گورگاندا دەنووسێت.

- لە هەمبەر ورچیشەوە؟

- لە هەمبەر ورچیشەوە.





وادیار بوو ئێما بەوە خۆشحاڵ بوو کە گرینگی ئەوی بۆ دەرکەوت، ئەو ساتەی کە ئەو سوراحییە شیرەکەی بەدەستەوە بوو و بۆ ئەمی تێ دەکرد، لە ئێمای هەڵدەڕوانی، ئێما بەرکۆشە شینە تۆخ و خاڵخاڵییەکانی لەبەردا بوو.ئەو بەرکۆشەی کە فرێدی دەیزانی هینی دایکی بووە فرێدی هەستێکی نامۆی لا دروست بوو بۆیە لەوەدا بوو بەئێما بڵێت، کە بەیانی هاوکاریی دەکات، چونکە سبەینێش دەبێت لە خوێندنگە دان بە گوناهەکانی خۆیدا بنێت. لەوەها بەرەوڕووبوونەوەیەکدا، هەمیشە بابەتێک دەبوو کە جێی سەرنج و تێرامان بێت بۆیە ئەمیش نەیدەزانی چ شتێک بۆ ئێما بدرکێنێت، بۆیە نهاکە ساتی لەبار نەبوو کە ئامادەیی خۆی بۆ هاوکاری ئێما پیشان بدات، بۆیە وەها دەستی بە قسان کرد و وتی: " جارێکیان پەڕتووکێکم خوێندەوە. لەوێدا نووسراوە کە جارێکیان ژنی ئەفسەرێکی کۆڵۆنی لە هیندستان لە لایەن پڵنگێکەوە دەترسێنرێت، ئیدی کە پاشان کچەکەی لە دایک دەبێت، لەسەرەتاوە هەروەک کیژەکانی دی ئاسایی بوو، بەڵام کە پاشان گەورەبوو و شووی کرد، هەر لە یەکەم شەودا، قووڕگی مێردەکەی هەڵدڕی و بەنینۆکە بەهێز و تیژەکانی زامداری کرد ئەوجا چووە ژوورەکەی باوکی، ئەویشی وەها کوشت و ئیدی بۆ جەنگەڵ هەڵهات." ئێما بەگاڵتە و لاقرتێوە سەرنجی لێ ڕاگرت و پرسی:

- ئەوە چ پەڕتووکێکی، باس لە کۆڵۆنی بوونەوە بووە؟

- ناوی نووسەرەکەیم لە بیر نەماوە، بەڵام پێم وایە پۆڵۆنی بووە کە لەسەر داوای ئینگلیزەکان و بۆ باس و لێکۆڵینەوە لە ئەفریقایش بووە.

- دەی خۆ لە ئەفریقا پلنگ نییە.

فرێدی بەم ڕەخنە و سەرنجەی ئەو نیگەران بوو. بۆیە وتی:

- مەسەلەکە ئەوە نییە کە هەبێت یان نەء بەڵام خۆ ئەو دەتوانێت شتی وەها بنووسێت!

- ڕاستە کە دەتوانێت.

- من هەستێکی وەهام هەیە، کە باوەڕ ناکەم چیرۆکێکی دروستکراو بێت. مرۆڤ هەر لە خۆوە بیر لە وەها شتێک ناکاتەوە یان..؟

ـ من زۆرتر لەو باوەڕەیدام کە نووسەرەکە ویستوویەتی چیرۆکەکەی بڕێک سەرنجڕاکێش بکات بۆ ئەوەی وەڕسکەر نەبێت ئیدی هیچی تر هەیە کە من نەیزانم؟ بەر لەوەی سبەینێ بۆ خوێندنگەکەت بچم؟

ئەویش سەری بادا، ئەو حەزی دەکرد لە بری ئەوەی باسی خوێندنگە بکەن، خۆشتر بوو درێژەی بەو یاریە بدایە کە خۆی دایهێنابوو. جارجارەیش بڵاوکراوەکانی وەک " تۆم پرۆکس" و یان "ڕۆڵف تۆرینگ"ی بخوێنایەتەوە، باسی ناوەڕۆکەکەی بۆ ئێما دەکرد. چۆن کاراکتەری بارمەنە تووڕەکان خۆیان بەبازرگانی هۆڵەندی و یان ئەفسەرێکی پرۆیسی دەگۆڕی یان قەحبەیەکی جوانی دانیمارکی و..... ئێمایش بەخۆشییەوە گوێی بۆ ڕادەگرت. سەری لە بابەت و خوێندنەوەکانی سوور دەما و لەو پەڕتووکانەشی کە فرێدی پاش وەرگرتنیان دەیگەڕاندنەوە بۆ پەڕتووکخانەکەی شارۆچکەی "مۆرس"، خانمی "تزان"ی بەڕێوەبەری پەرتووکخانەکە، سوێندی پێخواردبوو، نابێت هەرگیز و بۆ هەر کەسێک باس لە ناوەڕۆکی ئەو پەڕتووکانە بکات، کە ئەم دەیانخوێنێتەوە، فرێدیش بە پێکەنینەوە و بەتەوقە و دەستدانێک بەڵێنی پێ دابوو بۆیە ئەمڕۆکە فرێدی لە ڕووخساری ئێمادا ئەوەی خوێندەوە، ساتی گێڕانەوەی چیرۆکی تر نییە. لە ناکاو ئێما بەفەرمانەوە بەڵام بێ ئەوەی بەتووڕەیی قسە بکات وتی:

ـ دەی هەوڵ بدە فرێدی! بیر لە دایک و باوکت و یان من بکەرەوە. ئەوەتا من هەموو هەوڵێک دەدەم هەموو شتێک دەکەم هەتا هەردووکمان، بتوانین بژین و تۆیش ببیت بەشتێک، چونکە ئەوسا چی دەبێت ئەگەر لە خوێندنگە وەدەرت نێن؟ ئەوەتا من هەوڵ دەدەم کە داخوازییەکانت بەئەنجام بگەیەنم، بۆیە چاوەڕێی کەمێک سوپاسگوزاریشت لێ دەکەم!

فرێدی بێدەنگ بوو و لە بەردەمی خۆی هەڵدەڕوانی، هەمیشە و هەمان ڕستەکان بوون، کە لەبەریشی کردبوون و جارجارە لەبەر خۆیەوە پاتەی دەکردنەوە، ئەم نەیدەزانی چ هەڵوێستێکی هەبێت. لەناکاو بیرێکی وەهای بۆ هات؛ کە ئێما پێویستە مامۆستای بیۆلۆگی"جۆەنن" وەها نەناسێت کە هەیە، بۆیە بەشێوەی خۆی ئەم داستانەی گێڕایەوە کە گوایە هەفتەی ڕابردوو ڕووی داوە:





فرێدی لەتەک هاوڕێیەکیدا و لە بەردیوارێکدا، سەرگەرمی بەراوردکردنی ئەرکەکانی خوێندنگە بوون، پاش نانی ئێوارەیش، هەروا و بەبێ جێییەکی دیاری کراو، لە تاریکییەکەدا کەوتە گەڕان و خولانەوە. جا بێ ئەوەی کە خۆی بیەوێت، لە باخی یونگبۆرن بووە هۆکاری قەڵسکردنی دوو دڵدار پیاوەکەی کە پانتۆڵەکەی هەتا سەر ئەژنۆکانی هەڵکێشابوو دوای ئەم کەوتوو بەردی تێ دەگرت بۆیە بەپەلە چووە ئەوبەری شەقامەکەوە بێشک پاش ئەم ڕووداوە هەستی بەباشی نەدەکرد تەنانەت تۆزێکیش قەڵس بووبوو. لەسەر جۆگەیەکی پڕ لە گوڵ وەستا هەتا میز بکات ئەو لەوێدا و بێ ئەوەی بیر لە هیچی تر بکاتەوە وەستا بوو کە لە ناکاو لە پشتی دڕک و داڵەکەوە شتێک جووڵایەوە ئەم خۆی دانەواند و سەرنجی دا، جۆەننی مامۆستای دی ئەو بەسەرخۆشی و بێتواناییەوە، لە سەر زەویەکە و ژێربێشە دڕکاوییەکەوە، ڕاکشابوو کە نەیدەتوانی هەڵسێتەوە سەر پێکانی. لە سەرەتاوە فرێدی دەیویست بڕوات، بەڵام بیری کردەوە، خۆ نابێت کە تۆ ئەو لەوێکانەدا جێ بێڵیت؟ ڕۆیشت و خۆی بۆ نووشتاندەوە پیاوەکە لایەکی ڕووخساری لەسەر ڕشانەوەکەی بوو دەستێکیشی بەگژو گیا و گوڵەکانەوە بوو، کە وادیارە هەوڵی هەڵسانەوەی دابێت ئەو وەک بەرازێک پیس و چەپەڵ و بۆنی خواردنەوەی کحولی لێ دەهات باقەیەک گیای هەڵپچڕاند، سەری مامۆستای بەرز کردەوە و هێندەی بۆی کرا کەوتە سڕین و پاکردنەوەی ڕووخساری پاشان چووە ژێر باڵی و هەوڵی دا کە ئەو بتوانێت لەسەر لاقەکانی بووەستێت بەقوورسایی پیاوەکەوە بەسەر لەشی خۆیەوە هەنگاو بەهەنگاو، هێدی هێدی، لە تاریکیەکەدا وبە پیادەڕەوە چۆڵەکەدا بەرەو پێش دەچوون. (جۆەنن) لەبەر خۆیەوە دەیوورتاند و سوپاسی ئەمی دەکرد، دەشیوت: کە نابێتە هۆی زیان پێگەیشتنی، چونکەی پیاو دەبێت جارجارە شتێک بخواتەوە. پاشانیش ئەو لەمە تێ دەگات، فرێدیش زۆری قسە نەکرد، تەنیا لەبەر خۆیەوە ورتەی دەکرد و دەیوت: گرینگ نییە و هەر شتیش باش دەبێت. بۆ ئەمیش جێی شڵەژان و شەرم بوو، چونکەی پیاوەکە دەیویست کە مامەڵەی ئەم وەک هاوەڵێکی بکات. ئەمیش دەیزانی کە جۆەنن و ژن و کچەکەی لە کوێ دەژین ئەم هەشت دانە پلیکانە کابرای بۆ سەرەوە بەکێش کرد پاڵی بەدیوارەکەوە پێ دایەوە و لە زەنگەکەی دا گڵۆپەکە لە داڵانەکە داگیرسا و ژنەکەی دەرگەکەی کردەوە هەر دوای چرکەیەک ژنەکە حاڵی بوو

کە مێردەکەی لە چ گوزەرانێک دایە خاک و خۆڵی قاوەیی ڕشانەوە و گیا بەبەرگەکانییەوە نووسابوون پیاوەکە هەڵسابوو، بەلارەلار خۆی بەدیوارەکەوە گرتبوو ژنەکەی بەسەر فریدیدا هاواری کرد:

- ئەوە چیت لێ کردووە؟ بڕۆ و لاچۆ هەی بەچکەبەراز!

پیاوەکەی خۆی بەدیوارەکەوە گرتبوو خۆی قیت کردەوە و بەلاڵەپەتە و دەنگی کحولەوە وتی:

- دەی بزر بە بەراز ئەو منی تەواو سەرخۆش کرد چاوەڕێکە تۆڵەت لێ دەکەمەوە.

ژنەکەیش بەقینەوە لەمی ڕوانی و درێژەی بەجنێوەکانی دەدا ئەمیش لە ترس و شڵەژاندا بەپلیکانەکاندا ڕای کردە خوارەوە و ناو حەوشەکە. جا لەبەرئەوەی کە ئەم چاوەڕێی سوپاسی دەکرد نەک ئەم جنێودانە بۆیە بەدەست، ئاماژی بێ ڕێزی پیشاندا. ئەو جۆرە ئاماژە بێڕێزییەی کە لە خوێندنگە پێیان دەوت: " ئەگەر بتوانیت وردی بکەیتەوە، ئەوا پارەی بچووکت هەیە". بۆیە هەردووکیان بێدەنگ بوون لە پشتی ئەو بێدەنگییەوە، ترس خۆی مەڵاس دابوو.کۆرنیلیای کچی جۆەننی دی کە لە پشتی پەردەی پەنجەرەکەوە گاڵتەی بەم دەکرد.

جا کە فریدی ئەم بەسەرهاتەی بۆ ئێما دەگێڕایەوە دەتگۆ لێرەکانە نییە و خەیاڵی ڕۆیشتووە کێش باوەڕی بەم دەکرد کاتۆلیکێکی وەک جۆەنن، شتی وەهای لێ دەوەشێتەوە؟ ئەرێ شتی تر مابوو کە ئەم باسی بکات؟ شتەکە ئاسان تر دەبوو ئەگەر ئەمیش باوکێکی هەبووایە و بچووایەتە خوێندنگە بەڕێگەی خۆی و بابەتی شتەکانی هەڵبسەنگاندایە و باوەڕی بەهەر گێڕانەوەیەکی مامۆستا نەکردبایە و پارێزگاری لەم بکردبایە ئیدی هیچ گرینگ نەبوو کە چی ڕوودەدا پشتی ئەمی دەگرت، "ئەلف هاگل" وەها بابێکی هەیە، کە جارێکیان قینی هەڵسا و مامۆستایەکی بەعەلاگی جلدا هەڵواسی، چونکەی ئێما نەرمونیان و ترسی لەوە هەبوو کە ڕاستی قسەکانی مامۆستاکان نەسەلمێنێت فریدی بەبیرەوە هەڵسا و وتی: " دەچم و دەرگەی هێلانەکۆترکان دادەخەم." فریدی کەیفساز دیار بوو ئێمایش هەڵساو ڕادیۆکەی کردەوە هەتا گوێ لە بەرنامەی بەناوی " بووک و زاوای هاوتا" بگرێت. بەرنامەکە مانگی یەکجار و چارەک دوای هەشتی ئێوارە دەستی پێ دەکرد. هەر هەموو





گەورەساڵەکانی کە ئەم دەیانی ناسی گوێیان لێ دەگرت کە فریدی چووە سەر پلیکانەکان گوێی لە دەنگی پیاوانەی زارگۆتنی (ڕاین) بوو. گوێشی لە دەنگی چەپڵەکانیانەوە بوو کە لە هۆڵێکی ئەو نێزیکانەوە دەهات باتریەکانی گڵۆپە دەستیەکە کۆتاییان پێهات بۆیە لۆکسەکەی هەڵگیرساند شووشە ڕزیوەکەی ڕاست کردەوە و چووە هەورەبانەکەی سەرەوە بەسەرنجێک هەستی کرد، کۆترەکان بەسەر ڕەفە و شیشەکانەوە هەڵنیشتوونەتەوە یان لە هێلانەکەیاندا هەڵکورما بوون کۆترەکان بەهێواشی کرتەکرت و گمەگمیان بوو عەلاگەیەکی نیوە پڕی لە گیرفانی دەرهێنا و دانەکەی بۆ کۆترە لەڕ و باریکەکان ڕۆ کرد کە دەبێت بەشی تا دوای خوێندنگە بکات! وەدەبێت هەرچۆنێک بێت، دانی تر پەیدا بکات ئەوەیش بەو مانایە بوو کە دەبێت پارە پەیدا بکات! یان داوا لە لاوکمانی جووتیار بکات، لاوکمان قووندەر بوو پێ دەچێت کە لە بەرامبەر پارەدا داوا بکات دەست بۆ ئەم بکێشێت! لێ، تا نهاکەیش ئەو داوای شتێکی وەهای لە فریدی نەکردووە، بەڵام لە هەموو جێیەک ئەم باسە هەبوو جێی باوەڕیش نەبوو کە لاوکمان بۆ عەلاگەیک گەنم و دان پێشنیارێکی لەو جۆرە بکات، چونکەی مرۆڤ نەیدەزانی پاشان چ کارگەرییەکی بۆ سەر ناسیاوێتییەکەیان دەبێت. دەی لەگەڵ ئەوەیشدا ئەگەر مرۆڤ پاسکیلی نەبێ ئەوا ڕێگەی چوونە کن لاوکمان دوورە. فریدی بەسەر گرێژنەی دەرگەکەوە نیوە جگەرەیەکی دۆزییەوە و دایگیرساند. ئینجا لەخۆی دەپرسی: بۆچی خەڵکی بەنیوەجگەری سووتاویان دەوت هەوگۆ؟ دەیدی کە چۆن دوکەڵی جگەرەکە بەبەرشەوقی لۆکسەکەدا بۆ سەرەوە هەڵدەکشا و لە سەربانە خشتەکەوە دەچووە دەرەوە.

## ئـێـمـا

"ئێما هاڵسباخ" تەمەنی بیست و دووساڵ بوو لە نێزیک "ڤێستیرکامێلن" ولە گوند، لە خوێندنگەیەکی سەرەتاییدا مامۆستای پۆلی یەکەم بوو ئەوە یەکەم کاری بوو ئەو دەبوایە بەر لە تەواوکردنی خوێندنەکەی کاری مامۆستایی بگرێتە ئەستۆ، چونکەی لەبەر جەنگ، کەمی مامۆستا لە گۆڕێدا بوو، ڕۆژێکی زستانی ١٩٤٤ بوو فەرماندەی بەرە، بەماتۆڕەوە چوونە حەوشەی خوێندنگەکە کە ئەو لە پەنجەرەکەوە ئەوانی بەدی کرد کۆتایی بەوانەکە هێنا لە بەرزووری مامۆستاکاندا بە سەربازەکان گەیشت کە دەستکێشەکانیان داکەند بوو و دەستیان لە بەرسۆپاکەدا گەرم دەکردەوە بەمامۆستایان وت:

- جەنابت خانمی ئێما هاڵسباخیت. لە ١٩٢٢,٠٢,١٢ دا و لە شتادە لە دایک بوویت؟ مارەکراوی جێگری ئەفسەر وێرنەر کۆهل هازن؟

- بەڵێ.

وەک ئەوەی کە هاکا دەبوورێتەوە پاڵی بەدیوار و پاڵتۆ هەڵواسراوەکانی خوێندکارەکانەوە دایەوە، چونکە دەیزانی کە ئەم جۆرە پیاوانە بەڕوخساری ڕچیوو و مەدالیای وەک نیوەمانگ هەڵواسراو بەسنگەوە ناشێ هەواڵی باش بێنن ئەوەی کە دیار بوو لە دووانەکەی تر گەورەتر بوو، وتی:

- دەستگیرانەکەت لە ئۆکراینا کوژرانێکی پاڵەوانانە کوژراوە.

ئەوجا نووسینێکی لە گیرفانی بەرباخەڵی پاڵتۆ چەرمەکەی دەرهێنا و وتیشی: "پرسە و پێناخۆشبوونی "

ئێما پرسی:

- ئەی چۆن کوژراوە؟

هەستیشی کرد کە قاچەکانی سست بوون گوێشی لە هەراوزەنای پۆلەکەوە بوو





- لە شەڕی دژی پارتیزاندا هیچی دیش نازانین هەر کە هۆی کوژرانەکەی تەواو ڕوون بووەوە، ئەوا ڕاپۆرتێکی تێر و تەسەلتان پێ دەگات ئەرێ خزم و کەسی هەیە؟

- هیچی نییە هەر هەموویان لە جەنگدا تێداچوون.

پیاوەکان دەستیان گووشی و پەلەی بەجێهێشتنی خوێندنگەکەیان بوو.

مامۆستا دوای چەند وشەیەک خوێندکارەکانی بۆ ماڵەوە ناردەوە، پاڵتۆکەی لەبەر کرد و ئیدی بەدرێژی چەندین دەمژمێر بەمەزرا بەفراوییەکاندا کەوتە گەڕان هەرچی بیری لێ دەکردەوە، نەیدەتوانی باوەڕ بکات ئەو هێندە ناکامڵ بوو کە بەبیریدا نەدەهات ئیدی ژیان چۆن دەرێژەی دەبێت جا لەبەرئەوەی کە ڤێرنەر خۆشەویستی گەورەی بوو بۆیە هیچ ئارەزووی ئەم ژیانەی لا نەمابوو چەند قەلەباچکە بەهەڵفڕین گەیشتن و لە نێزیکیەوە هەڵنیشتنەوە ڕێویەکیش بەناو هێڵە کێڵراوەکانی مەزراکەدا خۆی بەکێش دەکرد هەتاوە ڕەنگ زەردەکە، تیشکی تەماوی بەسەر سروشتەکەدا بڵاو کردبووەوە ئەگەرچی وەک هەمیشە وابوو، بەڵام دەیزانی کە ئیدی وەک ڕابردوو نابێت هەر ئەو ڕۆژەیش، ئەوەی کە هەیبوو کۆی کردەوە گرمۆڵەی کرد و خستییە دواوەی پاسکیلەکەی و بەرە و شارۆچکەی نێزیک هاژووتی. پاسکیلەکەی لە وێستگەی شەمەندەفەر جێ هێشت و بەکۆڵەکەیەوە، سوواری شەمەندەفەرێک بوو کە بۆ شاری دویزبورگی دەهێنا بەشەقامە بۆمباردومانکراو و ویرانەکاندا دەڕۆیشت و هەر دەیپرسی هەتا ئەدرێسی برا گەورەکەی دۆزیەوە کە بیست ساڵ لەم مەزنتربوو لە خانووەکەی تەنیا ویرانەیەک مابووەوە. وادیاربوو کەسیش نەیدەتوانی بزانێ کە براکەی لە کوێوە و ئایا زیندووە؟ بەهەمان ڕێگەدا بەرە و ناوەندی شار گەڕایەوە چووە فەرمانگەی ناوونووسین و تۆمارگە تا هەواڵی براکەی و خێزانەکەی بپرسێت هێندەیش ئاسان نەبوو کە لە نێوانی کۆمەڵێکی زۆری ئەفسەری "ئێس ئێس" و سەرباز و کارمەنددا کەسێک پەیدا بکات و زانیاری بداتێ، چونکەی هێندەی کە لە ڕادیۆوە گوێی لێ بوو، هاکا دوژمن گەیشتە بەشی ڕووباری ڕاینیش. ئەو زانیارییەی دەست کەوت کە گوایە براکەی وەک سوپای گەلی هێرشبەر و بۆ بەرەی خۆرئاوا نێردراوە، بەڵام بەنادیاریش ناونووس کراوە.،ژنەکەی و کورەکەشی ڕەوانەی جێیەکی تر کراون لە ناوچەی نیدرڕاین لە کن جووتیارێک دەژین ناوونیشانێکیشیان پێدا،

ئەو شەوە لە ناو کەلاوەی ماڵێکدا خەوت. پاڵتۆکەی لەبەردا و بەتانییەکەشی لە خۆیەوە ئاڵاند بێ ئەوەی ترسی لە بۆمبا هەبێت کە جارجارە دەکەوتنە ناو شارەوە هەتا بەیانی زوو خەوت، دوو جاندارم پەیدا بوون و گرتیان جا ئەگەر ئەو ئێما هاڵس باخە و مامۆستایە لە ڤێستێرکاپێلن، ئەوا بەبێ مۆڵەتی ڕەسمی کارەکەی جێهێشتووە. ئەو کردەوەیەش لە خراپترین ساتەکانی جەنگدا بەخیانەت بەنیشتمان دەژمێردرێت. ئەویان خزاندە ژوورێکی زیندانەوە، بەڵام کەسیکیش نەدەهات دادگایی بکات. چونکە فرمانگەکان و پۆلیسیش،سەرگەرمی کاری تر بوون، کە دوای دوو ڕۆژ بۆیان ئاشکرا بوو دەستگیرانەکەی لە شەڕدا کوژراوە و پێ دەچێت براکەشی کوژرابێت، ئازادیان کرد لە خاوەن مەیخانەیەکی خاڵی لە خەڵک و پەنجەرە شەق بردوو و پێوەنەماوی پرسی، چۆن دەتوانێت کە لە ڕووباری ڕاین بپەڕێتەوە؟ مرۆڤ دەیتوانی بەپردەکەدا بپەڕێتەوە، بەڵام لەبەرئەوەی کە هێڵی ئاسنی ترامواییەکان هەموویان خراپ بووبوون و هەڵتەکا بوون، دەرفەتی ڕۆیشتنی ترامواى نەمابوو. پاشنیوەڕۆ گەیشتە ناوچەی شارۆچکەی ڤلوین، هەواڵی ئەدرێسەکەی لە ژن و پیاوێک پرسی کە لە کەلاوە و وێرانەیەکدا، لە دوی کەلوپەلی باش و بەکەڵک دەگەڕان ئەوانیش ئاماژەیان بەماڵەجووتیارێکی ئەوبەری شەقامەکەوە کرد کە سەربانەکەی خشتی ڕەش و بەرپەنجەرەی کرکراگەداری هەبوو ژنی جووتیارەکە ئەوی بۆ ژووری نشینگەکەیان بەڕێکرد، کە وەک ژوورێکی نەخۆشخانەی دەنواند ژنی براکەی بەتایەکی زۆرەوە لەسەر قەنەفەیەک پاڵکەوتبوو، ئەم خەریکبوو نەیناسێتەوە ئیدی بێ ئەوەی توانیبێتی وشەیەک لەتەک ئێمادا بپەیڤێت، پاش هەفتەیەک گیانی دەرچوو. لە ساتی سەرەمەرگیدا، هەردەم بەدەست ئاماژەی بەکوڕە چوار ساڵانە لەڕ و ڕەنگ زەردەکەی دەکرد، کە بەماتیەوە لەبەردەرگەکەدا وەستا بوو هەر وەک ژنەکە بیەوێت بەو ئاماژەکردنە، بەرپرسیاری ئەو کوڕە بەم بسپێرێت، مێردمنداڵەکە ناوی ئەلفرێد بوو، ئێما لەو بەڵگەنامانەوە بۆی ئاشکرابوو کە فەرمانگەکان بۆیان دەنارد، براکەی بەر لەوەی بۆ سوپای هێرشبەری گەلی بانگ بکرێت، خانووەکەی لە دویزبورگ فرۆشتووە و ماڵێکی لە ڕاینکەمپ کڕیووە کە شەش کیلۆمێتر دووری ڤلوین بووە، باڵگەنامەکان بەڕێکوپێکی و لە کارتۆندا ڕاگیرابوون کارتۆنەکیش بەبەن بەسترابوو بەمۆمی توواوە سەرمۆر کرابوو. جەنگ لەم ناوچەیە خێرا کۆتایی پێهات چونکە





زرێپۆش و ئۆتۆمبێلی ئینگلیزی و ئەمریکی بەسەر شەقامەکانەوە دەبینران.بەڵام هەر لە مانگی سێشدا بوو، پەنجەرەی ئۆتۆمبێلەکانیان شکان و دارمان، چونکە ئەڵمانەکان بۆ ئەوەی ڕێگە لە هاتنی ئەمریکییەکان بگرن پردەکەی دویزبورگ یان لە ڕوویاندا تەقاندەوە کە ئیدی لەم ناوچەیە هێمنی بەرقەرابوو، منداڵەکان دەچوونە سەر شەقام، بۆ بنێشت و جگەرە و شۆکۆلادە دەوری سەربازە ئەمریکی و ئینگلیزەکانیان دەدا. یان بەناو دارستانەکان و سەر شەقام و هێڵی ترامواىەکاندا لە دوای هەر شتێکی تەقینەوە دەگەڕان هەتا دڵی خۆیان بەو تەقینەوە کەمانە خۆشحاڵ بکەن، بەڵام ئەگەر بەسەر میندا بڕۆیشتنایە یان کایەیان بەتەقینەوەیەک بکردبایە ئەوا بریندار بوون و مردنی ترسناکی لێ دەکەوتەوە.

لە ڕۆژێکی فێبروەریدا، ئێما پاسکیلێکی لە جووتیارێک قەرز کرد هەتا بڕوات و سەردانێکی خانووی برا کوژراو و مردووەکەی بکات، ساختمانێکی سادە و بەڵام گەورە بوو کە شایاد لە ڕابردوودا ماڵە جووتیار بووبێت، خانووەکە لە نێزیکی کەنیسەیەکەوە بوو دەبێ براکەی لەبەر چ هۆیەک ئەم خانووەی کڕی بێت؟ بەشی پێشەوەی خانووەکە ئاماژەی لە بەدەستەڵات بوون دەکرد هەروەک بەسەر جادەکەوە خۆی دەربخات هەر هەموو بەشەکانی خانوەکە شێوەی تایبەتی ناوچەی جووتیارەکانی دەووروبەری ڕووباری ڕاینی بەیان دەکرد، لە سەر ئەو جادەیە بوو کە بەناو گونددا و ڕوو لە گەڕەکی کرێکارەکانی کانی خەڵووزی بەردی و بەرە و شاری کەمپ ـ لینت فۆرت دەچوو.تەنیا بەشی پێشەوەی خانووەکە خەڵکی تێدا دەژیا، بەدەوری خانووەکەدا سووڕایەوە و بەدەروازەیەکی ڕەنگ سەوزدا چووە ژوورەوە، لەوێدا مانگا هەبوون جووتیارێکیش بەشەنەکەی شەوەری شەن و ئەمبار دەکرد، جووتیارەکە بەنائەمینییەوە سەرنجێکی ئێمایدا ژوورەکان بەو خەڵکانە گیرابوون کە شوێنەکانیان بەر بۆمبا کەوتبوو ئەوان بەڵێنیان پێدا کە هەرچی زووە لە هەوڵی چاککردنەوەی خانووەکانی خۆیاندا دەبن، چونکەی فەرمانگەیش ئەوانی بۆ ئێرەکانە هێناوە نەک خۆیان هاتبن، ئێما بەپلیکانەکاندا بەرەو هەورەبانەکە سەرکەوت، ئەوێکانە پڕ لە تەپوتۆز و سیخنان بوو لە جانتا و سندوق فەرشی لوول کراو و کەلوپەلی ناو ماڵ هەر دەبێت کەلوپەلی براکەی بن، ڕووناکییەکی لێڵ لە تاکە پەنجەرەکەوە، دەهاتە ژوورەوە لە سەر جانتاکۆنەیەک دانیشت و ڕوانییە شەقامە

خاڵی لە خەڵکەکە ئەو بیرەی کە پێ دەچێت باقی ژیانی لێرەکانە بەسەر بەرێت لە ناخەوە دەیشڵەژاند و دەیترساند ئیدی کەوتە گریان و دنیاش لە دەرەوە تاریک بوو.

لە مانگی پێنجدا لە تەک ئەلفریدیی برازایدا، کە ئەم ناوەکەی بۆ فریدی گۆڕی بوو گواستییەوە بۆ ناو خانووی براکەی، چونکە بیری کردەوە، ناوی ئەلفرێد لەتەک منداڵێکدا وێکنایەتەوە، تا بەرەبەری پایز ژوورەکان و تەویلەکان هێدی هێدی لە خەڵک و ئاژەڵەکان خاڵی بوونەوە. ئیدی ماوەیەکی زۆر بەتەنیا لەو خانووەدا دەژیان، کە بۆ ئێما لە بینینی یەکەمجاردا، بەگەورەتر دەهاتە بەرچاوانی، فرێدیش هەرجارە و ژوورێکی دەدۆزیەوە ئەمبارێکی پڕ لە کا کە کونەپەپوو هێلانەیان تێدا کردبوو ئامێرێکی کێلانی ژەنگ گرتوو ژێرخانێکی پڕ لە پەتاتە و گێزەری بۆگەن و خراپ بوو، لە ژێر چینێکی زیخدا لە ژێر سەقفی سەربانەکەیش هێلانەقەفەزێکی پیس و پۆخڵی کۆتر. ئێما و فرێدی یەک هەفتەی تەوا سەرگەرمی لابردن و فرێدانی ئامێر و کەلوپەلی کۆن، پاکردنەوەی تەونی جاڵجاڵۆکە و پیسی بوو ژهر و تەڵەشیان بۆ مشکەکان دانا ئیدی خانووەکە وەهای دەنواند، کە هەتا بنەبان خەڵکی تێدا دەژی، فرێدی خۆی بەهەموو کون و کەلەبەرەکاندا دەکرد، هەتا پیسایی مشک کۆ بکاتەوە بەر لەوەی بکەونە بۆن بڵاوکردنەوە، فڕێیان بدەن، فرێدی لە ژێر دارێکدا چاڵێکی بۆ هەڵکەندن بەو پارەیەی کە هینی ژنی براکەی بوو و پاش مردنی ئەو دۆزییەوە، سەربانی خانووەکەی چاککردەوە، چەند تەویلەیەکی تری بەدروستکردن دا و هەندێک کەلوپەلی بەکارهاتووی ناو ماڵیشی کڕی. هیچ کێشەیەکیشی لەگەڵ بەکرێدانی ژووردا، بەکرێکارانی کانەخەڵووزەکەدا نەبوو، کە لە ڕۆژهەلات و باشووری وڵاتەوە، بۆ کار دەهاتنە ئێرەکانە بڕیاریشیدا ئیدی وەک مامۆستا کار نەکات و خواردنی بۆ ئەو کرێکارانە ئامادە دەکرد ئا بەو جۆرە دەیتوانی ژیانی خۆیان بەڕێوەبەرێت و مەیسەر بکات و خانووەکەیش بۆ فرێدی بهێڵێتەوە ئیدی مەبەستی ژیانی ئەو بریتی بوو لە خەمخۆری لەو گەنجە و ژیانی هەردووکیان، هیچ بیریشی لەوە نەدەکردەوە ئایا ئەم کارەی کە دەیکات، لەبەر خۆشەویستییەتی بۆ برا کوژراوەکەی؟ هەست بەلێپرسراویە بەرامبەر بەو خورتە؟ نەیدەویست کە وەها پرسیارێک بێنێتە گۆڕێ و هەر بیریشی لێ نەدەکردەوە ئەمەیش دەبووە هۆکاری





بڕێک ئارامی و ئەرخەیانی بۆ فرێدی کە دایک و بابی لە دەست داوە وەڵامی ئەو پرسیارەشی لانەبووکە ئایا ئەو ئەم منداڵە کوڕەی خۆشدەویست؟! چونکە ئەو پێوەندیدار بوو بەمەوە.

دیار بوو کە سەردەمی نالەبار هەردووکیانی پێکەوەی نووساندبێت، چونکە لە سەرەتاوە پێوەندییەکی زۆر ماندوکەر و تاقەت پسێنیان هەبوو لە بەرامبەر هەڵسوکەوتی یەکتردا، بێ توانا بوون، بەڵام لەگەڵ دۆزینەوەی ئەو خانووەی کە لە پڕێکدا بوو بەهی ئەو، ڕاوە مشکی فرێدیش، ئیدی لێک نێزیکتر بوونەوە و توانیان یەکتری قبووڵ بکەن ئێما هیچ شکی نەبوو کە هەردەم زۆرتر لە حەز و خووەکانی فرێدیەوە نێزیک دەبێتەوە، بەڵام ئامادەیی سۆزدەربڕینی زۆری تێدا نەبوو. هەرکە یەکەم هەنگاویشی هەڵهێنایەوە، کە فرێدی بەڕێگەی خۆی پەروەردە و ڕێنمایی بکات، بەڵام ئەو ڕێنمایی و فەرمانەکانی ئێمای بەبێدەنگی دەخستە پشتگوێ خۆی بەکارەکانی ژێرخان و باخچە و هەورەبانەکەوە سەرگەرم دەکرد بەرهەڵستی فەرمانەکانی ئەوی دەکرد هەروەک پیشانی بدات کە لە ڕاستیدا ئەو پێوەندیەکی بەستراو و یان ناچار بەئێماوە نییە هەر ئەو کردەوەیش پێچەوانەی کارەکانی بوو، لە ماڵ ڕێکوپێککردن و بەڕێوەبردندا ئەم وێکنەچوون و ناتەباییەیش ئێمای تووشی نائەرخەیانی و شڵەژانی دەکرد بۆیە جارجارە هەڵسوکەوتی ڕەق و وشک بوو. ترسی لەوە هەبوو کە لە پەروەردەکردنی برازاکەیدا تووشی تێکشان ببێت، ئێما ژنێکی گەنج بوو قژی قاوەیی و دەبریسکایەوە هەستی خۆناسینی هەبوو دەنگێکی پڕ لە کەسایەتی هەرگیزیش گرینگی بەداواکاریی پیاوەکان نەدەدا کە لە چاوەڕێکردنی ڕازیبوونیدا بوون خۆ ئەگەر بەپیاوێک ڕازی بووایە ئەوا دەبوو کە ژیانی بەجۆرێکی تر ڕێک بخات فرێدی جارێکیان نیوە ڕازی و بەئێرەییەوە، لە پاڵ ئەو سەربازە بەرگشڕ و ڕیشدارەدا دانیشتبوو کە لە بەندیخانەوە گەڕابووەوە. لەسەر مێزەکە و لەگەڵ ئێمادا دانیشتبوو و کەوچکی لە شۆرباکە دەدا، ئێمایش لە سەربازەکەی پرسی؛ دەیەوێت بۆ کوێ بچێت؟ سەربازەکەیش کاتێک سەرنجی لە سەر شۆرباکە ڕاگرتبوو وەڵامی دابووەوە؛ خۆشی نازانێت بۆ کوێ بچێت، چونکە ئەو هاووڵاتییەکی گەڕاوە نییە بۆیە کەسێک نییە لە چاوەڕێکردنیدا بێت بۆیە ئەگەر بیتوانیایە لێرە بمایەتەوە کار دەکات و ئەم ناوە دەگرێتە دەستی خۆی و جێگەی بابیش بۆ ئەم کوڕە

دەگرێتەوە، ئێما کە چوبووە ژێر کارگەریی قسەکانییەوە، بەزەردەخەنەیەکەوە وەڵامی دایەوە: ئەی پیاوە باشەکە، نابێت پیاوێکی گەنجی وەک تۆیش دەتوانێت لە هەر جێیەکی دی ژنێکی باش پەیدا بکات پاشانیش کە ڕۆیشت ئێما لە پەنجەرەکەوە بۆ ماوەیەک لێی هەڵڕوانی ئیدی کە ئێما خۆی وەرگێڕا هەستی بەئارامبوونەوەی ڕووخساری فرێدی کرد هەروەک بەڵایەکی لێ دوور کەوتبێتەوە.



## سزاکە

ئێما لە دوانیوەڕۆدا و بەپاسکیل، چووە خوێندنگەکەی فرێدی ساتی پشوو بوو، بۆیە دەبوایە بەناو کۆمەڵ کۆمەڵی منداڵەکاندا کە سەرگەرمی یاری بوون ڕێی خۆی بکاتەوە، سکرتێرە ئافرەتەکە ئێمای بۆ ژوورێکی ژمارە ١٦ نارد ئێمایش بەهێواشی و تۆزێک شەرمەوە، بەناو داڵانەکەدا ڕۆیشت. کە بەلای چاکەتە شڕە و توورەکەی نانە هەڵواسراوەکاندا تێپەڕی بیری لەو ماوە کورتە کردەوە کە خۆیشی مامۆستا بوو دەرگەی ژووری ژمارە ١٦ لەسەر پشت بوو مامۆستایەکی قژ کورتی خۆڵەمێشی لەسەر مێزێک دانیشتبوو و دەیڕوانییە پەڕەکاغەزەکانی هەڵی دەدانەوە. مامۆستاکە لەمی هەڵڕوانی بێ ئەوەی هەڵسێت ئاماژەی بەمدا کە لەسەر کورسییەک دابنیشێت، بەڵام ئێما لە ژێر گرێژنەی دەرگەکەدا وەستا و وتی:

ـ من لە بارەی واژۆ ناڕاستەکەی ئەلفرێد هاڵسباخی برازاکەمەوە هاتووم.

مامۆستاکە بەتەواوی لەمی ڕوانی و پەڕتووکەکەی بەردەمی داخست.

ـ بەڵێ خانمی بەڕێز، واژۆکان... ئاخ بەڵێ! جا خۆزگە هەر ئەوە بووایە.ئەوەیش هەموو خوێندکارێک جارێک لە جاران کردویەتی.

پشوویەکیدا سەیرێکی ئەمی کردەوە و دەنگی بەرزتر کردەوە:

ـ کێشەکە باس لە هێڵ و هێڵکاری نییە خانمی بەڕێز ئێمەیش تۆ بۆ وەها شتێک بانگی ئێرە ناکەین کوڕەکەتان بەزمێکی تری ناوەتەوە.

پشوویەکی دروستکراوی دا، هەتا بتوانێت قوورسایی بەوشەکانی بدات ئەوجا بەهێواشی و هێمنی بەڵام بەدەقۆکییەوە کەوتەوە قسە:

ـ بیری لێ بکەنەوە خانمە بەڕێزەکە. ئێوارەیەک کە دەبوا لە مێژە خوێندکارێک لە ناو جێگەی نووستنەکەیدا بووایە، بەڵام بۆ بەدبەختی، ئەو خوێندکارە لەسەر جادەیە و بەمامۆستایەکی سەرخۆشی خۆی دەگات کە بەرەو ڕێگەی ماڵەوەیە دەکەوێتە

گاڵتەکردن بەمامۆستاکە پاڵێک بەو سەرخۆشە بێ توانایەوە دەنێت و فڕێی دەداتە ناو چاڵێکی پڕ لە پیسییەوە. ئەوجا هەتا ماڵەوەیش دوای دەکەوێت. لەوێش کردەوەی ناشیرین لە هەمبەر ژنی مامۆستاکەدا دەکات، ئا ئەمە چۆن هەڵدەسەنگێنن؟

ئێما کەوتە تف قووتدان.

ـ ئەو کوڕی من نییە، بەڵکو کوڕی براکەمە.

بەوەیش نیگەران بوو کە بەم وشانە خۆی لە فرێدی بەدوور گرت، مامۆستاکەی کە تا ئێستا ناوی خۆی بەئێما نەوتبوو، تازە کەوتە هەڵچوون و بەدەنگی بەرز قسەکردن:

ـ ئەوە هیچ شتێک لە مەسەلەکە ناگۆڕێت خانمی بەڕێز کوڕتانە یان برازا ئێوە بەرپرسیاری پەروەردەی ئەون ئێوە لێپرسراون، چونکەی وەک هاوکارێکی ڕابردوو خۆ دەبێت ئەوە باش بزانن؟ دەی پێم بڵێ بزانم چی بکەم؟ چونکە هەر کەسێک شتی وەها بکات ئەوا بەکەڵکی ئەم جێی خوێندنە نایەت!

ئێما خۆیشی نەیدەزانی ئایا قینی لە فرێدی بێتەوە، یان بێ ڕێزی لە هەمبەر ئەم مامۆستایەی کە ئەم شانۆگەرییەی پێک هێناوە؟

ـ باشە بۆچ دەبێت شتی وەهای کردبێت؟

ـ کەمتەرخەمی! بێ ڕەوشتی تەواو شەڕخوازی ئیدی حەوسەڵە و توانای ئەوەم نەماوە کە هۆکاری ئەم گیروگرفتانە بۆ خراپی سەردەمەکە بگێڕمەوە ئەگەر ئێمە بەجەغتەوە خەریک نەبین چی لە گەنجەکانمان دێت؟ ئەو خەریکە دەبێتە دەستوەشێنێک خانمە بەڕێزەکەم ناتوانین ڕێگە بەوەها شتێک بدەین خۆ تێ دەگەن؟

ـ ئەی باشە دەتانەوێت چی بکەن؟

ـ ئەمە پرسیارێکی زۆر باشە، خانمی هاڵسباخ، هەر بەڕاستی پرسیارێکی گرینگە.ئێمەیش نامرۆڤ نین و ناشمانەوێت ڕێگەکەی پێ بگۆڕین بۆیە پێم ڕاسپێردراوە کە لە تەک جەنابتاندا قسە بکەم ئەگەر جەنابتان بەباشی بزانن کە فرێدی، سزایەکی نەرم وەربگرێت ئەوسا شانسێکی تری لەم خوێندنگەیەدا پێ دەدەین مامۆستا جۆەننیش واز لە داوای لێبووردن دێنێت، چونکە ئەو وتی کە





نایەوێت ئەم خورتە چاوشکێن بکات. بۆیە ئەوەی کە جێی قبووڵە دەبێت جەنابتان پێی ڕازی بن.

کە ئێما بەرەو ماڵەوە گەڕایەوە پاسکیلەکەی پاڵ پێوەدەنا لە تووڕیی و ناچاریشدا گریا، دەبووایە ئەم چی بکردبایە؟ ئەی ئەوان چیان لەم دەویست؟ ئەوکەسەی کە لێرەدا دۆڕاوە ئەم خۆی نییە؟ کە هێدی هێدی لە ماڵەوە نێزیک بووەوە بەو هیوایە بوو جارێ فرێدی نەگات پاسکیلەکەی هەڵپەسارد و بەپەیژەکەدا بۆ هەورەبانەکە هەڵگەڕا ئەو زۆر کەم دەهاتە ئێرەکانە ئێما ئەو سەبەتەیەی هەڵگرت کە بۆ گواستنەوەی کۆتر بەکار دەهێنرا دەرگەی قەفەزەکەی کردەوە. هەوڵی دەدا کۆتر بگرێت جا لەبەرئەوەی ئەزمۆنی نەبوو تەنانەت نەشی دەزانی چۆن کۆتر بەدەستەوە دەگیرێت کە نابێت زیان بەکلک و باڵەکانیان بگات بۆیە ژوورە تەنگەبەرەکە بەجووڵان و ماخۆلان تێکەوتنی کۆترەکان هەوا پڕ بوو لە تەپوتۆز و پیسی و پەڕ ئیدی کە کۆتایی کۆتری گرت و خستیە سەبەتەکەوە هەموو گیانی پیسی و ئارەقە بوو دژوواری ئەم کارە هێندەی دی تووڕەی کرد سەبەتەکی بەدەستەوە گرت و بەپەیژەکەدا هاتە خوارەوە گاسنی جووتکردنەکە لە بەرتەویلەکەدا بوو و تەورێکیش بە سەرییەوە.

فرێدی لە خوێندنگە هیچی لە بارەی سەردانەکەی ئێماوە نەبیست و نەزانی، ئینجا لە کێشی بپرسیایە؟ کە بەلای مامۆستاکانیشدا تێ دەپەڕی ڕوویان لێ وەردەگێڕا تەنیا کۆرنێلیا لە نێزیکییەوە وەستا، بەڵام ئەویش هیچی لە خۆیدا دەرنەخست، چونکە بێشک کە باوکی جارجارە لە ماڵەوە باسی خوێندنگە دەکات، ئیدی ئەویش ئاگای لە هەندێکی دەبێت، دەیویست هەوڵ بدات کە لێی بپرسێت، بەڵام لە مێژ بوو پێکەوە قسەیان نەبوو.

فرێدی ڕۆیشتە چێشتخانەکە و ڕوانییە مەنجەڵەکان، ئەوجا خواردنگە ساردوسرەکە دەستی دایە هەندێک پۆستکارت و نامە و لە پەنجەرەکەیشەوە ڕوانییە دەرەوە لە سەرەتادا وەک خەونێک کۆترێکی خوێناوی لە پاڵ لاسکە گەنمێکی بچکۆلانەدا دی کۆترەکە پەلەکانی بڵاو بووبووەوە و هێشتاکە دەجوڵایەوە جا بێ ئەوەی بیری بۆ هیچ بچێت بەسەرسووڕمانەوە سەرنجی تێ بڕی بوو ئەوجا ئێمای

دی کە خۆی بەسەر سەبەتەکەدا نووشتاندەوە کۆترە شینکەیەکی بەکلک دەرهێنا و لەسەر کۆتەرەدارەکە، بەتەورەکە بەملیدا کێشا بەری نەکەوت، بۆیە چەند جاری دیش هەوڵی دا هەتا ئەو باڵندە زامدارە بکوژێت، ئەو ناوە هەمووی خوێن و چوار پێنج لاشەی کۆتریش لەو ناوەدا کەتبوون.

فرێد دی کە چۆن فریتس هوفناگڵ لە سوچی حەوشەکەی پشتەوە دەرکەوت قتووی نانەکەی لە بن باخەڵدا بوو، فرێدی بینی کە ئەو لەکن ئێما وەستا و قسەی لەتەکدا دەکرد ئێمایش خۆی بەرز کردبووەوە و بەباسکەکانی تاڵەمووەکانی ڕووخساری لادەبرد دەستەکانی خوێناوی بوون و پەڕی کۆتریان پێوە نووسابوو، فریتس هوفناگڵ تەورەکەی لە دەست وەرگرت ئەوجا یەک یەک کۆترەکانی لە سەبەتەکە دەردەهێنا و بەکارامەیییەوە سەریانی دەپەڕاند ئەو بۆ هەر سەر پەڕاندنێک تەنیا یەک لێدانی بەس بوو، ئیدی سەرەکە لەسەر زەوی بوو. تەنیا جارێک دەنووکیان دەکردەوە و لاشەکانیشیان بڕێک دەجووڵانەوە. فرێدی نەیدەتوانی چاو لەم دیمەنە هەڵبگرێت هەتا پیاوەکە بەسەبەتە بەتاڵەکەوە ڕۆیشتەوە ناو خانووەکەی ڕوخساری فرێدی بەفرمێسکەکانی تەڕ بووبوون و هەناسەی سووار بووبوو. دەنگێکی گریاناوی لێ بەرز بووەوە ئەو هیچ لەمە تێ نەدەگەیشت و نەشیدەویست تێ بگات بەبێ توانایییەوە دەستێکی بەقوورگی خۆیدا هانی و بە ناباوەڕیەوە بیری لە کۆتایی پێ هێنانی ژیانی ئەو کۆترانە دەکردەوە، هەی هوفناگڵی بەراز!

فرێدی بەپەلە بەپلیکانەکاندا چووە خوارەوە و بەلای ئێمادا فرتەی کرد، ئێمایش بەڕەنگی زەردەوە خۆی بەدیوارەکەوە نووساند فرێدی بەژووری چێشتخانە و شتنەکە و دالانە تاریکەکەدا تێپەڕی ڕۆیشت و دەرگەی ژوورەکەی هوفناگڵی دایە بەر شەق دەرگەکەیش بەرەو دیوارەکە داڕووخا کە ئیدی هوفناگڵ دەبینرا لەسەر زەویەکە دانیشتووە فرێدیش وەک هۆش لە دەستداوێک بەگریان و هاوار هاوارەوە، کەوتە لێدانی فریتس هوفناگڵیش نە بەرهەڵستی لە خۆی دەکرد و نە هیچیشی دەوت تەنیا هەردوو دەستەکانی بەسەر سەرییەوە ڕاگرت و لێ گەڕا کە فرێدی لێی بدات هەتا فرێدی بەدەستی خوێناوی و ماندوو هەناسە سوارییەوە، دەستی هەڵگرت ئیدی لە ناوەڕاستی ژوورەکەدا وەستا بوو و دەلەرزی. هەروەک زۆر لە دووره وەبێت، کە گوێی





لە فریتس هوفناگڵەوە بوو، دەیوت:

"خۆ تۆ دەزانیت من خواستێکی وەهام نەبووە من دیم کە ئێما چۆن نەیدەپێکا و ئەشکەنجەی کۆترەکانی دەدا کۆترەکانیش نیوە مردوو لە باخەکەدا پەلەقاژەیان دەکرد! چونکە ئێما نەیدەتوانی سەریان بپەڕێنێت.لێ ئەگەر بڕیاربێت کە سەریان بپەڕێنرێت ئەوا باشترە خێرا و بێ ئازار بێت تێ دەگەیت؟!"

فرێدیش نە دەجووڵایەوە و نە هیچیشی دەوت، چونکە حەوسەڵەی ئەوەی نەبوو کە ئەم بیرەباشە قبووڵ بکات کە خۆی وەرگێڕا بڕێک لەم کردەوەیەی خۆی پەشیمان بووەوە، بەڵام هەرچۆنێک بێت ڕق و قینەکەی بەتاڵ کردەوە لەوەیش سەری لە خۆی سووڕما کە بیری لەوە کردەوە، دەبێت کۆترە کێوییەکان ئازاد بکات فریتس هوفناگڵ سووچی دەستەسڕێکی تەڕ کرد و خوێنی دەستەکانی فرێدی سڕی پاشانیش دوو سارغی بچووکی، بە دوو برینی دەستەکانی فرێدییەوە نووساند ئەوجا دەستەسڕە تەڕەکەی، بە ڕوخسارە گریاناویە تەڕبووەکەیدا هێنا و وتیشی:

ـ دەتوانیت لە ماوەیەک و جارێکی تریش، بکەویتەوە دروستکردنی هێلانە کۆتر! جارێ واز بێنە هەتا بڕێک ساتی بەسەردا دەچێت و هەموو شتێک ئارام دەبێتەوە. لەو باوەڕەیشدا نیم کە ئێما هێندە دڵڕەق بێت ئەگەر زەوقت هەیە، دەتوانین پاشان بچین بۆ سەر گۆمەکە و بڕێک مەلە بکەین خەمت نەبێت و من کارەکە لەتەک ئێمادا جێبەجێ و ڕێک دەخەم. دەتوانم لە سەر کورسییەکەی پشتی پاسکیلەکەوە هەڵت بگرم ڕازیت..؟

پاشان جگەرەیەکیشی ئاراستە کرد، فرێدی کە هێشتا لە ناوەڕاستی ژوورەکەدا وەستا بوو وەری گرت و وتیشی:

ـ دەی ئێستا چی دەبێت؟

فریتس هوفناگڵ چووە پاڵ پەنجەرەکەوە و لەوی هەڵدەڕوانی:

ـ تۆ ئەمەیشت بەسەردا تێ دەپەڕێت و تەحەمولی دەکەیت پیاوێکی وەک تۆ زۆرتریش لەمە دەتوانێت! کاتی باشتریش دێت کورە جا چی ڕووی داوە؟

فرێدی چڵمەکەی هەڵلووشییەوە، جگەرەکەی لە دەمی کردەوە و وەڵامی دایەوە:

ـ جارێ با وابێت، قەیدی چییە. ئەوەتا هەموو شتێک بەخواری دەڕوات.

لێشگەڕا کە هەروا سووتووی جگەرەکە بکەوێتە سەر زەوییەکە.

ـ ئاخ، فرێدی، تۆ نابێت وەها بیر بکەیتەوە، چونکە تۆ باش توانای ئەوەت هەیە کە ڕێگەی خۆت بگریتە بەر هێندە بێ سەبر مەبە..

ـ ئەی دەکرێت پێمی بڵێیت کە چۆن دەبێت؟

دەنگی فرێدی هێشتاکە گڕ و قوورس و قیناوی بوو.

ـ تۆ دەبێت خۆت بیدۆزیتەوە هەر کەس دەبێت خۆی بزانێت کە چی دەکات، بەڵام هەروا سانایش نییە.

ـ ئەی ئەگەر مرۆڤ بەر لەوە بکەوێتە ژێر چەرخەکانەوە؟

ئینجا بەقینەوە دەرێژی پێدا:

ـ جارجارە وەک مامۆستایەک قسان دەکەیت.

بەڵام هوفناگڵ گوێی نەدایەوە هەروا بەمیهرەبانی مایەوە بەئارامی وتیشی:

ـ هەموو شتێک بەسەر دەچێت بەڵام تۆ زۆر بێ سەبریت!

فرێدیش وەڵامی دایەوە:

ـ بێ سەبری؟ ئەی چی لە نووسینەکەم بکەم؟ خۆ پێنج وەردەگرم؟ جا واتۆ هەمدیسان منت هەڵخەڵەتاند.

هوفناگڵ بەجەغتەوە وەڵامی دایەوە:

ـ نەخێر وەها نییە ئەگەر ئەوان نمرەی پێنج بەتۆ بدەن ئەوا مامۆستاکە ناکارامەیە.

ـ ئەی دەوری من چی دەبێت؟

فرێدی بوێرییەکی وەهای لە خۆی پیشاندا کە ئێما لێی نەدی بوو.

ـ فرێدی من تەنیا دەتوانم کە ئامۆژگاریت پێبکەم. ئیدی بڕیاردان و جێبەجێکردن دەکەوێتە سەر خۆت چۆن دەنووسیت وەها درێژە بەنووسین بدە من لەو باوەڕەیدام کە تۆ توانایەکی باشی نووسینت هەیە جا ئەگەر مامامۆستایەکی ناکارامەییش





نمرەی پێنجت بداتێ بەڵام هەموو مامۆستاکان ناکارامە نین.

ـ ئەو مامۆستایانەی کە من دەیانناسم، هەر هەموو قووندەرن یان خراپتر!

ئەوجا بەبێ قین بیری لێیان کردەوە ئەوان هەر زۆر دوور بوون و هیچ پێوەندییەکیان پێوە نامابوو دەمێ بوو کەوتبووە سەر ئەو بیرەی کە مامۆستاکان لووت بەرز و لە پشتەوە دەستوەشێن بن.

ـ فرێدی هێندە بەتووندی مەیگرە بێجگە لەوەیش ڕۆژێک لە ڕۆژان ماموستای تر دێن، من لە جێی تۆ بم هەروا بەسانایی هیوا لە دەست نادەم.

سەرنجی خەیاڵاوی فرێدی لە سەر لق و چڵی دارەکەی بەر پەنجەرەکە بوو فریتس هوفناگڵ بەر لەوەی لە ژوورەکە بچێتە دەرەوە ماوەیەک دەستی لە سەر شانی فرێدی دانا.

ئێما ماوەیەک لەمەوبەر، تکای لە هوفناگڵ کردبوو، لە ئەرکەکانی ماڵەوەی خوێندنگەدا، هاوکاری فرێدی بکات هوفناگڵیش بەڵێنیدا، کە چاو بەنووسینەکانیدا بگێڕێتەوە و بۆی بنووسێتەوە بۆیە ئەو پاش دە خولەک هاتە ژوورەکەوە کە سەرنجی دایە ڕەشنووسەکەی فرێدی وتی:

ـ تۆ دەستنووسێکی وەهات هەیە کە ڕشانەوەم پێی دێت، جارێکی تر و بەباشی بینووسەرەوە.

ئینجا چووە دەرەوە فرێدی کە تووڕە بووبوو جارێکی دی کەوتەوە نووسینەوەی دەقەکە تا دەیتوانی خێرا خێرا وشەکانی لە پاڵ یەکتردا ڕیز دەکرد ئینجا دوو جگەرەی لە جگەرەکانی هوفناگڵ هەڵگرت دانەیەکی خستە جانتاکەیەوە ئیدی فرێدی لە بەرپەنجەرەکەدا وەستابوو و جگەرەی دەکێشا کە هەمدیسان هوفناگڵ گەڕایەوە هەتا لە پەڕە کاغەزەکە بڕوانێت، فرێدیش لاپەڕەکەی پیشاندا کە لە تیانووسەکەی کردبووەوە. هوفناگڵ بەهەڕەشەوە پرسی:

ـ کێ ئەمەی نووسیووە؟

ـ من.

ـ درۆم لەگەڵدا مەکە!

- نەفرەت بێت! من خۆم نووسیوومە!

هوفناگڵ پاڵێکی بەفرێدییەوە بۆ سەر کورسییەکە ناو وتی:

- دەمەوێت خۆم ببینم! فەرموو لە بەرچاوی مندا بینووسە!

فرێدی لەسەر کورسییەکە دانیشت و وەک پێشووتر، چەندین ڕستەی لە پاڵ یەکدا ڕیز کرد.

هوفناگڵ نەیدەتوانی کە باوەڕ بکات. بۆیە وتی:

- هیچ جێی باوەڕ نییە! لەم ڕۆژە بەدواوە ئاوەها دەنووسیت، بەڵێنم پێ دەدەیت؟

فرێدیش بۆ ئەوەی ئەرخەیان بێت کە پێی ڕانابویرێت لێی هەڵدەڕوانی.

فرێدی خۆیشی نەیدەزانی ئایا دەیەوێت جارێکی دی کۆتری هەبێت. یان ئارەزووی هەیە کە لە ئێما بپرسێت لە خوێندنگە چی ڕووی دا؟ هەستێک پاڵی پێوەدەنا بچێتە کن ئێما و لە کنی بێت، بەڵام ترسیشی هەبوو فرێدی هەمدیسان لەبەر پەنجەرەکەدا وەستابوو و جگەرەی دەکێشا کە فریتس هوفناگڵ گەڕایەوە ئەو دەرپێی مەلەکەی فرێدی لەبەردا بوو، خاولییەکیشی پێ بوو.

لە لایەکی لاچەپەکی سەر گۆمەکە شوێنێکیان دۆزییەوە، هەتا ئەو پاشنیوەڕۆ هەتاوییە لەوێدا بەسەر بەرن لەم جێیەی کە دەچوونە ناو ئاوەکەوە قووڕ و لیتاوی بوو، بەڵام کەسێک وەڕسیانی نەدەکرد، فرێدی بەو بەری گۆمەکەوە بۆکمەنە خێلە و ڕوپێلی گاڵتەچی بەدی کرد. هەردووکیان لە ئاوەکەدا، بەتایەیەکی ئۆتۆمبێلەوە خۆیان سەرگەرم کردبوو، بەسەر یەکتریدا دەیان قیژاند فریتس هوفناگڵ خاولییەکانی ڕاخست و خۆی ڕووت کردەوە فرێدی نەیدەویست بچێتە ئاوەکەوە تەنیا لایەوە دانیشت هوفناگڵ وتی:

- ئادەی بڵێ بزانم کە چی ڕووی داوە.

- واژۆی قەڵبیان کردووە گەلێکیش...

- ئەی بۆچی ئەرکەکانی ماڵەوەتان خراپ بوون؟

دەستیشی بۆ گیرفانی پانتۆڵەکەی برد، جگەرەیەکی دەرهێنا و گڕی دا فرێدی وتی:





- هەموویان خراپ نەبوون منیش هەر بەسانایی جێبەجێم کرد!

بەدەم قسە کردنیشەوە پارچەیەک تەختەی هەنجن هەنجن کرد ڕاونییە باقییەکەی و درێژی پێ دایەوە:

- دەزانیت کە تۆ هەمیشە دەتوانیت شتێک بکەیت، بەڵام من نا؟

- بەڵام خۆ دەبوایە بتزانیبایە کە ئەگەری ئاشکرابوونی هەیە وا نییە؟ دەی کەواتە پێشووتر بیرت لێ نەکردووەتەوە.

فرێدی قینی لە وەها تاوانبارکردنێک دەبووەوە و لای پەسەند نەبوو. فرێدی پرسی

- دەی من پرسیارێکم لێ کردیت.

- ئەها کە ئایا من هەمیشە دەزانم بۆ چ بەکارێک هەڵدەستم؟ هیچ کەسێک هەمیشە نازانێت.

سەرنجیشی لەسەر ئاوەکە بڕیبوو، فرێدی وتی:

- من لەوەی تەوا تێرم، کە دەبێت هەر ترلێدانێک بەرلەوە پیشان بدەم، بەڵام ئێما دەیەوێت هەمیشە و هەموو شتێک بزانێت جا لەبەرئەوەشی کە زۆربەی ئەرکەکانی ماڵەوە زۆر باش نەبوون دەی ئەمەیش ئاساییە یان..؟

- ئەوە هیچ گرینگ نییە ئایا من تێ دەگەم یان نا تۆ خۆت دەبێت حسابی بۆ بکەیت کە چی دەکەیت و چ سەرئەنجامێکی دەبێت، جا ئایا بەڕاستی ئەگەر فڕوفێڵ و غەشەکانت هی ئەوەن کە سوودیان هەبێت؟ چونکەی خۆ ڕۆژێک هەر ئاشکرا دەبن!

فرێدی جگەرەیەکی هەڵگرت و وتی:

- سوپاس بۆ خوا کە هەموویان ئاشکرا نابن! ئەگینا وا باشترە، یەکسەر زەهری مشک کوژ بخۆیت.

- من سەر لەمە دەرناکەم تۆ وا پازدە ساڵانیت و کەچی بۆت نییە ئەوە بکەیت کە خۆت دەتەوێت!

- من هیوا دەخوازم کە ژیانم دەستی پێ بکردبایە.

هەردووکیان دەیانڕوانییە چوپی تایەی ناو ئاوەکە کە دەرزەنێک منداڵی لەڕ و لاواز

بەسەرییەوە و بەلایەوە هاوار هاوار و قیژە قیژیان بوو چەند کۆتریش لە ناو دار و دەوەنەکەوە بەرە و ماڵەکەی گرۆت ڤینکلسی جووتیار هەڵفڕین، هوفناگڵیش دزە سەرنجی لەسەر خورتەکەی پەنای بوو، بەڵام فریدی چیلکەی لە کونە مێرولەیەک هەڵدەژەنی. هوفناگڵ پرسی:

ـ مەبەستت چییە لەوەی، کە خۆزگە ژیان دەستی پێ دەکرد؟

ـ هەروا و دەست پێ بکات.

ـ دەی خۆ لە مێژە دەستی پێ کردووە ئیدی چیت دەوێت؟

فریدی هیچ سەیری نەدەکرد کاتێک بەپچڕ پچڕەوە، وەڵامی دایەوە:

ـ کە مرۆڤ خۆی بڕیاری خۆی بدات.

ـ دەی دەبێت ئەمەم بۆ ڕاڤە بکەیت.

ـ هیچ شتێکی وەها بۆ ڕاڤەکردن لە گۆڕێدا نییە جا من چی دەزانم، بیردەکەمەوە چیم بووێت دەیکەم خۆم بڕیار دەدەم کە بۆ کوێ بمەوێت بچم و هەموو شتێک بەجێ بێڵم، ئەگەر چەند ساڵێکی تر لێرەکانە گوزەرانەکە وەها بەرەو پێش بچێت پاشان چی..؟

ساتێک فریدی قسەی دەکرد وێنەیەکی لە پێش چاواندا بوو لە وێنەکەدا خۆی بەگەورەتر لە هەنوکە دەهاتە بەرچاوان وێنەکە هێندە کارگەر بوو کە دەیبزواند و دارەکەی دەستی کەمێک وەلەرزە کەوتبوو.

ـ تۆ مەبەستت ئەوەیە کە دەتەوێت ببیتە گەورەساڵان؟

ـ ئێ وەک نهاکەیش باش نییە.

ئیدی هەردووکیان ماوەیەکی درێژ بێدەنگ بوون، هوفناگڵ وتی:

ـ باشە بۆچ چاوەڕێ ناکەیت هەتا کاتی خۆی دێت؟ خۆ تۆ جارێ هەر زۆر گەنجیت منیش هەروا لە خۆوە ڕۆیشتم و دوورکەوتمەوە، بەڵام ئەو کاتە من پێنج ساڵان لە ئێستای تەمەنی تۆ مەزنتر بووم، بەتەمەنی پازدە ساڵی ناتوانیت هەروا بۆی دەرچیت بێجگە لەوەیش شتی وەها دەکەیت کە خەڵکانی دی نایکەن خۆ نهاکەیش هەر شتێک قەڵسکەر نییە یان..؟







ـ هەر شتێک نا، بەڵام مرۆڤ بێزەوە چەقیووە.

ـ مرۆڤ لە هەموو جێیەک هەر تێی چەقیووە مانای وانییە کە جێیەکی تر باشتر بێت.

فریدی ئەوەی بەلاوە پەسەند نەبوو کە فریتس هوفناگڵ وتی: بۆ ئەم ئارامبەخش نەبوو بۆیە بابەتەکەی گۆڕی و پرسی:

ـ باشە بۆچ ئێما مارە ناکەیت؟ خۆ ئافرەتێکی ناشیرین نییە؟

هوفناگڵ پێکەنی و وەڵامی دایەوە:

ـ تۆ ڕاست دەکەیت ئێما ئافرەتێکی ڕندە، بەڵام ئەو خوێندنی تەواو کردووە لە بۆ من ناگونجێت، چونکە هەر لە زووەوە ئافرەتی وەها ناسدەکەم، بەڵام ئەلفریدە مارە دەکەم.

ـ جا تۆ ئەلفریدەت خۆشدەوێت؟

ـ ئەگەر تۆ وەهای ناو بنێیت.

ـ باشە هەر لەبەر ئەوانە لە ماڵ ڕات کردووە؟ مەبەستم ئافرەتی خوێندەوارە.

ـ نا، لەبەر ئەوان نا.

فریدی سەرنجی دا کە لەو بەر گۆمەکەوە، مامۆستا جۆەنن و کچەکەی پاسکیلەکانیان لە ژێر سێبەری بێشەکەدا هەڵپەسارد و بەتانییەکی گەورەیان ڕاخست، فریدی بیری کردوە؛ کچەکە چەندە لاوازە، بەڵام دوو مەمکۆڵانی جوانی هەیە فریدی لەگەڵ ئاماژەی سەردا وتی:

ـ ئەوە کۆرنێلیا و باوکێتی، ها لەو بەرەوە.

ـ کێیە؟

ـ مامۆستایەکی دەبەنگ و کچە لاوازەکەی جارێکیان کە سەرخۆش بوو، بردمەوە بۆ ماڵەوە.

هوفناگڵ خۆی خستە سەر تەنیشت، بەزەردەخەنەیەکەوە وتی:

ـ حەزت لەو کچە هەیە؟

- چۆن هاتیتە سەر ئەم بیرە؟ خۆ من وەک تۆ بەسەرهاتم لەتەک ئافرتدا نییە!

- بەڵام، دەشێت کە هەبێت؟

فرێدیش ئاواتی خواست، خۆزگە بەسەرهاتێکی لە تەک ئافرەتدا دەبوو بۆیە بیری کردەوە: کێ دەڵێت منیش وەک لاوکەمانی جووتیار، حیز نیم؟ کە نامەوێت هیچ پێوەندییەکم لەتەک ئافرتدا هەبێت؟ بەڵام مادام بیری لە ئافرەت دەکردەوە و دەستپەڕی دەکرد،نەیدەتوانی ئەو گریمانەیە بەڕاست بسەلمێنێت، چونکە خۆ ناکرێت کە لە خوێندنگەدا هەر ئافرەتێکت لا پەسەند بوو ئیدی هەوڵی لەگەڵدا بدەیت.

- ئەرێ، ڕووداوێک لەتەک ئافرەتدا، چۆن دەست پێ دەکات؟

- تۆ پرسیار لەوە دەکەیت کە بەدڵتە، ئایا دەیەوێت لە تەک تۆدا بێت؟ ئەمە هەموویەتی!

- هوفناگڵ، شتی قۆڕ مەڵێ خۆ کەسەکە دەبێت شەیدا بێت یان نا؟ خۆ من ناتوانم لەتەک هەربەرەڵایەکدا بڕۆم.

- کە کاتی ئەوە هات هەستی پێ دەکەیت خەمی لێ مەخۆ.

ئەوجا پێکەنی.

- ئەی باشە ئەگەر ئافرەتێک ڕازی بێت، من ئیدی دەبێت چی بکەم؟

بۆ سەرسووڕمانی فرێدی، لە ناکاو هوفناگڵ بەبیرەوە ڕووی بەولادا وەرگێڕا ئینجا وتی:

- نازنم کە ئایا هەموو شتێکت پێ بڵێم.

- مەگەر کێشەکە لە کوێدایە؟

- هیچ یاسا و ڕێسایەک بۆ وەها شتێک نییە تۆ دەتەوێت چی بکەیت دەیکەیت خۆ ئەگەریش بەدڵی ئەو بێت ئەوا باشتر.

- تۆ مەبەستت لە ماچە؟

- بۆ نموونە.

- ئەی ئەوی تر؟ کچەکە ڕازی دەبێت؟ چونکە وەک من بیستوومە دوای زەماوەند





ئینجا ڕێگە دەدەن.

- جیاوازی هەیە کاتۆلیکەکان لەم بارەیەوە خۆپارێزترن، پاشان بۆت ئاشکرا دەبێت.

ئیدی هەڵسا و بەقەڵەمبازێک خۆی فڕێدایە ئاوەکەوە، فرێدیش بەو نیازە بوو کە لە هوفناگڵ بپرسێت؛ ئایا ئەو هەرگیز چووەتە قەحبەخانە و هەستی بەچی کردووە؟ یان لە ساتی کاری ناو کاندا و لە تەک ئافرەتەکانی ئەو دەووروبەرەدا. زۆر باسی قەحبەخانەی ئەو دەووروبەرە دەکرا. بۆ نموونە ئەوەی شەقامی موولنی شاری کرێفێڵد، ئیدی هەندێکیش لە کرێکارەکانی کانەکان، لە ژوورەکانی خۆیاندا هەر شتیان ڕێک دەخست لەوەیش ئەرخەیان نەبوو کە فریتس هوفناگڵ، بەڕاستی لەو بارەیەوە قسان بکات، چونکە هەندێک جار ئارەزووی دەم کردنەوەی نەبوو کە فریتس هوفناگڵ گەڕانێکی دوورودرێژی بەئاوەکەدا تەواو کرد، هەڵەرزی و بەلێوارەکەدا هەڵگەڕاو هاتەوە سەرەوە فرێدی هەمدیسان لەسەر کورسییەکەی دوای پاسکیلەکەوە دانیشت فریتس هوفناگڵیش کەوتە لێخوڕین و بە لای دەوەنەکاندا تێپەڕین هوفناگڵ وتی: ئەگەر ئەو حەز دەکات، دەتوانن جارجارە لەو بارەیەوە قسان بکەن، فرێدی بێدەنگ بوو، چونکە بیری دەکردەوە کە هیچ سوودێکی نییە، فرێدی تکای لە هوفناگڵ کرد، لە تەکیدا بچێت بۆ کرێەن بووش، چونکەی دەبێت لەوێکانە کارێک جێبەجێ بکات فرێدی بەدارە بەرزەکەدا هەڵگەڕا هەردوو بەچکە کۆترەکان بەورگە هەڵئاوساوەکانیانەوە لە هێلانەکەیاندا هەڵکورما بوون هەر کە هەستیان بەفرێدی کرد کەوتنە قرتە قرت بێ ئەوەی لێی پەشیمان بێتەوە،بەنی قاچەکانیانی کردەوە و بڕێکیش لەتەکیاندا دوا و ئیدی لە دارەکە هاتەوە خوارەوە.

## کۆرنێلیا

ئێما چووە ژوورەکەی خۆیەوە خۆی بەسەر پێخەفەکەیدا دا و، بێ ڕشتنی فرمێسک ئازاری دەچێشت لە هەواڵە ناخۆشەکەی خوێندنگەکەوە، ئیدی وەها خۆی بەخەمبار و بێ توانا نەزانییوە. ئەگەرچی وا دە ساڵێک بەسەر ئەو ڕووداوە ناخۆش و خەمبارەدا تێ دەپەڕێت، بەڵام نیگەرانی و خەمخۆرییەکەی لە تەک فرێدیدا، هەر لە سەرەتاوە تەماوی بوو، کە ئایا دەتوانێت لەگەڵ فرێدیدا بەسەر بەرێت؟ چونکە ئەم دەبێت بۆ ئەو باوک و دایک و هاوڕێ و خزم بێت لە سەرەتاوە بەئاسان دەهاتە بەرزەنی، ئیدی ئەمیش خواست و ئارەزووەکانی لە جاران کەمتر بووبوونەوە، چونکە دەبا حسابێکی بۆ فرێدیش بکردبایە دەبا چی بکردبایە، خۆ پێوەندی ڕۆژانەیان، وەها گیروگرفتێکیشی دەگرتە خۆ لە پشت ئەو ڕووداوەی کە ئەو لە خوێندنگە بۆیان باسکرد و پێی ئاشنا بوو، بەچاوی ناخ فرێدی وەک پیاوێکی هەڵکشاو دەهاتە بەرچاوان دەمار گرژوو، ئامادەی کردنی هەر کارێک. گوومانی هەبوو لەوەی کە ئەو ڕووداوەی لە تەک مامۆستاکەدا ڕووی دابێت. ئایا فرێدی بۆ وەها کارێک ڕەخساوە؟ هۆی خراپی ئەمەشی دەگەڕاندەوە بۆ بێ هێزی خۆی دەبێت چی تریش هەبێت، ئەم نایزانێت؟ دەکرێت کە ماوەیەکی زۆر نهێنی بشاریتەوە، بێ ئەوەی کە خۆت بگۆڕیت؟ هەستێکی وەهاشی هەبوو هەتا دێت لە فرێدی دوور دەبێتەوە. ئەگەرچی هەموو ڕۆژێکیش سەروکاریان پێکەوە هەبوو، بەڵام ساڵ بە ساڵیش کەمتری لە بارەوە دەزانی و ئاگەدار بوو. هەروەک ئەو هاوتا، ژیانێکی تر بۆ خۆی دەژی. خۆزگا هیچ نەبێت براکەی دەگەڕایەوە، بەڵام لە مێژ بوو کە ئەم هیوایەی لە دەست دابوو بیری کردەوە، دیارە من توانای ئەوەم نییە لە فرێدی تێ بگەم و ڕێبەرێتیشی بکەم یان ئەو نایەوێت کە من لێی تێ بگەم من دەبێت شتێک بکەم. شەپازلە، سزا، وەعزدان.. ئاخ، هەر هیچی کەڵکی نییە زۆرترین خەفەتیشی بەسەربڕینی کۆترەکان خوارد، بەڵام ئەویش ئینکار ناڕاست و هاروها ج، جا پێ دەچێت کە ئێما فرێدی زۆر





خۆشنەویستبێت بۆیە وەهای دەبینی؟ مرۆڤ کەنگێ کەسێکی زۆر خۆشدەوێت؟ خۆ ئەو هەر ئەوەیە کە ئێما وەری گرتووە، ئەوجا بیری لە دایک و بابی فرێدی کردەوە ئەم تەنیا جارێک لە زەماوەندەکە و جارێکی دیش لە ناشتنی کەسێکدا بەدایکی فرێدی گەیشتبوو، ژنێکی بەهەیبەت و گرژ ئەتوار براکەی خۆشی هێندە باشتر نەدەناسی ئەو سەر بەوەچەیەکی دی بوو ساتێک ئەم چوار ساڵان بوو ئەو بۆ خوێندن ڕۆیشت بۆ شاری هایدلبێرگ دەبێت پەروەردەی ئەوان بەچ شێوەیەک بووبێت. چۆن لەتەک فرێدیدا هەڵسوکەوتیان کردبێت؟ لە ناکاو نەمانی دایک و باوک چ کارگەرییەکی خراپی کردبێتە سەر ڕۆح و دەروونی ئەو منداڵە؟ ئەم جۆرە بیرانە و ئاکامە خراپەکانیان هێندەی دی ئەمیان نیگەران و خەمبارتر دەکرد. کە ئێما گوێی لە پێکەنینەوە بوو لەسەر پلیکانەکان سەری بەرز کردەوە دەرەوەیش تاریک بووبوو. ئێما ڕوخساری خۆیی شت فرێدی لە پاڵ مێزەکەدا دانیشتبوو فریتس هوفناگڵیش لای دەرگەکەوە وەستا بوو و لەگەڵ ئێمادا قسەیان دەکرد هوفناگڵ باسی ئەو ڕووداوە بچکۆلەیەی سەر گۆمەکەی بۆ دەکرد شەش منداڵەکەی بەسەر چوپی تایەکەوە بوون چوپەکە بەلادا کەوتوو و منداڵەکانیش کەوتنە ناو ئاوەکەوە وەها دەردەکەوت ئەو منداڵانەی کە مەلە نازانن بێ گەیشتنی یارمەتی تێدادەچن سیانیان بەچنگەکرێ و وەک سەگ لەسەر هەر چوار پەلان بەهەڵەداوان خۆیان گەیاندە لێواری گۆمەکە، بەڵام ئەوانی تر بەهاوار هاوارەوە خۆیان بەچوپەکەوە گرتبوو، تا مەلەوانێکی باش توانی ڕزگاریان بکات، ڕوپلی گاڵتەجاڕ بە لێوی شینهەڵگەڕاوەوە، بەگریان و هەڵلەرزینەوە، لەسەر بەتانییە شڕەکەی دانیشتبوو. کە فرێدی بەلایدا چوو و پێی وت: " نا؟ ئەگەر مەسەلەکە بگاتە مردن ئەوا هەموو دەیکەنە پانتۆڵەکانیانەوە" ئیدی لەو باوەڕەیشدا نیم کە جارێکی تر خۆی بخاتەوە مەترسییەکی وەهاوە پێشبینی مەترسی لەو جێیە دەکرێت، چونکەی جێیەکی هەیە، ئاوەکە بۆ خوارەوە ڕات دەکێشێت. تەنانەت هەندێک کەسیش کە دەیانتوانی باش مەلە بکەن، بەڵام لەوێکانەدا خنکاون "ئینجا بەئێماشی وت: "بەڵام ئەوەتا کە مەلەزانەکەتان گەڕاوەتەوە منیش ئیدی دەبێت بڕۆم" ئیدی ڕۆیشت فرێدی بیری کردەوە: "هەر کاتێک پێویستت پێی بێت، دەڕوات." ئێما نانی شێوانی خستە سەر مێزەکە بەدەم هەڵسان و دەرهێنانی کەرە و پەنیر لە دۆڵابەکە، پرسی: " نا ؟ چۆن بوو؟". فرێدی

پێکەنی هەوڵیشی دا کە خۆی بەهۆش و وریا پیشان بدات، وەڵامی دایەوە: "نیوەی پۆلەکە لەوێکانە بوون ڕوپلی گاڵتەجارِ، هێندەی نەمابوو بخنکێت" ئێما ڕۆژنامەی ڕۆژنامەی ڕاین ی بەرەو ئەو پاڵپێوەنا و وتیشی:

ـ بیخوێنەرەوە، دە هەزار بەندیەکی جەنگ لە ڕوسیاوە دەگەڕێنەوە لە سبەینێوە لە دوکانی کەلوپەلی خوێندنگەفرۆشتنەکەی مێتسدۆرف، لیستە هەڵدەواسرێت ئێمەیش بچوویناوە سەیرمان بکردبایە؟

فرێدی پرسی:

ـ جا کێ دەبێت بێتەوە؟ خۆ بابم ئەوە هیچ...

ـ من سەیردەکەم و بزانم. خۆ کەسێک نازانێت چی بەسەردا هاتووە.

ـ من وام دەزانی کە ئەو لە جێیەکی ڕاین جەنگیووە؟ خۆ ئەو جێیە لە نێزیکی ڕوسیاوە نییە؟"

ئێمایش پێکەنی ئیدی باسی ئەوەیان نەدەکرد دەبێت چی ڕووی دابێت، بەڵام هەواڵی هاتنەوەی گەڕاوەکان هەردووکیانی سەرگەرم کردبوو. فرێدی هەوڵیدەدا خۆی خەمبار پیشان نەدات بەتیلەی چاویش لە ئێمای دەڕوانی ئایا دەبێت کە بەڵێنی شتێکی پێ بدات؟ نا، باشترە ئێستا نا، چونکە دەیزانی ئەو دوانیوەڕۆیە ئێما ئازاری چێشتووە پێ دەچێت کە گریابێتیش هەرچییەکیش ڕوو بدات لێ، نابێت کە ئێما لەم زیاتر بکەوێتە نیگەرانی و خەمەوە ئەم حەزی دەکرد ئێما بەوە سەرسووڕماو بکات کە دڵنەوایی بکات و باوەشی پێدا بکات، بەڵام ئەوە کاری کردەی نێوان ئەمان نەبوو.

کە ڕۆژی داهاتوو فرێدی بەرەو خوێندنگە ڕێکەوت مارکێکی لە ناو توێشووەکەیدا دی نەیدەزانی هەڵی بگرێت یان لە جێی خۆی بیهێڵێتەوە؟ دەشترسا کە ئێما دڵی بشکێت بۆیە نەیدەزانی چی بکات، ئایا ئەمە شێوەیەکی بەرتیلدانە؟ بێ دڵخۆشی دراوەکەی خستە گیرفانییەوە پاش خوێندنگە چووە گوندی مێتس و داوای کرد، چاو بەلیستەکەدا بگێڕێت: هاگێل، هافەرکامپ، هاگەنوسن، هاوبروخ لەگەڵ ئارامبوونەوەدا دڵیشی شکا، چونکەی ناوی هاڵسباخ ی تێدا نەهاتبوو جا بێ ئەوەی کە ئەم پرسیاری کردبێت، ژنی دوکانەکە وتی: "هەفتەی داهاتوو لیستەیەکی تر





دێت." ئەم هەستی بەسەرنجە بەبەزەییەکەی ژنەکە کرد، لە هەمبەرخۆیدا بۆیە پێی باشتر بوو کە بەرپەرچدانەوەیەکی هەبووایە. ئەو بیرەی کە ئەگەری ئەوە هەیە ناوی باوکی سبەینێ و یاخۆ جارێکی دی، دەردەکەوێت، تووشی دڵەڕاوکە و شڵەژانی دەکرد، بۆیە ئەو بیرەی وەلاوە نا نەک لەبەرئەوەی کە ئەو هیوای بەمردنی بابی دەخواست، بەڵام هەرچۆنێک بێت، بەگەڕانەوەی بابی هەستی بەبوونی مەترسییەک دەکرد.

پاشنیوەڕۆیەکی شەممەی کۆتایی وەرزی هاوین لە بەرپەنجەرەی ژوورەکەی سەرەوە دانیشتبوو لەوێکانەوە و بەلای دەستە چەپدا، دەیتوانی بەسانایی جادەکە و هەتا کن کەنیسەی کاتۆلیکەکان ببینێت لە ناخەوە هیوای دەخواست کە لە کەنیسەدا سروودەکانی ماریا بخوێنرێت، بەڵام کەنیساکە کشومات بوو، فرێدی دەیتوانی لێرەوە، تیشکی بێ هێزی ئەزەلی هەڵکراوی ناو کەنیسەکە لە پشتی پەنجەرە بچکۆلەکەوە ببینیت لەو ساتەوەی کۆترەکانی لە کیس چووە ئیدی مات و خەمبارە. هەندێک جار هەستی دەکرد کە دەبێت هەوڵ بدات پەیژەکە دابنێت بچێتە سەرەوە و لە جێی هێلانەکەوە، بڕوانێتە ئەو دەووروبەرە، بەڵام ئەوەی نەدەکرد. ئەگەرچی دەشیزانی کە خەمباریی سەربڕینی کۆترەکان، ئیدی کارگەریان نەماوە و تێپەڕیووە، بەڵام جارجارەیش بیری لێ دەکردەوە، جارێکی دی خۆی بەکۆتری نامەبەرەوە سەرگەرم بکاتەوە، بەڵام بەلاشیەوە جێی باوەڕ نەبوو کە ئەو ژیانەی پێشووی وەک کۆتر بەخێوکرد، دروست بکاتەوە ئەو جاران هاوەڵانێکی هەبوو کە ساتە سەربەستەکانیان لەتەک ئەمدا بەسەر دەبرد و سەرگەرمی شتی دی بوون. ئەو شتانەی کە هەنوکە کەسێک گرینگیان بۆی نییە، بیریشی کردەوە؛ پێ دەچێت کە من نهاکە لە دەرەوەی بازنەکە بم، کەچی بیرەکەشی بەلاوە پەسەند بوو جارێکی دی دەست بەکۆتربازی بکەمەوە جارێکی دیش بچمەوە یانەی وەک بروسکە بیری بۆ شتێکی وەها نەدەچوو کە ببێتە هۆکاری کێشەو هەرای لەتەک ئێمادا، تاسەی کۆبوونەوەکانی پیاوەکانی دەکرد بۆ نموونە: چۆن ڤیدەمەنی پیر هەڵسا و کۆبوونەوەکەی کردەوە کیرشەۆفیش پارچە کاغەزەکەی دەرهێنا و دەیویست بێ بڕانەوە، لە هەمبەر هێلانە و شێوەی پێدانی خواردنەوە گفتوگۆ بکات یان پیرە موللەر کە پێشنیاری بۆ پێوەندی لە تەک کۆتربازەکانی هۆڵەندە و بەلجیکادا دەکرد

کە گوایە دوای ئـەم جەنگە فـاشـستییـە هـەر زۆر جێی سـەرنج و گرینگە، چونکە خـۆ دەبێت لایان ئاشکرا بێت کە بۆچی ئیـتر ئـەمـان سـەر بەیانەی بـەخـێوکەرانی باڵندە بچکۆلەکـان نین، چونکە تاوانی هیـتلەرە کـە لـە ١/١٠/١٩٣٨دا و یـاسـای کـۆتری نامەبەری ئیمپراتۆری ئیمزا و دەرکرد کە دەبێت یانەکەیان بخەنە ژێر چاودیری ئێس ئێسەوە پیرە موللەر هەمیشە لە بارەی سیاسەتەوە قسەی دەکرد فریدیش هەستێکی وەهای هەبوو، ئەوانی تر هەمیشە چاوەڕێیان دەکرد، هـەتا زووە کۆتایی بەقسـەکانی بێنێت. ئیدی ئەو گۆڕانانە بۆ ئەم چ مانایەکیان هەبووبێت، هیچ گرینگییەکەی بۆ ئەم نەمابوو، بەڵام تەنیا ئـارەزووی لە گەڕانەوەی وەها یانەیەک دەکرد ئیدی بووە قاو کە ئیدی فریدی وازی لە کۆتربازی و کۆتر بەخێـوکردن هێناوە، یۆرگن سێرڤاتیۆس بوێری دایە بەرخـۆی و پێی ڕاگەیاند دەتوانێت خـۆی لە یانەی تێنس ناونووس بکات فریدی بیری کردەوە؛ هەر ئەمەمان کەم بوو جا وەرە و لەتەک ئەم کچە خۆهەڵکێش و قەڵسکەرانەی خێزانە گوزەران باشانەدا یاری تێنس بکە! کە ئەگەری ئەوەش هەیە دەبێت گۆرەوی سپیش لە پێ بکەم.

زۆر بەدەگمەن کەسێک بەسەر جادەی خوار پەنجەرەکەیەوە، دەبینرا، پیرەژنێکی لەچک بەسـەر بەلارەلار پاسکیلێکی لێ دەخوڕی هەر نیـو دەمژمێرێکیش تراموایەکە دەهات، بیـری کردەوە و لـە بەرخـۆشـیـەوە بزەیەکی کرد: هـەر کـەسـەی بـەشـتـێکەوە سـەرگـەرمـە، تەنیا من نەبێت لێرەکانـەدا دانیشتووم وا چەند ڕۆژێکیشـە کە ئێما کەیفی سـازە، بەخـۆشـیـیـەوە لە بەرخـۆیەوە سـتران دەبێژێ و جارجـارەیش لەسـەر کلاڤیـرەکـۆنەکە مۆسیـقا لـێ دەدات ئیدی ئەوە ئاماژە بەکەیفسازی و زەووق بوو، ئەمـیش دوو تاقـیکردنەوەی بـاشـی لـە خـوێندنگەوە هێـنایەوە، کـە ئێـمـایش بـڕێک بەشـەرمـەوە نیـوە باوەشـێکی پێدا کرد. ئیدی تاقـیکردنەوەکانی نمرەی پێنجیـان بەسـەرەوە نەبوو، ئێمـایش پێی وت: "بەڵام تۆ جاران جوانتر دەنووسی" لە ناکاو لە دیمەنێک بەئاگا بـووەوە دەرگە بەرزەکەی کەنیسـەکەی بـەرامـبـەر درزێکی تێکەوت و کچێکی لێهاتە دەرەوە کە بـەئاگـەییـیـەوە دەرگـەکـەی لە پشت خـۆیەوە داخـسـتـەوە لە سـەرەتاوە نەیناسـیـیـەوە، چونکە پشـتـی لەم بوو ئەم تەنیـا دوو پرچ و کراسـە ڕەنگ ڕووناکەکەیی بەدی کرد کچەکە ماوەیەک لە تاریکی دەرگەکەدا هەڵوێستەی کرد و





بەئاگەییـیـەوە لە سـووچەکـەی هـەڵڕوانی وەک بیـەوێت کـەسـێک نەیبینێت، بەڵام خـۆ ئەوە کۆرنیـلایە. هـەر کـە لەوەی ئەرخەیـان بوو، گوایە کـەسـێک نایبینێت بەڕاکردن و خـۆچـۆمـاندنەوە، هـەتا کن بێـشـە و دەوەنەکـان ڕۆیشت ئەو لەوێدا وەها چیـچکەی دایەوە، هـەر وەک بیـەوێت میـز بکات، بەڵام ئەو تـەنیـا سـەرنجی دەدایە جـادەکـە بۆ ئەوەی بزانـێت ئایا خـاڵیـیـە؟ فـریدی سـەری لەوەی سـووڕمـا لەگـەڵ هـەبوونی دوو پرچیشـدا، بەڵام قژی بژ بووبووەوە، هـەروەک شـەڕێکی دەستەویەخـەی کردبێت، بەڵام کە کۆرنێلا ئەمی لە ناو پەنجەرەکەدا بەدی کرد، هـەروەک ترسا بێت، نیو خولەکێک و وەک پشیـلەیەک، سەرنجی لەسـەر فریدی ڕاگرت، ئیدی هـەڵسایەوە تەنوورەکەی ڕێک کرد و بەخێرایی کەوتەوە ڕێ.

## کەروێشک

فریتس هوفناگڵ بەقاتە ڕەنگ تاریکەکەی بەریەوە لە بەرئاوێنەکەدا وەستا بوو. کراواتە ڕەنگ خۆڵەمێشییەکەی دەبەست. ئەو وتی:

- خۆ من لەم دنیایە دوور ناکەومەوە تۆ دەتوانیت هەمیشە سەردانمان بکەیت.

فریدیش لە بەردەرگەکەدا وەستابوو و هیچی وەهای نەوت، چونکە دەیزانی کە سەردانی ناکات، بۆ چ دەبێت لە ژوورێکدا و لە کن دوو هاوسەردا دانیشێت، گریمانەی ئەوە دەکرا بیانەوێت کە تۆ لە ئان و ساتدا بەجێیان بێڵیت؟ ئەو ساتەی کابرا بۆنی بەدەستەکانیدا هەڵدەپژاند وتی:

- خۆ تۆ ئەلفریدە باش دەناسیت. ئەو تۆی خۆشدەوێت.

ئەوجا بۆنەکەی بەسەروپۆتەڵاکیدا هێنا و لە ئاوێنەکەدا ڕوانییە خۆی وتیشی:

- خۆت دوا نەخەیت، گوێت لێیە؟ دەمژمێری دوو لە کن "بێک".

جا لەبەرئەوەی کە ڕۆژی ژنهێنانی فریتس هوفناگڵ بوو بۆیە فریدیش هەتا سەر شەقامەکە بەڕێی کرد کە هوفناگڵ بەپاسکیل بۆ فەرمانگەی تۆمار ومارەبڕین ڕۆیشت فریدی لە دواوە لێی هەڵدەڕوانی.

فریدی بەدوودڵیەوە بۆ شوێنی زەماوەندەکە چوو، لە خواردنگەکەی بێک مێزێک ئامادە کرابوو، کە بەشی میوانەکانی دەکرد. فریدی لەوسەری مێزەکەوە دانیشت خۆی بەتەنیا دەزانی، چونکە نە هاوتەمەنی خۆی لەوێکانەدا دەدی و نە کەسێکی وەهاشی لێبوو ئەم لە نێزیکەوە بیناسێت، فریتس هوفناگڵ هەڵسا و ئەوی بردە کن خۆیەوە لەو ساتەی کە پاشخۆران دەهات، فریتس بەگوێی فریدیدا چرپاند:

- تۆ دەتوانیت پاسکیلەکەی منت هەبێت خۆ من هەر دەبێت پاسکیلێکی دی بکرم،

بەم هەواڵە لە ناکاوە ترپەکانی دڵی زیادیان کرد، چونکە بەپاسکیلێک ژیان ئاسانتر بەڕێوە دەچوو فریدی دەیویست لە بەرامبەر دیارییەکەیدا دان بەوەدا بنێت





کە ئەم بوو وەختی خۆی پاسکیلەکەیی شکاند و خراپ کرد، بەڵام بیریشی کردەوە، ڕۆژێکی زەماوەند ساتی دەربڕینی وەها شتێک نییە بێجگە لەوەیش ماوەیەکی زۆری بەسەردا تێ پەڕیوە. ئیدی بۆ چ هەمدیسان بابەتەکە گەرم بکاتەوە؟ پێش دەچێت کە فریتس نەیەوێت هەنوکە باسێک لە کاری کانەخوڵووز بێتە گۆڕێ.

دایک و بابی ئەلفرێدە لە بەرامبەر بووک و زاوادا دانیشتبوون وا دایاربوو کە خەسوو هێندە حاڵی ئاسایی نەبێت، چونکە لەبەر خۆیەوە دەیوورتاند مێردەکەشی دەم دەم کەفی لاشەویلگەی ژنەکەیی دەسڕی. فریدی ئەوەی بەلاوە بەگەن بوو چۆن ئەو پیاوە لە ڕاژەی هاوسەرەکەی دایە، هیچ کەسێک لە ماڵباتی فریتس هوفناگڵ لەوێدا نەبوون و نەهاتبوون لەوە دەچێت، داوەتی نەکردبن. بەر لەوەی کە خواردنەکە بێتە ژوورەوە قەشە کاتۆلیکەکە هەڕەشەی لە فریتس کرد کە بەوەفا بێت، چونکە ئەو قەرزارباری یەزدانی خۆشەویست و کەنیسەیە. ئیدی دوای وتاربێژییەکەی بێ ئەوەی لەگەڵ خەڵکەکەدا نان بخوات ڕۆیشت پیاوێک لە کن فرێدیەوە دانیشتبوو کە ئەم هەرگیز نەیدی بوو پێ دەچوو لە سەروی بیست ساڵییەوە بێت هێندەیش گەورە نەبوو کراواتێکی بەستبوو کە وێنەی دارخورمای بەسەرەوە بوو. قاتێکی شینی لەبەردا بوو کە وەک کانزا بریسکەی دەدایەوە، لە فرێدی پرسی:

- ئەوە تۆ چی دەکەیت؟

- فریتس لە کن ئێمە ژوورێکی هەیە و کرێچیمانە.

کابراکە دەستی بۆ فرێدی درێژ کرد و وتی:

- من ناوم لانگەیە دەشتوانیت بەئۆتۆ ناوم بێنیت ئەی تۆ ناوت چییە؟

ئۆتۆ بۆ چەند هەفتە دەبێت کە لە ناوچەی پفاڵتسەوە بۆ کار لە کانەخەڵووز هاتبووە ئێرەکانە و لە خانووی بەکۆمەڵدا دەژیا ئەو هاوەڵی فریتس بوو و پێکەوەیش کاریان دەکرد براکەشی کە ناوی هێلموت بوو، لە پفاڵتس دەژیا ئەو وتی:

- بۆ منی جووتیار هیچ کارێک لەوێکانەدا نەبوو.

ئۆتۆ زۆری خواردەوە. پاش نانخواردن بووک و زاوا بەمۆسیقای گۆرانی رودی شوریکە سەمایان کرد و ئەوانی دیش چەپڵەیان لێ دەدا ئیدی کەسی تر سەمای

نەدەکرد هەر هەمووان لەسەر ئەوەی ڕێک بوون کە ئەلفریدە جوانە، قژە ڕەشەکەی هوفناگڵ کە چەوری کردبوو بەقەرەجێکی دەچواند، ئیدی کاغەزی ڕەنگاورەنگ بەسەر بووک و زاوادا هەڵدرا دوای ماوەیەک، هێدی هێدی خەڵکەکە دەڕۆیشتن بارمەنەکەیش ئەو ناوەی گسک دا خەسووی فریتس هوفناگڵ دەسرۆکەکەی بەبەردەمی ژنەکەیەوە گرتبوو یارمەتیدا کە سواری تاکسیەکە ببێت.

لە هەمان ڕۆژدا و لە هۆڵی خواردنگەکە پێشانگەیەکی کەروێشکیان کردبووەوە. ئۆتۆ دەیویست کە ئەو پێشانگەیە ببینێت بۆیە فریدی لەتەک خۆیدا برد بۆ ئەوێ، وتیشی:

- هەر بەڕاستی من هیچ گرینگییەکم بۆ کەروێشک نییە، بەڵام لێرەکانەیشدا هیچ شتێک لە ئارادا نییە.

کە ئۆتۆ لە بەردەرگەکەدا بلیتی بۆ هەردووکیان بڕی، بێ زەوق خۆیان بەنۆبەکەدا کرد کەروێشکەکان لە ناو گیا و شەوەرەکەدا هەڵبەز هەڵبەزیان بوو سێ کەرویشکیان بۆ یانسیب تۆمار کردبوو، ئیدی هەر کەسێک ژمارەی تەواوی بردنەوەی هەبێت ئەوا دەتوانێت یەکێک لە کەروێشکەکان بباتەوە و لەتەک خۆیدا ببات.

- فریدی بیروڕات چییە؟ دەتەوێت کە دانەیەکت هەبێت؟

لێوانە بیرەکەیش بەدەستییەوە لەرەلەری بوو کە فریدی وەڵامی دایەوە: "من پارەم نییە" ئۆتۆ لێوانەکەی بەماناوە جووڵاند و وتی:

- وەرە یانسیب دەکڕین! با بزانین بێ شک شانسمان دەبێت.

هیچ دەرنەچوو ئۆتۆ دە دانەی تریشی کڕی و هەر هیچ دەرنەچوو ئینجا بیست دانەی کڕی لە پاڵ قەفەزی کەروێشکەکاندا وەستا بوون و کاغەزە لوولکراوەکانی یانسیبەکانیان دەکردەوە هەر هیچ دەرنەچوو کە ئۆتۆ ئیدی پارەی بۆ کڕینی یانسیب پێنەما سەد مارکی خەرج کردبوو، چونکەی فریدی تەواو ژماردبووی، بەڵام وا دیاربوو کە ئۆتۆ گوێی پێ نەدەدا و ئەو دڵنەوایی فریدی دەدایەوە.

- جارێکی دی..





ئیدی خۆی بەرەو سەکۆی بارەکە بەکێش کرد هەتا بیرەی تر بێنێت، وتیشی:

- دەی تۆیش بخۆرەوە.

فریدی نەیدەویست، بەڵام خواردیشییەوە ئۆتۆ وتی:

- گوو بەکەروێشک. پێم باشتر بوو کۆتر بوونایە گوو بەکەروێشک.

لێوانەکەشی بەرز کردەوە هەستێک و هیوایەک لە فریدیدا زیندوو بووەوە، بۆیە پرسی:

- گەرەکتە کۆتر بەخێو بکەیت؟

- بەڵام لێت دەپرسم لە کوێدا؟ خۆ لە مۆڵگای جێی خەوەکەماندا نابێت..

خۆشی بەلای بارمەنەکەدا وەرچەرخاند و لێوانێکی نوێی لێ وەرگرت ئینجا ڕوو بەفریدی وتی:

- شناپسێک دەخۆیتەوە؟

بارمەنەکە بەتووڕەییەوە دەستی ڕاوەشاند و وتی:

- بۆ منداڵ شناپس نییە!

ئۆتۆیش خێرا وەڵامی دایەوە:

- باشە باشە، بەڵام خۆ دانەیەک بەمن دەدەیت، وانییە؟

نای بەسەریەوە و وا دیاربوو کەیفی ساز بێت ڕوو بەفرێد وتی:

- دەی بمبوورە حەزم دەکرد داواتی شناپسێکت بکەم.

فرێدیش وەڵامی دایەوە:

- باشترە کە سینالکۆیەک بێت ئەرێ تۆ لە دووی جێیەک وێڵیت؟

- زۆرم هەوڵدا، بەڵام هیچ نییە.

- دەتوانم لە پوورم بپرسم، چونکە خۆ بەمزوانە فریتس هوفناگڵ دەڕوات و دەگوێزێتەوە کە ئیدی ژوورێکی بەتاڵمان دەبێت بەخواردنیشەوە..

- بەڵام خۆ جارێکە فریتس خانووی نەگرتووە؟

- ئەگەر کارکەری کانەکان ژن بێنن، بەزووی خانوویان دەدرێتێ.

- لە کن ئێوە بایی چەند دەبێت؟

- بەڵام بێ شتنی جلوبەرگ.

- ژنی برادەرێکم هەیە کە جلوبەرگم بۆ دەشوات بۆیە بەجلوبەرگەوە نەمگەرەکە.

- کەواتە بپرسم؟

- بێگومان وەرە بۆ مۆڵگاکە و ئاگەدارم بکەرەوە باشە؟ بەشی ژمارە سێ دەخوازم کە لەوێکانەدا دەربچم.

فرێدیش بیری لێ کردەوە: ئێما ناتوانێت لە تەک مەستکەرێکدا بیگوزەرێنێت جا بەتایبەتیش لەتەک کۆتربەخێوکەرێکدا هەر ئەمە خۆی ئێما تووشی شک و گومان دەکات پێویستە جارێ گەرەنتی بۆ ئێما فەراهەم بێت، ئەی دەکرێت لەتەک ئۆتۆدا مامەڵە بکرێت؟ ڕوانییە قاتە ڕێکوپێکەکەی و کراواتەکەی دەی باشە، ئەوەیش زەوقی خۆیەتی باشتر نییە کە بەرلەوە ئەم لە تەکیدا بدوێت؟

- گوێ بگرە ئۆتۆ من لەبەر کۆتر لە تەک پوورمدا کێشەم هەبوو تۆ ئەو ژوورە وەردەگریت. بەڵام جارێ لە بارەی کۆترەوە دەمت بگرە و هیچ مەڵێ، کحولیش لە کن ئێما باش پێشوازی لێوە ناکرێت، تێ دەگەیت؟

- خۆ من مەستکەر نیم!

- دەی باشتر کە گواستتەوە کن ئێمە جارێ باسی کۆتر هەر نەکەیت. هەتا ئێما لەگەڵتا ڕایەت تێ دەگەیت؟

ئۆتۆیش بەڕازی بوونەوە سەرنجی دایە و وتی:

- فرێدی، تەواو تێ ناگەم یانی دوای ئەوەی کە ژوورەکەم وەرگرت دەتوانم کۆتر ڕابگرم؟

کحولەکە جۆری قسەکردنی ئۆتۆی تێک دابوو بۆیە بەدژوواری لە سەروبنی بابەتەکە تێ دەگەیشت.

- لە سەرەتاوە نا، ئەو ساتەی کە ئێما پێت ڕاهات پێ دەچێت پاش چەند مانگێک ئەوسا دەتوانیت کە لە پاڵەوە پرسیارێکی وەهای ئاراستە بکەیت کە گوایە هێلانە





قەفەزێکی کۆتر لە ژوورەکەی سەرێیە بێ شک ئەوسا ڕازی دەبێت.

- کە تۆ وادەڵێیت، جەناب دەی باشە بیرەیەکی دی بخۆرەوە؟ کەواتە ئەگەر سەری گرت، وەرە بۆ مۆڵگەکەمان و ئاگەدارم بکەرەوە ئیدی دەبێت بڕۆم، چونکەی شیشتی زووم هەیە.

ئۆتۆ چووە دەرەوە گیرەکانی لە دەرەلنگی پانتۆڵەکەی گیر کرد و بەلارە لار و نا ئەمینییەوە، بەپاسکیلەکەی دوور کەوتەوە.

فرێدی لە ئاوی سۆندەکە دەستی شت و ئاوی لە دەمییەوە وەردا، چونکە پێویستی نەدەکرد کە ئێما بۆنی بیرەکە بکات بیریشی لێ کردەوە، دەتوانێت بڵێت؛دەشێ ئەو بۆنەی لە سەرخۆشەکانەوە گرتبێت، چونکە ئەو لە مەیخانەیەک بووە. ئەو ساتەی ئێما تەنیا قات و کراسە سپییەکی فرێدی هێنایە دەرەوە، فرێدی هەستی دەکرد کە ئێمایش حەزی دەکرد داوات کرابایە و لەتەک ئەمدا بڕۆیشتایە، بەڵام ئێما داوەت نەکرابوو ئێما خواردنی خستە سەر مێزەکە و وەک هەمیشەیش، لە بەرامبەر یەکتردا دانیشتن فرێدی بەسەرنجێک تێگەیشت کە ئێما بەزووگەڕانەوەکەی ئەم بۆ ماڵەوە خۆشحاڵ بوو، ئاوها و بەبێ وشە لە یەکتر تێ دەگەیشتن بەری لە قرقێنەیەک گرت و هەر خێرایش پارچەیەک نانی خوارد ئێما وتی:

- تۆ دەبێت سەرێک لە قەشەکەی ئەوبەرمانەوە بدەیت.

فرێدی هۆشیار بووەوە و پرسی:

- ئەو چی دەوێت؟

- یانی لە خوێندنگە هیچت لە بارەیەوە نەبیستووە؟ دوو ڕۆژ لەمەوبەر کەسێک چووەتە ناو کەنیسەکەوە و ئەو ناوەی بەسەریەکدا تێکناوە.

جا بۆ ئەوەی کە ئێما هەست بەهیچ نەکات، بەئاگاییەوە پرسی:

- چی هەمووی بەسەر یەکدا تێک داوە؟

- قەشە پێی وتم کە زۆر خراپیان کردووە دیوارەکانیان پیس کردووە و گوڵەکانیان پلیشاندووەتەوە جامی نانی پیرۆزیان فڕێداوەتە سەر زەویەکە و قووپاوە کەسێکیش لەسەر مینبەرەکە پیسایی کردووە... ( ئێما تەواو نیگەران بوو) لە بان مینبەر پیسی بکەیت؟

فرێدی لێی هەڵڕوانی و کەوتە پێکەنین.

- فرێدی ئەوە هینی پێکەنین نییە! بەڵێ، شتێکی ئاوەها ڕووی داوە لە خوێندنگە لە خوێندکارەکانیان کۆڵیوەتەوە، بەڵام هیچیان وەگیر نەکەوتووە بۆیە قەشە لەو باوەڕەدایە، سا ئەگەر تۆ کەسێکت دیبێت؟

فرێدی بە ۆشییەوە کەوتە کڕان و لێکردنەوەی قەراغی قاپە مقەباکەی بەردەمی و وتی:

- من هیچم نەدیووە جا من دەبێت چیم دیبێت؟ خۆناشێت لەو باوەڕەیدا بێت کە من کردبێتم؟

ئێمایش ئارامی کردەوە:

- هیچ لای ئاشکرا نییە بچۆرە ئەوبەر و لەتەکیا قسان بکە پێ دەچێت شتێکت دیبێت، بەڵام نهاکە نایەتەوە یادت، ئادەی باسی زەماوەندەکەم بۆ بکە.

- جا باسی چی بکەم پێم وایە کە خەسووەکە برێک شێتەڵۆکەیە من لە پاڵ دۆستێکی باشی فریتسدا دانیشتبووم،ئەویش بۆ ژوورێکی کرێ دەگەڕێت منیش پێم وت: لەو باوەڕەیدا نیم کە دەستت کەوێت لێ، خۆ جارێ فریتس هوفناگڵیش هەر لە کن ئێمەیە.

- خۆ تۆ دەزانیت کە ئەو هەفتەی داهاتوو دەگوێزێتەوە.

- بیرم لەوە نەکردبووەوە.

هەڵسا و برێک خەڵووزی بەردیی خستە ناو ئاگرەکەوە ئینجا وتی:

- بەڵام پێ دەچێت ئەم ژوورە بۆ ئەو زۆر سادە بێت دەشخوازێت کە پۆشاکەکانی بۆ نەشۆردرێت.

- ناوی چییە؟

- پێم وایە ناوی ئۆتۆ لانگەیە. ئەو ماوەیەکی کورتە لێرەکانەیە و لە مۆڵگادا دەژی ئەگەر دەتەوێت کە لێی بپرسم ئەوا پێم بڵێ. لەوە دەچێت بتوانم بیدۆزمەوە.

- فرێدی ئێمە پێویستمان بەو پارەیە هەیە،سبەینێ برۆ و پێی بڵێ، بەڵام پێشتر دەستێک بەژوورەکەدا دێنین ئیدی هەر کە ژوورەکە چۆڵ بوو دەستێکی پێدا دێنین،





هاوکاریم دەکەیت؟

لە ساتێکدا فرێدی دەستی بەنانەکەدا دەهێنا، وەڵامی دایەوە:

- بەڵێ بەڵێ، ئەگەر تۆ بۆیاخ پەیدا بکەیت ئەوا منیش بۆیەی دەکەم یان دەتوانم کە هەر خۆم و پاش خوێندنگە، بۆیەکە بێنم.

فرێدی بیری کردەوە: منیش سەگێکی قولابیم ئێما دەبێت لەوەی سەری بسووڕمێت کە ئەو ئۆتۆ چۆن ژوورەکە بۆیاخ دەکات بیری کردەوە کە دیوارەکان بەپەڕۆکۆنە بۆیاخ دەکات هەتا نەخشی جوان بگرێتە خۆی بەباقی ڕۆنەکەیش پەنجەرەکە نوێ دەکاتەوە پێ دەچێت کە ڕەنگە سوورەکەیش بەشی تەختی زەویەکە بکات ئێما کەیفساز بوو و بەسۆزەوە دەستی بەسەریدا هێنا، نە ئێما لە هەمبەر لیستی ناوی گەڕاوەکانی دوکانەکەی مێتسدۆرفەوە شتێکی وت، نە فرێدیش هۆکارێکی بۆ باسکردن هەبوو.

- کەواتە، هەتا تاریکی نەکردووە بچۆرە کن قەشە.

فرێدیش بیری لە کۆرنێلیای کچی جۆەنن دەکردەوە خۆ زۆر ئاشکرا بوو کە ئەو ئەم کارەی کردووە، بەڵام بیریشی لەوە نەدەکردوە بەقەشە بڵێت ئەگەرچی ئەمە دەبووە بەزم و هەرایەک بۆ بابە هەردەم سەرخۆشەکەی کۆرنێلا دەرەوە تایک و لێڵ بووبوو. لە زەنگی دەرگەکەی ماڵی قەشەی دا ژنە بەردەستە پیرەکە درزێکی کردە دەرگەکە لەمی هەڵڕوانی و ئینجا ڕێگەی چوونە ژوورەوەی دا قەشەکە لە ژووری کارەکەی و لەسەر کورسییەک دانیشتبوو و پەرتووکی دەخوێندەوە.

- فرێدی خۆشەویستم وەرە ژورەوە زۆر باشە کە تۆ کاتت بۆ کێشەی من تەرخان دەکەیت.

قەشە هەڵسابوو ئینجا دەستی دایە فرێدیش لە لێواری کورسیەکە دانیشت، فرێدی لەم جێیەدا هەستی بەنامۆیی دەکرد.

- خۆ دەزانیت چی ڕووی داوە؟

قەشەکە بالابەرز و باریکەڵە بوو ڕیشی پاک تاشی بوو و قاتێکی ڕەشی لەبەردا بوو کرێشی زۆریش بەسەر شانەکانییەوە بوون فرێدی هەمیشە ئەوی لە دوورەوە

دیووە، هەروەها ئەمڕۆیش کە لە زەماوەندەکە بوو، ئەگەر جارجارە لە باخەکەدا، سەرگەرمی لاسکە پاقلەکان بووایە، یان زەوییەکەی خۆشە بکردبایە، بەهەناسە سوارییەوە دەهات بۆ کن فریدی و گرینگی بۆ کۆترەکانی پیشان دەدا، بەڵام فریدی دەیزانی کە برێک لە گەورەساڵەکان، کەیفیان بەکۆتر نایەت فریدی تەختەشەترنجی لە پاڵ کورسییەکەیدا بەدی کرد دەی کەواتە ئەم پیاوە شەترنجیش دەکات جا لەتەک ئەو پیرەژنەی کە دەرگەکەی لەم کردەوە؟ یان لەتەک خۆیدا؟ پێ دەچێت کە قەشە هەمیشە بەتەنیا بن یان پێوەندێکیان لەتەک ژنە بەردەستەکانیاندا هەیە؟ دەی خۆ ئەمەیش بۆ هەر کەس ئاشکرابوو، بەڵام وا دیارە کە ئەم لەوانە نییە! فریدی بەئاگاییەوە وتی:

- پوورم بۆی گێڕامەوە.

- پێریێ ڕووی داوە ئەو پاشنیوەڕۆیەی کە تۆ لە ناو پەنجەرەکەدا دانیشتبوویت بۆیە پێ دەچێت کە تۆ شتێکت دیبێت.

ئەوجا بەبێ شکلێکردن سەرنجی دایە.

- کەی ؟ پێریێ؟ کەی بەتەواوەتی؟

- وا بزانم پاشنیوەڕۆیەکی درەنگ، چونکە دەمەدەمی کاتژمێری سێیش هێشتاکە لە کەنیسە بووم هەتا گوڵەکان دابنێم و ڕیکوپێک بکەم بۆیە دەبێت درەنگتر ڕووی دابێت. ئەو ساتەیش تۆ لە سەر لێواری پەنجەرەکە دانیشتبوویت و قاچە شۆڕبووەوەکانت ڕادەژەن.

فریدی بیری کردەوە: مرۆڤ لە زۆرلاوە چاودێری دەکرێت کێ دەڵێت کە دایکی کۆرنێلیا لە ساتی لەدایکبوونی کچەکەیدا تووشی چ ڕاپسکانێک بووبێت لەوە دەچێت کە قەشەیەکی حەشەری بەزۆر خۆی بەسەردا دابێت، کەوا نهاکە تۆڵەکەی وەردەگرێتەوە ئینجا سەرنجیشی لەسەر تەختەشەترنجەکە ڕاگرت، کابرا بەبزەیەکەوە وتی:

- ئەگەر ئارەزووت لێیەتی دەتوانین پێکەوە یاری بکەین.

فرێدیش سەری ڕاوەشاند و وتیشی:





- بەڵێ. ئەگەر باس لە کەنیسە بێت من پێریێ کەسم نەدیووە بێتە ناو کەنیسەوە ئەوەم دێتەوە یاد کە ژنێکی پیر بەسەر پاسکیلەوە بەلای کەنیسەدا تێپەڕی بابایەکی ڕێبواریش کە ڕیشی هەبوو لەو بێشەڵانە دەخولایەوە لەوێدا میزی کرد و ئیدی بزر بوو.

- ئەو چۆن چۆنی بوو؟

- بەتەواوەتی نازانم ئەو چاکەتێکی لەبەردا بوو کە هەتا سەر ئەژنۆکانی درێژ ببۆوە. هەروەک ئەو چاکەتە ڕوسیانە. ئاخ... بەڵێ، کوڵەپشتێکی سەربازیشی بەکۆڵەوە بوو کە مەتارەیەکی ئاویشی پێوە دەلەرییەوە ئائەوەم لە یادە.

- ئەی باشە هیچ نەبێت ئەو تەمەنی چەندە دەبوو؟

- تەخمینی دەکەم چل بۆ پەنجا لەوەیش دەچێت کەمتر. ئەگەر مرۆڤ ڕیشی هەبێت ئەوا زۆر دژووارە بزانیت جەنابی قەشە هەر بەڕاستی ئەو لە مینبەرەکەدا پیسایی کردووە؟

قەشە ڕووی گرژ بوو و کەوتە سەر لەقاندن:

- بێ سنوور قێزەون ئەگەر بیرت لە شتی دی کردەوە ئەوا پێمی بڵێ. تۆ لەوەندە زیاتر هاوکاریت کردم کە من چاوەڕێم لێ دەکردیت ئەمەیش بۆ پێ هەڵگرتی دۆزینەوە باشە، بەڵام ئەگەر کەسەکە ڕێبوارێکی گەڕۆک و یان یەکێک بێت لەو گەڕاوانە ئەوا زۆر لەمێژە کەوتووەتە پشتی چیاکن و بزر بووە! هەر وەک ڕۆژنامەکان دەینووسن، نهاکە زۆرێک دەگەڕێنەوە.

- پێم وایە کابرا کلێتەیەکی چەترئاسای بەسەرەوە بوو کلێتەکە برێک خوار بووبووەوە. هەروەک سەربازێک تێ دەگەن؟ وەک چۆن برێک لە سەربازەکان لە سەری دەکەن ڕەنگێکی پیس ئاسای سەوز.

قەشەکە بەجرپنییەوە شتی دەنووسی.

- ئەی باشە وردەکارییەکانی ترت لە یاد ماوە؟

- نەخێر زۆرتر نازانم.

چونکە خۆشی دەیزانی ئەگەر زۆرتر بڵێت دەستەکەی ئاشکرا دەبێت قەشە بۆ

دەرەوە بەڕێی کرد و شەق دەرگەی ژوورەکەی لە دوای خـۆیەوە داخست، فرێدی بیری کردەوە: بۆنی ئێرەکانە کاتۆلیکییە ئەو هەرگیز نەهاتبووە ئەم جێیەوە، بەڵام هەمیشە بەو هیوایە بوو کە سەردانێکی بکات، چونکەی ئەم و ئێما ئێڤانگێلی بوون قەشە وتی:

ـ ئەی چۆنە کە یەکشەمەی داهاتوو کایەی شەترەنج بکەین؟

فرێدی سەری لەقاند و دەستی دایە. وتیشی: ئەگەر بۆ ئەویش دەبێت، ئەوا ئەم یەکشەممە کاتژمێری سێ دێت ئیدی قەشە لە ژێر گرێژنەی دەرگەی دەرەوەدا وەستا و لێی هەڵدەڕوانی فرێدی هیچ ئاوڕی نەدایەوە، بەڵام هەستی بەنیگای قەشە دەکرد بەسەر پشتییەوە کە پێچی بۆ جادەکە کردەوە، ئاوڕێکی بۆ دواوە دایەوە بۆی دەرکەوت کە بۆچوونەکەی بەڕاست گەڕا.



## ئۆتۆ

ئەو لە بەردەرگەی مۆڵگاکەدا وەستا لە نێوان خەڵووزی بەردین و دوکەڵکێشەکاندا گژوگیا و دڕکوداڵ سەریان دەرهێنا بوو ئەگەرچی وەرزی هاوین بوو، بەڵام دووکەڵ لە دووکەڵکێشەکانەوە بۆ دەرەوە هەڵدەکشا تۆزی خەڵووزیش نیشتبووە سەر دەوەن و بێشەلانەکان لە دالانی کۆلێتی ژمارە سێدا گەرمایەکی خنکێنەر پۆنگی خواردبووەوە کە فرێدی دەرگەکەی کردەوە، دی، وا پیاو بەژێرکراسەوە دانیشتوون و یاری کارت دەکەن وەک دێوانە جگەرەیان دەکێشا و شووشەی بیرەیش لەبەردەمیاندا بوو دوو پیاویش لەسەر پێخەفەکانیان ڕاکشابوون و دەیانڕوانییە گۆڤار. فرێدی پرسی:

ـ ئەرێ ئۆتۆ لێرەکانە و لە کوێدادەژی؟

پیاوێک بەباسکی نەخشە لەسەر کێشراوەوە کە فانیلەیەکی لەبەردا بوو لەسەر مێزەکە هەڵسا هاتە بەردەمی و وەڵامی دایەوە:

ـ چ ئۆتۆیەک؟ ئۆتۆ هەر زۆر زۆرە ئەی تۆ کێیت؟

ـ من لە دوای ئۆتۆ لانگە دەگەڕێم.

ـ چیت لێی دەوێت؟

ـ کاری تایبەتییە.

ـ کۆتایی دەرگە و لای چەپ ئیدی بزربە و دەرگەکەیش لە دوای خۆتەوە دابخە.

ئۆتۆ بەتەنیا لە ژوورەکەدا بوو لەسەر ئەو مێزەی کە بەبەتانییەک دای پۆشی بوو ئوتووی پانتۆڵەکەیی دەکرد.کراسی زۆری ئوتووکراو بەعەلاگە و سنگەوە بەقەرەوێلەکەیەوە هەڵواسرابوون پیاوەکانیشی کە بەدەنگی بڵند گفتوگۆیان دەکرد، بەبەرپەنجەرەکەدا ڕادەبوورین، ئۆتۆ سڵاوی لە فرێدی کرد

ـ سڵاوی خوات لێبێت ئێ هەواڵ چییە؟

ـ تۆ دەتوانیت بۆ سەرەتای مانگ بگوێزیتەوە، ئەگەر دەخوازیت، نرخەکەشی

سەدوچلە تەواو چاک و ڕێکوپێک کراوە ژەمێک خواردنی گەرم و پێخۆریش بۆ چوونە سەرکاری شیشتەکەت بێ نانی ئێوارە و بێشتنی پۆشاکیش.

ـ زەلام پێ دەچێت باوەڕ نەکەیت، بەڵام من دەمەوێت هەتا زووە لێرەکانە دەربچم، ئەرێ بەراستی ئێوە لە کوێ دەژین؟

ـ لە زوودا شەقامی فرانتس سێلدت و هەنووکەیش شەقامی لینتدۆرف لە بەرامبەر بێک خانووە گەورەکەی پشت کەنیسەکە سبەینێ دەکەوینە چاککردن، دەی کەواتە چی بڵێم باشە؟

ـ بەڵێ تەواوە، فریتس پێی وتم کە هەموو شتێک لەکن ئێوە تەواوە، ئەی دەتوانیت هاوکاریم بکەیت کەلوپەلەکانم بێنم؟ ئەی دەبێت شتێک واژۆ بکەم؟

ـ ئێما وتی: بۆ دۆستێکی فریتس پێویست ناکات.

ـ جێی شانازییە، کەواتە هەر شت بەباش دەگەڕێت.

ئۆتۆ هەتا سەر شەقامەکە بەڕێی کرد. داڵانی ڕیزە کۆڵێتەکە وەک لەسەر ئاو بێت، دەلەرییەوە هەروەک چۆن فرێدی جارێکیان لە فیلمێکدا دیبووی ئۆتۆ ڕووخسارێکی پانی هەبوو جێی برینێکیش بەسەرووی چاوی ڕاستییەوە بوو ئۆتۆ پێی وتبوو: ئەوە هینی دوا ڕۆژەکانی جەنگە کە چیکەکەکان کەوتنە لێدان و کوتانی سەربازەهەڵهاتووەکانی ئەڵمان لێ، هێشتاکە شتی دیش ماوە.

کە فرێدی لێی پرسی بوو:

ـ ئەی تۆ خەڵکی کوێیت؟

ـ لیۆبشوتس لە ناوچەی شلێزین نانەوایم کردووە بەپوورت بڵێ، ئەگەر پێویستی بەهاوکاری هەبوو ئەوە وەربگرە کە نانەوا پێویستی بەپێوانەی چاو و هێزی دەست و بازووە!

ـ باشتریشە کە جارێ باسی کۆتر نەکەیت، هەتا خۆم پێت دەڵێم بۆچی!

ـ من بکە جێی باوەڕت، فرێدی. تا نهاکە کەسم تەفرە نەداوە.

فرێدی ڕۆیشت گیرمەن و ئەو کەلێنێکیان لە پەرژینی مۆڵگاکە کردبووەوە کە بەباشیش بەهەژگ و دەوەن بەرەکەیان گرتبوو بەئاگاییەوە خۆی بەکونی پەرژینەکەدا





کرد لەوێشەوە ڕوانییە ئەو پەنجەرەیەی کە نووسینگەی گیرمەن بوو. بێ شک بەڕای خۆی نووسینگە بوو دەنا هیچ مێزێکی نووسین لەوێکانەدا نەبوو بگرە گیرمەن لێرەکانەدا کەلوپەلەکانی خۆی وەک، شەنی ئاسنین و مادە و ئامێری تری پاککردنەوەی ئەمبارەکەی لێ دادەنان. گیرمەن لە بەردەرگەکەدا وەستابوو و لە کرێکارە ڕووتەکانی هەڵدەڕوانی، کە خۆیان دەشت و پیسیان لە خۆیان دادەشۆرت. ئەوان لە سەرەدا وەستا بوون و بەنۆبە پشتی یەکتریان دەشت ئەو پیاوەی کە لە پێشی پێشەوە بوو دەبووایە لە خزمەتی کۆتایی پیاودا بووایە وەک چۆن خۆیان وەها ناویان دەبرد کە فرێدی لە پەنجەرەکەی دا، گیرمەن خۆی وەرچەرخاند لە ساتێکدا ئاماژەی بەپێڵاوە زۆرەکانی کرێکارەکان کرد وتی:

ـ ئەوە تۆ لە کوێیت؟ دەی بڕوانە ئەوێکانە.

فرێدی وەڵامی دایەوە:

ـ دەی بمدەیێ، یارمەتییەکی سەرەتایی خراپ نییە.

گیرمەنیش پێنج مارکییەکی کاغەزی پێدا ئینجا پێڵاوەکانیشی خنییە گونییەیەکەوە و پەنجەرەکەشی کردەوە. فرێدیش هەر خێرا گونییەکەی وەرگرت و لە کەلێنی پەرژینەکەوە بردی بەودیودا لەڕێگەیش کەوتە هەڕاکردن تەلیسەکە بۆ ئەو هەموو پێڵاوە بچکۆلە بوو، بارەکەی قوورس بوو و لە شانی هەڵدەچەقین لە کن پینەچییەکە بەسەر مێزەکەدا جووت جووت دەیدایە خوشکی پینەچییەکە خوشکی پینەچییەکەیش جووتەکانی بەقەیتانەکان پێکەوە دەبەستەوە هەتا پاشان تووشی هەڵە نەبێت کۆترەپێکەنینەیش بەسەر شیشەکەوە هەڵنیشتبوو کە فرێدی پەنجەی بردە ناو قەفەزەکەوە ئەو تۆزێک خۆی لادا، بەڵام هیچ دەنگێکی لێوە نەهات لە ساتی هاتنە دەرەوە لە دوکانەکە فرێدی زەردەخەنەیەکی بۆ ژنەکە کرد ئەویش بەماناوە چاوی لێ داگرت و نووقاند فرێدی بیری کردەوە؛ کە ئەم ژنە بێ کێشە و تەواوە، چونکەی وەک گەورەساڵەکانی دی شتی قۆڕ و بێ مانا ناڵێت.

فرێدی بەوە زۆر ئارام بوو، چونکە ئۆتۆ سەلماندی کە ئەو کرێچییەکی باش و سەرچاوەی پارەیە ئەو ژوورەکەی خۆی پاک دەکردەوە پلاکاتی فیلمی هەڵدەواسی جگەرەی نەدەکێشا سبەینان زوو بەرلەوەی بۆ شیشتی کارەکەی بچێت

خۆڵەمێشەکەی لادەدا و ئاگری دەکردەوە ئینجا لە تەرمۆزەکە قاوەی دەرژاندە ناو کوپەکەیەوە قاپ و کەوچک و چنگاڵە بەکارهاتووەکانی دەشت و دەسڕی و وشک دەکردەوە جیا بۆ ئەوەی لە چوونە دەرەوەدا خەوتووەکان بە ئاگا نەهێنێتەوە بەئاسپایی دەرگەکەی دادەخست و خشتێکی دەخستە بەر.

ئێمایش لە ئۆتۆ ڕازی بوو. بێشک داوای ئەوە لە ئۆتۆ ناکات کە لە ئەرکی ماڵەوەی خوێندنگەدا، یارمەتی فریدی بدات بۆیە تەنیا بەخاڵە ئەرێتییەکانی دی ڕازی بوو. هەستێکی وەهای هەبوو کە بەگواستنەوە و چوونە دەرەوەی هوفناگڵ، وا پیاوێکی دی لە ماڵەکەدایە، کە مرۆڤ دەیتوانی بیکاتە جێی باوەڕی خۆی و پشتی پێ ببەستێت، ئۆتۆ سەرنجی دەدا چ شتێک بۆ کردن لە گۆڕیدایە یان خشتی سەربانەکەی دەگۆڕی، کە مرۆڤ نەیدەزانی لە کوێیان پەیدا دەکات ئێمایش لەو بارەیەوە، هیچ پرسیارێکی ئاراستە نەدەکرد، ئۆتۆ لە تەک فریدیدا ئەو کۆتەرەدارە گەورەیەیان بڕییەوە، کە لە سنووری زەوییەکەیاندا بوو. بەپارچەکانی دەرگەی تەویلەکەیان پێ چاک کردەوە. خۆیشی بەهەر کارێکی سەرگرتوو خۆشحاڵ دەبوو. سندووقێکی پڕ لە ئامێری فەراهەم کرد کە ماڵێک پێویستێتی. کەسێکیش لە جێگەی پەیداکردنی ئەو ئامێرانەی نەدەپرسی، بەڵام فریدی دەیزانی کە هەر هەموو پیاوەکان لە کانگەی بەردەخەڵووزەکە، ئامێریان دەدزی جا کە ئێما سوپاسی دەکرد، ئۆتۆ وەڵامی دەدایەوە؛ بەحەزەوە ئەو کارانە دەکەم ئینجا دەچووەوە ژوورەکەی خۆی کە زستان تێپەڕی، فریدی لە لاوە لە ئێمای پرسی: چی دەبێت ئەگەر ئەم لە هەورەبانەکە و سەر شەوەرەکە چەند کۆترێکی نامەبەر ڕابگرێت؟ ئەگەرچی ئەم هیچ پەلەیەکی لەو کارەدا نییە، بەڵام حەز دەکات جارێ لە جاران کۆتر ڕابگرێتەوە دیار بوو کە ئێما چاوەڕێی وەها پێشنیارێکی دەکرد بۆیە ئێمایش وەڵامی دایەوە:

- بەڵام ئەوە نابێت فریدییەکەم، لە خوێندن و خوێندنگە بەدوورت ڕابگرێت.

فریدیش ڕای وابوو، کار و خەمی ڕۆژانە، لستنەوەی شەکر نییە، بۆیە حەز دەکات دڵخۆشییەکی وەهای هەبێت کە پێوەندی بەئاسمان و خۆرەوە هەبێت ئەوجا کەوتە پاککردنەوە و ڕێکخستنی کۆنە هێلانە کۆترەکەی هەورەبانەکەی سەرەوە ڕێگەی چوونە سەربانیشی بەمقەبایی قیراوی داپۆشی پاش چەند ڕۆژێک فریدی لە تەک





پۆلەکەیاندا و بۆ خلیسکانێ چوونە گوندێکی ناوچەی بایرن ـ خوارووی ئەڵمانیا. لە کۆتایی ڕۆژەکەدا بوو لە ئۆتۆوە پۆستکارتێکی بەدەست گەیشت کە تەنیا سێ وشەی بەسەرەوە نووسرابوو: هەموو شتێک باشە. فریدیش پۆستکارتەکەی پارچە پارچە کرد و فڕێی دایە سەبەتەی زبڵەکەوە. لە مانگی ئەپریلدا ئۆتۆ لە سەبەتەیەکدا، بەچکە کۆتری هێنا ئەو بەقسەی خۆی لە کن کۆتربەخێوکەرێکی ئەو ناوە و بەهەرزان هێناویەتی خستنییە ناو قەفەزەکەوە کۆترەکانیش بەترسەوە پاڵیان بەیەکترەوە دەدا ئەوجا بەشوولێک دەرگەی قەفەزەکەی داخست لێ گەڕا هەتا کۆترەکان لە قەفەزەکەوە، بەدەووروبەرە نوێکەیان ئاشنا ببن هاکا ئەوانیشی بۆ فڕین ئازاد کرد ئیدی ئەگەر ئەو کۆترانە بۆ جێی زۆر دووریش بڕۆن و ببرێن، تەنانەت بۆ ڤیەنا و بۆ دابێستیش ئەوا خۆیان دەگەڕێنەوە بۆ ئەم جێیەی خۆیان فریدی لە کن ئێما هیچ گرینگییەکەی وەهای پیشان نەدا، بەڵام ئەو لە هەڵبژاردنی بەچکە کۆترەکاندا ئامۆژگاریی ئۆتۆی کرد بەکۆتربەخێوکەرەکانی تریش ئاشنای کرد، ئۆتۆیش بووە ئەندامی یانەی کۆتری وەک بروسکە.

## ئـەسپی هەڵهاتوو

پاشنیوەڕۆیەکی مانگی مای خۆر تەواو ڕۆچوو بوو ئۆتۆ و فریدی لەسەر کورسییە درێژەکەی ژێر دار سێوەکە دانیشتبوون ئۆتۆ وتی: کە ئەو زۆر بەتاسەی بینینی ریناتاوەیە کۆترەکانیش بەسەر جێی فڕینەکەیانەوە هەڵنیشتبوون گمەگمیان بەسەر یەکتردا دەکرد و پاڵیان بەیەکترەوە دەنا لەگەڵ هاتنی تاریکیشدا گەڕانەوە بۆ هێلانەکەیان جارێک ڕۆنی هاوکاریی،ئەمی لەتەک خۆیدا بۆ ماڵەوە برد لە ژووری دانیشتنەکە دانیشتبوون و لە ڕادیۆوە گوێیان لە یاری تۆپێن دەگرت باوکی ڕۆنیش لەوێکانە بوو کۆمۆنیستێکی وەک باوکی بێکمەنە خێل کابرایەکی زۆر لە بەردڵان، ریناتا و دایکی لە چێشتخانەکە بوون. بەڵام کاتێک ریناتا لەسەر سینییەک هەندێک نان و خەیاری هێنایە ژووری دانیشتن، ڕۆنی ئۆتۆی پێناساند و وتیشی: ئەگەر بۆ گێلۆکەیەک دەگەڕێیت، دەتوانیت ئەمەت هەبێت ڕۆنی هەمیشە لەم جۆرە گاڵتانەی دەکرد جا ساتێک ئۆتۆ سەرنجی لێ دا، ئیدی ڕووی دا و حەزی لێی کرد، فریدی لێ پرسی:

- ئەی باشە پێت وت؟

- ئەوە تێک چوویت؟ هەر لە یەکەم ڕۆژدا و کە هەمووشیان لەوێکانەن؟ پاشان دەبوایە چۆن بیری لە من بکردبایەتەوە؟

- ئەی دەتەوێت چۆنی بکەیت؟

ئەوجا فریدی بیریشی کردەوە دەبێت کۆتایی ئەمەیش وەک کۆتایی قەشەکە و کۆنفیتی لێ بێت خانووەیەکی پڕ لە مۆبێلی نەرم لەو گەرەکەی کە ئەو هەرگیز نەیدەتوانی سەری پێدا بکات، ئۆتۆیش وتی:

- چاوەڕێ بکە هەلێکی تر هەر دێتەوە، چونکە بۆ ئافرەتێکی وەک ریناتا مرۆڤ دەبێت سەبری هەبێت خۆ ئەو سووکوچروک نییە، دایکیشی فەرەنسییە.





- ئەم فەرەنسییە لە کوێوە هاتووە؟

- ئەو ژنە لە ناوچەی ئێلزا و بەهۆی کۆمۆنیستەکانەوە بەموڵلەر ئاشنا بووە.

- ئەرێ چ هەستێکە، ئەگەر شەیدا ببیت؟

ئۆتۆ قوومێکی لە بیرەکەی دا دەستی خستە سەر شانی فریدی و وەڵامی دایەوە:

- مرۆڤ ناتوانێت هیچی لە بارەوە بڵێت. هەر کەسە و بەجۆرێک باسی لێوە دەکات.

- بەڵام خۆ تۆ دەزانیت، بۆ تۆ چۆنە؟

- من تەنیا هێندە دەزانم، کە بێ ئەو ژنە نامەوێت بژیم.

- ئەی ئەو چۆنە؟ جوانە؟

- نازانم چی بڵێم ئەو بێ غەلوغەش دیارە قژ زەرد و باڵای مامناوەندی.

ئەوجا دەستی دایەوە شووشە بیرەکە فریدی وتی:

- ئەو دەبێت شتێکی هەبێت کە کەسێک هەستی پێ ناکات لە تۆ زیاتر، چونکەی تۆ ئەوت خۆشدەوێت.

ئۆتۆ بۆ ماوەیەک بێدەنگ بوو و کەوتە بیرەوە، فریدیش ڕوانییە ڕووخسارە ئەبڵەق بووەکەی و چاوە خەمبار و ترس لێ نیشتووەکانی بیری کردەوە؛ دەبێت لە ساتی شەیدا بووندا شتی وەها ڕوو بدات. چونکە مرۆڤ دەکەوێتە شێوە بەربەستێکەوە. کە زۆر کەمیش لەبارەیەوە قسە دەکرێت، ئۆتۆ بەدەم ئاماژەی دەست و شڵەژانەوە وتی:

- جا ئەگەر تۆ پرسیاری وەهام لێ بکەیت کەواتە لەبەرئەوەیە، ئەو چۆن قژەکەی بەسەر ڕوخساری دا بەر دەداتەو، کە بەدڵی منە بەڵام لەمبارەیەوە هیچ بۆ کەس نەگێڕیتەوە تەنانەت بۆ پووریشت بەیانی پێکەوە دەچینە کن ڕۆنی هەتا تۆیش ریناتا ببینیت.

- ئۆتۆ تۆ دەبێت بەرنامە و نەخشەیەک بۆ خۆت دیاری بکەیت ئەگینا بێ ئەوەی کە ئەو پێ بزانێت، ئەوا تۆ پیرتر دەبیت و قژیشت بۆر دەبێت.

- خەمی لێ مەخۆ!

- ئەی بەر لە ئێستا جاری دی شەیدا بوویت؟

- بەم جۆرە نا، بەڵام لەمەیش کەمتر نەبووە، چونکە ئەو بۆ من نەدەبوو مرۆڤ لە دوایدا ئەوەی بۆ دەردەکەوێت.

- ئەی بۆ ڕیناتا تەواو لات ڕوونە؟

- دەبێت ڕیناتام هەبێت، چونکەی وەها ژنێک دەستناکەوێت.

فریدی لە مێژ بوو ڕۆیشتبوو ئۆتۆیش هێشتاکە لە باخەکەدا دانیشتبوو ئەستێرەکانیش بەئاسمانەوە دەرکەوتبوون فریدی لە پەنجەرەی ژوورەکەیەوە، ئۆتۆی لە تاریکییەکەدا دەدی جا بۆ ئەوەی کە هاوڕێکەی قەڵس نەکات گڵۆپەکەی دانەدەگیرساند.

فریدی نەیدەزانی کە ئاگری ئاسمان یاخۆ شیرەی ئۆتۆمبێلی ئاگرکوژانەوە ئەمی بەئاگا هێناوەتەوە؟ بەهەڵەداوان بەرەو پەنجەرەکە چوو، ئایا ئەنباری ڕەساس دەسووتا؟ ئۆتۆمێل بەو ناوەدا فرتەیان دەهات و لە پێچەکەدا خۆیان بەدیوارەکەدا دەکێشا .فریدی پانتۆلەکەی بەسەر کراسی خەوەکەیدا لەبەر کرد و بەپەلە بۆی دەرچوو جا بۆ ئەوەی کە خۆی لە مەترسی بپارێزێت، یان نەگێڕدرێتەوە بۆ دواوە، دەچووە پەنای دارەکانەوە گڕو بڵێسەکان، تەویلە و کایەن و خانووەکانی گرتبووەوە. مانگاکان بەخەمبارییەوە دەیان بۆڕان وزڕەی زەنگۆڵەکانی ملیان و زنجیرەکانی پەلیان دەهاتە بەر گوێ پیاوێک لە تەویلەیەکی مانگاوە دەرپەڕیە دەرەوە، بەهاوارەوە شتێکی دەوت، کە وەک خێرا خێرا دەهاتە بەرگوێ، فریدی تیلمەنی جووتیار و گێسمەنی دارتاش و چەند پیاوی تری دی ئەوان مۆبیل و سندوقیان لە ماڵەکانەوە دەردەهێنا و فڕێیان دەدانە باخەکانی بەر ماڵەکان ئینجا بەخێرایی و بەپشتی کۆماوەوە، لە ساتێکدا دەسرۆکەیان بەبەر لووتیاندا گرتبوو، دەگەڕانەوە ناو ماڵەکان سەگەیش کلکی شۆڕ کردبۆوە و بەوناوەدا، هەڵبەز هەڵبەزی بوو لە پەنجەرەیەکی ئاسنەوە پشیلەیەک ڕێک بازی دایە باوەشی پیاوێکی ئاگرکوژێنەوە پیاوەکەیش بەتەکانێکی دەست لە خۆیی دوورخستەوە لە ناکاو دەرگەی تەویلەی ئەسپەکان کرایەوە. دوو ئەسپ کە سەریان بەرز ڕاگرتبوو و دەیان حیلاند، لە نێزیکی فریدییەوە، بەفڕکە و بەچوارناڵە بەحەوشەکەدا و بەرەو چەپەری مەزراکە بۆی





دەرچوون خرمەی سمەکانیان ئەو ناوەی دەلەراندەوە یاڵی ئەسپەکان لەو شەوەدا و لە بەر ڕۆشنایی ئاگرەکەدا وەک بڵێسەیان دەنواند.

دەنگی باڕەباڕی قەڵسکەری مەڕیش ئەو ناوەی پڕ کردبووەوە ئەسپێکیان کەوتە سەر چۆک، بەڵام هەر خێرایش هەڵسایەوە و ئیدی لەتاریکییەکەدا بزر بوو لەو جێیەی کە فریدی لێی وەستابوو خرمەی بەهێزی سمی ئەسپەکان، هەراوزەنای ئاگرەکەی دەشاردەوە، فریدی بیری کردەوە؛ ئەگەر ئەسپەکان ئارام نەبنەوە ئەوا زەفەریان پێ دەبرێت بۆیە بەباشی زانی بەدوایاندا ڕا بکات لەم ساتەدا، سەقفی گڕگرتووی تەویلەی مانگاکان داتەپی و شەوقێک بەئاسماندا بڵاو بووەوە. کە ئیدی بۆڕە بۆڕی مانگا کۆتایی پێ هات. شووشەی پەنجەرە دەتەقی و دووکەڵی بۆر دەهاتە دەرەوە. خوارووی بڵێسەی ئاگرە سوورەکە، ڕەنگی سەوز و شینی دەنواند. خشتی بانەکان دەتەقین و تەلەزمی شووشە هەتا بەردەمی فریدی دەهاتن بڕێک چووە پێشترەوە هەتا سەیری تەویلەی مانگاکان بکات دەرگەکە داتەپی بوو. گڕی گرتبوو و دەسووتا. مانگایش بە زنجیرەکانی ملیانەوە، لەسەر پشت کەوتبوون و پەلەکانیان ڕەق و بەرەو بەرزایی ڕەپ بووبوون ورگیان ئاوساو هەروەک بات تێ کردبن. پێستەکانیان هەڵپڕوکابوو ڕەنگێکی ناشیرینی پەمەیی و سپی هەڵگەڕاویان گرتبووە خۆ. سەربانی داڕوخاوی گڕ گرتوویش، لە نێو ئەواندا دەسووتا فریدی لەبەر ڕووناکی ئاگرەکەدا و بەدیوارەکەی ئەو بەرەوە، وێنەیەکی هەڵواسراوی ماریای بەدی کرد. جارجارە دووکەڵەکە دەیشاردەوە و ئینجا دەردەکەوتەوە. ئاگرکوژێنەوەکانیش بێ هیوا خەریکی ئاو هەڵکێشان بوون فریدی بەلای دارگوێزەکەوە پیاوێکی بەدی کرد. پیاوەکە لەوێکانەدا وەستابوو کڵاوێکی لێوار درێژی لەسەردا بوو و جگەرەی دەکێشا. جا لەبەرئەوەی کە پیاوەکە کڵاوێکی لێوار درێژی لەسەردا بوو، تەنیا دەستەکانی لەمەوە دیار بوون، بۆیە نەیتوانی لەسەرەتادا بیناسێتەوە. سەگەکەیش لە بەر قاچەکانیدا بوو پیاوەکە پیرە زینکە بوو فریدیش ئارەزووی ئەوەی نەبوو کە لە لایەن ئەوەوە بناسرێتەوە. بۆیە چووە ئەولاترەوە، بەڵام سەرنجیشی هەر لەسەر ئەو بوو فریدی لە ناو خەڵکەکەی بۆ هاوکاری هاتبوون، هەندێک لە دراوسێکانی ناسییەوە، بەڵام بێ زینکەی جووتیاری گەنج، بۆیە فریدی بیری کردەوە: جا پێ دەچی کە ئەو ئەم ئاگرەی نابێتەوە، چونکە ئیدی تەحەمولی هێندە لێدانی کوڕەکەی

ناکات ئەم پۆڵۆنییە ئیدی نهاکە هەست بەسەرکەوتن دەکات بۆ چ ئەو کوڕە بابی تووشی ئەو سەرنزمییە کردووە؟ فریدی بیری کردەوە هەندێک بابیش هەن کە لەوە زیاتریان پێ ڕەوا نابینرێت ئیدی هەر ڕۆژێک ساتی تۆڵە دێت ئیدی وا سەقفی خانووەکە بەتەواوەتی داڕما، کە ئیتری کەسێک نەیدەتوانی شتی تالانی بێنێتە دەرەوە، لە ناکاودا، لە هەورەبانەکەی سەرەوەی خانووەکە، بوتڵە شووشە هێرشیان بۆ خوارەوە و ناو حەوشەکە هێنا. بوتڵی زۆرتر بەدوایدا خل دەبوونەوە. هەروەک دەنگی ناو ئەو فیلمانەی کە ئەگەر شاخە سەهۆڵیەکان لە زەریادا بجووڵێنەوە چۆن کەشتیەکان لارەلار دەکەن و تێک دەشکێن، باشە ئەم پۆڵۆنییە بۆ چ ئەم هەموو بوتڵە شووشەیەی ڕاگرتووە؟ ئەم پۆڵۆنیانە لە کوێوە هاتوون کە لێرەکانەدا خاوەنی ماڵ و تەویلەن؟ هێندەی کە باس دەکرێت، خۆ ئەوان خەڵکی دەرکراوی ڕاستەقینە نین، بەلای ڕۆژهەڵاتدا ڕووناکییەکی سووربـاوی بەدی کرد، بۆیە بەرەو پەرژینەکە چوو ئەگەر زۆر لە ئاگرەکە نەڕوانیت و چاوت لە تاریکەکەدا ڕابێت، هەستی پێ دەکەیت کە وا گزنگ بەڕێوەیە ڕەنگێکی پەمەیی کاڵ بەسەر چەمەنزارەکەیشەوە تەم بوو یاخۆ دووکەڵ، ئاشکرا نەبوو. فریدی لەو سەری چەمەنزارەکە هەردوو ئەسپەکەی دی لە پاڵ یەکدا و بێدەنگ وەستابوون ئەوەی بەبیرداهات کە ئەسپەکان وەک خۆی و ئێما و بەتەنیا، لەوێکانەدا وەستاون ئیدی ملی ڕێی ماڵەوەی گرتەبەر زینکەیش لە پاڵ دارگوێزەکەدا نەمابوو تۆ بڵێیت ئەو بگیرێت؟ لێ، ماڵە جووتیارێک ئاگر بدەیت و نەشگیرێیت، ئەوە هیچی وەها نەبوو فریدی پاشان لە ڕۆژنامەیەکی جووتیارێک خوێندیەوە، گوایە زینکە ئەم کارەی بۆیە ئەنجام داوە، ویستوویەتی کە ژنەکەی لەکۆڵ ببێتەوە، چونکە ئەو وەختی خۆی لەسەر پێشنیار و خواستی بابی ئەو ژنەی هێناوە و ئێستاکەیش لێی بێزارە چ ژنەکەی و چ بابی خۆشی لە ئاگرەکەدا سووتان و تێداچوون، دەی خۆشی وەهای دەخواست، بەڵام پۆلیسیش هیچی وەهای بۆ دەرنەکەوت، جووتیارەکەیش پارەیەکی باشی لە تەئمیناتەوە وەرگرتووە و لێی داوە چووە بۆ مێکسیکۆ هەتا لەوێکانە ژیانێکی نوێ دەست پێ بکاتەوە تەنیا خاوەنی ئەو نووسینەی ناو ڕۆژنامەکە بەوەی زانیبوو و پۆلیسی ئاگەدار نەکردووەتەوە.فریدی بزەییەکی کرد نموونەی وەها نابێت بخرێتە بەردەستی ئەو!





فریدی لە ماڵەوە ڕوانییە ئاوێنە ڕوخسار و قژی هەمووی خۆڵەمێش و پیسی بوو زۆر بێدەنگ بەسابوون خۆی پاک کردەوە و خۆیشی گۆڕی هێشتاکە پاکەتی نان و پەنیر لەچێشتخانەکە بوو ماڵەکەیش بێدەنگ فریدی لەسەر کورسی ناو باخەکە دانیشت و هەندێکی لە نان و پەنیرەکە خوارد هێشتاکەیش بووتڵەبیرە بۆشەکەی ئۆتۆ لە ناو گیا تەڕو ئاوڕنگ بەسەرەکەدا کەوتبوو باڵندەیەکی خەواڵوویش خۆی جووڵاند، فریدی بۆ ئەوەی کە لە بیرکردنەوەکەی دانەبڕێت، نەیدەویست بخەوێت، چ ڕووداوی لەگەڵ ورچەکەدا و چ وێنەکەی ماریای ناو ئاگری تەویلەکە ڕووداوی ناحەز و قێزەون بوون بۆیە بڕیاری دا کە بکەوێتە شەوگەڕ. وێنەکانیش بەبەرچاوانیدا هەڵبەزهەڵبەزیان بوو سەرنجی دایە پەنجەرەی ژوورەکەی ساتلە فێلینگەی هۆڵەندی لە مۆڵگاکە و ڕوانییە ناوەوە ئەو لەسەر قەنەفە شڕەکەی نووستبوو وا دیاربوو هیچ ئاگای لەو ئاگربەربوونەوەوە نەبێت فریدی بیری کردەوە کە ئەم هەرگیز ناتوانێت وەها قووڵ بخەوێت لێفەکەی لێ خزابووە خوارەوە و دەمی کرابووەوە ئەو وەک سەپانێکی گوندی بەبەرگەکانییەوە خەوتبوو کاتی خۆی فێلینگە دەزووی کۆلارەی بەمدا وەرگەڕایەوە و چووە پارکی یونگبۆرن شەمشەمەکوێرە بەگوێسەبانەی ئوتێلە کۆن و بەجێ هێڵراوەکەوە، جێیان گرتبوو تەم سەر ئاوی گۆمەکەی داپۆشی بوو بەوبەریشەوە چەند مراوی قرتە قرتیان بوو فریدی بیری کردەوە: دەڵێیت ڕۆژی ڕووناکە، دەڵێیت هەرگیز ناخەون! فریدی چووە سەر ئاوەکە، تا مراوییەکان باش ببینێت و نانیان بۆ فڕێ بدات هیچ با نەبوو هەتا تەمەکە پاڵ پێوە بنێت و بڕەوێنێتەوە لە ناکاو هەستی کرد، کەسێک چاودێری دەکات: وا باشترە کە خێرا خۆم وەرنەسووڕێنم دەبێت کێ بەم زوویە لەسەر پێیان بێ؟ خۆی دانەواند هەتا وەها بنوێنێت کە بەردێک هەڵدەگرێت ئیدی وەک بەڕێکەوت بێت، ڕوانییە لاوە، بەڵام کەسەکە لە کچێک دەچوو کە خۆی وەرگێڕا و بەرەو ئەو چوو، کۆرنێلیای لە بەرامبەر خۆیدا دی، لێی پرسی:

ـ ئەوە بەم بەیانی زووە لێرەکانە چی دەکەیت؟

ئینجا بەبەرزایی و بێشەلانەکەدا هەڵگەڕا ئیدی لە بەرامبەر یەکتردا وەستان، کۆرنێلیا پرچی نەبوو قژە زەردە لوولەکەی بەسەر شانی دا بەردابووەوە. فریدی

بەوەی خۆشحاڵ بوو کە پانتۆڵی کورتی لە پێدا نەبوو، چونکەی بۆ ئەم ساتە لە بار نەبوو. فرێدی هەروەک بەپێویستی بزانێت وتی:

ـ ئەمشەو ماڵەکەی زینک سووتا.

کە لێشی هەڵڕوانی ئەو هێشتا لەڕ بوو، بەڵام نەک وەک ڕابردوو بەلایەوە ئاسان بوو لەتەکیا بپەیڤێت، چونکە بنەماکەی دەگەڕایەوە بۆ سەردەمی پێشووتر جا لەبەرئەوەشی کە نهاکە کۆرنێلیا تەنیایە کۆرنێلیا پرسی:

ـ تۆ گڕت تێبەردا؟

ئینجا بۆ ئەوەی کە فرێدی باوەڕ نەکات، ئەم بەڕاستییەتی بۆی پێکەنی فرێدیش وەڵامی دایەوە:

ـ ئەی قابیلە کێ بێت، بەڵام ئاشکرام مەکە.

کـۆرنێلیـا بەبیـرەوە لێی هەڵدەڕوانی فـرێدیش هەسـتی کـرد کـە ئەو بیـر لە ڕووداوەکەی ڕابردوو ـ کەنیسەکە ـ دەکاتەوە، بەڵام هیچیـان لەو بارەیەوە قسەیان نەکرد، کۆرنێلیا وتی:

ـ دەستەکانت پیسن پێ دەچێت ڕیقنە و جیقنەی کۆتریان پێوە بێت ئاوەها نەچیت بۆ خوێندنگە ئەگینا هەمدیسان توشی کێشە دەبیتەوە.

فرێدی گەڕایەوە سەر ئاوەکە هێندە زیخی لە بەری دەستەکانی خشاندو بەئاویش شـتنی هەتا بڕێک پاک بوونەوە، بەڵام هەرچیەکی کـرد، خـۆڵەمـێش و پیسـیی ژێر نینۆکەکانی بۆ پاقژ نەکرایەوە ئینجا دەستەکانی بەپانتۆڵەکەی سڕی، کـۆرنێلیا پرسی:

ـ ئەرێ خۆ تۆ کۆتربەخێوکەریت وا نییە؟

فرێدی بێ خەم پێکەنی و وەڵامی دایەوە:

ـ نەخێر ئیتر ئەوە نیم.

ـ دەی بەداخەوە، چونکە دەتتوانی جارێک ئەو باڵندە ڕندانەم پیشان بدەیت.

ـ جـا ئەگـەر هـەر دەتەوێت ئەوا ڕۆژێک لە ڕۆژان کـۆترت پیـشـان دەدەم. ئەوانە کەسانێکی زۆر نین کە گرینگیان بۆ کۆتری نامەبەر هەیە.







ـ ئەگـەر بمەوێت کـە ڕاسـتگۆ بم منیش گـرینگیم نیـیـە چ تایبـەتمەندیەک لەو کۆترانەدا هەیە؟

ئەو ئەم پرسـیـارەی وا بەدڵگەرمـییـەوە کرد، دڵی فـرێدیش گـەرم بوو بۆیە فـرێدی بیری لێ کردەوە، بێ شک ئەو لە ڕاڤەیەکی پسپۆڕی تێ ناگات، چونکە ئەو نازانێت ماناکانی وەک؛ لاقەسنگ، بێوەژنی، چۆنییەتی هێلانە، تەکان، تەمی خۆر و یان چاو گێلاس، چین، بۆیە تەنیا وتی:

ـ ئەوان بەوەفان.

ئیـدی فرێدی بەرە وخـوێندنگەکـە ڕۆیشت و کۆرنێلیـایش لە پاڵی دا ڕێی دەکـرد، فرێدی وتی:

ـ ئەسـپـەکـان بەیاڵی گڕگـرتووەوە چەپەرەکـەیان بڕی و لـەو سـەری چەمـەنزارەکـە وەسـتـانەوە ئەسپەکان لە تەمـەکەدا و زۆر نێزیک لەپاڵ یەکتردا وەسـتا بوون ئیدی چۆن ئاگرەکە بەربووەوە و ئەمیش چۆن گەیشـتووەتە ئەوێکانە، ئەوە چ پێوەندیەکی بەتۆوە هەیە هەتا ئەم بەئاگرکەرەوەکە بزانێت؟ ئەم هەمیشـە لەو جێیـەیە کە شـتێک ڕوودەدات.

فـرێدی لە ناخـەوە خـۆی بەفشـەکەرێک قـەبڵاند، بەڵام وا دیاربوو کە بـۆ کۆرنێلیـا قەڵسکەر نەبوو.

هـەروەک بەهەڵکەوت بێت فرێدی دەستی لە چاکەتەکەوەیدا ئەویش هەروەک لەخۆوە بێت، شانی بەشانی فرێدییەوە نووساند، کۆرنێلیا پێی وت:

ـ ئەگەر ئەو ویستی جارێکی تر جێیەک بسووتێنێت دەتوانێت کە بەمیش بڵێت.

فرێدیش بیری کردەوە:" من دەبێت ئاگر لە دڵت بەربدەم" ئەوجا پێشی وت:

ـ ئەوە تەنیا بەخت بوو کە بڵێسەی ئاگرەکە نەگەیشتە ماڵەکانی دی.

بێ ئەوەی ئەو لێی پرسیبێت، کۆرنێلیا وتی:

ـ بابم کحولیکەیە. یەکێک لەوانەی کە بەردەوام مەست دەکات.

ـ دەی ئەوەیش زۆر خراپە، وا نییە؟

ـ زۆر قێزەونە و کاری قێزەونانەیش دەکات.

- دەی بەڵێ جا پێ دەچێت کە جارێک لە جاران میهرەبان بێت.

کۆرنێلیاش وەڵامی دایەوە:

- هەر کەسە و جارێک لە جاران میهرەبان دەبێت، بەڵام ئەو ناتوانێت بەو میهرەبانییە شتێک بکڕێت. بەتایبەتی ئەو هۆکاری هەیە.

ئیدی کە فرێدی وتی: ئەو ئەم پاشنیوەڕۆیە کاتی نییە ئەویش هەر وەهای وت. بەڵام فرێدی پێی وت:

- ئەو بەڵێنی داوە لە تەک ئۆتۆ دا بۆ گەڕەکەکە بچێت، چونکە ئەو دەخوازێت ڕیناتا ببینێت کۆرنێلیایش وتی:

- ئەویش دەبێت لەتەک دایکی دا تووزەمینی - جلیک - بچنێتەوە.

فرێدی ویستی بزانێت کە ئایا کەیفی بەو کارە دێت؟ ئەویش وتی:

- نا، نا، دەی کەواتە با سبەینێ یەکتر ببینین.

فرێدیش لە وەڵامدا وتی:

" بۆ بەیانی باشە و دەبێت جا دەبێت لەسەر ئەوەی ڕێکەوین کەی و لە کوێ."

ئیدی بێ ئەوەی سەیری یەکتری بکەن، بێدەنگ هەتا نێزیکی شەقامی هەرمێ هاتن. ئەو جێیەی کە ئۆتۆمبێلەکانی ئاگرکوژێنەوە وەستابوون و بۆنی دووکەڵ و سووتاویان لێ دەهات. کە چوونە پێشترەوە، فرێدی دەستی خۆی خستە بن لووتی کۆرنێلاوە دەستی ئەمیش هەمان بۆنی لێ دەهات کۆرنێلیا دەستی ئەوی بەجۆرێک گرتبوو گوایە وەها دەتوانێت باش بۆنی بکات فرێدیش هەروەک بەڕێکەوت بێت بەئاسپایی دەستی لە ڕوومەتی نێزیک کردەوە پاشان وتی:

- سبەینێ دەمژمێری سێ و لێرەکانە.

بیریشی کردەوە؛ ئەگەر خەڵکی ئەم لەتەک کۆرنێلیادا ببینن دەبێتە قسەوقسەڵۆک، بەڵام خۆ ئەوان هەر هەموو ساتەکە لە کن ئەو ئۆتۆمبێلی ئاگرکوژێنانەوە ناوەستن بۆ وەها شتێک مرۆڤ بەڵێن دانانێت بێ لەوەیش نە ئەم لەو جۆرانەیە لە ترسدا پانتۆڵەکەی تەڕ بکات و نە ئەویش.



## ماریا

پێش کۆتایی کاتژمێر، فرێدی خوێندنگەی بەجێ هێشت بەمامۆستاکەی وت: کە بەدەست هەناسە تەنگییەوە دەناڵێنێت بەتایبەتیش ئەگەر کەش تەمومژە بێت، ئەگەرچی سەرنجی مامۆستا بەگومانەوە بوو، بەڵام فرێدی نەیدەتوانی هیچ بگۆڕێت ئەو هەر هەموو پێشنیوەڕۆکەی نیگەران و شڵەژاو بوو ئیدی دوای چوار کاتژمێر سەبری ناما. چونکە دەبوایە بەردەوام بیری لە ماڵە سووتاوەکە بکردبایەتەوە جا لەبەرئەوەی، ئەرکەکانی ماڵەوەی ئەم دواییییەی خراپ نەبوون، بۆیە دەیزانی کە بەپێویست نازانرێت، هەمدیسان ئێما بۆ خوێندنگە بانگ بکەنەوە. کە بەحەوشەی خوێندنگەکەدا و بەرەو دەرەوە چوو خۆی بەجۆرێکی تر لە ئاسایی دەجووڵاند خۆشی هیچ ڕاڤەیەکی بۆ ئەوە نەبوو کە چ هەستێکە وای لەم کرد، بەغەش و زووتر خوێندنگە بەجێ بێڵێت، بەڵام هەروەک سەرکەوتنێک دەهاتە بەرزەن. دەشیویست هەندێک وشە لەتەک وێلینگەی چەرمچیدا بگۆڕێتەوە، بەڵام ئەمڕۆ پێچەبەدوورەیەکی کردەوە و حەزی دەکرد، پاشماوەی ماڵە سووتاوەکەی زینکە ببینێت بەو هیوایە بوو کە لە ناو ئەو وێرانەیەدا شتێک بدۆزێتەوە جا ئەگەر گەورەساڵەکان سەریان تێ نەکردبێت شەقامی هایدە کەوتبووە ژێر سایەی درەختەکان لە دەروازەکەوە ڕوانییە حەوشەکە: "ئەرێ بۆ چ پەنجەرەکان هەمیشە لێرەکانەدا داخراون؟ هەر دەڵێیت چێشتخانەکانیان پڕ لە مێشومەگەز نەبێت. کێ دەڵێت کە ئەو جووتیارانە لەتەک خواردندا هەر هەموو ڕۆژێک مێشومەگەز قووت نادەن؟"

لەو پاشنیوەڕۆیەدا بێجگە لە چەند مریشک و سەگێکی خوێڕی کەسی دی بەدەرەوە نەبوو فرێدی هەتا زۆرتر لە جێی ئاگرەکە نێزیکتر دەکەوتەوە بۆنەکەیش زۆرتر دەبوو هێشتاکەیش دووکەڵ لە نێوان بێشە و دەوەنەکانەوە بەرز دەبووەوە دەی خۆ دەبووایە هەوڵیان بدایە چ کوڕە بەخەڵووزبووەکەی زینکە و چ مانگا سووتاوەکانیشیان لاببردایە زینک هی پیریش لەو ناوە نەبوو بیری کردوە کە دەبێت

گرتبێتیان، بەڵام خۆ ناشتوانن هیچی بەسەردا بسەلمێنن پیرە پیاوەکان چاوقایم و بێ چاوڕوون، پیاوێک لە وێرانەی خانووەکەدا خۆی سەرگەرمی تەختە کۆکردنەوە کردبوو کە بە پەلەپەل دەیخستنە سەر گارییەکی دەستی هەر کە ئەمی بەدی کرد هەستی بە ئاشکرابوونی خۆی کرد فرێدی هیچ گرینگیەکی بەو دز و دزییە نەدا و ملی ڕێێ خۆی گرتەبەر. چونکە بیری کردەوە ئەو کەسە نابێت ئاسایی بێت، گرینگی بەتەختەوداری سووتاو هەبێت فرێدی بەناو تەپۆڵکەی ڕەشی وێرانەدا دەڕۆیشت، کە هێشتاکە دووکەڵیان لێ بەرز دەبووەوە زەوییەکەیش بە هۆی ئاوە زۆرەکەوە نەرم بووبووەوە تەواو تەڕ و قووڕ و چڵقە بوو کە ئیدی ئەم دەبووایە بەناو جڵقە و لیتەی ڕەشدا بڕۆیشتایە چووە کن پەرژینی زەویەکە ئەو جێیەی کە ئەو سەر لەبەیانییەکە، هەتا گزنگیدا لێی وەستا کەسێک بەبەن و بۆ کاتیی، شەبەقی پەرژینەکەی چنی بوو. دوو ئەسپەکەیش بڕێک لێرە دوورتر و لە شەوەکەدا لە پاڵ یەکتردا وەستا بوون و سەرنجە حەپەساوییەکانیان لەسەر ئاگرەکە ڕاگرتبوو دیارە کەسێکیش سەتڵە ئاوی بۆ داناوون. جا ئەگەر خەڵکی بیانزانیبایە، ئەو ئەسپانە چەند بەهێزن ئەوا بەپارچە بەنێک چەپەرەکەیان نەدەچنی ئەو قنگەجگەرانەشی دۆزییەوە کە پیرە پۆڵۆنی فڕێی دابوون بووتڵەکانیش، لەناو ئاوە ڕەشچووەوەکەدا دوورگەیەکی پرشنگدارایان پێک هێنابوو. لە نەۆمی سەرەوەی خانووەکە، ئەو جێیەی کە دیوار و کەفی ژوورەکەیش داڕووخابوو، تەختەخەوێک لار بووبووەوە.پێخەفەکانیش تەڕ و داخزابوون ئیدی هاکا ئەو تەختەتەخەوەیش داڕمایە خوارەوە فرێدی بەدەوری دیوارەکەدا وەرچەرخا و لە وێرانەکەدا خنە و کنەی دەکرد هەر هەمووی تەڕ و بێکەڵ کە گەیشتە کن تەویلەکە، دوو مریشک لە نێوان گەزنەکانەوە، کەوتنە باڵەفرتە خەریکبوو ئیدی وازی دێنا، بەڵام وێنەکەی ماریای هاتەوە یاد کە لەبەر ڕووناکی بڵێسەی ئاگرەکەدا هاتە بەر بینینی بەسەر تەپۆڵکە وێران و ڕەشهەڵگەڕاوەکەدا هەڵگەڕا، هەتا بگاتە ناو تەویلەکە ئەگەرچی دەرەلنگەکانی هەتا سەر ئەژنۆکانی هەڵکردبوو، بەڵام هێشتاکە نەیدەتوانی بەر بەتەڕنەبوونی پانتۆڵەکەی بگرێت. لێ، قاچەکانی ڕەشی و پیسی و خۆڵەمێشیی و تەڕ بوون بەوەی ئارامی پێدا هات کە خەڵکی کەلاکی گا و مانگاکانیان لابردبوو، چونکە هیچ خۆش نەدەبوو ئەگەر ناچار بویتایە بەسەر کەلاکی ئەواندا بڕۆشتیتایە ئاژەڵەکان ئالێرەکانەدا لە بەرامبەر مردندا بەرهەڵستیان کردووە. بێ شک بەر لەوەی





بشسووتێن هاوار و ناڵەیان کردووە و بۆڕاندوویانە دەی باشە خۆ مرۆڤ دەتوانێت زۆر بەسانایی، سەری بازنە زنجیری پەلی ئاژەڵ بکاتەوە پێ دەچێت هەوڵیشیان دابێت، بەڵام دیارە لەبەرئەوەی کە گا و مانگاکان هێندە پەلەقاژەیان کردبێت، زنجیرەکانیان لە ژێر پەلەکانیاندا، لێک ئاڵاندبێت وێنەکەی مارایش بەدژواری دەناسرایەوە، چونکە ئەویش وەک دیوارەکە، ڕووەکەی بەخۆڵەمێش و دووکەڵ داپۆشرابوو. لە ساتێکدا سەرنجی لە قەڵیشی دیوارەکە دەدا، وێنەکەی لە بزمارەکە لێ کردەوە پەڵەیەکی سپی لە پشتی جێی وێنەکەوە بەجێما. بەئاگاییەوە وێنەکی دەسڕی ئیدی بەرەو ماڵ بەڕێ کەوتەوە بۆ ئەوەی کەس قەڵسی نەکات لە پشتی مەلۆیەکی گیاوە دانیشت ئینجا هەوڵی دا کە بەباقەیەک شەوەری تەڕ و دەسرۆکەکەی خۆی وێنەکە لە پیسی پاک بکاتەوە هێشتا شووشەکەی ساغ بوو. هێدی هێدی وێنە ڕەنگییەکەی لە پیسی پاقژ کردەوە ئەوجا بیریشی لە سرووودەکانی ماریا دەکردەوە وێنەی منداڵە ڕووتەکەی باوەشی ماریا پێگەیشتووتر و وەک منداڵێکی پێنج ساڵانی دەنواند. بزەیەکیش بەسەر لێوانییەوە بوو کە نیشانەی خۆشحاڵی دەرنەدەبڕی. ماریاش کراسێکی درێژی ئاودامێنی ڕەنگ سوور و شینی لەبەردا بوو کە تەقەڵ و درووممانی ڕەنگ ئاڵتوونی و زیوینی پێوە بوو. ماریا منداڵەکەی وەها بەخۆیەوە چەسپاندبوو کە هەردوو دەستەکانی بۆ دوعا کردن ئازاد بێت. هەروەک کاتۆلیکەکان دەیکەن ڕووی لە ئاسمان کردبوو. پاشان سەرنجی کەوتە سەر مەمکە گەورەکانی کە لە ژێر و نێوان هەردوو قڵیشی یەخەی کراسەکەیەوە دەبینرا جێی ڕەزامەندیی بوو قژە قاوەییەکانیشی لە ڕاست و چەپەوە بەسەر شانەکانیدا پەخش بووبوونەوە جا پێ دەچێت بۆیە منداڵەکە سەری بەلادا لار کردبێتەوە، هەتا لەژێر قژە ئاڵۆسکاو و چڕەکەیدا نەخنکێت تاجێکی زیوینیش بەسەریەوە و خەرمانەیش بەدەوری سەریدا .فرێدی سەرنجی ڕوخسارییی دەدا دەمی ماریا دەیخستە یادی تووترکێکی گەیوو چاوەکانیش بۆ خوارەوەیان دەڕوانی نەک وەک چینییەکان بۆ سەرەوە ئەگەرچی ئەوان بەلای سەرویان هەڵدەڕوانی، بەڵام دەتگۆ نیگایان لەسەر ئەمە فرێدی بیری کردەوە؛ ئەمە هونەرێکی ئاسمانییە ئەم وێنەیە لە هەموو ئەو شتانەی دی جوانتربوون کە ئەم هەتا ئێستاکە بینیبوونی، ئاخ لەو پۆڵۆنییە! وێنەی وەها لە تەویلە هەڵدەواسرێت؟!! بەتف دەسرۆکەکەی تەڕ کرد و

هەمدیسان کەوتەوە سڕینی شووشەجامی وێنەکە هێشتاکە پەڵەی خۆڵەمێشی چەوری پێوە دیار بوو. ئیدی کۆتایی پەڵەی پاقژ کرد و بڕیاری دا وێنەکە لە تەک خۆیدا ببات بیریشی لێ کردەوە کە پاشان بەکەفی سابوونیش دەیسڕێت و پاکی دەکاتەوە، بەڵام جارێ لە پێشدا دەبێت مقەبا تەڕەکەی پشتی وێنەکە وشک بکاتەوە ئەو مەرەکەبەیشی کە چەند وشەیەکی بەپۆڵۆنی پێ نووسرابوو بەشێکی کاڵ بووبووەوە بیریشی لێ کردەوە خۆ بێ شک کە هیچی لێ تێ نەدەگەیشتم جا بۆ ئەوەی خۆی نەخاتە بەر لێ پرسینەوەوە، وێنەکەی خستە ژێر چاکەتەکی و بەهەردوو دەستیش توند گرتی دیارە کە ئێمە لە چێشتخانەکە دەبێت ئۆتۆ و ئەوانیتریش لەسەر کار بەئاسپایی چووە ژوورەکەی خۆی لەسەر پێخەفەکەی دانیشت و کەوتە سەرنجدانی وێنەی ئافرەتەکە. هەتا زۆرتر لێی دەڕوانی، زیاتر دەیشڵەژاند وێنەکەی لە ژێر تیانووسە کۆنەی وێنەکردنەوە و لە بنەبانی دۆڵابی جلەکەدا شاردەوە کە لە کورسییەکە هاتەوە خوارەوە و لەسەر پێخەفەکەی دانیشتەوە حەزی دەکرد وێنەکە لەسەر ڕانەکانی بووایە پێ دەچێت کە سبەینێ دەرفەتێک هەبێت هەتا بەئارامی پاکی بکاتەوە یان بەئاسپایی پشتی وێنەکە بکاتەوە و بڕوانێت تۆبڵێیت کابرای پۆڵۆنی شتێکی حەشار دابێت؟ دەبێت کاتی زۆری بۆ دابنێم بەکەیفسازییەوە پانتۆڵێکی تری لە پێ کرد دیارە نابێت ئێمە پێ بزانێت ئەم بەوەها کارێک هەڵساوە ئینجا وەڵامی پرسیارگەلێک بداتەوە، کە ئەم حەز بەوەڵامەکانیان ناکات، چووە چێشتخانەکە هەتا لەتەک ئێمادا بپەیڤێت.

ڕۆنی دۆستی ئۆتۆ لە تەک خێزانەکەیدا لە کۆتایی خانووی گەرەک دەژیا بەرهەیوانێکی ڕازاوە بەگوڵەباخیان هەبوو کە لەوێوە دەتوانرا بەسانایی لە هێلانەی کۆترەکان بڕوانرێت یان ساتێک کۆترەکان لە گەشت دەگەڕانەوە دەتوانرا لەوێوە پەیژەیەک هەڵپەسێردرێت و دەستت بگاتە کۆترەکان فرێدی حەزی دەکرد دایکی ڕۆنی ببینێت، چونکە لە فیلمدا زیاتر ئیدی ئەم ئافرەتێکی فەرەنسی بەچاوی خۆی نەدی بوو ڕۆنی و برا گەورەکەی و باوکی لە بەرهەیوانەکەدا دانیشتبوون و بیرەیان دەخواردەوە کە دایکیان لە دەرەوە گەڕایەوە و بەردەرگەکەی لێ گرتن، جگەرەیەکیشی بەدەمەوە بوو، شتێکیشی ورتاند، دایکیان گەورە و تۆکمە بوو، بەڵام قەڵەو نەبوو مێردەکەشی کە کۆمۆنیست بوو هەر گەورە و تۆکمە بوو هەردووکیان





دەنگی گریان هەبوو، بەڵام دەنگی ژنەکە گڕتر، فرێدی لەوەی سەری سووڕما کە ژنەکە بێ هەڵە و ڕەوان بەئەڵمانی قسەی دەکرد خۆ لە فیلمەکاندا ژنە فەرەنسیەکان بڕێک بەزاراوەی خۆیان بەئەڵمانی دەپەیڤن، بەڵام ئەم ژنە وەها نەبوو ناویشی ئەنایە، کە بەبۆچوونی فرێدی ژنە فەرەنسیەکان وەها ناوێکیان نییە، بەڵام لەگەڵ هەموو شتێکیشدا ئەو لەتەک ژنەکانی تری گەڕەکدا جیاوازی هەبوو تەنانەت فریتسی مێردیشی خۆ ئەگەرچی ئەوان بەزمانی ڕۆژانەی خەڵک قسەیان دەکرد، بەڵام جیاوازیەک هەر دەبینرا بۆیە فرێدی بیری کردەوە؛ پێ دەچێت کە ئەو جیاوازییە، کۆمۆنیست بوونەکەیان بێت.

ئەرێ ئەو ڕێناتا بەناوبانگە لە کوێیە؟ پاشانیش بەدەست ئاماژەیەکی بۆ ئۆتۆ کرد ئۆتۆیش نائارام بەسەر کورسییەکەوە ماخۆڵانی پێکەوتبوو.. ئینجا ئاماژەیەکی وەهای بۆ فرێدی کرد، بەمانای، بێ خەم بە و وا ڕێناتا هات. ڕێناتا هەروەک بابی پێست و قژ زەرد بوو کە گەیشتیش هەر خێراو وەک منداڵی کۆمۆنیستەکانی تر کەوتە قسەکردن کە ئۆتۆ فرێدی پێ ناساند ئەو وتی:

- زۆر جێی میهرەبانییە.

دەستیشی بۆ فرێدی درێژ کرد و درێژەی پێدا:

- پێم وایە چەند جارێکیش بەتۆ گەیشتبم وا نییە؟

کە دەستیشی بۆ ئۆتۆ درێژ کرد ئۆتۆ بەسەر کورسییەکەوە بەرز بووەوە، تەنیا وتی:

- نا؟

فرێدیش بیری کردەوە؛ خۆ ئەگەر ئەم بووایە لە بریتی ئۆتۆ ئەوا پێ دەچوو گوڵی لەتەک خۆیدا بهێنابایە دەی بەڵام لەوەیش دەچوو ببێتە جێی گاڵتەی ئەوانی تر من هەمیشە بیر لەوە دەکەمەوە کە ئۆتۆ چۆن باشتر ڕەفتار بکات چاوی لە ئۆتۆ بڕی هەتا بەئاماژە تێی گەیەنێت ڕێناتا چ ئافرەتێکی لەبارە، ئۆتۆ بڕێک سوورهەڵگەڕا بوو لێ، فرێدی لەو باوەڕەیدا بوو کە ئەو لە بیرە خواردنەوەدا بڕێک پڕکێشی دەکات فرێدی دەیتوانی هێندەی دەیەوێت بیر بکاتەوە، چونکە هەرکەسە و بۆ خۆی دەپەیڤا و کەسێک گوێی بەم نەدەدا پێشی وا بوو کە منداڵ بوونیش لایەنی باشەی خۆی

هەیە، پیرە موللەری بابی ڕۆنی بەتەنیا خەریکی بەخێوکردنی کۆترەکان بوو. ئەمەیش بەلای فریدییەوە زۆر جێی سەرسووڕمان نەبوو، چونکە لە گەڕەکەکەدا وەها باو نەبوو، کوڕەکانیش لە کاری بەخێوکردنی کۆتردا هاوکاری بابەکانیان بکەن، پیرە موللەر لە فریدی پرسی:

- دەتەوێت لە تەکمدا بێیتە سەرەوە؟

لەو ساتەوەی موللەر پرۆتۆکۆڵ نووسی یانەی کۆتر بوو، فریدی دەناسی، بەڵام هەرگیز پێکەوە قسەیان نەکردووە ئیدی بەسەر پەیژەکەدا سەرکەوتن کە فریدی گەیشتە سەرەوە و لەوێوە ڕوانییە خوارەوە دی کە ئۆتۆ لەتەک ڕێناتادا قسە دەکات ڕێناتا لە پاڵ ئۆتۆدا دانیشتبوو، ئۆتۆیش بووتڵێک بیرەی تری هەڵپچڕی بوو جا فریدی چونکە ماندوو بوو حەزی دەکرد کۆتایی بەمرۆ بێت دەبێت سبەینێش بە کۆرنێلیا بگات کە سەرنجیشی دەدایە کولانەکۆترەکان و کۆترەکان بیری تەواو لە جێی خۆیدا نەبوو، چونکە لە خەیاڵی ئەوەدا بوو لە تەک کۆرنێلیادا چی بکەن. موللەری کۆمۆنیست پێی وت:

- ئەگەر ویستت کە چەند بەچکەکۆترێکت هەبێت ئەوا لە سات و وەختی خۆیدا ئاگەدارم بکەرەوە ئەوسا جووتەیەکت وەک ئەو سپیانەی هۆ لەوێکانەدان. پێ دەدەم.

ئاماژەشی بەکۆترێکی تەنیا کرد کە بەئارامی بەسەر تەختەیەکی بەرزترەوە هەڵنیشتبوو.

- لەم ئان و ساتەدا لەوانە باشتر نییە جا لەوە دەچێت کە بتوانیت لە هێلانەکۆترەکەی ئۆتۆدا ڕایان بگریت خۆ بیرێکی خراپ نییە وا نییە؟

- ئەی دەبێت چەندە بدەم؟

- هەر بیریشی لێ مەکەرەوە خۆ من نامەوێت پارە بەکۆتر پەیدا بکەم خۆمان ڕێک دەکەوین.

فریدی حەزی دەکرد لە هەمبەر کۆمۆنیستەوە پرسیاری لێ بکات، بەڵام بەخۆیدا ڕانەبینی پێی باشتر بوو کە لەپێشدا لە ئێما بپرسێت هەتا بەگێل نەزانرێت پێشی وا بوو کە موولەرە پیرە پیاوێکی هەر زۆر باش بێت پیاوێکی وەها دەتوانێت باشتر لە چارەی مامۆستاکان بێت نەک ژنێک.



## ئاسمانی سەر گنێند

کە ئێما و فریدی لەسەر مێزەکە دانیشتبوون و نان و پەنیریان دەخوارد، ئێما وتی:

- من سبەینێ پاشنیوەڕۆ لە ماڵ نیم.

سەرنجێکی وەهاشیدا وەک جاران نەبوو فریدیش هیچ ئەرخەیان نەبوو کە ئایا لە هۆکارەکە بپرسێت یان نەء؟ بەدەم ڕۆیشتنەوە بۆ کن دۆڵابەکە هەتا مرەبای چەوەنەر و هەنگوینی دروستکراو بێنێت، پرسی:

- نیازی چیت هەیە؟

- دەچمە خانووی کۆمیتەی گوند. لەوێکاندا و بۆ قسەکردن بەچەندین ئافرەت دەگەم.

- جا بۆچ نا.

لەوەیش سەری سووڕما کە بۆچ ئێما برێک شەرمێون دیاربوو، ئێما وتی:

- تۆ ماندوو دیاریت.

- چونکە ڕۆژێکی ماندووکەر بوو دوو تاقیکردنەوەمان لە خوێندنگە هەبوو وەرزش و یاریشمان کرد، ئیدی ماندووم و دەچم دەخەوم ئەگەر کارێک بۆ کردن نەبێت ئەوا سبەینێ دوای نیوەڕۆ دەچمە کن گێرد، چونکە دەمانەوێت پێکەوە شتێک بکەین.

بەدەم کۆکردنەوەی سەر مێزەکەوە، ئێما وتی:

- سڵاوی من بەدایکی بگەیەنە.

فریدی لە پێخەفەکەیدا پاڵکەوت ڕووناکییەک لە پەنجەرەکەوە دەهاتە ژوورەوە هەر هێندەی کە دۆڵابی جلەکانی وەک تارماییەک دەدی لەو ساتەوەی کە وێنەکەی مارایش هاتبووە ئەم ژوورەوە ژوورەکە نوێکارییەکی بەخۆوە گرتووە جۆرێکی دی بوو، بەڵام نەشیدەزانی کە چلۆن هەستێکی نامۆیش بوو لە جێدا پاڵبکەوێت و گوێشت لە ورتە ورتی خوارەوە و بەرپەنجەرە بێت بیریشی لە سنگ و مەمکی

ئافرەتەکە دەکردەوە سا ئەگەر ئەو قزمە بچکۆلەیەی بەباوەشەوە نەبووایە ئەوا وێنەکە جوانتری دەنواند هێشتاکەیش بڕیاری تەواوەتی نەدابوو، ئایا ڕۆژێک لە ڕۆژان وێنەکە هەڵدەواسێت یان نەء بیریشی کردەوە، دەسپەڕێک بکات، بەڵام بڕیاری بۆ نەکردن دا دیارە کەیفەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ئەو وێنە ئاینییە هێندەی دەشیزانی دەسپەڕ بەوێنەیەکی ئایینەیەوە ناچێتە دوو توێی بەدڕەوشتییەوە ئەرێ تۆ بڵێیت ئۆتۆ لەتەک ڕیناتادا بەکوێ گەیشتبێت؟

فرێدی زووتر لە کۆرنێلیا هاتە جێی ژوانەکەیان. خۆی لە سێبەری بەردەرگەی ساختمانی بانکی قەرزدا مەڵاسدا، چونکە بەپێویستی نەدەزانی هەر خێرا کۆرنێلیا ئەم ببینێت وای بە باشتر دەزانی لە پێشدا ئەو ببینێت و ئینجا بەرەو ڕووی بچێت.

ـ لە شتێک دەگەڕێیت؟

کە فرێدی ئاوڕی دایەوە پیاوێکی لە ناو دەرگە نیوکراوەی بانکەکەدا بەدی کرد کە قاتێکی تاریکی لەبەردا بوو و کراواتی بەستبوو فرێدیش بەدەنگی کزەوە وەڵامی دایەوە:

ـ چاوەڕێی زڕبابم دەکەم. ئەو دەیەوێت پارە دەربێنێت و پاشان قەرزەکەی ڕەوانەی بانک بکات تێ دەگەن؟ چونکە ئەو وەک جرج نابینایە، بۆیە دەبێت یارمەتی بدەم ئەویش بەهۆی هەڵمژینی گازی ژەهەراوی زێنفتەوە لە ستالینگراد تووش بووە. چ ڕووداوێکی خراپ ماوەیەکی زۆر کەسێک باوەڕی نەدەکرد کە ئەو کوێر بێت، بۆیە وا تازە خانەنشینییەکەی وەردەگرێت.سەلماندنی کوێر بوونەکەشی ئەوە بوو لە بەردەمی دا پارچەیەک تەختەیان بەبان سەریەوە هێنایە خوارەوە کە گوایە بەری دەکەوێت، بەڵام ئەو هیچ نەجووڵایەوە، ئیدی ئەوە کوێربوونەکەی سەلماند!

پیاوەکە بزر بوو، بەڵام هێشتاکە لە پشت دەرگە شووشەکەوە وەستا بوو، فرێدیش بیری کردەوە: ئیدی بێ ئەوەی ناچاربم حیزێکی تر ڕازی بکەم دەتوانم ماوەیەکی تر لێرەکانەدا بووەستم، ژوانەکەی ئەمڕۆم بڕیار دەدات کە ئیدی جارێکی دی لەتەک کۆرنێلیادا یەکتر ببینینەوە یان نەء هێندە ئاشکرا بوو کە دەبێت بەدزییەوە پێک بگەن هەتا نەبێتە مقۆ مقۆ، چونکە ئەگەر ئاشکرا ببێت ئەوا بۆ ئەو زۆرتر خراپ دەبێت نەک بۆ ئەم ئێمایش کە کێشە چێ ناکات، بەڵام ئەم ئاگەدار دەکاتەوە ئەی





دایک و بابە کاتۆلیکەکەی؟! بێجگە لەوەیش ڕووداوەکەی ڕابردوو و سەرخۆش بوونەکەی پیرەبابی، جا دەیهێنایەوە پیش چاوی خۆی؛ چۆن ئەم بەقاتێکی باشی بەریەوە لە زەنگی دەرگەکەیان دەدات کە دایک و بابی دەرگەکە دەکەنەوە ئەمیش دەڵێت:

ـ مۆڵەتم هەیە کە داوای کچەکەتان بکەم؟

ئەم بیرەی بەلاوە قۆشمە بوو. هەر لەم ساتەیشدا کۆرنێلیای دی، لە سووچی دوکانی کلێسی سەربان چاککەرەکەوە، بەرەو ئێرە دەهات. بەر لەوەی ڕووخساریشی ببینێت و بناسێتەوە، لێی یەقین بوو کە ئەوە، چونکە ڕۆیشتنەکەی لە ڕۆیشتنی هیچ مرۆڤێکی تری نەدەکرد، بەڵام بۆ سەرسووڕمانی ئەم دەشیزانی کە ئەویش هەر ئاسایی بەرێدا دەڕوات.

بێ ئەوەی کە لە سەری ڕێکەوتبن هەردووکیان لە پاڵ یەکتردا و بەرەو سەکۆی وێستگەکە دەڕۆیشتن ئەو سەکۆیەی کە هەرگیز شەمەندەفەرێکی پێدا تێنەپەڕی بوو. ئەگەرچی لە سەرودەمی جەنگدا سەکۆی شەمەندەفەر ئامادە کرابوو، بەڵام هەرگیز فریای ئەوە نەکەوتبوون هێڵە ئاسنەکانی بۆ ڕاکێشن، بۆیە هیچ گرینگییەکی نەمابوو. بگرە لە یادیش برابوو بەرەبەرەیش بە گژ وگیا و شووڵکەنەمام کە لە سەری ڕووابوو، داپۆشرابوو هەردووکیان بەتوولەڕێگەیەکی زۆر تەسکدا و پاش و پێش دەڕۆیشتن. زۆر کەم دەدوان، چونکە نەدەگونجا کە پاش و پیش بڕۆن و پێکیشەوە قسان بکەن. فرێدی جێیەکی لە بەرزایی ڕێگەکەوە دۆزییەوە، کە لەوێوە بەسەر بەرایی گنێندای هەڵدەڕوانی تاک و تەرا و دوور لە یەکتر، خانووی جووتیارەکان دەبینرا یان جارجارە جووتیارێک، بەگاری و ئەسپەکەیەوە بەو ناوەدا تێ دەپەڕی خۆ ئەگەر پەین و یان تۆو لە گارییەکەدا هەبووایە ئەوا جووتیارەکە ڕەشمەکەی بەدەستەوە دەگرت و لە پاڵ ئەسپەکەدا دەڕۆیشت ئەگینا هەمیشە لە سەر کورسییەکەی سەرەوە دادەنیشت. ئەو جۆرە ماڵی جووتکارانە بۆ فرێدی جێی نهێنی بوو، چونکە کێ دەزانێت چی لە پشت دیواری ئەو ماڵانەوە ڕوودەدات؟ پێشی وابوو کە ئەمە بابەتێک نەبێت تا لەتەک کۆرنێلیادا لە سەری بدوێت هیچ نەبێت بەم خێراییە نا، فرێدی لەسەر گیا وشەکەکە پاڵکەوتوو دەستێکی خستە ژێر سەرییەوە،

کۆرنێلیاش هەر بەپێوە وەستابوو، سێبەری بەسەرییەوە کردبوو، لێی پرسی:

ـ دوێنێ چیت کرد؟

ـ لە کن ڕۆنی و ئەوانی تر بووم، بەڵام پێش ئەوە سـەرم لە وێرانەی خـانووە سـووتاوەکـە دا دەمـویست بزانم چی هەیە ئەی تۆیش تووەزەمـینە ـ چلیک ـ ت چنییەوە، وا نییە؟

ـ ئێمەیش دوێنێ میوانمان هات بۆیە دەبوایە ئەمڕۆکە لە تووەزەمینە چنینەوەدا هاوکاری بکەم.

فرێدی لێی هەڵڕوانی و وتی:

ـ ئەی چۆن توانیت بۆی دەرباز بیت؟

ـ منیش وتم: ئێمەی کچان دەبێت ئەمڕۆکە بۆ مەشقی سروودەکان بچینە کەنیسە.

ئینجا جانتاکەی بەلقێکدا هەڵواسی و کەوتە خوراندنی باسکی کە فرێدی داوای لێ کرد ئەویش دابنیشێت کۆرنێلیا سەری ڕاوەشاند کە لێی پرسی:

ـ بۆچ نا؟

ئەویش بەبێدەنگی لە نینۆکی خۆی هەڵدەڕوانی، فرێدی وتی:

ـ دەی باشە باوابێت. ئەی میوانداریيەکەتان چۆن بوو؟

ـ خاڵێک و پوورێک لە ڤییناوە هاتبوون.

ـ نا بەڵێ مرۆڤ ئەگەر خاڵ و پووری هەبێت ئیدی ئەوانیش دێن بۆ سەردان وا نییە؟

کۆرنێلیا بێدەنگ بوو. فرێدی حەزی دەکرد وەک دوێنێکە بێت کە لە پارکە خاڵی لە خەڵکەکەدا بەلای مراوییەکانی ناو ئاوی گۆمەکەوە وەستا بوون و قسەیان دەکرد. فرێدی وتی:

ـ هەروەک بیستوومە بابی ڕۆنی یەکێکە لە کۆمۆنیستە کۆنەکان لێ من ئەوم بەدڵە. چونکەی ئەو هەر لە خۆوە و، وەک ئەوانی تر، شتی قۆڕ ناڵێت بەڵێنیشی دا بەچکە کۆترم بۆ پەیدا بکات.





کۆرنێلیا هەر بێدەنگ بوو فرێدی سەرنجی دا، ئەو گۆرەوی وبابووچی لە پێدا بوو دەرێژی پێدا:

ـ حەزم دەکرد لێی بپرسم: ئەرێ چلۆن دەبێت کۆمۆنیست بیت لە ساتێکیشدا هەمـووانیش باسی خراپەی کۆمۆنیست دەکەن؟ هەروەک کۆمۆنیستەکان زیندەوەرێکی مرۆڤخۆر بن، بەڵام نەموێرا کە وەها پرسیارێک بکەم یان جارێکی دی......

کۆرنێلیا چیچکەی دایەوە و هەردوو ئەژنۆکانیشی لە باوەش گرت هەروەک ئەو جارەی ژێر دڕکوداڵەکەی کن کەنیسەکە، فرێدی کەوتەوە قسە:

ـ خۆ دەتوانین کە جارێک بچینە مۆرس بۆ سینەما یان جارجارە.

لە هەمان ساتیشدا ئارەزووی جگەرەیەکی دەکرد، بەڵام کە کۆرنێلیا هەر بێدەنگ بوو، درێژی پێدایەوە:

ـ جا ئیتر نازانم، ئایا تۆ ئارەزووی چوونە سینەمات هەیە؟ چونکە من جارجارە دەچمە سینەما.

کۆرنێلیا بەسەر مەزراکەیدا هەڵدەڕوانی کەشەکە هێندە ڕوون و ساف بوو مرۆڤ دەیتوانی تەنانەت هەتا لووتکە سەری کەنیسەکەی نۆیەن کێرشەنیش ببینێت.

ـ لەم کاتەدا فیلمی" ژنە ئاشەوانە جوانەکە و ـ فرانک ـ ی سەرکردەی واران " کار دەکات کە ڤیلی بیرگڵ دەوورەکە دەبینێت ئەمەیش لە ڕۆژنامەدا نووسرا بوو. یەکەم فیلمێک کە من دیبێتم، فیلمی چەمەنزارەکە سەوزە بوو.تەنانەت هەندێک لە بینەران کەوتنە گریان جا کەواتە باشترە فیلمی خۆرئاوایی چەتوون ـ عەسابە.

ئینجا لەبەرخۆشییەوە پێکەنی باشە بۆ چ کۆرنێلیا هیچ ناڵێت؟ کۆرنێلیا ئاماژەی بەپەنای فرێدی کرد و پرسی:

ـ چیدەبێت ئەگەر من لە کن تۆوە دابینشم؟ چی دەکەیت؟

ـ چی دەکەم لەتەک تۆدا قسە دەکەم.

کە کۆرنێلیا لە سەر گیا وشکەکە دانیشت فرێدیش تۆزێک چوو بەولاوە، هەتا جێی بۆ بکاتەوە هەمـان بۆنی ڕۆژی ڕابردووی پاڵ ئۆتۆمـبێلی ئاگـرکـوژێنەوەکـانی لێ

دەهات، ئینجا فریدی وتیشی:

ـ خۆ باشیش دەبێت ئەگەر ماچێکت بکەم، چونکە لە دوێنێوە جارجارە بیری لێ دەکەمەوە.

فریدی وای دەزانی، لە گەڵ وتنی ئەو قسەیەدا کۆرنێلیا هەڵدەستێت و دەڕوات. یان زللەیەکی تێ دەسرەوێنێت. بەڵام بۆ سەرسووڕمانی فریدی، ئەو بزەیەکی کرد. بزەیەک کە فریدی هەتا نهاکە لێی نەدیبوو بزەکەی بەدڵ بوو، دڵیشی کەوتە کوتە کوت بەچرکە ساتێکی وێنەکەی ماریای چواند خۆ دیار بوو کە ئەم وەها مەمکێکی گەورەی نییە، بەڵام وەنەبێت هەر مەمکیشی نەبێت دەی خۆ ئەم لەو ژنی ناو وێنەیەیش گەنجترە کە قزمێکی سەیری لە ژێر باڵدا بوو، کۆرنێلیا پرسی:

ـ تا نهاکە کیژێکت ماچ کردووە؟

فریدی لاسکە گەڵایەکی هەڵگرتو لێی هەڵدەڕوانی. ئینجا وتی:

ـ نەخێر نەک بەومانایە من ناتوانم وەها شتێک بڵێم، کە منیش وەک پیاوانی ناو ڕۆمانەکان دەبمە دۆستەشەیدایەکی بەئەزموون.

ـ ڕۆمان دەخوێنیتەوە؟

هیچی نەوت، چونکە ئەوەی بەلاوە پەسەند نەبوو کە کۆرنێلیا بابەتەکەی گۆڕی. بیریشی کردەوە: نهاکە چی بکەم؟ دەبێتە هەڵەیەکی گەورە ئەگەر لاقەی بکەم و پاشان منداڵێکی ببێت؟

فریدی پێکەنی و دەستی لەسەر شانی کۆرنێلیا دانا ئەگەرچی دڵی کەوتە کوتە کوت، بەڵام نەشی دەویست کە دەستی بگەڕێنێتەوە ئینجا پاڵێکی ئاسپایی بۆ دواوە پێوەنا کە ئیدی کۆرنێلیا لەسەر گیا وشکەکە ڕاکشا دەستیشی وەک سەرینێک لەژێر سەریدا مایەوە ماچێکی کرد کۆرنێلیا چاوەکانی نووقاندبوو دەیویست بەرهەڵستی دەمی فریدی بکات فریدیش هەستی پێ کردبوو لەوەیش دەترسا کە ماچەکەی زۆر تەڕ و شلوێ بێت، بەڵام بەهەرحاڵ خۆ لەوەها کارێک نەدەپارێزرا زۆر بەئاسپایی سەری زمانی کۆرنێلیای مژی ئەویش بەشەرمەوە ئامادەیی هەمان کاری پیشاندا کە فریدی دەستێکیشی خستە سەر مەمکی چەپی ئەو هیچ بەرهەڵستییەکی نەکرد





فریدی بەلایەوە جێی سەرسوڕمان بوو، مەمکەکانی لەوە گەورەتر بوون کە ئەم چاوەڕێی دەکرد. حەزیشی دەکرد، دەست بەپێستی لەشیدا بێنێت، فریدی بەئاسپایی وتی:

ـ پێ دەچێت کە خۆشتم بوویێت.

ـ پێ دەچێت کە منیش تۆم خۆشبوویێت.

ـ ئەی تا نهاکە پیاوێکت ماچ کردووە؟

ـ نەء. نەک بەومانایە هەی ئاگر هەڵگیرسێنەر.

ئینجا بەئاسپایی بۆی پێکەنی و دەستی لە ملی ئاڵاند. فریدیش وەڵامیدایەوە:

ـ ئاوەها باشە، هەی ـ چلیک ـ کوڵێنەر من وەهای بەباش دەزانم کە تەنیا من و تۆ یەکتری ماچ بکەین.

ـ بێ شک.

چونکە کۆرنێلیا بێ شکەکەی وەها بەئاسپایی و خاو درکاند ئەم دڵی لێی پیس بوو. فریدی هەمدیسان کەوتەوە ماچکردنی کۆرنێلیایش سەری ئەوی توونـد گرت و بەلای خۆیدا کێشی کرد.

ـ تۆ من وەک ئافرەتێکی بە ئەزموون لەمکارەدا، ماچ دەکەیت.

کۆرنێلیا بەپێکەنینەوە وەڵامی دایەوە:

ـ چۆن دەزانیت کە ئافرەتێکی بەئەزموون چۆن ماچ دەکات؟

ـ وای بیر لێ دەکەمەوە.

کۆرنێلیا کە هەندێک شڵەژابوو بەچرپەوە وتی:

ـ من بۆیە تۆ وەها ماچ دەکەم، چونکە لە مێژە چاوەڕێی وەها دەرفەتێک دەکەم.

ـ ئەی بۆچی ئەمەت پێ نەوتووم؟

کۆرنێلیا بەبیرەوە وەڵامی دایەوە:

ـ چۆن ئەمەت پێ بڵێم؟ دەبێت بێمە حەوشەی خوێندنگە و داوات لێ بکەم: فریدی هاڵسباخ تکایە ماچم بکە؟

- خۆ دەتتوانی پارچە کاغەزێکم بۆ بنووسیت ئیدی هەر شتێکی لەسەر نووسرابێت.

- من سەدان پارچە کاغەزم بۆ نووسیت، بەڵام دەمدڕاند.

فریدی هەستی بەئەردەهژەیەکی ناخ کرد، چونکە بیری کردەوە؛ کە ئەو منی خۆشدەوێت دەی منیش هەروەها ئیدی هەردووکیان سەرنجیان لەسەر ئاسمانەکە بوو.

- لە کەنگێوە دەستت بەکوتەکاغەز نووسین کرد؟

- لە زووەوە.

فریدی بێدەنگ بوو، بەڵام دڵی کوتەکوتی بوو. تەنیا وتی: "دەی باشە" چونکە ئیدی پرسیاری تری بەپێویست نەدەزانی، بۆیە وتی:

- تۆ ماچکردن، زۆر جێی هەیەژان و شڵەژانە.

- بەڵام تۆ وەک دۆستە شەیدایەکی گەورە ماچ دەکەیت. دەخوازیت ببیتە خۆشەوستترینم؟

- ئەگەر وەها نەبووایە لێرەکانە نەدەبووم و دەچووم ئاگرم لە ماڵان بەردەدا.

کۆرنێلیا خۆی بەسەردا نووشتاندەوە و وتی:

- کەواتە خۆشحاڵ و شادمانیت؟

قژیشی ختووکەی ڕووخساری فریدیان دەدا، بەڵام بۆ ئەوەی کۆرنێلیا وا تێ نەگات، قژەکانی سەر ڕووخساری قەڵسکەرن لایانی نەدەدا پێشی نەوت کە نهاکە ساتی ئەم پرسیارە نییە تەنیا وتی:

- ماچەکانت خۆشحاڵم دەکەن نەک ئەو شتانەی دی کە ڕوو دەدەن.

- مەبەستت لە چییە کام ڕووداوانە؟

لەگەڵ دەست بەسەر هێناندا، فریدی وەڵامی دایەوە:

- چی بڵێم. بۆ نموونە ئێرەکانەیش ئەو جێیە باشە نییە کە ئێمە لێی دەژین.

- مەبەستت لەمە چییە؟





- من دەمەوێت مرۆڤ ئەو هەستەی هەبێت کە دەبێت بەڕاستی هەیبێت.

فریدی لەوەیش ئەرخەیان نەبوو کە ئایا ئەو بەڕاستی لە مەبەستەکەی تێ گەیشت ئەو وەڵامی دایەوە:

- لێی تێ ناگەم.

- من بەمە ڕازی نیم کە هەنووکە هەیە دەی خۆ وەهایش گرینگ نییە.

- بەڵام ئەوەی تۆ دەیڵێیت؛ گوایە کە من ماچ دەکەیت حۆشحاڵیت خۆ دەبێت بەڕاستت بێت، یان..؟

- سروشتییە بێ شک ئیدی ئەوانی ترم زۆر بەلاوە بەگەن نییە!

کە کۆرنێلیا بۆی پێکەنی، فریدی بیری کردەوە؛ ئەو چەندە پێگەیشتوو و هەڵچووە. ئەرێ من بەچ هۆیەکەوە ئەوم بەلەڕ دەهاتە بەرچاوان؟ فریدی بەبێدەنگی نیگای هێڵەکانی ڕووخساری دەدا و دەستیشی بەپشتیدا دەهێنا تا کۆرنێلیا بێ سەبری خۆی پیشاندا و وتی:

- کوڕانی دی باسی وەها شتێک ناکەن.

- منیش باسی وەها شتێک تەنیا لە کن تۆ دەکەم، چونکە ماچم کردوویت؟

- جا لەبەرئەوەیشی کە تۆ جۆرێکی تریت؟

- مەبەستت لە جۆرێکی تر چییە؟

چاویشی تێ بڕی و دەستی بەقژیدا دەهێنا کۆرنێلیا وتی:

- بۆ نموونە؛ تۆ لە ناوەڕستی زستان و گزنگێکی زوودا لەسەر ئاوی گۆمێک وەستاویت و گوێت لە ئاوازی هارمۆنی سترانبێژێکە.

فریدی خۆی وەرگێڕاو وتی:

- من چیم کردبێت؟

- من لە ڕابردوودا لە سەرلەبەیانییەکی مانگی دیسێمبەردا لە شاری مۆرسو لە حەوشەی پاشایەتی دا سەرنجی تۆم دابوو تۆ پاش لێ بوونەوەی سترانبێژەکە، پارەت پێ دا و ئیدی بەپێ لە مۆرسەوە بۆ ڕاینکەمپ گەڕایتەوە، چونکە من لە

ترموایدا دانیشتبووم و تۆم دی.

فریدی بەپێکەنینەوە وتی:

- چونکە ئەو پارەیەی کە بەسترانبێژەکەمدا، پارەی بلیتەکەم بوو لەبەروەی وەک گۆرانیبێژەکە خۆشی بەداخەوە دانی پێ دانا، پێ دەچێت کە ئەم ئەو سترانە هەرگیز نەبیستێتەوە پیاوە هونەمەندەکەی ئامێرێکی هارمۆنی بەخێرایی گارییەک دەهاژووت لەبەر سەرمایش دەستکێشی لە دەست کردبوو کە تەنیا سەری پەنجەکانی بەدەرەوە بوون.خەڵکێکی کەمیش لە مەیدانەکەدا بوون پاش ماوەیەکیش تەنیا هەر ئەم مایەوە هونەرمەندەکە بەنۆبە، دەقەکەی بەلاتینی و ئەڵمانی دەخوێند فریدی تەنیا وشەی بای بەیانی لە یادماوە کە کۆتایی بەسترانەکە هات و ئەمیش مارکەکەی هەڵدایە ناو کڵاوەکەیەوە، هونەرمەندەکە وەها لەمی هەڵڕوانی وەک شتێک هەردووکیان پێکەوە گرێ بدات بێ لەوەی وشەیەکیان لە تەک یەکتردا گۆڕیبێتەوە، پێوەندیەکی بێ هاوتا لە نێوانیاندا دروست بوو باشە تۆیش لەوێکانەدا وەستابوویت؟

- لە ژێر گرێژنەی دەرگەیەکدا وەستابووم لەوێوە لە تۆم هەڵدەڕوانی.

بێ ئەوەی هیوای بەوەلامێک هەبێت، فریدی پرسی:

- دەزانیت چ پارچە مۆسیقایەک بوو؟

- نەء، بەڵام خۆش بوو.

- بەڵێ، خـــۆش بوو و منیش ناتوانم لە بیـــری بکەم. ئەرێ تۆ دوێنێ لە پارکی یونگبۆرن چیت دەکرد؟

کۆرنێلیابۆ ماوەیەکی درێژ بێدەنگ بوو ئینجا دەستی خستە سەر ئەو دەستەی فریدی، کە بەسەر مەمکییەوە بوو.

- لەبەرئەوەی کە ئەوان شەڕ و هەلایان بوو بۆیە نەمدەتوانی بخەوم.

- کێ؟ کێ شەڕ و هەلای بوو؟

- دایک و بابم لە ژووری نووستنەکەیان لێشم یەقینە کە هەردووکیان مەست بوون. بۆیە منیش بە دزییەوە هەڵسام و چوومە دەرەوە. هەر بەڕاستی نەیشم دەویست کە بگەڕێمەوە.





- بەڵێ بەڵێ، دەتوانم هەستی پێ بکەم کە خۆش نەبێت. ئەی باشە چیت دەکرد؟ مەبەستم لەوەیە ئەگەر پێک نەگەیشتینایە؟

- جا ئەگەر بمزانیبایە.

- پێم وایە کە ئێمە پێکەوە سەری خۆمان هەڵدەگرین وا نییە؟

ئینجا سەری کۆرنێلیای نایە بان باسکی خۆی و بەخۆیەوە نووساند. هەروەک بیەوێت بیپارێزێت لە دڵیشەوە لەو بەڵێنە پەشیمان بووەوە کە پێی دا. چونکە بیری لەوە دەکردوە هاکا کۆرنێلیا کەوتە گریان، بەڵام ئەو نەگریا بیریشی کردەوە؛ تۆ بڵێیت شتێکی خراپ و هەڵەی وتبێت؟ لە ناکاودا، کۆرنێلیا باوشی بەفریدیدا کرد. توووند بەخۆیەوەی نووساند و ماچێکی درێژیشی کرد هەروەک لەوەبەر ماچی وەها کردبێت، وتیشی:

- ئەرێ خۆ تۆ ئێڤانگێلیت؟

- باشی بیر لێ بکەرەوە هەر هەموو پیاوە باشەکان ئێڤانگێلی بوونە و ئافرەتە باشەکانیش کاتۆلیک ئیدی پێویست ناکات بیری لێ بکەیتەوە.

هەردووکیان بەو بۆچوونە پێکەنین.

- خۆ ئەگەر دایک و بابم بەمە بزانن ئیدی هەرا دەست پێ دەکات.

- جارێ پێویست ناکات بەهیچ بزانن بۆت قەڵسکەرە کە من ئیڤانگێلیم؟

- خۆ ئەگەر کاتۆلیک بوویتایە، هەر زووتر پێت دەوتم.

- هیچ پێوەندی بەوەوە نییە.

- لە کن کەسێک باست نەکردووە تەنانەت لە پۆلیش؟

- نەء بۆچ وەها دەڵێت؟ دەبێت لە کن کێ باسی بکەم؟

- ئەی لە کن میمکت؟

- لە کن ئەوە هەر نابێت!!

- وەهام زانی.....

- ئەگەر ئارەزووت هەبوو دەتوانی پێمی بڵێیت کە بۆچی وەها کارێکت کردووە و

پاشان چۆن بوو.

بەدەنگێکی ترساوییەوە وتی:

ـ پێ دەچێت جـارێک لە جـاران، بەڵام خـۆیشم نازانم کـەنگێ قـینم هەڵسـابوو یان هەر توورەبوونێک بوو، نازانم ئیدی پاشـان قین و توورەییـیـەکە بەسـەر چوون. بۆچ تۆ خۆت هەمیشە دەزانیت؛ بۆچ بەکردەوەیەک هەڵدەستیت؟

ـ کەسێک بەتەواوەتی نازانێت. تەنیا ویستم بزانم.

ـ بۆچی؟

ـ چونکە تۆ بەتەنیا بەوەها کارێک هەڵساوویت بۆیە بەدڵمە. لەبەروەی من مەیلم لە کاروبار و پێ هەڵسانی تەنیایە.

قۆڵ لە قـۆڵ گەڕانەوە لەسـەر جادە گشتـییەکە لێک جوێ بوونەوە فـرێدی چەند مەترێک لە دوای ئەوەوە دەڕۆیشت هەر وەک بەهەمـان ڕێگەدا ڕۆیشتنەکەی ڕێکەوت بێت، بەڵام ئەوان بەکەسێک نەگەیشتن کە بیەوێت بیر لە شتێک بکاتەوە.



## کلاس

فـرێدی بیـری کـردەوە: پێ دەچێت کـە لە من دردۆنگ و بێ هیـوا بێت، چونکە من بەتەواوی هەڵسوکەوتم لەتەکدا نەکرد.کەواتە بەچیدا بزانم؟ ئایا ئەم ئەوی چلۆن خۆشدەویست؟ بەلای ئەوەوە سێ جۆری خۆشەویستی هەبوون؛ خۆشەویستی ژن و مێردەکان کە نهێنییەکی نادیار لە خۆی دەگرێت، خۆشەویستی ناو فیلم؛ کە زۆر ڕۆمانتیک و مەزن بوو ئەوەیشی کە ئەم بیری بۆی دەچوو وا خەریکبوو نێزیک دەبووەوە، خوشەویستی سێیەمیش هەبوو کە ئەرخەیان بوو، ڕۆژێک لە ڕۆژان ئەم دەگرێتەوە خۆشەویستییەکی وەها کە ئەم هەمیشە بیری لێ دەکردەوە دەی خۆ کۆرنێلیایش وەک ئافرەت هەڵسوکەوت ناکات پێ دەچێت کە دەبێت جێگۆڕکە بکەیت و زۆر دوور بکەویتەوە هەتا ئەویش بێتە گۆڕین.

وێلینگای سەراج لە بەردوکانەکەیدا و لە ژێر خۆرەتاوەکەدا دانیشتبوو، قەنەفەیەکی دەدوورییەوە ناواخنی قەنەفەکە دەرپەڕیبووە دەرەوە و مرۆڤ دەیتوانی ناوەوەی قەنەفەکە ببینێت. وێلینگا وتی:

ـ فرێدی دەست بخەرە سەر ئەو ئیسپرینگە و بیگرە هەتا من تەقەڵەکانی لێ دەدەم.

فرێدیش لە پاڵ ئەودا چیچکەی دایەوە ئیدی هەردووکیان بۆ ماوەیەک و بێدەنگ کاریان دەکرد زۆر جێی سەرسووڕمان بوو کە ئەم هۆڵەندییە چۆن بەخێرایی و کارامەوە تەقەڵەکانی لێ دەدا . کابرا دەستی دایە چەکوچێک و بەسەری پانی بزمارەکانیدا دەکێشا مرۆڤ دەیتوانی پێشبینی بکات، پاشان قەنەفەکە چۆن دەنوێنێت. لە فرێدی پرسی:

ـ نهاکە لە خوێندنگەوە دێیت؟

ـ نەک بەتەواوەتی. مرۆڤ دەبێت جارجارە سەرگەرمیی تریشی هەبێت، تێ دەگەیت؟

ئینجا بیریشی لێ کردەوە؛ ئەم هەمیشە ئەو بەوێلینگا ناو دەبات و هەگیز هەواڵی ناوی یەکەمی لێ نەپرسیووە، بۆیە پرسی:

- ئەرێ بەڕاستی تۆ ناوی خێزانییەکەت چییە؟

- ناوی خێزانی من کلاسە، لە ئەڵمانیا ناوەکەم دەبێتە کلاوس، بەڵام هەموو کەسێک بەوێلینگا ناوم دێنن.

- دەی خۆ کلاس تەواوە. ئەی باشە بۆچ لە هۆڵەندە ناماویتەوە؟

کابرا خۆی وەرگێڕاو جگەرەیەکی پێچایەوە. پاشان پاکەتەکەی بەفرێدی دا . کابرا جگەرەکەی لوولدا و بەزمانیش لێواری کاغەزەکەی تەڕکرد هەتا تەڕ بێت و تامی خۆشتر بێت کلاس هەمیشە وەهای دەکرد.مەزرای پەتاتەی پشت دوکانەکەی کلاس سەوز و چڕ بوو ئەو دوو مریشکەی کە هینی کلاس بوون لە ژێر تیشکی خۆری ئێوارەکەدا دەندووکیان لە میوەیەکی ناو خاک و خۆڵەکەوە وەردەدا .

- دەپرسیت، بۆچ من لە هۆڵەندەدا نەماومەتەوە؟ ئەوەیش داستانێکی درێژە...

دەستی دایە یەکێک لە مەقەستە گەورەکان و کەوتە پاککردنەوەی چڵکی ژێر نینۆکەکانی. فرێدی بەبێدەنگی بیری دەکردەوە: جاری وایە کە مرۆڤ پرسیارێک ئاراستە دەکات خێرایش هەستی پێ دەکات دەبوایە ئەو پرسیارەی نەکردبایە کێ نالێت کە ئەویش کۆمۆنیست و یاخۆ شتێکی خراپتر نییە و ناشیەوێت لە بارەیەوە قسە بکات، بۆیە هەڵسا و وتی:

- دەی کەواتە من دەڕۆم.

بەڵام هێشتاکەیش وەستا بوو هەتا ئەو جگەرەکێشانەکەی تەواو بکات، فرێدی بۆ ئەوە پرسیاری لێ نەکرد، گوایە دەیەوێت هەرچۆن بێت شتێک بزانێت بگرە وەک پرسیارێکی ئاسایی. (وێلینگا) وەڵامی دایەوە:

- لەبەر ئافرەتێک...

ئیدی هەردووکیان لە بەرقەنەفەکەدا وەستا بوون کە وێلینگا دووریبووییەوە و بزمارڕێژی کردبوو، ڕیکوپێک دیار بوو قووماشەکە شینێکی کاڵ بوو بەهێڵکاری شینی تۆخەوە.

- ئافرەتەکە خەڵکی ئێرەکانە بوو بۆیە منیش لێرە مامەوە.





ئەگەرچی فرێدی لە بیری ئەوەدا بوو ئیدی بڕوات بۆ کن ئۆتۆ و کۆترەکان، بەڵام چونکەی دەیزانی کە وێلینگا هێشتاکە باسەکەی خۆی تەواو نەکردووە بۆیە مایەوە وێلینگا هێشتاکە بەمقەستێکی گەورەی دەستییەوە، لە بەردەم قەنەفەکەدا وەستا بوو. هەردووکیان دەنگی تیژ و درێژی شووتیان بیست کە لە کانی خەڵووزەکەوە دەهات. فرێدی بیری کردەوە: پێ دەچێت هەمدیسان ڕووداوێکی دی ڕووی دابێتەوە و بێوەژنێک زۆرتر. ئینجا لەوێوە ڕوانییە ئاراستەی دەنگەکە. فرێدی پرسی:

- باشە ئێستاکە ئەو ژنە لە کوێیە؟

- ئەو بەر لە زەماوەند، بەکتوپڕی مرد.

- بەکتوپڕی؟

- بەڵێ، بەکتوپڕی منیش هەر لەبەر ئەو لێرەکانە ماومەتەوە.

- ئەگەرچی ئەو مردوویشە؟

- من لێرەوە لێوەی نێزیکم.

ئەمەی وتو خۆی بەلای مەزرای پەتاتەکاندا وەرگێڕا.دەستێکی خستە سەر بڕۆکانی و هیشتاکەیش مقەستەکەیش بەدەستەکەی تریەوە بوو فرێدیش بیری کردەوە؛ شایەد ئەو دەگری نەشیدەزانی چۆن هەڵسوکەوت بکات حەزی دەکرد باوەشی پێدا بکات، بەڵام بوێری ئەوەی نەبوو نەشیدەزانی کە چی بڵێت، چونکە باوەش پێداکردن پیاوی ناو فیلمەکان دەیانکرد، ئەویش دوای کردنی کارێکی هاویەش و یان بەئەنجام گەیاندنی سەرەڕۆییەک خۆ هەر دەبێت باوەش بەپیاوێکی وەهادا بکەم کە پرسە بۆ ژنە مردووەکەی دەگرێت بۆیە زۆر دژوارە هەروا بڕۆم..

- دەی فەرموو، بڕۆ. چونکە بێشک کە میمکت چاوەڕێت دەکات.

ئەوجا بەسەری دانەواوەوە کەوتە کۆکردنەوەی کەلوپەلەکانی سەر زەوییەکە و دەیخستنە ناو سندوقی پاڵ قەنەفەکەوە فرێدی وتی:

- هیوای باشیت بۆ دەخوازم وێلینگا . بۆ جگەرەکەیش سوپاست دەکەم.

کە فرێدی گوێی لە فیکەی ئۆتۆوە بوو، بە پەیژەکەدا و بۆ هەورەبانەکە هەڵگەڕا .

ئۆتۆ لە بەرهێلانەی کۆترەکاندا بوو و بەماڵەیەک ڕیقنەی تەختی زەوییەکەی دەکرِاند،

فرێدیش لەسەر کورسییەکی خڕی شلوشیوا و دانیشت و سەرنجی ئەوی دەدا. پرسی:

- ئەو وێلینگا پیرەی ئەوبەر دەناسیت؟

- کەسێکی زۆر چاکە بۆچ دەپرسیت؟

- هەروا. ئەیباشە کەنگێ دەست بەکۆتر هەڵدان دەکەیت؟

- لەگەڵ گەشتی پایزدا هیچ نەبێت پێنج و یان چواردانە بابزانین، لێ، بێ شک ئەو دووانە بەشدار دەبن.

ئاماژەشی بەدوو دانە کرد، کە بەفیزەوە بەسەر پارچە تەختەکەوە هەڵنیشتبوون. ناموێیان پێوە دیار بوو. فرێدی بیری کردەوە: دەڵێیت ئەسپی ڕەسەنن یان لەوان جوانتر! ئۆتۆ جامی ئاوخواردنەوەکەی وەها پاک دەکردەوە دەتگۆ گوڵدانێکی گرانبەهای ژووری دانیشتنە، فرێدی پرسی:

- ڕیناتا چی دەکات؟

ئۆتۆ شەپقەکەی برێک بۆ دواوە پاڵ پێوەنا و وتی:

- باشە یەکشەممەی داهاتوو بۆ سەما دەچینە لینتۆرف.

- تەنیا تۆ و ئەو؟

- براکەشی لەگەڵماندا دێت بۆیە کە ناتوانرێت هیچ بکرێت دەی بەڵام کێدەزانێت.

- لەوە دەچێت باشتر بێت، پێش ئەوەی ئەوانی تر بڕۆن تۆ ڕیناتا بۆ ماڵەوە بەریتەوە، ئیدی بابزانین چی دەبێت...!

- منیش بیرم لەوەها شتێک کردبووەوە..

- باشە ئەگەر پیرە موللەر جووتێک کۆتری نێر و مێم بداتێ دەتوانم بیانخەمە ناو هێلانەکەی تۆوە؟

- دەیەوێت جووتێک کۆترت پێ ببەخشێت؟ جا بۆچ نا. خۆ جێگە زۆر زۆرە.

- بەڵام خۆ دەبێت لەسەر جۆری دانپێدانیان خۆمان ڕێک خەین چۆن دەبێت؟

- ئەوەیش دەبێت جارجارە تۆ عەلاگەیەکی بچکۆلە دان دەکرێت و ئەوە ڕێکەوتین.ئەرێ لە کوێندەرێ بوویت؟





- برێک لاقەکانم خستنە جووڵە. ئەگینا چی تر بکەین؟ ئیدی من دەبێت بڕۆم، چونکە ئێما چاوەڕێم دەکات.

ئەم حەزی دەکرد باسی کۆرنێلیا بۆ ئۆتۆ بکات، بەڵام لەبەرئەوەی کە ئۆتۆ باسی ڕێناتای کرد ئەمیش هیچی نەوت چونکە وای بەباشدەزانی مرۆڤ نابێت شتەکان تەڤ لە هەڤ بکات خۆ ئەگەریش بەنیاز بێت کە بۆ کەسێکی باس بکات ئەوە تەنیا هەر بۆ ئۆتۆ دەبێت، چونکە دەشیەوێت لێی بپرسێت؛ مرۆڤ چۆن دەتوانێت ماچی تەواوەتی بکات، بەڵام نەک لەو ساتەی کە ئەو خۆی باسی ڕێناتا دەکات.

مێزەکە ئامادە کرابوو ئێما بلوزێکی کاڵی لەبەر کردبوو و لەسەر زەوق بوو ساتێک بەدۆڵابەکەدا بۆ شت دەگەڕا لەبەرخۆشییەوە گۆرانی دەووڕتاند، لە فرێدی پرسی:

- خەریکی چی بوویت؟

- بەخێرایی سەرێکم لە گێرددا. وێلینگایش سڵاوی جوانی بۆت هەبوو. من برێک نواڕیمە کارەکەی وێلینگا.

ئێما وەڵامی دایەوە:

- ئەو پیاوێکی هەر زۆر تەواوە. هەمیشە میهرەبانە سەر لە کەنیسە دەدات و فروفێڵیش لە کەسێک ناکات.

- دەزانیت بۆچی ئەو لە هۆڵەندە نەماوەتەوە؟

- من نازانم جا ئەوە لە خۆی بپرسە. پێ دەچێت کە جەنگ هەڵیدابێتە ئێرە و ئیدی لێرەکانەیش گیری خواردبێت هەروەک ئێمە، فرێدی..

- پێ دەچێت. ئەی لە یادتە کە ئەو چەند ساڵێک لەمەوبەر، دەزووی کۆلارەی پێدام؟

- ئەو هەمیشە وەهایە ئامادەی هاوکاری کردنە.. دەڵێم: من ئیدی لەمڕۆوە و هەموو ڕۆژێکی پێنجشەممە دەچمە کۆمیتەی ئافرەتان. جا تۆ لەو باوەڕەی دای کە بەتەنیا خۆتت بۆ ئیدارە دەکرێت؟

- خەمی لێ مەخۆ باشە لەوێکانە چی دەکەن؟

- لە بەراییدا قەشە سروودێک بۆ مردووەکان دەخوێنێت پاشان شتێک دەگێڕێتەوە. لە دواییشدا باس لە کاروبارەکانمان دەکەین.

- چ کاروبارێک؟

- ئەمە و ئەوە و... ئیدی هەرکەسە و کێشەیەکی خۆی هەیە کە بیەوێت لە هەمبەرییەوە قسە بکات. کۆمیتەیەکیش بۆ لاوان هەیە لەو باوەڕەیدا نیت کە بەدڵت بێت؟

فرێدی هەنگوینی عادی لە نانەکە هەڵدەسوو و ساتی بۆ وەڵامەکە هێشتەوە. بیریشی کردەوە؛ ئەوە هیچ بیرێکی باش نییە لەوەوە، بەڵام نەشیدەویست کە بێ ڕێزی پیشان بدات. ئینجا پرسی:

- لەگەڵ قەشەیەکدا؟

- لەو باوەڕەیدام لەتەک هەڵسووڕێنەرێکی کاروباری لاوانیشدا، بەڵام ئەو لە کۆمێتەکەدا نوێیە. من ئەمڕۆکە پێی ئاشنا بووم زۆر میهرەبانە!

- تەمەنی چەندە؟

- لەوە دەچێت بیست و پێنج ساڵان. زەلامێکی هەڵچوو ئەو پانتۆڵێکی کورتی چەرمی لە بەردایە و چەقۆیەکیش بە پشتێنەکەیدا هەڵواسراوە.

ئێما وەهای دەگێڕایەوە کە بۆ فرێدی وەک شتێکی سەرسووڕهێنەر بێتە بەرزەن، فرێدیش زەلامەکەی دەهێنایە بەرزەنی خۆی بێ شک کە ئەو قژێکی زەردی لوولی هەیە هەمیشە کەیفسازە و تێگەیشتنی بۆ هەر شتێک هەیە مامۆستای لەو جۆرە هەبوون، بەڵام ئەوان لە پشتەوە دەستوەشێن بوون. هەر ساتی خۆی بگەیشتایە، ڕووخساری ڕاستی خۆیان دەردەخست، فرێدی بێ زەوق وتی:

- دەتوانم سەرێک بدەم.

- لە هەمبەر کێشەکانەوە گەنگەشە دەکرێت کێشەکانی ئێوەومانان بەگەشتی پاسکیلیش هەڵدەستن.

فرێدی بیریکردەوە؛ خۆ ناشێت کە مرۆڤ شەیدایەکی کچی هەبێت و کەچی هەروەک لاوانی هیتلەر بەچەقۆیەکی بەر پشتێنەوە لەتەک کۆمەڵێکی مەسیحیدا گەشتی پاسکیل بکات و بەوناوەدا بسووڕێتەوە. بیریشی لە ئافرەتی ناو وێنەکە کردەوە، کە مەلۆتکەیەکی لە باوەشدابوو: دەی خۆ ئەویش ئاینێکی هەیە، بەڵام بێشک





جۆرێکی دی. چونکە هیچ پەیوەندیەک ژنی سنگ ڕووتی ناو وێنەکە بەکابرایەکی پانتۆڵ چەرمی چەقۆهەڵگەرەوە نابەستێتەوە جا لەوە دەچێت هەر ئەوەیش، جیاوازییەکەی نێوان کاتۆلیک و ئێڤانگیلیک بێت. لێی یەقین بوو کە ژنی ناو وێنەکە کاتۆلیک بوو، چونکە هێندەی ئەم بیستبێتی هەموو پۆڵۆنییەک کاتۆلیک بوون جا ماریای شوونەکردوویش، ئەوە بێگوومان!. کۆرنێلیایش کە مەمکی ڕندی هەبوو و خۆشەویستی بوو، هەر کاتۆلیک بوو بۆیە زۆرتر گرینگی بۆ کاتۆلیک هەیە. بۆیە بەباشی زانی کە پێشنیاری چوونە کۆمیتەی لاوانی مەسیحی لە ئان و ساتی خۆیدا بوو. بە خۆشییەوە بزەیەکی کرد. پێشنیارەکە تووشی هەیەجانی کردبوو. ئەوجا خۆشی بە ناسپاسگوزار لە ئاست ئێمادا دەزانی، چونکە ئەو بە شەوقەوە، کە ئەمی وەها ڕازی کردووە، لە بەردەمی دا وەستا بوو بۆیە جارێکی دی و بەبێ زەوقییەوە وتییەوە:

- دەتوانم سەرێک لەوێکانە بدەم ئەی کەنگێ یەکتر دەبینن؟

- دوانیوەڕۆی سبەینێ و لە دەمژمێری سێدا ئەگەریش دەتەوێت دەتوانیت کراسێکت بدرێتێ بەدروشمێکەوە لەسەری. هەروەک ئەوانەی کە گەنجەکانی تر لەبەری دەکەن.

- چ کراسێک؟ لەوانەی لاوانی هیتلەر؟

فرێدی هێندەی لە هەمبەر لاوانی هیتلەرەوە نەدەزانی تەنیا ئەوەندە نەبێت کە هەمووان باسی خراپەیان دەکردن.هەر مێردمنداڵی سەر جادە بوو و لە لایەن ئەوانەوە دەبران لە وێنەی گۆڤارێکدا دیبووی چۆن گەنجانی هیتلەر بەنۆبە و ڕیز ڕیز وەستا بوون و پەرچەمێکیان بەرز ڕاگرتبوو. لاوانی هیتلەر وەها دەهاتنە بەرچاوان، دەتگۆ حەز دەکەن چەناگەیان بۆ سەرەوە بەرز بکەنەوە، بەڵام بەدڵی ئەم نەبوو. نەیدەتوانی بیری لێ بکاتەوە، کە چێژ و خۆشی لە وەها کۆمەڵەیەکدا ببینێت. بێجگە لەوەیش، ئەو بەرگە سەربازیانە، ئەمیان دەخستەوە یادی کۆتایی خولەکەکانی بینینی بابی.

ئێما بڕێک هەستی بەنیگەرانی کرد، بۆیە وتی:

- ئاخ فرێدی، هیچ پێوەندییەکی بەلاوانی هیتلەرەوە نییە.

فریدی سەرنجی دا کە بۆ ئێما دژوارە، باسی جیاوازییەکەی بۆ بکات فریدی هیچ گرینگییەکیشی بۆ ئەوە نەبوو کراسی دروشمدار لەبەر بکات سبەینێ کۆرنێلیا دەبینێت و هەوڵ دەدات ماچی بکات وەها بەرگێکیش بۆ چوونە ژووان نابێت و دەبێتە هۆکاری بەرهەڵستی ئەو بۆ بەیانی هۆکارێک دەدۆزێتەوە کە نەچێتە کن لاوانی هیتلەر و لەتەکیاندا هەڵسوکەوت نەکات، فریدی وتی:

- بەڵام من زۆر ئاینی نیم.

بەشێوەیەکی وەهایش ئەمەی وت کە ئاماژەیەک بێت بۆ بەرپەرچدانەوەی خواستەکەی ئێما.

- تەنیا لەبەرئەوەیە کە تۆ خۆت لە شەقام دوور بخەیتەوە و گوێت لە شتێکی دیشەوە بێت. برۆ بۆ ئەوێکانە. هیچ زیانێکت پێ ناگەیەنێت و کێش ناڵێت بەدڵت نابێت من لێم یەقینە کە لەوێکانەدا، هاوەڵی نوێ دەدۆزیتەوە، بەس لەبەر من باشە..؟!

- بەیانی نابێت ئێمە بەیانی پۆلەکەمان گەشتێکی بیۆلۆگی دەکات دەگەڕێین بۆ پیشۆکە. پێم وایە لە دەوروبەری سەکۆی هێڵی ئاسنەکەوە پڕ بێت لە پیشۆکە.

- دەی کەواتە با هەفتەی داهاتوو بێت.

ئێما ئەمەی بەئاوازێکی وەها درکاند کە بۆ فریدی دژوواربوو بەرپەرچی بداتەوە. فریدیش نەیدەویست زەوقەکەی لێ تێک بدات حەزی دەکرد هەروا بمێنێتەوە، فریدی وتی:

- با بزانین کە هەفتەی داهاتوو چی پێش دێت جا پێویستە لەوێکانە ئەو کراسەیش لەبەر بکەیت؟

- بێگومان نەء بەڵام ئەگەر خۆت بتەوێت. پێدەچێت کە بەدڵیشت بێت!

بۆشی پێکەنی. فریدی بیری کردەوە: ئێما چەندە خۆشحاڵ دیارە بەو چارەسەرە خۆشحاڵ بوو کە ئەم پێشنیاری بۆ کرد جا پێ دەچێت جارێک سەرێک لەوێکانە بدەم هەتا ئێما ئیدی لە کۆڵم بێتەوە و ئارامی بەرقەرار بێت. فریدی بەنیاز بوو کە کۆتایی هەفتە بچێتە کن لاوکمانی جووتیار، هەتا توورەکەیەک هەرزنی بداتێ.



## میرژن

کۆرنێلیا کۆشک و قەڵایەکی لە ناو دارستانێکدا لە شارۆچکەی ڤلوین دەزانی. ئەو کاتێک لەتەک دایک و بابیدا سەیرانێکیان بۆ ئەوێکانە کرد پێی ئاشنا بوو ئەمەیش دەمێکی زۆر درێژ بوو، بەڵام پێ دەچێت کۆشک و قەڵاکە ئێستاکەیش هەر مابێت.جا ئەگەر فریدی ئارەزووی هەیە، دەتوانن پێکەوە بۆ ئەوێکانە بچن ئیدی هەردووکیان بەمەزراکانی گێنێندا و بەرەو نۆیەنکیرشەن کەوتنە پایدەر لێدان کۆرنێلیا تا ڕادەیەک دەیزانی کە لە کوێدا کۆشک و قەڵاکە بدۆزێتەوە. فریدی بەر لە گەیشتنە ڤلوین وتی:

- ڕاوەستە.

ئینجا لە پاسکیلەکە دابەزی و نای بەقەدی دارێکەوە ئەگەرچی کۆرنێلیا وتی: "هێشتاکە نەگەیشتووین" بەڵام وەستایش، فریدی ئاماژەی بەماڵێکی گەورەی نێزیک جادەکە دا کە بەهۆی سەربانە خشتە گەورە شۆڕبووەوەکەیەوە، دەهاتە بەر بین و سەرنج فریدی لە جادەکە پەڕییەوە و بەرەو پەنجەرەیەک چوو. هەوڵی دەدا کە ئەودیو پەردەکە ببینێت، کۆرنێلیا پرسی:

- چی لەوێکانەدا هەیە؟

فریدی وتی:

- ئالەم ژوورەدا دایکم مرد. وا لە بیرم دەچێتەوە، چونکەی وا بزانم کە ئەوسا تەمەنم پێنج ساڵان بووبێت.

ئینجا بۆی گێڕایەوە کە ئەوان لە کۆتایی مانگەکانی جەنگدا لێرەکانە دەژیان ژنی جووتیارەکەیش کوڕێکی هاوتەمەنی ئەمی هەبوو وتیشی:

- ژنەکە شیری مەمکی خۆیی دەدامێ.

- تۆ ڕاست ناکەیت!

ـ بەڕاستی کە لەبەر برسێتی بهاتمایەتە چێشتخانەکە بلوزەکەیم هەڵدەدایەوە و پەلاماری مەمکێکیم دەدا و دەممژی. ئیدی ئەو چ کارێکی بکردبایە و یاخۆ میوانیشی هەبووایە جارێکیان ئەو سەرگەرمی پاککردن و توێکڵ لێکردنەوەی پەتاتە بوو نەیدویست قەڵس بکرێت، بەڵام من وەک بەرازێک لە ساتی مژ لێداندا دەممرخاند.

کۆرنێلیا سوور هەڵگەڕا بوو، بێدەنگ بوو کەوتنەوە لێخوڕین لەسەر جادەکە بەلای ڕاستتدا پێچیان کردەوە و چوونە پارکێکەوە.لە نێوانی درەختەکانەوە کۆشک و قەڵاکەیان بەدی کرد پاسکیلەکانیان بەچەپەرێکدا هەڵپەسارد، هەتا بنوارِنە گۆمە ئاوی پڕ لە گوڵەباخی ئاویی دەوری کۆشکەکە. بەسەر چیمەنزارەکەوە بەردەستێک کە بەرگی سووارەی لەبەردا بوو، ڕەشمەی دوو ئەسپی بەدەستەوە بوو. ئەسپەکان بەملی بەرزەوە و شڵەژاو، وێرغەیان دەکرد لەو ساتەی کە پیاوەکە ئەسپەکانی بەرەو دەرگەی حەوشەکە دەبرد لە تەکیاندا دەدوا. نێزیک لە پشتی ئەسپەکان ژنێک کە گۆپاڵێکی بەدەستەوە بوو هێدی هێدی بەهەمان ڕێگەدا دەڕۆیشت ئافرەتەکە قژی ڕەش و تاڵ تاڵ بۆری هەبوو چاکەتێکی بەدەزوو چنراوی سوواوی لەبەردا بوو وایش دەرنەدەکەوت کە ئەو گۆپاڵەکەی بۆ ڕۆیشتن پێویست بێت لە نێزیکی کۆرنێلیا و فرێدییەوە وەستا لە پشتی چاویلکەکەیەوە بەزیتەڵەیی دەیڕوانی کە پرسیاری کرد:

ـ نا؟ منداڵە جوانەکان بۆ شتێک دەگەڕێن؟

فرێدی وەڵامی دایەوە:

ـ دەڕوانینە ئەم کۆشک و قەڵایە.

دەستی کۆرنێلیاشی گرت هەتا پیشانی بدات کە پێکەوەن ئینجا ڕووخسارێکی گرینگی گرتە خۆی و وتی:

ـ پێ دەچێت کە ڕۆژێک لە ڕۆژان بیکڕم ئیدی کێ دەزانێت!

ئافرەتەکە بەپێکەنینەوە، وەڵامی دایەوە:

ـ ئەوەیش بیرێکی باشە. زەوقێکی باشت هەیە، بەڵام چی لەوەها کۆشکێک دەکەیت؟





فرێدی دەستی خستە سەر شانی کۆرنێلیا و وتی:

ـ دەی خۆ مرۆڤ دەبێت لە جێیەک بژی.

ئینجا قیافەیەکی گرتە خۆی و درێژەی پێدا:

ـ دەی خۆ دەبێت ڕۆژێک لە ڕۆژان جێیەکی تەواو بۆ ئەم ئافرەتە فەراهەم بێنم. بۆیە پێم وایە کۆشکێک بۆ ئەم ئافرەتە تەواو بێت ئێرەکانە تەواو جێی سەرنجمە.

ئافرەتەکە بەشەوقی چاوانەوە، وەڵامەکانی بەگرینگیەوە دەدایەوە.:

ـ دەی کەواتە تەواو لێیهەڵبڕوانە. زۆربەی کۆشکەکان وێرانەن و تەنیا لە دەرەوە باش دێنە بەر چاوان، بەڵام بێ شک کە هینی تریشت لە نیازدایە. وا نییە؟

فرێدی بەئاوازێکی لاسایی کەرەوەی بازرگان ئاساوە وتی:

ـ بەڵێ بەڵێ، بەڵام ئائەمە زۆرتر شایانی هەڵبژاردنە. بێ شک خۆ من ئامادە نیم، پشیلەی ناو گوێنی بکڕم بەڵکو لەتەک نەخشەساز و بەناکانمدا دێمەوە. پێم وایە هەمووشی پێوەندی بەپارەوە هەبێت مرۆڤ ناتوانێت ئەمڕۆکە لە کۆشک و قەڵاکان ئەرخەیان بێت خۆ دەزانن مەبەستی من چییە؟

ـ ئەوەی تۆ دەیڵێیت تەواوە. زۆرم بەدڵە کە تۆ دەزانیت چۆن چۆنی دەبێت. ئەگەریش ویستتان سەردانی بکەن، هەواڵی من بپرسن. خۆ ئەگەریش نەیکڕیت هەر لێت تێ دەگەم.

فرێدی بە سەرسووڕمانەوە پرسی:

ـ یانی جەنابتان خاوانەکەیین و بابڵێین جەنابی میر خۆی دەناسن؟ یان جەنابتان لێرەکانە کار دەکەن؟

ـ تا ڕادەیەک. هەروا بەسانایی هەواڵی میرژنی لاین بپرسن ئەم ناوە هەمووی هینی ئەوە. هەندێک لەو باوەڕەیدان کە ئەو زۆر میهرەبان و دڵفراوانە. هەندێکیش ئەو بە هەژدیهایەک دەچوێنن بەهەرحاڵ مێواندارى لە هەردووکتان دەکرێت بێ شک جگەرە دەکێشیت؟

کە فرێدی سەری لەقاند ژنەکە دەستی بەگیرفانی چاکەتەکەی دا کرد و پاکەتێکی نیوپڕ لە گۆڵدۆڵاری دایە. فرێدی سوپاسی کرد و دانەیەکی داگیرساند، ئینجا وتی:

ـ وا باشترە کە جەنابتان ناوی خۆتانمان پێ بڵێن ئێمەیش هەواڵی ناوی جەنابتان دەپرسین، چونکە خۆ جەنابی میرژن خانم ئێمە ناناسێت.

لە ژێر چاویلکەکەیەوە چاوێکی داگرت و وەڵامی دایەوە:

ـ خـەمی لێ مـەخـۆ دۆسـتی گـەنجم لێـرەکانەدا تـەنیا یەک مـیـرژن هـەیە و ئەویش دەتانکاتە ژوورەوە، بەڵام لە یادت نەچێت کە دۆستە جوانەکەت لەتەک خۆتدا بێنیت! کەواتە، هیوادارم تا کاتێکی تر.

ئافـرەتەکـە بەرەو دەروازە گـەورەکـە چوو لەوێوە ئاوڕێکی دایەوە گـۆپاڵەکـەی بۆ ڕاوەشـاندن و ئیدی دیار نەمـا ئەمـان گوێـیـان لە قرتـە و فرتەی مـراوی و قـازی ناو حەوشەکەوە بوو، کۆرنێلیا پرسـی:

ـ لەو باوەڕەیدایت کە ئەو ژنە هـەر خۆی بوو؟

ـ کێ؟ مـیـرژن؟ بێ شک کـە هـەر خـۆی بـوو، بەڵام بازی بەئـێـمـە کـرد ئافـرەتێکی لەبەردڵانە!

ـ جا تۆلە و باوەڕەیدایت سەبارەت بەمیوانداریەکە، بەڕاستی بووبێت؟

فرێدی وەڵامی دایەوە:

ـ بۆچ نەء؟ بێشک کە بەڕاستـی بوو کەسـایەتییـەکی وەها، قسـەی بێ سـەرەوبەرە ناکات! ئەگەرچی لە هۆکارەکەشی تێنەگەم، بۆچ بیـەوێت کۆشک و قەڵاکەیمان پیشان بدات؟

ـ بەو سانایییە، چونکە ئێمە کۆشک و قەڵاکەیمان بەلاوە بەگەن بوو.

ـ پێ دەچێت حەزدەکەم جارێکی تر بیبینمەوە.

کۆرنێلیا وەک منداڵێک کە حەز بکات لەگەڵدا بێت، بۆی پێکەنی و وتی:

ـ منیش! سەری لێ بدەین؟

ئیدی هەردووکیـان کـەیفیـان زۆر سـاز بوو. سواری پاسکیلەکانیـان بوون و بەرەو قووڵایی دارستانەکە چوون هەتا جێیەک بۆ حەوانەوە پەیدا بکەن کۆرنێلیا وتی:

ـ لەتەک تۆدا هەمیشە شتێکی چاوەڕوان نەکراو ڕوودەدات.







ـ خۆ ئەوە بیری تۆ بوو کە بەرەو ئەم کۆشک و قەڵایە بێین.

ـ بەهـەرحاڵ، بەبێ تۆ بەمیرژن نەدەگەیشتم. یان گوێ لە کوڕێک دەگرم کە بەپێنج ساڵیش هێشتاکە لە مەمکی دایکی دەخواردەوە ئەرێ دوێنێ چۆن بوو کە چوویتەوە بۆ ماڵەوە؟

ـ وام دەزانی کە دوێنێکە خەریکە بێ گوناحی خۆمم لە یاد دەچێت.

بەڵام کۆرنێلیا بەوشەکان سوورهەڵگەڕا و هیچی نەوت فرێدی پرسـی:

ـ ئەی تۆ؟ چی لەکن ئێوە هەیە؟

ـ هەردووکـیـان لـەیەک خـۆش بوون و هەمـوو ئێـوارەکـەیش ئیـدی هـیـچی تریان نەخواردەوە ئیدی هەروەک خێزانێکی بەختەوەربین، بەڵام من هـەر هەموو ئێوارەکە بیرم لە شتێکی دی دەکردەوە.

ـ چ شتێک؟

ـ چونکە ئەوە شتێکی دیە کە مرۆڤ خۆشەویستێکی هەبێت.

ئینجـا خـۆشی بەسـەر فـرێدیدا نوشـتـاندەوە لێـشگەڕا کـە ئەو زۆرتر لە جـاری ڕابردوو دەست بەسەری دا بێنێت. لێرەوە گوێیان لە حیلەی ئەسپەکان و دەنگی پیاو بوو، لە کـۆشـک و قـەڵاکـەوە دەهـات کـە هەمـدیسـان بیـری لە مـیـرژنەکـە دەکـردەوە دەکەوتە یـادی دایکی خۆیەوە ئەم دایکی لەسـەر پێـخـەفی مـردن نەدەهـاتە بەرچاوان بەڵکو لە ساتی بەڕێکردن و بەخواسپاردنی باوکی دا فرێدی ئەو کاتە لە ناو دەرگەی دالانەکـەدا وەسـتا بـوو، کە لە لایەن ئەوانەوە بانگ کرا. ئەوە بۆ یەکەمین جـار بوو، فرێدی بابی بەبەرگی سەربازییەوە دەبینی. بەرگەکان بەبەری تەسک بوون و سەیری دەنواند، چونکەی دەسـتـی زۆر لە خـوارووی چاکـەتـەکـەوە، درێژ بووبووەوە. بابی بێـدەنگ دەسـتـی بەدایکیـدا و لـە ژێر لێـویشـەوە شـتـێکی ورتاند. ئیـدی بە کـورتی دەسـتێکی بەسـەری ئەمدا هێنا و ڕۆیشت هـیـچی تر فرێدی شکی لەوەی هەبوو، کە ئەگەر ڕۆژێک لە ڕۆژان بـابی بتوانێت لە بەندیخـانەیەکەوە بگەڕێتـەوە. بەهەرحاڵ، ئەو لە لیستـەی بەندییـەگەڕاوەکانی ڕووسیـاشدا نەبوو جـارێکیش ئەم لە ئێمـای پرسـی. ئێمایش وەڵامی دایەوە؛ ئەو هێشتـا لە بزربووەکانە، بەڵام مرۆڤ نابێت هیوابڕاو بێت

جا خۆ ئەم بەڕاستی بیریشی نەدەکرد، چونکە هیچ بیرەوەرییەکی لێوەی نەبوو تەنانەت ئەو باوکەشی بەبەرگی سەربازی و لە ساتی بەخواسپاردندا، یادگارێکی خۆش نەبوو فرێدی دەبووایە باوەڕی بەوە بهێنابایە، کە بەڕاستی بابی خۆی نەدەناسی، چونکە ئەو هەر زۆر کەم و دەگمەن لە ماڵەوە بووە نهاکە بیری لێ دەکاتەوە دەبێت چ کارە بووبێت ئینجا هەستێکی شەرمن دای دەگرتەوە فرێدی خۆی خستە سەر پشت ڕوانییە ئاسمانەکە و جگەرەیەکی لەو جگەرانە گرِدا کە میرژن پێی دابوو، کۆرنێلیا وتی:

- من دەمەوێت کە بەزوویی بتبینمەوە.

- پێ دەچێت کۆتایی هەفتە؟

- ئەو کاتە ئێمە دەچینە سەردانی خزمان.

- دەی کەواتە دووشەممە؟

چونکە بیری کردەوە؛ گوایە ڕۆژی دووشەممە یەکتربینینی لاوان بوو، بۆیە بۆ بیانوویەک دەگەڕا نەچێت. کۆرنێلیا وتی:

- دووشەممەی داهاتوو دەمژمێری سێ بەڵام لە یادت نەچێت!

- جا پێ دەچێت کە سەردانی میرژنیش بکەین با هێندەی دوور نەخەینەوە، ئەگینا لە بیری دەچینەوە و ڕێگەی چوونە ژوورەوەمان نادات.

کۆرنێلیا پرسی:

- ئەرێ دەبێت بەرگی تایبەتی بپۆشین؟

- هێندە بەسە کە قژمان، بەریکوپێکی شانە بکەین.

دەستێکی بەسەر ڕانیدا خشاند هەتا کۆرنێلیا دەستی گرت و لای برد.



## غافڵگیرکردن

فرێدی لەسەر ڕێی چوونە کن لاوکمانی جووتیار بەپاسکیل، بەشەقامی ویندموولەردا تێپەڕی. لەبەر دەرگەی ماڵی پلۆتێرمان دا وەستا، تا هەواڵی دیتس بپرسێت، چونکە ساتێک دیتس، نازانم بۆ کوێ و شایەد بۆ (کۆلن) هەڵهات، گرتبوویان و هێنابوویانەوە کەسێک نەیدەزانی مەسەلەکە چییە.چونکە ئەو تا نەاکەیش بۆ خوێندنگە نەگەڕابووەوە کەسێک هۆکارەکەی بەباشی نەدەزانی ڕۆژێک بەر لە هەڵهاتنەکەی، دیتس بەفرێدی وتبوو، کە ئەو دەچێت و لە دوای بابی دەگەڕێت.چونکە بابی چەند مانگێک لەمەوبەر هەڵهاتبوو. ئیدی دوای چوار ڕۆژان دیتس سەری هەڵدایەوە و پۆلیسیش ئەویان گرت. لە خوێندنگەیش خەڵکی هەر هێندەیان لێدەزانی و لەبارەیەوە قسەیان دەکرد دایکی دیتس لە حەوشەکەدا، لە نێوان تەویلە و خانوەکەدا دانیشتبوو و مراویەکی ئاوەڕووت دەکرد.ئافرەتەکە قەڵەوێک بوو لەسەر کۆتەرەدارێک دانیشتبوو و پەڕەکانی فڕێ دەدایە سەتڵێکەوە. لاشەی مراوییەکە لە بۆشاییدا دەلەرایەوە و خوێن لە برینێکی سەری دەچۆڕا. فرێدی هێشتاکە بەسەر پاسکیلەکەیەوە دانیشتبوو، دەستێکیشی توند بەلاشیپانی دەرگەکەوە گرتبوو. فرێدی پرسی:

- ئەرێ دیتس لە ماڵە؟

ئافرەتەکە تەنیا ئاوڕێکی دایەوە ئیدی دەستەکانی هەر سەرگەرمی لێکردنەوەی پەڕ بوون ڕووخساری دەریدەخست لە گوزەرانێکی قەڵسکەردایە ئەو وتی:

- بڕۆ و بزربە.

ئینجا فرێدی بەخانووەکەیدا هەڵڕوانی، چونکە دەیزانی کامە پەنجەرە هینی (دیتس) ە. بەڵام هیچ شتێک دیار نەبوو. بۆیە جارێکی دیش هەوڵی دایەوە:

- دەتوانم زۆر بەکورتی لەتەکیدا بپەیڤم؟

ـ ئەوە دەڵێیت ناتوانیت باش ببیستیت؟ دەی لاچۆ و بزربە؟ ئەگینا سەگەکەت تێبەر دەدەم.

دیاربوو کە بێ سوود بوو فریدی کەوتە جموجووڵ پێکردنی تایەی پاسکیلەکەی لەناو زیخەکەدا، هەتا وێنەیەک دروست بوو. ئیدی کەوتە ڕێ. ئەوە پیرە بۆچ وای کرد؟ جا خۆ من دیتس هەر دەبینم و هەموو شتێکیشم بۆ دەگێڕێتەوە.جا بۆ ئێساتاکە نەبێت؟ دیتس مێردمنداڵێکی قەد کورت و شەرمێون بوو. ڕووخسارێکی درێژکۆلەی وەک ڕێوی هەبوو ئەو هێندە بچکۆلانە بوو کە منداڵەکان لە زرمەزلێدا خۆیان لێ لادەدا ئیدی کلاوەکەشی کە گوایە خۆی دووریوەتی و جێی تێڕامان بوو، هێندە بە گرینگ وەرنەدەگیرا کلاوێکی خڕی سوور کە لێوارەکەی بەدەم باوە دەشنایەوە. لەژێر کلاوەکەیشدا، چاویلکەیەکی شووشە ئەستووری لە چاواندا بوو کە ئەوجارە و لە پشووەکەدا بەفریدی وت؛ ئەو دەچێت لە دوای بابی دەگەڕێت. فریدی مەسەلەکەی بەجەخت و ڕاستی وەرنەگرت بۆیە نهاکە لەو هەڵوێستەی خۆی پەشیمانە بیری کردەوە:گەر کەسێک هەڵبێت، نابێت بەناپیاو بقەبڵێنرێت ئیدی هەرچەندیش بچکۆلانە بێت خۆ هیچ نەبێت ئەو توانی چوار ڕۆژان بەرگەی مانەوە بگرێت بۆیە فریدی ئەوی بەلاوە گرینگ بوو سەرسام بوو پێی بۆیە بەباشی زانی لەتەک ئەودا هەڤاڵبەندیەک ببەستێت.

بەدەووروبەری دیواری خانووەکەی لاوکماندا، گەزنە بەرز هەڵچوو بوو لەسەر ڕێگەی چوونە ژوورەوەی ماڵەکەشیدا و لە ناو دەروازەکەدا، پڕ بوو لە تەپاڵەی تازە کردوو لە ناو حەوشەکەشدا مریشک دەیانقیراند و دەیانگاراند مراویەکانیش لە چڵکاوێکی نێزیک سەرنوێلکێکەوە قرتەقرتیان بوو لە هەموو لایەکەوە گژوگیا سەریان دەرهێنا بوو بەرپەنجەرەی چێشتخانەکەیش بەتەونی جاڵجاڵۆکە تەنرابوو گیا هەڵچوو بوو هەردوو ئەسپەکان کە ئارەقەیان کردبووەوە، لە بەرتەویلەکەدا وەستا بوون. بەناڵەکانیان تەقەیان لە تەختی بەردینی زەوییەکە هەڵدەستاند. لاوکمان بەبرێک ئالف و پارچەیەک پەڕۆوە لە تەویلەکە هاتە دەرەوە. بەپەڕۆکە کەوتە سڕینی لەشیان. کە فریدی بەدزییەوە لێی هەڵڕوانی بەشی سەرەوەی لەشی کابرا ڕووت بوو وا دیاربوو پێستێکی باش و تەندروستیشی نەبێت فریدی بیری کردەوە: پێ دەچێت





کە باشنەبوونی پێستی، پێوەندی بەحیز بوونەکەیەوە هەبێت، چونکە هەر بەڕاستی پێستی لە باش ناچێت، دەی خۆ بۆ ئەسپەکانیش هیچ گرینگ نییە کابرای جووتیار حیز بێت یان نەء. دوو کۆترەتاوس لە سەربانەکەوە بەرە و خوار هەڵفڕین.بەسەر دانی مریشکەکانەوە لە قووڕ و چڵپاوەکەدا هەڵنیشتنەوە و کەوتنە دەندوک لێدان فریدی لەوەی سەری سووڕما لەتەک ئەو هەموو پیسیەشدا کە لەو ناوەدا هەبوو کەچی پەرەکانیان سپی بوو جا بۆ ئەوەی کە قسەکانیان بەلای کۆتردا بەرێت، فریدی وتی:

ـ جووتێک کۆترەتاوسی جوانت هەن.

بەدەم هەڵواسینی تورەکەی ئاخورەوە بەملی ئەسپەکاندا، کابرا وەڵامی دایەوە:

ـ ئەو دووانە تەنیا خۆشیمن ئەرێ گوزەرانی خوێندنگەت لە چی دایە؟

هەروەک زۆر گرینگی بۆ خوێندنگە هەبێت هەمیشە هەواڵی لێ دەپرسی. فریدی لە پشت پەنجەرەی چێشتخانەکەوە ژنە ئۆکراینییەکە ماریای بەدی کرد کە لە کاروباری ناوماڵدا هاوکاری لاوکمانی دەکرد فریدی دەیتوانی بەجموجوڵەکەیدا بزانێت، ئەو لە پاڵ دەفرشۆرەکەدا وەستاوە و دەفر دەشوات کە ئەم دەستی بۆ هەڵخست، ئەویش پەنجەرەکەی کردەوە و بزەیەکی بۆ ئەم کرد فریدی بیری لێ کردەوە؛ دەبێت بۆ ئەو ژنە گەلێک وەڕسکەر و تەنیایی بێت ئالێرەدا و لەتەک حیزێکدا بژیت. باشە بۆچ بۆ ئۆکراینا ناگەڕێتەوە؟ دیارە کە ئەوێی زۆر بەدڵ نەبێت. حەوجێ بیریشی بەلای کلاس وێلینگادا چوو. هەروەک ئێرەکانە لە جێی دی باشتر بێت. فریدی وەڵامیدایەوە:

ـ هەموو شتێک بەڕیکوپێکی بەڕێوە دەچێت تەنیا کاتی زۆرم لێ دەگرێت هیچت لە هەمبەر خانووەکەی زینکەوە بیستووە؟

ـ لەو باوەڕەیدام ئەگەر شتی وەها لە من ڕوو بدات ئەوا خۆم دەکوژم.

ـ هەموو گا و مانگاکان تێداچوون.

ـ جا ئەوە لە هەمووی خراپتر کەسێک نەیتوانیووە زنجیرەکانی پەلیان بکاتەوە، گوایە وەها بەیەکدا ئالا بوون هەر ئەوەیش هۆکاری تۆپینەکەیان بووە گوایە زینکەیان گرتووە، بەڵام هەردوای ڕۆژێک ئازادیان کردووە. لە دووی کەسێک دەگەڕێن

که هۆکاری ئاگرەکه بێت.

ـ تۆ لەو باوەڕەیدایت، هەر خۆی بووبێت؟

ـ پیره زینکه خۆی؟ هەرگیز نەء! ئەو وەک ئەو کۆترانه نەرمونیان و میهرەبانه!

ـ باشه لەو باوەڕەدا بیت کێ بێت؟ کوڕەکەی؟

ـ خۆ ئەو هەر لێره نەبووه. ئەو چووبووه سەردانی دایەپیرەی له کۆلن. ئەمەیش پۆلیس سەلماندوویەتی.

ـ ئەی کێدەڵێیت که ئەو بەفێڵێک ئەمەی نەکردبێت؟

ـ چۆن به فێڵێک...؟

ئینجا بەگرینگیشەوه سەرنجی له فرێدیدا که (لاوکمان) لغاوەکەی خسته دەمی یەکێک له ئەسپەکانەوه، دانه گەوره و زەردەکانی دەرکەوت. دەتگۆ ئەسپەکه پێدەکەنێت.فرێدی درێژەی پێدا:

ـ بەبۆمبی کاتژمێری و شتی لەو بابەته یان له ژێر شارۆیەک گیادا چاڵێک هەڵدەکەنێت و مۆمێکی داگیرساوی تێدا بەجێ دێڵێت و ئیدی بەرەو کۆلنیش ڕێ دەکەوێت ئیدی ئەو له مێژه له کۆلنەو لەتەک نەنکیدا کێک دەخوات، که مۆمەکه گڕی له شارۆکه بەرداوه جا مرۆڤ ئاوەها دەتوانێت نیشانێک له هۆکارەکه بدۆزێتەوه؟!

ـ جا بۆچ دەبێت که ئەو شتی وەها بکات؟

ـ بۆ ئەوەی که دایک و بابی تێدا بەرێت، چونکه لێدانی زۆری له لایەن ئەوانەوه بەرکەوتووه.

بەدەم لێ کردنەوەی توورەکەی ئاڵفی ملی ئەسپەکەوه لاوکمان وتی:

ـ چ من و چ دنیاش ئەوه دەزانین، بەڵام کەسێک نایڵێت که زۆر جاران نابوێری لەم وڵاتەدا سەرکەوتووه جا ئەگەر ئەو کردبێتی ئەوا هەر بەگیری دێنن.

فرێدی دەبووایه بگەیشتایەته ساتی وتنی مەبەستەکەی، چونکه دەیزانی که لاومان، هاکا دەیەوێت ئەسپەکانی بۆ دەرەوه و مەزرا بەرێت، بۆیه وتی:

ـ دەتوانیت تۆزێک هەرزنم پێ بدەیت؟





ـ بچۆره ژوورەوه و بۆ کن ماریا. ئەو دەزانێت خەله و خەرمانەکه له کوێدایه. ئیدی من دەبێت بڕۆم، بەڵام دەتوانیت جارێکی دی بێیتەوه، باشه؟

ئینجا ئەسپەکانی برده بەرگارییەکی ژەنگگرتوو که پەینی پێ دەگواستەوه پاشان بەپشتاو پشت ئەسپەکانی نێزیک کردەوه و ئیدی هەردووکیانی له گارییەک بەست. خۆشی هەڵدایه سەر کورسیه ژەنگاوییەکە، لغاوەکانی به دەستەوه گرت و بەدەروازەکەدا چوونه دەرەوه. تا ماوەیەکیش کرچەی تایه ئاسنەکان دەبیسترا.

فرێدی بەتەویلەکەدا چوو بۆ چێشتخانه گەورەکه ماریا هێشتاکه له کن دەفرشۆره بەردییەکەوه وەستابوو و دەستەکانی وشک دەکردەوه دەمژمێرێکی دیواری کرتەکرتی بوو مێش و مەگەزیش بەهەموو لایەکەوه بوو تەختی زەوییەکەیش شێدار بوو. فرێدی لەبەردەرگەکەدا وەستا و وتی:

ـ تۆ دەبێت تۆزێک هەرزنم پێ بدەیت.

ماریا بزەیەکی کرد و وەڵامی دایەوه:

ـ دەی وەره له تەکمدا، خۆ تۆ زۆر جاران بۆ ئێرەکانه هاتوویت من تۆم بەدی کرد، ناوت چییه؟

ـ ناوم (ئەلفرێد)ه بەڵام خەڵکی به فرێدی ناوم دەبەن تۆیش دەتوانیت بەفرێدی بانگم بکەیت.

ـ دەی ئەلفرێد وەره و با بڕۆین.

قۆڵ و باسکی ماریا ڕووت بوون فرێدی توانی له ژێر قڵیشی بلوزەکەیەوه بەشێک له مەمکی ببینێت. ماریا ڕووخسارێکی پەمەیی و قژی زەردی تۆخی هەبوو بەلای فرێدییەوه ئەو برێک خڕوخەپان بوو، بەڵام جوانیش. فرێدی هەرگیز ئەوی له نێزیکەوه نەدیبوو. بۆیه هیچ گرینگییەکیشی بۆی نەبوو. ئایا لاوکمان که خۆشی حیزه، پێوەندییەکی لەتەک ئەم ژنەدا هەبێت؟ فرێدی که له دوای ماریاوه بەپەیژەکەدا هەڵدەگەڕا، هەوڵی دەدا سەرنجی پووز و ڕانەکانی نەدات، چونکه لەم ڕوانگەیەوه هەتا سەرەوه و دەرپێ سپیەکەشی دەبینرا ماریا عەلاگەیەکی له گوێنییەک دەرهێنا، چووه کن فەردەکه چیچکەی دایەوه و کەوته دەرهێنان و تێکردنی هەرزن.بەدەم

هەڵتەکاندنی عەلاگەکەوە پرسی:

ـ خۆشەویستێکت هەیە، ئەلفرێد؟

ـ نەک وەها بەڕاستی.

ئینجا حەزیشی دەکرد، هەرچی خێرایە بگاتەوە کن پاسکیلەکەی. کە ماریا وتی: "دەی کەواتە هەتە.." فرێدی لەشی گەرم بوو و شەرم دایگرتەوە. فرێدی چووە کن پەنجەرەکە و وتی: " بەو مانایەش نا" شووشەی پەنجەرەکان بەپیسی و تۆز و پڕ لە تەونی جاڵجاڵۆکە، داپۆشرابوون.

ـ ئەلفرێد، کەواتە دەتوانیت من ماچ بکەیت. حەز دەکەیت؟

کە ماریا لە بەردەمیدا وەستا خوێنی فرێدی هاتە جۆش بێ ئەوەی کە ماریا چاوەڕێی وەڵامی ئەو بێت قۆپچەی بلوزەکەی خۆیی ترازاند دەستی فرێدی گرت و خستییە سەر مەمکی خۆی و گووشی. ئەوجا بەدەمی کراوەوە لە فڕێدی هەڵدەڕوانی. بەرلەوەی کە فرێدی بتوانێت بیرێک بکاتەوە ماریا ئەوی پەلکێش کرد فڕێیدایە سەر مەڵۆ شەوەرەکە و کەوتە داکەندنی پانتۆڵەکەی فرێدی. ئیدی کە ماریایش دەرپێ سپییەکەی خۆیی داکەند پاشان بەپشتتدا و لەسەر مەڵۆ شەوەرەکە پاڵکەوتبوو و لنگی بەبەرزاییەوە دەجووڵایەوە بەدەمییەوە پێ دەکەنی و فرێدیشی توووند بەخۆیەوە گرتبوو. تەنوورەکەی هەڵدایەوە و فرێدی بۆ کن خۆی ڕاکێشا. دەستی بەسەری فرێدییەوە گرتبوو و ماچی دەکرد. ناوگەڵی ماریا تەوا تەڕ بوو، فرێدیش کۆنترۆڵی خۆی لە دەستدا.پاشان لە چێشتخانەکەدا، ماریا کراسەکەی ئەوی ڕێککردەوە و لێشی پرسی؛ کە ئایا جارێکی دی دێتەوە؟. دەستیشی لە ناوقەدییەوە ئاڵاندبوو.کە بۆ فرییدی زۆرخۆشنەبوو.لە وەڵامدا تەنیا وتی: " لەوە دەچێت.." ئیدی بەرە و پومپی بیرەکە چوو، هەتا دەستەکان و ڕووخساری بشوات، چونکە هەستی دەکرد، ئەگەر خۆی نەشوات ئەوا بۆنی ماریای لێ دێت. دەی ئەمەیش نابێت ئێما پێی بزانێت بەرلەوەی ماڵە کە جێ بێڵێت، هێشتاکە لەبەر ئاخوڕی بەر تەویلەکەدا وەستابوون، ماریا جارێکی دی ماچی کردەوە. فرێدی زانی کە ئۆکراینی چلۆن ماچ دەکەن. ئەمیش چۆن دەبێت کۆرنێلیا ماچ بکات دەی خۆ ئەمە بۆ کۆرنێلیا ناگێڕێتەوە بەدەستێک عەلاگە هەرزنەکەی گرتبوو بەدەستەکەی تریش سووکانەکە و





پاسکیلەکەی دەهاژووت. جارێکیش ئاوڕی دایەوە هەتا بزانێت کە ئەو لە دواوە لەم ناڕوانێت. فرێدی تەنیا چەند گوڵ و مریشکی بەر دەروازەکەی دی.

ئەوان لە پشتی پێچەکەدا وەستابوون.بۆیە نەیتوانی بیانبینیت و خۆی لێیان لابدات ئەوان کورسی پشت پاسکیلەکەیان توووند گرت. بێکمەنە خێل فەرمانی پێ دا کە دابەزێت ئەو برا ناوەنجی دووان بوو لەتەک رووپێلی قەشمەر و باودوینا دا بوو. فرێدی بەدژوواری توانی هاوسانی خۆی ڕابگرێت و عەلاگە هەرزنەکەی لەدەست نەکەوێتە خوارەوە. ڕووپێل وتی:

ـ ئابزانە کێمان لێرەکانەدا بەگیر هێناوە... ئەوە لە کوێوە دێیت؟

بەدارەکەی دەستیشی بەتایەی پاسکیلەکەیدا دەکیشا ئینجا وایەری گڵۆپەکەی پێشەوەی لێکردەوە. فرێدیش هیچی نەوت. دەبوایە خۆی لە ڕووپێل قەشمەر بپاراستایە. بێکمەنە خێلیش وەک ئەم، کۆتر بەخێوکەر و ئەندامی هەمان یانەیە. باودوینیش تەنیا لایەنگرێکی کوێرانەبوو. ڕووپێل وتی:

ـ ئەم خورتۆلکەیە ناخوازێت وەڵام بداتەوە.

ئینجا بەدارەکەی دەستیشی و لە هەموو لایەکەوە، کەوتە پێداکێشانی پاسکیلەکە. بۆکمەنە خێل وتی:

ـ دەوازی لێبێنە.

ڕووپێل بەدارەکەی بەعەلاگەکەیدا کیشا، هەرزن هەروژمی هێنایە دەرەوە و سەر جادەکە و وتیشی:

ـ لە دەستم ڕزگاری نابێت.

فرێدیش بیری لێ کردەوە وا باشترە کە هانەهانەی نەدەم ڕووپێل وتی:

ـ دیارە کە لە مەشقی مەلە دەگەڕێیتەوە.

ئینجا بێکمەنە خێل و باودوین بەلاقرتێوە پێکەنین. ڕووپل بەدارەکە کێشای بەباسکی چەپیدا، کە ئازاری پێگەیشت و سڕبوو. فرێدی پاسکیلەکەی فڕێدا، پەلاماری پەمپی پاسکیلەکەی دا و کەوتە لێدانی ڕووپل. چەند جار قۆڵ و باسکەکانی دایە بەر لێدان ڕووپلیش بەرەو پاسکیلەکە هەڕای کرد و کەوتە لێدانی تایەی

پێشەوەی پاسکیلەکە، هەتا خوار بووەوە. ئینجا دارەکەی فڕێدا و بەبۆکس کەوتە شەڕ و قسە پێ وتنی:

- نهاکە دەمت دەشکێنم! لە پێشدا گانگانێنی کن هێڵی ئاسنین و ئینجا دزینی هەرزن لە جووتیار.

فرێدی دەیزانی کە شەڕی بۆکسێنی لەتەک ڕووپێلدا پێ ناکرێت. بۆیە بەتیلەی چاو سەرنجێکی بۆکمەنە خێلیدا، چونکە لەوەی دەترسا ئەگەر شەڕەکە درێژەی هەبێت، ئەوا بێ شک هەردووکیان لایەنگری ڕووپل دەکەن. بۆیە تەنیا وتی: " دەی بملێسەرەوە، ئیدی پاسکیلەکەی جێهێشت و کەوتە ڕۆیشتن. ئەوان لە پاڵیا دەڕۆیشتن و رووپلیش هەر جنێوی پێ دەدا، بەڵام دووانەکەی تر هەر بێدەنگ بوون. لە ناکاو بۆکمەنەخێل وتی:

- کورە دەوازی لێبێنە لەوەیش خراپتر هەیە.

دەنگی بەرزی ڕووپل بیسترایەوە:

- ئا لەمە خراپتر هەر نییە.تا نهاکە چەقاوەسوویەکی حیزی وەهام نەدیووە.ئێستا وەهای لێ دەکەین، هەتا ددانەکانی دەکەونە قنگییەوە و کلاقیر دەژەنن! سەیری ئەم گەمژەیە بکەن چۆن بەڕێدا دەڕوات..

فرێدی ئاوڕی نەدەدایەوە، چونکە دەیزانی ئاوڕدانەوە بۆ ئەو مەترسی دروست دەکات ئەگەر بیتوانیبایە و هەتا شەقامەکەی خۆیان بڕی بکردبایە ئەوا ڕزگاری بووە. هەر لەبەر خۆوە وتی:

- باشتر بوو کە لە گۆمەکەدا بخنکایتایە.

- تۆیش باشتر لە من مەلە نازانیت.

کە ڕووپل ئەمەی وت، فرێدی هەستی کرد ئیدی مەترسی لەسەر نەماوە. سنگ و قوورگی فرێدی قوورس بووبوون و کەوتە کۆکین دەیزانی کە هۆکارەکەی ڕەبۆکەیەتی. چووە لێواری شەقامەکە و بەکۆماوییەوە، کەوتە کۆکەکۆک، چونکە دەیزانی ناکە، ڕووخساریشی شین هەڵگەڕاوە لە هەوڵی ئەوەدا بوو هەناسەی ئاسایی بکاتەوە، بەڵام نەشیدەتوانی جا وا دیاربوو کە ترس هۆکارەکەی بێت، بەڵام لەگەڵ ئەو





گوزەرانەیشدا بینی کە هەرسێکیان لێی دوور کەوتنەوە ئیدی بەو گوزەرانەوە، ملی بەلارەوە گرتبوو، کەوتەوە ڕێ تەنیا بیری لەوە دەکردەوە لەسەر ئەم شەقامە نەمرێت. ماڵەکەیانی وەک تارماییەک دی ئیدی بەرەو ئەوێکانە کەوتە هەراکردن  تا دەهات دنیاش تاریکتر دەبوو لەشیشی کەوتبووە لەرزە دەستەکانی دەلەرزین بۆیە بەلایەوە دژووار بوو دەسکی دەرگەکە بگرێت بەهەرحاڵ دەرگەکەی کردەوە و خۆی بەژوورەکەیدا کرد بەدەستە لەرزۆکەکانییەوە بەدوای شووشەی ئیۆکالیپتۆسەکەدا گەڕا هەتا دەسڕۆکەکەی پێتەڕ بکات، بەڵام شووشەکەی کەوتە خوارەوە و بۆ ژێر تەختی پێخەفەکەی گلۆر بووەوە کە فرێدی دەسڕۆکەکەی بە ئیۆکالیپتۆس تەڕ کرد، خستییە بەر لووتی و هەڵیمژی، بەڵام هیچ یارمەتییەکی نەدا ئیدی کەوتە سەر پێخەفەکەیی و بەخێراییش تاریکی دەووروبەری گرتەوە ئێما ئەوی بەبەرگەکانییەوە و لەسەر پێخەفەکەی دۆزییەوە. ترپەی خوێنی فرێدی زۆر بەرز بوو و ئارەقەیەکی ساردیش هێنابوویە لەرزە بۆنێکی نامۆشی لێ دەهات ئێما ئەوی باش داپۆشی ئینجا چوو لە دەرگەی ئۆتۆیدا هەتا بۆ کن پزیشکی بنێرێت پاشان ئێما دەرفرتایە چێشتخانەکە هەتا بانوێکەی بۆ ئامادە بکات کە ئێما ویستی یارمەتی بدات و لە پێخەفەکەی دەری بێنێت فرێدی نووشتایەوە بۆیە دوو پیاوی کە لە ماڵەکەدا دەژیان هاوکاریان کرد فرێدی بۆ چێشتخانەکە بەکێش بکەن. کە ئێما بەرگەکانی لەبەر داکەند چەند دەنکە هەرزن لە گیرفانی پانتۆڵەکەیەوە بەربوونە خوارەوە فرێدی هەوڵی دەدا کە خۆی بجووڵێنێت، بەڵام ئەو بێ هێز و هەڵدەلەرزی. هەرکە چووە ناو ئاوە گەرمەکەوە هەستی بەئازاری ناخ و ترپەترپی خێرای دڵی خۆی کرد بۆیە بێ ئەوەی بیر لە شەرم بکاتەوە، لێ گەڕا کە بێدەنگ ئێما بیشوات. وەک لە تارماییەکدا بێت گوێی لە ورتە ورتی ئێماوە بوو. کە پزیشک گەیشت، ئەو لە پێخەفەکەی ئێمادا پاڵکەوتبوو و هەموو شتێک لە بەرچاوانیدا دەسووڕایەوە. ڕووخساری سوور هەڵگەڕاو و گەرم بوو لە ساتی بوورانەوەدا بوو.ئاگایشی لەوە نەبوو کە هەڵیان گرت و بۆ کن ئۆتۆمبێلێکیان برد و ئینجا بۆ نەخۆشخانە.

## نەخۆشخانە

کە بەئاگابووەوە، دەوروبەری هەموو سپی بوو نەیدەزانی لەکوێدایە و لە هەوڵی ئەوەدا بوو، بیهێنێتەوە یادی خۆی وێنەکانی دەهاتنە بەرچاوانی هیچ مانایەکی وەهای پێ نەدەبەخشین: گردۆڵکەیەکی بەگەنم داپۆشراو ئافرەتێکی ماخۆلانگرتوو.دوو ئەسپ کە سەریان لە ناو توورەکەی ئالفەکەیاندا بوو دارێکی دەستی ڕووپڵ ویتس کە چاوی کردەوە ئێمای بەسەر خۆیەوە دی هەستی لێ نێزیکی و لێ ڕاهاتن بزەیەکی خستە سەر لێوەکانی بەسەرنجێک بۆی دەرکەوت، هەروەک بۆ ناو ژیان گەڕابێتەوە ئێمایش زەردەخەنەی بۆ کردەوە، بەڵام لە ڕووخساری دا خەم و ماندوییەتی دەبینرا. ئێما وتی:

- زۆر خەوتیت.

فریدی هەوڵی نەدەدا، وەڵامی بداتەوە تەنیا لێی هەڵدەڕوانی، چونکە دەیزانی کە تەنیا بەهۆی ئەوەوە دەتوانێت بێتەوە سەر حاڵ و دوای کاروبارەکانی بکەوێت. هەستی بەخەمباریەکی بێ سنوور دەکرد. ئێما دەستی گرت و پێی وت:

- دەرزیەکیان لێ دایت، هەتا دڵت ئارام بێتەوە هەتا بتوانیت بخەویت.

- ئەی چەندە خەوتم؟

کە پرسیاری کرد دەنگی گڕ بووبوو.

- نێزیکەی یەک ڕۆژ.

بەدەنگێکی نامۆوە پرسی:

- من نەخۆشم؟

- ترسی ئەوەم هەیە کە نەخۆش بیت. بۆیە پێم وایە دەبێت ماوەیەک لێرە بمێنیتەوە.

- چییە؟

- هێشتاکە نازانرێت. پزیشکەکان دەیانەوێت لە پێشدا پشکنینت لێ بکەن، بەڵام





جارێکە هیچ ئامۆژگاریەکیان نییە. ئەرێ دوێنێ شتێکت لێ بەسەرهاتووە؟

فریدی خۆبەخۆ سەری لەقاند ئێما بە گرینگیەوە سەرنجی دا و وتی:

- لاوکمانی جووتیار بەسەر گاریی خەڵووزەکەیەوە پاسکیلەکەی بۆ هێناویتەتەوە. دیارە کە بزرت کردووە. منیش پێم وت: تۆ نەخۆشیت ئەویش دەیەوێت ڕۆژی یەکشەممە سەردانت بکات.

- پاسکیلەکە خراپ بووبوو بۆیە لەوێکانە جێم هێشت..

- من خۆم نەمدیووە.

- بەڵام خراپ بووە، جا لەوە دەچێت کە ئەو چاکی کردبێتەوە.

- باشە بۆچ لە کن ئەو بوویت و چیت لێدەویست..؟

فریدی بەدەنگە نزمەکەیەوە کە نیشانەی شکی پێوە نەدەبینرا وتی:

- هەروا سەردانی بکەم.

- ئەو یەک توورەکە هەرزنی بۆ بەجێ هێشتوویت.

- ئەوە بۆ کۆترەکانە بیدەرە ئۆتۆ باشە؟

ئیدی ئێما پرسیاری تری نەکرد. تەنیا بێدەنگ لە لێواری پێخەفەکەیەوە دانیشتبوو فریدیش چاوەکانی نووقاندبوو زۆر ماندوو و شەکەت دیار بوو ئێما دەستێکی بەسەریدا هێنا لە نەستیشەوە شکی لە گێڕانەوەکانی هەبوو ئیدی ڕۆیشت. پیاوانی تریش لەسەر پێخەفەکانی دی پاڵکەوتبوون هەندێکیان سارغیان بە لاق و یان سەرەوە بوو هەندێکیشیان هیچ ئاشکرا نەبوو کە چیانە پیرێک لە سووچێکدا جارجارە ئاخ و ئۆفی بوو هەرهەموویان بێدەنگ بوون هیچێک لەوان میوانیان بۆ سەردان نەبوو پیاوێکی ڕیشدار هەڵسا هاتە بەردەمی فریدی و سێوێکی سووری بۆ ڕاگرت و پێی دا ئیدی کابرا گەڕایەوە بۆ کن پێخەفەکەی دەرەویش تاریک بووبوو فریدی بیری کردەوە" کێ ناڵێت تووشی نەخۆشییەکەی ئەندامی زاووزێی ئۆکراینی نەبوومە؟ بەڵام خۆ ئەگەر وەها بێت، مرۆڤ دوای ڕۆژێک هەستی پێ دەکات" بۆیە دەستی بەرەو ناوگەڵی خۆی برد، بەڵام هەرشتێک وەک پێشوو وابوو. باشە ئەگەر نەخۆشییەکە لەو جۆرانە نییە، ئەی بۆچی ئەمیان بۆ بەشی پیاوان هێناوە

پاڵەپەستۆیەکی نامۆی بەسەر سنگییەوە هەست پێ دەکرد، بەڵام ئازاری نەبوو کە خواردنیشیان بۆ هێنا، بەسەر لەقاندن گەڕانییەوە بەڕووی دیوارەکەوە وێنەیەکی ڕەنگیی عیسا هەڵواسرابوو بۆیە کەوتەوە یادی وێنەی سەر دۆلابەکەی ماڵەوە کە سستەرەکە حەبی بۆ هێنا بەچەند قووم ئاو قووتیدا ئیدی خەوی لێ کەوتەوە.

پاش نیوەڕۆی ڕۆژی داهاتوو ئێما هاتەوە بۆ نەخۆشخانە بەسەرنجدانی ڕووخساری فریدی هەستی بەگۆڕانێک کرد بەپەژارەوە لەسەر پێخەفەکەی دانیشتوو دەستی خستە ناو دەستییەوە:

ـ ئەمڕۆکە گوزەرانت چۆنە؟ ئەی پزیشکەکان چیان وت؟

ـ ئەوان لە ژێرخانەکەدا، هەموو هەوڵێکیان لەگەڵمدا داوە زۆریش لەتەک یەکتردا قسەیان کرد، کە من زۆری لێ تێ نەگەیشتم. پێ دەچێت، هاکا کردمیانە دەرەوە.

ـ من لە پزیشکەکان دەپرسم ئەمڕۆکە زوو دوو پۆلیس لە کن ئێمە بوون و لە ژوورەکەتدا لە شتێک دەگەڕان پێم وایە کە ئەوان دەیانەوێت لە بارەی ئاگرکەوتنەوەکەی ماڵەکەی زێنکەوە، لە تەک تۆدا بپەیڤن.

ئەگەرچی دڵی فریدی کەوتە ترپە ترپ، چونکە دەیزانی کە ئەمە چ مانایەکی هەیە بەڵام بەئارامی پرسی:

ـ بۆچ؟

ئێما بەگوێیدا چرپاند:

ـ چونکە لە شەوی ئاگرکەوتنەوەکەدا تۆیان لە نێزیک ماڵەکەوە دیووە پیرە زینکە لە لێکۆڵینەوەکەی دا، ئەمەی وتووە.بۆیە باشترە ڕاستییەکەیم پێ بڵێیت ئایا شەوی ئاگرەکە لەوێکانە بوویت؟

فریدی هیچ هۆکارێکی بە پەسەند نەدەزانی کە ڕاستی بەئێما نەڵێت:

ـ من بەشاتەشاتی ئۆتۆمبێلی ئاگرکوژانەوە بەئاگا هاتمەوە کە بەلای ماڵەکەماندا تێپەڕین جا بۆ ئەوەی بزانم چی ڕووی داوە بۆیە منیش بۆ ئەوێکانە چووم.

ـ ئەی باشە بۆچ لەم بارەیەوە هیچت بۆ من نەگێڕاوەتەوە؟

سەرنجی ئێما پڕ لە ترس بوو. فریدیشی تووشی بەدگومانی دەکرد بۆیە بڕیاری دا





ئەوەی کە دەیزانێت پێی بڵێت

ـ دەمویست کە، بەڵام ئیدی لە بیرمچووەوە بەڕاستیمە!

ئەو هیچ بیانوێکی نەبوو کە نەتوانێت، لەو بارەیەوە لە تەک ئێمادا قسە بکات. گوایە شەو لە خەون هەڵساوە و ڕۆیشتووە بۆ سەیرکردنی ئاگری بەربووەوە چونکە ئەمەیش بەدڵی ئێما نەدەبوو جا لە بەرئەوەی، نەکا شتێکی لێ بەسەر بێت، ئێما ڕێگەی نەدەدا کە بچێتە ئەوێکانە ئێما وتی:

ـ لەو باوەڕەیدام پۆلیسەکان بۆ پرسیار لێ کردنت دێنە ئێرەکانە، بەڵام من پێیانم وت کە گوزەرانی تۆ زۆر باش نییە. بۆیە باشترە کە چەند ڕۆژێک چاوەڕوان بکەن.

فریدی هەستی بەترس کرد و پرسی:

ـ ئەوان دەیانەوێت چی لە منەوە بزانن؟

ـ پێ دەچێت کە ئەوان وای بۆ دەچن، تۆ شتێک یان کەسێکت دیبێت یان..( لە ساتێکدا ئێما بەری بەدڵپڕی و گریانەکەی خۆی گرت) درێژەی پێدایەوە:

ـ یان ئەوان لەو باوەڕەیدا بن، تۆ ئەو ئاگرەت نابێتەوە... جا بەڕاستی تۆ بوویت؟

ـ من بووبێتم؟ من ئاگرم بەردابێتە ماڵەکە؟ بێ شک کە من نیم!

کە فریدی بەهەڵچوونەوە، بەدەنگی بڵند قسەی کرد، ئێما بەزەیی بۆی جووڵا.

ـ ئەی باشە بەمن دەڵێیت؟

ئینجا دەستی خستە سەر چاوەکانی فریدی فریدی بیری کردەوە ئەرێ ئەو هەراوزەنایە بۆچ لە مێشکی دەرناچن؟ جا باشە، خۆ ئەگەر ئەمیش کردبێتی، ئەوا ئامادە نییە بەکەسێک بڵێت.ئێمایش هەستێکی وەهای هەبوو بەڵام دەیزانی کە ناتوانێت هیچ گۆڕانێک پێک بێنێت، فریدی وتی:

ـ من هەرگیز ماڵە جووتیارێک ئاگر تێبەرنادەم. ئایا هەرگیز گای سووتاوت بەچاوی خۆت دیووە؟ نا، من کاری وەها ناکەم!

دیاربوو کە ئێما برێک ئارام بووبووەوە. ئینجا وتیشی:

ـ پۆلیسەکان لە دۆلابەکەتدا وێنەیەکیان دۆزییەوە و لەتەک خۆیاندا بردیان بێ شک

وەک بەڵگەیەک ئەوە چ وێنەیەکە؟

فرێدی واقی ورمابوو، بەڵام هەوڵی دەدا کە ئێما هەستی پێ نەکات کەواتە بردنی وێنەکە دەبێتە سەلماندنی هۆکاری شک و گومان لێی دەشبێتە هۆکاری شلەژانی ئێما. بۆیە وتی:

ـ من ڕۆژی دوای ئاگربەربوونەوەکە لە خوێندنگەوە چوومە جێی ئاگرەکە و ئەو وێنەیەم لە ژێر خەرواری خەرابەدا دۆزییەوە.

ئێما بەکارگەرییەوە پرسی:

ـ چ وێنەیەکە؟

ـ ئاخ، وێنەیەکی ماریا کاتۆلیکی جامی وێنەکە ساغ بوو بۆیە لەتەک خۆمدا هەڵم گرت و بردم هەر هەموو دنیا بەوێرانەکەدا دەگەڕان ئیدی خۆ شتێکی خراپ نییە یان..

بەسەرنجی ئێما، وەک شتێک لە قوورگی دا بێت و هەناسەی لێ ببڕێت دەیزانی کە ئەوە ڕەبۆکە نییە، سنگی قوورس کردووە. وڕوگێژ بوو. بۆیە بەوە خۆشحاڵ بوو، سەری لەسەر سەرینەکە بوو بۆ ئارامی ئەم هەستی کرد کە رووخساری ئێما بڕێک گەشایەوە، بەڵام وتیشی:

ـ ئەوە دزییە جا ئەگەرچی تۆ نەیشت زانیبێت فرێدی، بەڵام گرینگ ئەوەیە کە تۆ هیچ پێوەندییەکت بەئاگربەربوونەکەوە نەبێت. من باوەڕم پێت هەیە باشە دەتەوێت لەو بارەیەوە زۆرترم بۆ باس بکەیت؟

فرێدی بەپچڕپچڕەوە وتی:

ـ کە من گەیشتمە ئەوێکانە ماڵەکە دەسووتا. خۆ ئەگەریش دەبێت ئەوا دەخوازم وێنەکەم بۆ بگێڕنەوە.

ـ باشە ئەو وێنەیە چ گرینگییەکی هەیە؟

فرێدی بەبێدەنگی لە بنمیچەکەی هەڵدەڕوانی ئێمایش بێ ئەوەی لێی تێ بگات، هەر چاوەڕێی قسەی ئەو بوو بۆیە بەچرپەوە پێی وت:

ـ من نازانم کە پۆلیسەکان، چۆن لەمبارەیەوە بیر دەکەنەوە،چونکە ئەوان







بەگرینگییەوە لە پێخەفەکەی تۆیان هەڵدەڕوانی، بەڵام گرینگترین شت لە دەستپێکدا ئەوەیە؛ کە تۆ نەبوویت ئاگرت بەردابێتە ماڵەکە! ئەگەریش هاتنە لات، ئەوا ڕاستییەکەیان پێ بڵێ.

فرێدیش سەری بۆ لەقاند فرێدی بیری کردەوە؛ شتەکان خراپ بەڕێوەدەچن حەزیشی دەکرد کە ئێما هەڵسێت و بڕوات لە سەرێکی دیشەوە حەزی دەکرد ئەو بمێنێتەوە، چونکە هەستی بەتەنیایی دەکرد ئێما هەڵسا خۆی بەسەر ئەودا نووشتاندەوە و ناوچاوانی ماچ کرد. ڕووخساری ئێما جدیی بوو، فرێدی حەزی دەکرد دەستی لێ بدات. کە ئێمایش ڕۆیشت زیاد لە نیو کاتژمێر لەسەر پشت مایەوە و بەواقورماوییەوە لە بنمیچەکەی هەڵدەڕوانی کە پیاوە ڕیشدارەکە بەلایدا هات ئەم تکای دوو پارچە کاغەز و دوو زەرفی لێ کرد ئەوجا کەوتە نووسینی نامەیەک بۆ کۆرنێلیا، بێ ئەوەی بزانێت چۆن بەدەستی بگات نامەکەی تریش بۆ میرژنی لاین. فرێدی ئەو وشانەی بەکار دەهێنا کە لە نێوانی کۆتربازەکاندا بەکار دەبران وەک: زۆر بەنرخ خانمی میرژن! لەسەر زەرفەکەیشی نووسی:

میرژنی لاین لە کۆشک و قەڵای نیوکێرشن ـ فلوین.

بیریشی کردەوە، لەوێکانەدا هێندە کۆشک و قەڵا نییە هەتا بەهەڵە تێگەیشتن ڕوو بدات.

" من ئەم نامەیەت لە نەخۆشخانە و لەسەر ڕانەکانم بۆ دەنووسم. بۆیە هەر لە دەستپێکدا، داوای لێبوردن لە خراپی دەسخەتەکەم دەکەم جا ئەگەر جەنابتان شایەد منتان لە بیر کردبێت دەنووسم: چەند ڕۆژێک لەمەوبەر، لەتەک دەستگیرانەکەمدا لەبەر کۆشکەکەتاندا بووین و کەوتینە قسەکردن گوایە من دەمەوێت کۆشکەکەتان بکرم جا نهاکە دەبێت لە خۆتان بپرسن؛ ئەم پیاوە لە نەخۆشخانە چی دەکات؟ ئەویش هەر بەوهۆیەی کە ئێمەی پیاوان ساڵەهای ساڵە ئەو تکە قەڵسکەرانە لە تەک خۆماندا هەڵدەگرین خۆ تێ دەگەن! ئەمەیش ئەو نرخەیە کە پیاو بۆ سەرکەشییەکانی دەبێت بیدات جەنابتان پێشنیارتان کرد کە پێشوازیمان لێ دەکەن هیچ لەو باوەڕەیشدا نیم لە خۆوە و بۆ هەوا و هەوەس ئەو بەڵێنەتان دابێت بەپێچەوانەوە، ئەوە منم کە دەبێت بەڕاشکاوی بڵێم جارێکە لە بەڵێنی کڕینی وەها کۆشکێک هیچ

سەوز نابێت. جا ئەگەر من ڕاستگۆ بم! لەگەڵ ئەو ڕاستییەشدا، ئێمە حەز دەکەین کە میوانداریەکەت قبووڵ بکەین، بەڵام ساتێک کە لە نەخۆشخانە ئازادیان کردم بۆیە بەڕاشکاوی دەڵێم؛ مرۆڤ دەتوانێت زۆر کەم مرۆڤێک پەیدا بکات کە ببێتە جێی باوەڕی و لێک تێ بگەن یەکێک لەوانەیش منم.

فرێدی خۆتان (لە ڕاستیدا ئەلفرید هاڵسباخ)

دوای نیوەڕۆ ئۆتۆ هات بۆ سەردانی. ئەو قاتە باشەکەی لەبەر کردبوو، بەڵام هێشتاکە ڕەنگی خەڵووز بەژێر پێڵووی چاوەکانییەوە دەبینرا فرێدی پێی وت:

- من بۆ ماوەیەکی دی دەبێت لێرەکانە بمێنمەوە ئەرێ باڵندەکان لە چی دان؟

- دوێنێ پیرە مولەر جووتە کۆترەکەی بۆ تۆ پێدام ئەو لەو باوەرەیدایە، تۆ دەتوانیت بۆ ساڵی داهاتوو پارەی باشی پێ پەیدا بکەیت، بەڵام هێشتاکە زۆر بەچکەن و هەر پیپە پیپیانە خستوومنەتە قەفەزەکەوە جا پێت دەڵێم بەڕاستی جوانن!

فرێدی لە جێگەکەیدا خۆی دانیشاند و پرسی:

- ئەرێ ڕۆژی یەکشەممە لەتەک ڕێناتادا چیت کرد؟

ئۆتۆ کەوتە ڕێککردنی کراواتەکەی لەسەر سێ پێخەفەکەی دی سێ پیاوی دی هەبوون. ژنەکانیان بۆ لایان هاتبوون و بێدەنگ لێیان هەڵدەڕوانین بسکویتیان دەخستە گیرفانیانەوە یەکێکیش لە ژنەکان ئەو گوڵانەی ڕێکوپێک دەکرد کە خستبوونییە بوتڵێکی بەتاڵی شیرەوە کە ئۆتۆ هەر بێدەنگ بوو فرێدی پرسی:

- ڕۆژی یەکشەممە ئەوت بۆ ماڵەوە بردەوە؟

- بەڵێ هەروام کرد، بەڵام ئەویش هێندە ناسکۆڵە نەبوو!

- ئادەی باسم بۆ بکە!

ئۆتۆ بەخۆشییەوە پێکەنی پاکەتێک شۆکۆلادەی لە گیرفانی خۆی دەرهێنا و نایە بان مێزەکەی پەنای ئینجا وتی:

- جارێکی دی،چونکە دەبێت بگەڕێمەوە بۆ وێرکشۆپ کار لە ماتۆرە هۆرێکسەکەمدا دەکەن کە هاتییە دەرەوە برێک پێی دەسووڕێینەوە یان دەشتوانم





فێرت بکەم.

- یەکێکی چۆنە؟

- هێزی ٢٥٠یی جا با پێتی بڵێم، هەر لەبەر ڕێناتا کابینەیەکی لە پاڵدایە کە تۆ لەنەخۆشخانە هاتییە دەرەوە چەند گەشتێک دەکەین... ئیدی من دەبێت بڕۆم چونکە شیشتی شەوم هەیە.

- جارێ ڕاوەستە دەتوانیت کارێکم بۆ جێبەجێ بکەیت؟

- بێ شک کە دەتوانم.

- کچێک لە پۆلەکەمدایە ژوانێکم لەتەکی دا هەیە. جا لەبەرئەوەی کە لێرە بەستراومەتەوە ناتوانم بچم دەتوانیت لە منەوە ئەم نامەیەی پێ بدەیت؟

- ئەی لە کوێ بیدۆزمەوە؟

فرێدی نەیدەزانی چی بڵێت ئەو دەیتوانی شوێنەکەیان بەئۆتۆ بڵێت، بەڵام ئەگەری ئەوە هەیە، ئەو ساتەی ئۆتۆ گەرەکییە نامەکەی پێ بدات دایک و بابیشی لەوێ بن. ئۆتۆ وتی:

- بەپۆستدا بۆی بنێرە؟

- نابێت. ئەویش لەبەر دایک و بابی. چونکە ئەوان هەموو نامەیەک دەکەنەوە.

فرێدی بیری کردەوە کە بێ سوودە، چونکە تا نهاکە ئۆتۆ کۆرنێلیای نەدیووە.

- داوای لێ ببووردن دەکەم ئەی باشە ناوی چییە؟

- کۆرنێلیا.

- چۆن دەبێت کە من بچمە پۆلەکەی وانەیان پێ ببڕم و هەواڵی کۆرنێلیا بپرسم؟ هیچت لەگەڵیا هەیە؟

- مرۆڤ چۆنی بووێت. هەی نەفرەتی.

- ببوورە من حەزم دەکرد کە بۆت جێبەجێ بکەم، بەڵام ڕۆژی یەکشەممە، پێشبڕکێی کۆتر دەست پێ دەکات بۆیە گەرکمە بچمە ئەوێکانە و بزانم چی ڕوو دەدات.

بەڵام بەڵێنیـشی دا؛ پول بەنـامـەکـەی ئـاغـاژنـەوە بنێت و ڕەوانەی بکات ئەگـەرچی ساتی ئەوەیش نەبوو، بەڵام فرێدی حـەزی دەکرد کە ئەو بمایەتەوە، هـەتا زۆرتر باسـی کۆرنێلیای بۆ بکات، ئینجا هـاواری لێ کرد:

ـ بەختێکی باش.

فرێدی داوای کاغەزی لە نەخۆشێکی تر کرد و نامەیەکی تری بۆ کۆرنێلیا نووسی. کە نامـەکـەی تەواو کرد، لە ناو چاوی مـێزەکەیدا و لە ژێر پاکەتێک بسکویتدا، کە ئێما بۆی هێنابوو شاردیەوە شۆکۆلادەکەی ئۆتۆشی خستە سەری.



## پـــۆلـیـــس

دوو پۆلیس لەگـەڵ سـسـتـەرێکدا هـاتنە ژوورەوە و بەو ناوەیاندا هـەڵڕوانی. سـەرنجی چاوەکانیان لەسـەر ڕیزەکان بوو تا گەیشتنە سەر فرێدی هـەردووکیـشیان قژی بڕیان هـەبوو سـسـتـەرەکـەی ڕۆبێکی بەسـەر دەسـتـەوە بوو هـاتە کن فرێدییـەوە، ئەو دەبوایە ئەو ڕۆبەی لەبەر بکردبایە سستـەرەکە بەبێدەنگیش جووتێک سـەرپێی سـووری خستە بەردەمی هـەردوو پۆلیسـەکە فرێدیان لەتەک خـۆیاندا بردە ئەو ژوورەی جگـەرەی تێدا دەکـێـشـرا قـەڵەوەکـەیان تووند باسـکی گـرتبـوو نەخـۆشـێکی ڕەنگ زەرد لـە کن پەنجەرەکەوە وەستابوو و مژی لە جگەرەکـەی دەدا. پۆلیسە قەڵەوەکە، بەبێ ڕێزییەوە تێییخوڕی:

ـ ئادەی بچـۆ دەرەوە و لە جـێیـەکی دی جگـەرەکـەت بکێشـە ئێمـە پێویستـمـان بـەم ژوورەیە جگەرەکێشەکەیش خێرا قنگەجگەرەکەی کوژاندەوە و سـەرنجێکی فرێدیدا، چەند جـار کۆکـی و ئینجا بەخـشـە خشـەوە خـۆی دوور خسـتـەوە. پۆلیسە لەڕەکـەیان دەستی پێکرد:

ـ ئادەی دۆسـتـۆلکە لـە ڕاسـتی زیاتر نامـانەوێت گـوێمـان لە هـیـچی تر بێت تەنیـا ڕاستی.خۆ لێک تێگەیشتووین؟

فرێدیش سـەری لەقاند بیریشـی کردەوە؛ پۆلیسـە پێگەیشتووەکان باشترن لەمجۆرە گەنجانە.

ـ تـۆ بەهـۆی پـوورتـەوە دەزانیـت کـــە دۆزەکـــە چـیــــیـــە دەی بڵـێ بزانم چی لـە خـانوومـاڵەکـەی زینکە ڕوویدا؟ دەی دۆسـتـۆلکە بێ وەسـتـان و بیـرلێکردنەوە بۆمـانی باس بکە، هـەروەک چۆن لە ناوەندی فێرکراویت وا نییە؟

فرێدی بیـری کردەوە: ئەگـەر تووڕەیان بکەم، بەگـورگان خواردووم دەدەن کـە فرێدی وەڵامـی دایەوە:

- کە چۆن ئاگرم تێبەرداوە وا نییە؟

هەردووکیان بەسەرسوڕمان و هۆشیارییەوە سەرنجیان تێ بڕی یەکێکیان وتی:

- بەدوای یەکدا! ئەو شەوە چی ڕووی دا؟

- ئەگەر مەبەستتان ئەوە بێت. هەر تەواو تاریک بوو ئاگرەکەیش هەر زۆر زۆر بوو. منیش دیم ئەمە هەموویەتی.

- چیت دی؟

فرێدی بیری لە ئەسپەکان و چەپەرە هەڵدڕاوەکەوە کردەوە.

- چۆن ئەسپەکان بۆی دەرچوون ئەوە هەر بۆ نموونە چۆنیش پیاوەکان تالانییەکانیان هەڵدەدایە حەوشەکەوە یان ئەو پیرە زینکەی هەمیشە لە لایەن کورەکەیەوە لێ دەدرا، جگەرەی لەدوای جگەرە دەکێشا.

- نا لەسەر خۆ! کێ جگەرەی دەکێشا؟

ئەو ساتەی پۆلیسە قەڵەوەکە هەوڵی دەدا خۆی میهرەبان پیشان بدات لەڕەکە بەپۆستاڵە پیسەکانییەوە قاچی دەلەراندەوە و سەرنجی ناباوەڕیشی لەم بڕی بوو.فرێدی دانیشت و دوو پۆلیسەکەیش بەپێوە مانەوە.

- پیرە زینکە لەو ڕووداوەی هەڵدەڕوانی گا و مانگای مردوو چۆنیش بووتڵەکان لە بانەکەی سەرەوە، شەق شەق خل دەبوونەوە و ئەویش هەر جگەرەی خۆی دەکێشا. لەوەندە زیاتر هیچی ترم نەدیووە.

پۆلیسە لەڕەکە سەرنجێکی کونکەری تێ بڕی و وتی:

- باش گوێ بگرە، دۆستۆلکە ناشێ باوەڕ بکەیت کە بەم قسە قۆڕانەت لە کۆڵت بینەوە! ئێمە خەڵکانی وەک ئێوە باش دەناسین! زۆرێک لە گەنجانی بەرەڵا و گەڕۆکمان خزاندووەتە پشتی زنجیر و قوفڵی بەندیخانەوە.کە ئەوانیش وەک تۆ خۆیان بەژیر و وریا دەزانی نهاکەیش بەوەی خۆشحاڵن کە لە مۆڵگەی پەروەردەن، جا بێجگە لەوەیش تۆیش های لە ناو تیانووسەکەی بەرباخەڵمدا تۆ بۆ ئێمە کەسێکی تازە نیت!

ئینجا بەگاڵتەجاڕییەوە پێکەنی. لەڕەکە پرسی:





- ئاگرەکە لە کوێوە هەڵگیرسا لە کایەنەکەوە لە تەویلەکانەوە یان لە خانووەکەوە؟

فرێدی بیری کردەوە: "ئەوان هەروەک چۆن دیارە، ئاوەهایش دەبەنگن" ئەگەرچی لە هەوڵی وەلام پێ دانەوەیەکدا بوو، ئەوان تووڕە بکات، بەڵام هەمدیسان پەستان لە قوورگ و سەر سنگی دا دروست بووەوە.دەشیویست بڵێت یانی چی کە ناوی ئەمیش لە تیانووسەکەی ئەواندایە؟ فرێدی وتی:

- کە من گەیشتم هەموو لایەک ئاگر و بڵێسە گرتبوویەوە من دە خولەکێکیش لەوێکانەدا نەمامەوە. ئیدی لەمەندە زیاتر ناتوانم بڵێم بەڕاستیشمە.

- باشە پێش ئەوەی تۆ بۆ جێی ئاگرەکە بچیت، لە کوێ بوویت؟

- بێگومان لە ناو جێدا، شاتەشاتی ئاگرکوژێنەوە بەئاگای هێنامەوە.

- ئەی ئەو وێنەیەت لە کوێ بوو؟

فرێدی لە هەوڵی ئەوەدا بوو، کە بێئاگایی خۆی دەربخات و شڵەژاوییەکەشی بشارێتەوە.

- من ڕۆژی داهاتوو دوای خوێندنگە چوومە ئەوێکانە هەتا بزانم ئایا هەر دەسووتێت خەڵکانیش لەوێکانە بوون و کەلوپەلیان بەکێش دەکرد منیش کەوتمە هەڵدانەوەی وێرانە و هەتا بەو وێنەیە گەیشتم کە لەو ژێرەدا کەوتبوو منیش بردم.

پۆلیسە لەڕەکەی دەیویست بەنیگا فرێدی بشڵەژێنێت، وتی:

- ئەوە دزییە جا ئەوەت بۆچی بوو؟

فرێدی بەدەنگی نزم وتی:

- دەتوانم نرخەکەی بەپیرە زینکە بدەم شایەد ئەمەیش ڕێگەیەک بێت بۆ گێڕانەوەی.

- دەتویست چی بکەیت؟

پۆلیسەکەی دەیوست دەنگی ترساوی بنوێنێت.گوێی چەپی فرێدیشی گرت و وەک سوویچێک بایدا فرێدیش بەئاوازێک و سەرنجێکی شایان بەزەییەوە، وتی:

- من بەشێوەیەکی زۆر گرژی کاتۆلیکی پەروەردە کراووم وێنەکەیش ماریا پیشان

دەدات بۆیە منیش نەمدەویست کە وێنەکە لەو قوورِ و چڵپاوەدا بکەوێت.

هەردوو پیاوەکە ماوەیەک ڕوانیانە تەختی زەوییەکە. قەڵەوەکە پرسی:

ـ ئەی لە وەوبەر هەرگیز چوویتەتە کن ماڵەکەی زینکەەوە؟

ـ هەرگیز من حەوسەڵەی ئەوەم نییە خۆم بەلێدان بگەیەنم، چونکە هێندەی من بزانم، کەس حەزی لە شتی وەها نییە.

ـ کێ لە کێ دەدات؟

ـ هەمووان دەزانن کە خورتە گەنجەکەی هەر کات دەرفەتی بۆ بڕەخسێت لە پیرەی پۆڵۆنی دەدات ئەویش وەها هاوار دەکات کە هەموو کەسێک گوێی لە دەنگییەوە دەبێت هەربۆیەش کەسێک ئارەزوو ناکات بچێتە کنیان باشە من وێنەکەم وەردەگرمەوە؟

ـ باشە بەباوەڕی تۆ کێ ئەو حەوشە و ماڵەی گڕ تێ بەردابێت؟

ـ نازانم.

ـ ئاخ، بەڵام بەم ناوەدا باسی تێزێک دەکەیت کە دەبێت کوڕەکەی خۆی ئاگرەکەی بەردابێتەوە.

فرێدی بەبیرەوە بێدەنگ بوو تۆ بڵێیت چوویێتنە کن لاوکمان ؟ بێ شک ئەویش شتێک ناڵێت کە زیانی بۆ خۆی تێدا بێت یان پێدەچێت کە تەفرەیان دابێت یان وای زانیوە هەر شتێک ئاساییە؟ پۆلیسەکە بەدەنگێکی تووڕەوە وتی:

ـ دەی خورتۆلکە قسان بکە.

ـ من جارێکیان شتێکم خوێندەوە چۆن کەسێک ئاگری بەرداوەتە جێیەک و نەشگیراوە جا پێ دەچێت کە هەر لە خۆوە و بێ هۆ ئەوەم گێڕابێتەوە.

ـ لە کوێدا ئەوەت خوێندەوە؟

ـ لە بیرم چووەتەوە جا پێ دەچێت کە لە گۆڤارێکدا خوێندبێتمەوە.

ـ ئەی باشە کە ئاگرەکەت جێهێشت چوویت بۆ کوێ؟

کە ئەوان بابەتەکەیان گۆڕی هەستی بەئاسوودەیی کرد.

ـ من چوومە جێگەوە دەنا دەبێت چی بکەم؟





هەردووکیان بێ چارە دیار بوون. هەڵسان چوونە کن پەنجەرەکە و پێکەوە ورتە ورتێکیان کرد کە لە بەردەمیدا دانیشتنەوە قەڵەوەکە وتی:

ـ باشە تۆ بەسەر یەکەوە، چەند جاران دەچیتە کەنیسەی کاتۆلیک؟

ـ زۆریش نا.

قەڵەوەکەیان هەمدیسان وتی:

ـ باشە تۆیش لە پایزی ڕابردوودا و لە پیسکردنی ژوورەکانی کەنیسەدا بەشدار بوویت.

ئەمەشیان هەروا و لابەلا وت. فرێدیش وەڵامی دایەوە:

ـ جا دەبێت من چ پێوەندییەکم بەوەوە هەبێت؟

ـ ئێمە پرسیار دەکەین و تۆیش بەڕەوشتەوە وەڵام دەدەیتەوە! قەشە بەئێمەی وت کە لەو بارەیەوە لە تەک تۆدا قسەی کردووە.

ـ ئەم لە منی پرسی سا ئەگەر کەسێکم دیبێت،چونکە من لەونزیکانە دەژیم ئەمەیش هەموویەتی.

لە ساتێکدا پۆلیسە قەڵەوەکە، تیانووسە بەرباخەڵەکەی خۆی پەڕپەڕ هەڵدەدایەوە، پرسی:

ـ ئەی هیچت دیووە؟

ـ گەڕاوەیەک یاخۆ ئاوارەیەکم بەدی کرد، بەڵام نەمدی کە ئەو کەسە چووبێتە کەنیسەکەوە.

پۆلیسە قەڵەوەکە پرسیاری بنکۆڵی تری کرد:

ـ باشە ئەگەر تۆ ئەوت لە کەنیسەکەدا نەدی بێت ئیدی بۆچ دەیهێنیتە باسەکەوە؟

ـ من دەبووایە ئەوە بگێڕمەوە کە ئەو پاشنیوەڕۆیە دیوومە.

فرێدی لەو ژوورە گەرم و بۆندار و پۆنگخواردووەدا، هەستی بەگەرما دەکرد و تەپڵەکە پرەکانی ژێر جگەرەکانیش، ئەمیان تووشی دڵ تێکچوون کردبوو پۆلیسەکە وتی:

- وەک درۆهەڵبەستنێک دێتە بەرگوێ من تا نهاکەیش نەمبیستووە یەکێک لە گەڕاوەکان لە کەنیسەیەکدا بەشتی وەها پیس هەڵسێت تۆ چی دەڵێیت؟

ئەوجا بەپێکەنینێکی گاڵتەجاڕییەوە لە هاوەڵەکەی خۆی هەڵڕوانی. ئەویش وەڵامی دایەوە:

- جا ئەگەر تۆ لە من دەپرسیت بێ شک سروشتییە کە ئەمە گێڕانەوەی درۆیە لە لایەن ئەم دۆستە دەم گەرمەمانەوە.

هەردووکیان کەوتنە پێکەنین و زۆریش ناحەز دەهاتە بەرگوێ قەڵەوەکە پەسا پەسا شتێکی لە تیانووسەکەیدا تۆما دەکرد ئینجا پرسییەوە:

- دەی باشە شتێکی دی، دۆستۆلکە ئەم پارچە سابوونەت لە کوێ بوو کە ئێمە لای تۆ دۆزیوومانەتەوە؟

- چ سابوونێک؟

- لە دۆڵابی جلەکانتدا و لە ژێر کراسەکاندا شاردرابووەوە سابوونێکی گرانبەهای ئینگلیزی.

- پێ دەچێت کە جارێک لە جاران کڕیبێتم. نازانم لە بیرم نەماوە.

فرێدی ئەمەی وت و هەستیشی کرد چۆن گەدەی پێچی پێداهات، چونکە هەروا ئەو پارچە سابوونەی لە دۆڵابەکەیدا ژبیر کردبوو. پۆلیسە لەڕەکە لاسایی کردەوە و وتی

- پێ دەچێت کە کڕیبێتم.

ئینجا چوو و لە پاڵ قەڵەوەکەدا دانیشت و درێژی پێدا:

- سابوونێکی لەو جۆرە ناکرێت لە دووکانەکانی کن ئێمەدا بکڕدرێت، بەڵام دەشێت بدزرێت! بۆ نموونە لای ئینگلیزەکان هەر بەڕاستی ئەو سابوونەت دزیووە؟

فرێدی بەبێدەنگی سەری لەقاند هەردوو پیاوەکە هێندە نێزیک لەوەوە دانیشتبوون کە فرێدی هەستی بەلاقیان دەکرد ئەو هەستکردنەیش بۆ ئەو قەڵسکەر بوو هەردووکیان لێیان هەڵدەڕوانی و هێندەیش پێوەی نووسابوون کە قەڵیشی پانتۆڵەکانیانی دەدی.





- لە خوێندنگەکەیشت گوێمان لە داستانێکی پاکی ترتەوە گرت بەئاماژەی دەست نیشانەی ناشیرینت پیشانی ژنی مامۆستایەک داوە و شتێکی لەو بابەتانە ئەوە چی بووە؟

کە فرێدی هەر بێدەنگ بوو پۆلیسەکە بەتووڕەیی پرسی:

- دەڵێیت تێ نەگەیشتوویت؟

دەستێکیشی بەپشتەملێدا کێشا.

- چ ئاماژەیەکی پیست کردووە؟ ئادەی نهاکە بیکە؟

فرێدی نە خۆی بزوواند و نە هیچیشی وت پۆلیسە لەڕەکە وتی:

- باشە دەی، لەقلەقە فەنی بۆ تۆماکردنی تاوان و گوناحەکانت کاتمان زۆرە ئەرخەیان بە کە بۆ کەسانی وەک تۆ بڕێک خۆمان کۆدەکەینەوە جا مەگەر ئێمە لە ڕابردوودا توانیبێتمان مۆڵەتی کاری وەها بەخۆمان بدەین ئیدی دەتوانیت بڕۆیت تۆ بەخت یارتە کە لە نەخۆشخانەیت. ئەگینا بەجۆرێکی دی مامەڵەمان لەگەڵدا دەکردیت ئێمە ئەوەی کە بمانەوێت بەدەستی دێنین هیچ هیواشت بەوە نەبێت، کە تۆ لێرەکانە دەوری مەڕێکی بێ تاوان دەبینیت، چونکە پەنجەی پیسی تۆ، لە هەموو جێیەکە.

ئەگەرچی فرێدی بەو هەڕەشانە ترسێنرابوو، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا بوێری دایە بەرخۆی و وتی:

- ئەی چۆن دەتوانم، وێنەکەم وەربگرمەوە؟

ئەوان گەیشتبوونە هۆڵەکە و هەڵویستەیەکیان کرد قەڵەوەکەیان پرسی:

- بۆچ دەتەوێت وێنەکەت هەبێت؟

ئەگەرچی بەسەرنجدانی ڕوخساری پۆلیسەکە هیوابڕاو بوو، بەڵام وەڵامی دایەوە:

- چونکە ئێمەی کاتۆلیک لە بەردەم وێنەی ماریادا نوێژ دەکەین.

هەردووکیان چاویان تێ بڕی، بەڵام هیچ وەڵامێکیان نەدایەوە خۆیان وەرگێڕا و بەدالانەکادا چوونە خوارەوە بەرلەوەی هۆڵی نەخۆشخانەکە جێبێڵن، جارێکی دیش بەدەوری خۆیاندا هەڵیان ڕوانی فرێدی هێشتاکە لە بەرژووری نەخۆشخانەکدا

وەستابوو دەستکی دەرگەکەشی بەدەستەوە بوو، چونکە دەیویست لە ڕۆیشتنی پۆلیسەکان ئەرخەیان بێت ئاوەها وەستانی پۆلیسەکانی بەردەمی و سەرنجەکانیان، تووشی ترسی کرد هەرگیز خۆی وەها بێ توانا و تەنیا هەست پێنەکردبوو. ئاواتەخواز بوو ئێما بێت یان ئۆتۆ یان فریتس هوفناگڵ، بەڵام باشتر بوو کە هاکا ئێما بهاتبایە ئیدی دەبووایە بچووایەتەوە ژوورەکەی، چونکە چارەیەکی دی نەبوو. بەو هیوایەش بوو بتوانێت لە دواییدا بیر لە هەموو شتەکان بکاتەوە، بەڵام دەشیزانی کە هیچ سوودێکیشی نابێت کە بەکۆمەکۆم ڕۆیشتە ژوورەوە و بەرەو پێخەفەکەی ڕۆیشت بەتیلەی چاو هەستی پێ کرد زۆرێک لە نەخۆشەکان خۆیان ڕاستکردەوە و بەسەرسوورمانەوە لەمیان هەڵدەروانی پیاوە ڕێشدارەکەی سێوەکەی پێشکێش کرد، پرسی:

ـ ئەوە چیان لە تۆ دەویست؟

کە فرێدی لە ژێر لێوەوە باسی لێکۆڵینەوەی لە هەمبەر کوشتنێکی گرژکاراوە کرد، هەموو پێکەنین. فرێدی لەسەر پێخەفەکەی پاڵکەوت و بەتانییەکەی تا پشتی سەری هەڵکێشا.



## لە باخدا

دوای دوو ڕۆژ ئێما چوو بەدوایدا کەسێکیش بەفرێدی نەوت کە دەردەکرێت ئێما لە بەردەرگەکەدا چاوەڕێی کرد، هەتا فرێدی خۆی لەبەر کرد هەر سێ نامەکەی کە بۆ کۆرنێلیای نووسی بوو قەدی کردن و خنێنییە گیرفانی پانتۆڵەکەیەوە ئێما لێی پرسی؛ کە ئایا دەتوانێت خۆی بڕوات؟ ئەگەرچی هێشتاکە خۆی بەبێ هێز دەزانی، بەڵام سەرێکی بۆ لەقاند لە مۆرسەوە بەترامواى بۆ ڕاینکەمپ گەڕانەوە دوو کچی هاوپۆلیشی لە هەمان ترامواىدا بوون کە ئەویان دی کەوتنە چپە چپ.بەڵام فرێدی نەیدازانی بۆچ چپە چپەکەی ئەوان، ئەم نیگەران دەکات. کە کەلوپەلەکانی بردە ژوورەکەی خۆی سەرکەوتە سەر کورسییەک هەتا لە ناو دۆڵابەکە بڕوانێت. هیوایەکی زۆر کەمی هەبوو کە وێنەکە هەمدیسان لەوێکانەدا بێت بێ سوود بوو. چووە بەرپەنجەرەکە کۆترەکانی ئۆتۆ دەفڕین و دەوورەیان دەدا کاتیش پاشنیوەڕۆیەکی درەنگ بوو ئیدی ماوەیەکی دی و بۆ شەوێ، دەکرێنەوە کولانەکە کە بیری لە پۆلیسەکان دەکردەوە وەک خۆی لە قەفەزدا هەست پێ بکات هەستی بەگەمارۆدانی خۆی دەکرد ئەوان وەڵامی زۆریان دەخواست، کە ئەم نەیدەتوانی بیانداتێ. بیری کردەوە: نابێت کۆنترۆڵ لە دەست بدەیت دەنا دۆڕویت دەشیزانی تەنیا بەخەیاڵ ڕۆیشتن و بیری کردنەوە ناتوانێت بەسەر کێشەکاندا زاڵ بێت کە ئێما دەیوست لەتەکیا بدوێت ئەویش چووە چێشتخانەکە ئێما مێزەکەی ئامادە کردبوو بۆ ئاهەنگی گەڕانەوەشی سجووق و پەنیری کڕی بوو هێلکەوڕۆنیشی ئامادە کرد. چونکە بیری کردەوە، شتی باشی کڕی بێت، بەڵام فرێدی هەستی پێ دەکرد، لە پشتی ڕووخسارە خۆشحاڵەکەیەوە خەم مەڵاس دراوە.

ـ دەبێت کەی بچمە خوێندنگە؟

ـ ڕۆژی دووشەممە هێشتا چەند ڕۆژێکت ماوە بۆ پشوودان و حەوانەوە تەنیا دەبێت سبەینێ بچیتە کن پۆلیس.

ئینجا ئێما بێدەنگ بوو فرێدیش دەیزانی کە سەر مێز جێی ئەو باسە نییە لەگەڵ هێنان و بردنی پارچەیەک سجووقدا لەسەر قاپەکەی، پرسی:

- ئیدی چیتریان گەرەکە؟

- خۆت باشتر لە من دەزانیت.

هەوڵیشی دا لەگەڵ وتنی ئەو دەربڕینە ڕەقەدا، فرێدی هەست بەتاڵی قسەکەی نەکات فرێدی بیری کردەوە، ئێما دەیەوێت ئارامم بکاتەوە جا ئەگەر ئەویش لە دژی من هەڵوێستە وەربگرێت، بیرەکەی تەواو نەکرد، بەڵام دەیزانی کە سەرئەنجامەکەی خراپ دەبێت بیری کردەوە؛ خۆ مرۆڤ دەبێت کەسێکی هەبێت دەی منیش تەنیا ئەوم هەیە لە ئێمای هەڵڕوانی، بەڵام هەستی پێ نەدەکرد کە چاوەکانی پڕ لە خەم بوون. کەسێکی ئاوەها پشتگیرت بێت شتێکی دییە وەک لە هاوەڵێکی وەک لاوکمان، هوفناگڵ و یان ئۆتۆ، بۆیە بەسانایی وتی:

- من هیچ کارێکی خراپم نەکردووە.

ئێما بێ ئەوەی شتکێش بخوات لەسەر مێزەکە دانیشت ئینجا وەڵامی دایەوە:

- ئەوان یەک لیستەی تەواویان پێیە.

- خۆ تۆ دەزانیت کە من ئاگرم لە ماڵ بەرنەداوە هیچ پێوەندییەکیشم بەپیسکردنی کەنیسەکەوە نییە جا قابیلە خۆ لەبەر پارچەیەک سابوونیش کە لە چاڵی پاڵ جادەیەکدا دۆزیوومەتە بەندم ناکەن یان بەڵێ؟

ئێما بەگوومانەوە تێی ڕوانی و وتی:

- لە چاڵی پاڵ جادەیەکدا دۆزیووتەوە؟

- هەروەسا..

بیریشی لێ کردەوە، کە ئایا بەڕاستی هەمووی بۆ باس بکات. ئینجا درێژەی پێدا؛

- من سێ سندوقم لە باری لۆرییەکی تۆمی فڕێدایە خوارەوە، چونکەی وام دەزانی کە دەبێت شتێکی بەنرخی تێدا بێت بەڵام هەر هەمووی سابوون بوو ئیدی پارچەیەکم شاردەوە لەوەندە زیاتر نییە.

- باسم بۆ بکە بەتەواوی چۆن بوو.





- پاسکیلەکەی فریتس لە بەربارەکەی لای کانی خەڵووزەکەوە و لە دەرەوە هەڵپەسێنرابوو منیش پاسکیلەکەم قەرز کرد و بەدوای لۆریەکەدا هاژووتم خۆم لێ گیرکرد و پێداهەڵواسی و سەرکەوتمە سەرەوە. ئیدی سێ سندوقم فڕێدایە چاڵی پاڵ جادەکە و خۆم هەڵدایە خوارەوە.

بەتیلەی چاوان لە ئێمای ڕوانی ئەویش لەبەر خۆیەوە بزەیەکی کرد فرێدی کە چاوەڕێی هەڵوێستێکی تری لێ دەکرد، سەری سووڕما جا هیواداربوو لە هەمبەر ئاماژە ناحەزەکانی کە بەدەست کردوونی پرسیار نەکات، ئێمایش وتی:

- بۆ ئەوانی بگێڕەوە کە چۆن بووە، بەڵام بێ شک کە سزایەکی بۆ وەردەگریت، بەڵام باوەڕ ناکەم هێندەیش خراپ بێت، باشە کەنگێ بوو؟

- جارێکی هاوینی ساڵی پار بوو، باشە چ سزایەک میمۆلکە؟

ئێمایش کەوتە پێکەنین.

- پێ دەچێت کە بەندیخانە نەبێت، چونکە ئەو هەڵسوکەوتە لەتەک گەورەساڵاندا دەکرێت لەوە دەچێت هەفتەیەک بۆ ژنێکی پیر کە خۆی ناتوانێت شت بکڕیت ئا شتێکی لەوبابەتانە.

فرێدی هەستی بەئارامی کرد و خۆی سەرگەرمی خواردن کرد، وتیشی:

- ئەی باشە دوای هەفتەکە چی دەبێت؟ برسێتی دەچێژێت؟ یان تاوانبارێکی تری بۆ دەنێرن؟

- کە سزاکەی تۆ کۆتایی پێهات کەسێکی تری بۆ پەیدا دەکەن.

جارێکی دیش کەوتەوە پێکەنین.

- باشە لەو باوەڕەیدایت بتوانم وێنەکە لە پۆلس وەربگرمەوە؟

- دوای ئەوەی کە بابەتەکە یەکلایی دەبێتەوە، بەڵام خۆ وێنەکە هینی پیرە زینکەیە. پێم وایە کە دەبێت لەو بپرسیت بەتۆی نادەن، باشە بۆچ دەتەوێت ئەو وێنەیەت هەبێت؟

بێ ئەوەی بۆی بووەستێت وتی:

- چونکەی جوانە.

ئینجا خۆی بەسەر قاپەکەدا نووشتاندەوە، نەیدەزانی کە ئێما بەخۆشەویستییەوە لێی هەڵدڕوانێت، ئێما وتی:

ـ دووشەممە پێکگەیشتنی لاوانە لە یادت نەچێت سێی پاشنیوەڕۆ.

ـ دەچم.

ئەوجـا سـەرنجی دا کـە ئەو چەندە خـۆشـحـاڵ بـوو، چونکـە نەیدەزانی بۆچ بەم چوونەی ئەم ئەو کـەیفـسـازە. بڕیاری چوونەکـەیشـی پاش لێکۆڵینەوەکـەی پۆلیس بەپەسەند زانی، چونکە لە ناچاریدا دەبووایە هەوڵ بدات گۆڕانێک لە شێوەی ژیانیدا بکات بەر لە هەر شـتـیش هێندە ئێـمـا تووشی نائەمـینی نـەکـات هەرچۆنێک بێت، چوونە کن کۆمەڵی لاوانی کریستەکانی بەڕێگەی چارەسەر و ڕزگارکەر دەزانی، هەتا ئیدی شتی خراپتر ڕوو نەدات.

ـ دەتوانم تۆزێک بچمە دەرەوە و قاچەکانم بەدوای خۆمدا بەکێش بکەم؟

ـ بەڵام زۆر درەنگ نەگەڕێیتـەوە بەهێواشیش ڕێ بکە، چونکە تۆ دەبێت لە پێشـدا، تەندروسـتـیت بەرەو باشی بچـێت، ( دەسـتـی بەسـەردا هـانی) دەبینیت کـە بەدڵت دەبێت.

فرێدی بەسەوزانییەکەدا و بەرەو ماڵی کۆرنێلیا بەڕێکەوت. بەهیوابوو ببینێت. کە بەو ناوەدا سـووڕایەوە، جـارێکی دیش گـەڕایەوە بۆ کن مـاڵـەکە پـێ دەچێت گـڵـۆپی ژوورەکـەی داگـیـرسـابێت و ئەمـیش دەتوانێت لە پـەنجـەرەکـەی بدات کـۆنتـرۆڵی گیرفانەکانی پانتۆڵەکەی کرد، تا بزانێت ئایا نامەکانی تێدا مـاوە ماوەیەک بەدەوری خـانووە سـەربان تەخت و نزمـەکـەدا سـووڕایەوە نە هیچ دیار بـوو و نە ڕووناکـیش. باشـە ئەگەر ئەم لە زەنگەکەی دا و کۆرنێلیاش هاتە بەردەرگە؟ بەڵام زانی کـە وەها دەرناچێت، بەڵکو دایک و بابی دێن و پرسـیاری قۆڕیش لەم دەکەن باشە چی دەبێت، ئەگەر دایک و بابی هـاتنـە بەردەرگە و ئەمیش هەواڵی کۆرنێلیا بپرسێت؟ باوەڕناکەم هەر خێرایش بانگی پۆلیس بکەن، بەڵام هیچ سەرکەوتنێکیشی چنگ ناکەوێت هێدی هێدی تاریکتـر بوو خـۆی لە ژێر پـەنجـەرەکـەی ژووری کـۆرنێلیـادا مـەڵاسـدا دەوەن و بێـشـەکـەیش ئەویان لەبەر بینین بزر کـردبوو. ئینجـا گـوێی لە دەنگە دەنگەوە بوو لە ماڵـەکەدا. کـەواتە هاکا کۆرنێلیا دەچێتە ژوورەکـەی خۆی لە سـەروو خۆیەوەگوێی لە





داخـسـتنی هێـواشـی دەرگـەیەکـەوە بوو ڕووناکـییـەکی کـەمـیش کـەوتە ژوورەکـەوە سـێبـەری کـۆرنێلیـاش کـەوتـە سـەر بێشـەکـە قـەدەرێکی دیش چاوەڕێی کـرد. ئینجـا بەئاگـاییـیـەوە خـۆی بەرز کـردەوە و لەودیوی پەردەکـەوە کـۆرنێلیـای بەدی کـرد ئەو لەسەر لا لەسەر پێخـەفەکەی پاڵکەوتبوو و گۆڤارێکی دەخـوێندەوە فرێدی نووقمی ئەم ڕوانگە جـوانـە بوو. دڵیـشـی کـەوتـە ترپە ترپـی خـێـرا بەسـەری نینـۆک چەند جـار بەشووشەی پەنجـەرەکەیدا کێشا ئەو سـەرێکی بەرز کردەوە، بەڵام چونکە ئەمی بەدی نەکرد، کەوتـەوە خوێندنەوە فرێدیش بەهێـزتر پێی داکێشا کۆرنێلیاش گۆڤارەکەی داخست و بەرە و پەنجـەرەکـە هات کە فرێدی بەدی کرد، هەڵسـڵـەمییـەوە و ترسـا، چونکە فـرێدی دەیتـوانی ترسـەکە لـە ڕووخسـاریدا هـەست پێ بکات و ببـینێت. زۆر بەبێدەنگی لایەکی پەنجەرەکەی کردەوە و وتی:

ـ من وامدەزانی کە تۆ لە نەخۆشخانەیت.

ـ ئیدی لەوێ نیم لێگەڕێ با بێمە ژوورەوە.

لە پێشدا بیری لێ کردەوە، ئینجا هەردوو تاکی پەنجەرەکەی خستە سـەر پشت. فـرێدیش تا توانی بەبێدەنگی خـۆی هەڵگەڕاند و چووە ژوورەکـەیەوە پاشـان کـۆرنێلیـا پەنجەرەکەی داخستەوە و پەردەکەشی دادایەوە. وتیشی:

ـ سا ئەگەر لێرە پەیدات بکەن، حسابت تەواوە!

فرێدی چرپاندی:

ـ دەی تۆیش.

بەحەسرەتەوە باوەشیان پێکدا کرد. کۆرنێلیا کەوتە گریان، بەڵام فرێدی بیری لەوە دەکردەوە چ هـەسـتێکی لـە ژوورەکـەی ئەودا هـەیە جـیـاواز بوو لە پێکگەیشـتـنـەکـانی دەرەوە و بەدڵی بوو، کۆرنێلیا وتی:

ـ زۆر لە خەمی ئاگرهەڵگیرسێنەرەکەمدا بووم.

ـ باشە دایک و بابت جارجارە دێنە ژوورەکەتەوە؟

ـ زۆر دەگمـەن، بەڵام خـۆ مـەترسـیشـی هـەیە ئەگـەر مـەسـتـیشـیـان کـردبێت هـەر دەتوانن گوێیان لە ئێمەوە بێت.

- کەواتە وەرە و دەچینە باخەکە. ئێستا کەسێک لەوێکانەدا نییە.

بێ ئەوەی بیری لێبکاتەوە چاکەتێکی لەبەر کرد، ئینجا خۆی لە پەنجەرەکەوە شۆڕ کردەوە فریدیش هەمان کاری کرد، بەڵام هەتا توانیشی، پەنجەرەکەی توووند لە پشتەسەری خۆیەوە داخستەوە کە لەسەر ئاوەکە پاڵکەوتبوون و یەکتریان ماچ دەکرد، حەزی دەکرد لەگەڵیدا بکات، بەڵام دەری نەبڕی و باسیشی نەکرد کە کۆرنێلیا پرسی:

- چیت بەسەردا هاتووە؟

فریدی وای دەزانی لە ڕووداوی وێنەکەی ماریاوە ئیدی یەکتریان نەدیووە. بۆیە وتی:

- شتێکی وەک دەماخ تێکچوون. ئەمەیش پزیشکەکان دوزیانەوە خۆ من نازانم چییە.

- ئەی هەنووکە تەندروستیت باشە؟

- تا ڕادەیەک.

سێ نامەکەی لە گیرفانی پانتۆڵەکەی خۆی دەرهێنا و خنینییە گیرفانی چاکەتەکەیەوە وتیشی:

- ئەوانەیش بۆ تۆ. نەمدەویست بەپۆستدا بۆتی بنێرم.

کۆرنێلیا باوەشی پێدا کرد و سوپاسی کرد ئەویش ماچی دەکرد ئێوارەکە گەرم بوو، لە نێو زەلەکاندا جێیەکیان دۆزییەوە لەوێوە دەیانتوانی لە گۆمە ئاوەکە بڕوانن تەنانەت لە تاریکییەکەیشدا تارمایی مراوییەکانی ناو ئاوەکەیان دەدی، یان قرتە قرتیان بوو یان پەڕەکانیان پاک دەکردەوە.

- بیرم دەکردیت من لەگەڵ پۆلیسدا گیرم خواردووە. ئەو دەبەنگانە شکیان هەیە کە من گڕم لە ماڵەکەی زینکە بەردابێت و سووتاندبێتم. ئیدی هەندێک شتی دیش!

- بەڵام تۆ نەتکردووە.

کە کۆرنێلیا بەو ساناییە وەهای وت دەتگۆ هەموو شتێک چارەسەر بووە و خراپترین مەترسی بەسەرچوو.





- دەبێت بڕێک بەئاگا بم، دووشەممەیش دەچمە کۆمەڵەی لاوانی ئیڤانگێلی ئێما دەیەوێت کە وەها بکەم باشترە بڕێک بەئاگا بم.

کۆرنێلیا بەپچڕپچڕەوە پرسی:

- خۆ پێوەندی ئێمە هەروەک خۆی دەمێنێتەوە.

هەروەک چوونەکەی فریدی بۆ کۆمەڵەی لاوانی ئیڤانگێلی، مەترسی بێت بۆ سەر خۆشەویستییەکەی.

- بێ شک من تەنیا دەبێت لەبەر ئێما شتێک بکەم خۆ جارجارە چوونە جێیەکی وەها، نابێتە هۆی سووکایەتی، یان..؟

- نا هیچی وەها نییە.... دەترسم کە ئەم ئێوارەیە دایک و بابم خۆیان مەست بکەنەوە، چونکە دوو کاتژمێر لەمەوبەر، کەوتنە پڕکردنی یەکەم لێوانیان..

- هەر بۆیەشە نارەحەت دیاریت؟

- ئا، شتێکی لەو بابەتانە، بەڵام ئیدی بەلامەوە زۆر گرینگ نییە.

خۆی بەسەر فریدیدا دا کراسەکەی کردەوە و دەستی بەسەر سنگیدا دەهێنا. فریدیش وتی:

- جا ئەگەر تۆ نیگەران بیت، لێگەڕێ منیش نیگەران بم.

ئینجا کەوتە کردنەوەی بلوزەکەی، ئەو مەمکەوانەی هەڵنەگرتبوو سنگ و مەمکیشی نایە بان سنگی فریدی و وتی:

- باشت کرد کە یەکسەر بۆ لای من هاتیت.

مراوییە مێیەیەک لە ناو زەلەکەدا هەر قرتە قرتی بوو و باڵەکانی بەیەکدا دەدا، دەتگۆ باش هەڵنەنیشتووە یان جێگەکەی خۆش و حەساوە نییە، فریدی وتی:

- وەرە با بیکەین؟

کۆرنێلیایش بەچاوی ئەبلەق بووەوە لێی هەڵڕوانی، ئینجا لێشگەڕا کە فریدی دەرپێکەی دابکەنێت و خۆی لێنێزیک بکاتەوە، چونکە یەکەم جار بوو بۆیە بۆ فریدی دژووار و بۆ کۆرنێلیاش ئازاراوی. بەهۆی شڵەژان و ترسەوە فرمێسک بەچاوەکانی

کۆرنێلیادا هاتنە خوارەوە. کۆرنێلیا بەهەردوو دەستەکانی باوەشی بەفرێدیدا کردبوو گوێبیستی هەنکە هەنکی یەکتر بوون لەگەڵ ئەو بۆنەی کە لە یەکیان دەکرد، ئەو ئارەقەی دەریان دەدا، ئەو سەرنجانەی کە یەکتریان پێ ڕادەگرت خۆیان بەرە و دنیایەکی تر بەرێ دەکرد، ئەو شک و گومانەیان وەلاوە دەنا، کە پێوەندی بەکردەوەکەیانەوە هەبوو. پاشان هەردووکیان لە ژێر مانگەشەوەکە و لە پاڵ یەکتریدا چیچکەیان دایەوە. فرێدی هاوکاری کۆرنێلیای کرد خوێنەکەی بسڕێت و جلەکانیشی لەبەر بکاتەوە. ئینجا بەرگەکانی خۆشی ڕێکوپێک کردەوە فرێدی دەسڕۆکەکەی دەرهێنا، ئارەقەی ڕووخسار و پاشان لووتی کۆرنێلیاشی سڕی کۆرنێلیا وەک کیژۆڵەیەک لێ گەڕا، ئەو هەڵسوکەوتی لەتەکدا بکات، بەڵام فرێدی هەستی بەگەورەبوون و هێز و توانای خۆی دەکرد، ئەگەرچی فرێدی نەشیدەزانی چۆن ئەو کارە دەکات، بەڵام پێشی وت:

- من دەبمە پارێزەرت.

- منیش تۆ دەپارێزم، ئاگر هەڵگیرسێنەر.

ماوەیەکی زۆر لێک ئالان چاوەکانیشیان لەبەر ڕووناکی ئەستێرەکاندا دەدرەوشانەوە.

فرێدی لە چێشتخانەکەدا ڕووناکی بەدی کرد، بۆیە بیری لێ کردەوە، سا ئەگەر لەتەک ئێمادا برێک قسان بکات ئەگەرچی کاتژمێری نەبوو، بەڵام هەستی دەکرد، دەبێت دوو دەمژمێر بەسەر چوونە دەرەوەکەیدا بەسەرچووبێت ئێما لە کن دۆڵابەکەوە وەستابوو ڕەنگی زەرد هەڵگەڕابوو، بەچاوێک سەرنجی فرێدی دەدا کە مانای ترسی دەردەخست هەردوو پۆلیسەکە لە لای مێزەکەوە دانیشتبوون لەڕەکەیان هەڵسا، پەلاماری فرێدی دا و بۆ ژوورەکەی برد قەڵەوەکەیش وتی:

- ئەوا دەستمان لێی گیربوو.

لەڕەکەشیان زیادەی خستە سەر:

- جا پێ دەچێت کە لە دزییەک گەڕابێتەوە بڕوانە لە شەپ و شیپاڵی هەردەڵێیت لە قەسابخانە بووە.





دەنگی ئێما بەتیژی بیسترا:

- خۆ ناتانەوێت کە نهاکە لە تەک خۆتاندا بیبەن؟ ئەو ئەمڕۆکە لە نەخۆشخانە هاتووەتە دەرەوە خۆ ناشێت بەم نیوەشەوە بیبەنە پۆلیسخانە؟

پۆلیسە لەڕەکەیان، بەتووڕەییەوە پرسی:

- باشە هەروەک ئێمە پێمان وتیت، بۆچی بەهاتنە دەرەوەی لە نەخۆشخانە، ئاگەدارت نەکردینەوە؟

ئێما بەتووڕە و توونديیەوە، وەڵامی دایەوە:

- تا بەیان کاتی ئەوە هەر هەبوو، ئادەی بزربن لە بەرچاوانم! دەی خێرا! خۆ ناشێت بەم نیوەشەوە و لە ماڵەکەی مندا، کۆسە کورتەباڵایەک بۆ دەرەوە بەکێش بکەن؟!

قەڵەوەکەیان بەدەم پەنجە بەلووت کردندا، وتی:

- باشە کێ گەرەنتی ئەوە دەدات کە ئەو بەیانی لێرەکانەیە؟ تا بەیانی ئەو دەتوانێت، لە پشت حەوت کێوانەوە خۆی شاردبێتەوە! بێجگە لەمانەیش دەمەوێت بزانم خەریکی چی تر بووە ئەرێ ئەم خوێنە بۆچ بەپانتۆڵەکەتەوەیە؟ ئادەی خورتۆلکە، وا گوێمان ڕاگرتووە!

فرێدی سەیرێکی ئێمای کرد وای تێگەیاند کە بەوە خۆشحاڵە، چۆن لەتەک پۆلیسەکاندا هەڵسوکەوتی کرد و بەگژیاندا چووەوە. ئینجا وتی:

- جرجێک کەوتبووە ناو تەڵەوە و هێشتاکە گیانی تێدا مابوو لۆزی بەلای مندا وەرگێڕا و خوێنی لێەهاتە دەرەوە.

لە ناخیشەوە هەستی کرد، گاڵتەبازییەکی باشی ئامادەکرد، بەڵام لە دوایشدا، بێدەنگیشی بەباشتر زانی، وەک لە وەڵامدانەوە. بەرەو دەستشۆرەکە فرتەی کرد و ڕشایەوە. ئێمایش بەسەریا نووشتایەوە سەری گرتبوو و کۆمەکی دەکرد، هەتا بەسەتڵە ئاو ڕشانەوەکە بۆ خوارەوە بشواتەوە فرێدی کاتی بۆ خۆی دانا هەتا هەناسەی بەتەواوەتی هاتەوە جێی خۆی، چونکە ئەو دەبوایە درۆیەکی بدۆزیایەتەوە، دەنا ڕێگەچارەی تری نەبوو، بەڵام بەو باسکردنە مەیل و گەدەی تێکچوو جا هەروەک

ئەوەی کە ئەو ئەمڕۆکە لەتەک کۆرنێلیادا هەیبوو، نابێتیە پیسییەوە، بەڵام بیریشی کردەوە؛ نابێت وەها بەراوردێک بەکۆرنێلیا بڵێم. سا ئەگەریش جارێک لە جاران زانی، بێ شک تێگەیشتنی بۆی دەبێت لێ، هەرچۆنێکیش بێت، ئەمەیشی بەباش نەزانی و هەستێکی وەهای هەبوو، نهێنییەکەی خۆیانی ئاشکرا کردبێت. بیری ئەوەشی کە ئەو گێڕانەوەیەی بەباشتر زانی، وەک ڕاستییەکەی بەم دوو قووڵنگە بڵێت ئێما بەدەنگی بەرز و تیژەوە وتی:

ـ فەرموون، بزانن چیتان کرد.

دەرگەکەشی کردەوە و درێژەی پێدایەوە:

ـ هەنوکە گۆڕتان بزر بکەن، سبەینێ خۆم لەتەکیا دێمە پۆلیسخانە، چونکە ئەمڕۆکە فرێدیتان نادرێتێ هیوادارم کە باش لێم تێگەیشتبن.

لەڕەکەیان وتی:

ـ ئێمە جەنابت بەرپرسیار دەکەین ئینجا لە هەمبەر گێڕانەوەی جرجەکەیشەوە، ئەوا مریشکیش پێکەنینی پێی دێت!

ـ باوەڕتان بەچییە، باوابێت. بۆچ ئێوە لەو باوەڕەیدان کە فرێدی کەسێکی کوشتبێت؟

قەڵەوەکەیان وەڵامی دایەوە:

ـ بەو بەرهەمەی کە لە پێش چاوان دیارە هیچ سەرم ناسووڕمێت.

دەنگی ئێما کارگەر و تیژ بوو کە وتی:

ـ جا تۆ هەر وەها بزانە!

ـ بۆ مەسەلەی ئەو پەروەردە کاتۆلیک و خۆپارێزییەش دەگەڕێینەوە سەری دەنا خۆ ناشێت لێگەڕێین، خورتۆلکەیەک تەفرەمان بدات!

پۆلیسەکان بەپلیکانەکاندا چوونە خوارەوە ئێمایش لە پشتیانەوە بێدەنگ هەتا کن دەرگەکە بەڕێی کردن ئینجا بەقایمی و لە پشتیانەوە، شەقەی لە درەگەکە هەڵسان و دای خست بەهەناسەی سووارەوە وتی:

ـ هیچ جێی باوەڕ نییە! کە خۆیان بەچی دەزانن و چیش لەگەڵ ئێمەدا دەتوانن





بکەن گوزەرانت چۆنە لاوەکەم؟

دەنگی ئارام و بەسۆز بووبووەوە. هێشتاکە فرێدی لەسەر دەفرشۆرەکە وەستابوو ئێما بەرەو لای ئەو چوو باوەشی پێداکرد و توووند بەخۆیەوە نووساند فرێدی فرمێسکەکانی بۆ ڕانەدەگیرا. ئێمایش دەستی بەسەر پشتیدا دەهێنا کە لەگەڵ هەنسکداندا دەبزووا. ئەگەرچی هەستی بەبۆنێکی نامۆ کرد، بەلام نەیدا لە رووی. ماوەیەکی درێژ ئاوەها و لەوێکانەدا وەستان. ئیدی ئێما دەسرۆکەکەی لە گیرفانی بەرکۆشەکەی خۆی دەرهێنا و ڕووخساری فرێدی سڕی فرێدیش بیری کردەوە کە خۆشی دەوێت، بەڵام جیاواز لە خۆشەویستییەکەی کۆرنێلیا یان خۆشەویستیی بۆ فریتس و ئۆتۆ. یان بۆ کۆترەکان. یان خۆشەویستیی بۆ میرژن جا پێ دەچێت کە من هەمیشە خۆشم ویستبێت و دایکیشم بێت؟ یان وەک دایکێکی ناو چیرۆکی ورچەکان ئەو ساتەی کە سەری بەسەر مەمکەکانییەوە بوو بیر و خەیاڵی خۆش و باشی دەکردەوە ئەویش ئارامی دەکردەوە فرێدی بەمەمنونییەوە بۆنی ئەوی هەڵدەمژی و هەستی بەبوونی نەرمیی مەمکۆڵەکانیشی دەکرد.

سەرلەبەیانی ڕۆژی داهاتوو، بارانی بوو ئێما لێی گەڕا چەندی خۆی دەیەوێت بخەوێت، چونکە دەبایە کاتژمێری دووازدە لە کن پۆلیس بوونایە. کە فرێدی بەئاگا بووەوە، بێ ئەوەی تەقەتەق بکات خۆی گۆڕی و چووە سەرەوە و کن قەفەزی کۆترەکان، هەتا جووتە کۆترەکەی ببنێت هەر کە دەرگەکەی کردەوە کۆترەکان لەسەر تەختی قەفەزەکەوە هەڵفڕینە سەر تەختە هەڵواسراوەکە جارجارە دەکەوتنە پاڵەپەستۆی یەکتری لەسەر جێگە کۆترەکان هێشتاکە نوێ بوون و بێرە ڕانەهاتبوون. مرۆڤ نەشیدەتوانی خێرا هەستی پێ بکات، نێرن یان مێ؟ یان کامیان نێر و یان مێیە؟ چونکە هێشتاکە گوشتی لووتیان، وەک لە کن هەموو بەچکە کۆترەکان ڕەنگ پەمەیی بوو موللەری پیر، پەرکێشی نەکردووە کە بەباڵندەیەکی هەرە باشیان دەزانێت. فرێدی بیری کردەوە:

" ئەگەر سابوونەکانم بمایە دەمتوانی وەک سوپاس، بیدەمێ و پێشکێشی ژنە فەرەنسییەکەی بکەم."

کۆترە سوورەی هەڵگرت و بەسەرسووڕمانەوە، لە چاوە گێلاسییەکانی

هەڵدەڕوانی. فووی بە پەرەکانی پاڵەکانیدا کرد، هیچ خواروخێچیەک دیار نەبوو. وەک ڕاستەیەک ڕاست بوو! ئینجا باڵەکانی بڵاو کردەوە و نایە بەر ڕووناکیەکە. هیچ کەمایەسیەکی تێدا نەبوو. ئەوی تر کەمێک بەرهەڵستی لە خۆی کرد، بەڵام ئەم توانی قسەی لەتەکدا بکات و ڕازی بکات:

- ئیدی خوو دەگریت و خۆت قەلەق مەکە. منم، من..!

ئەم کۆترەی دی بۆ سەرسووڕمانی ئەم، چاوی تۆخی هەبوو: کەواتە بۆ ساتی فڕین لە تەمی خۆردا بەپێچەوانەی ئەوانی ترەوە هەر زۆر باشە ئیدی ئەو شتانەی تری کە ئەو لێی دەڕوانین گەلێک باش بوون. جا پێ دەچێت ئا ئەمەیان مێیە بێت دەی خراپ نییە و زۆرتریش تەحەمولیان هەیە و دەمێننەوە. ئەم دەبووایە لەگەڵ ئۆتۆدا، لە بارەی جووتکردنیانەوە قسە بکات. پاشانیش دەتوانن بەچکەکانیان بەش بکەن ئەمەیش لە بەرژەوەندی ئۆتۆ دەبێت، چونکە پێم وایە شتی وەهای نەبێت خۆ لەسەرێکی تریشەوە ئۆتۆ کۆتربەخێوکەر و مەشقکەرێکی پسپۆڕ و کارامەیە جا وایش باشترە کە مرۆڤ سپییەکان پێکەوە جووت نەکات، بەڵام هەموو کەسێک وەها بیر ناکەنەوە پێ دەچێت هەردووکیان لە هەمان هێلکە و ڕەگەزەوە، هەڵتروکابن؟ بۆ ئەمەیش پرسیار لە پیرە موللەر دەکەم حەزی دەکرد نهاکە ئۆتۆ لێرە بووایە و لە هەمبەر کۆترەوە قسەیان بکردبایە کە کۆترەکەی دانایەوە، ئەویش بەتەکانێک هەڵفڕییە سەرووترەوە و ملی درێژ کردەوە پێیوابوو کە لە سەرەتای ساڵی داهاتوودا، دەتوانن بکەونە فڕین، فەردەیەکی بچکۆلەی پڕ لە دانەوێڵە لە بەردەم قەفەزەکەدا دانرابوو لاوکمان دڵی باش بووە، ئۆتۆیش هێشتاکە فەردەکەی هەڵنەپچڕی بوو: هەرزن بۆ کۆتر هەر زۆر باشە، بەڵام زۆریشیان ئارەزوو لە خواردنی نییە، بڕێکی دیش لەوێکانەدا مایەوە، هەتا لە بەرتیشکی خۆرەکەی لە قڵیشی خشتەشووشەییەکان و پەنجەرەی سەربانەکەوە، بەریان دەکەوت لێیان هەڵبڕوانێت. ئەگەر ئێوارە ئۆتۆ لە شیشتی کارەکەی گەڕایەوە، دەتوانن بیانهێنێتە دەرەوە.



## لە مەخفەر

ئێما ئەو چاکەتە شینە تۆخەی لەبەر کرد کە بۆ چوونە کەنیسە دەیپۆشی بەترامواى هەتا ئوتفۆرت ڕۆیشتن. بۆ سەرسووڕمانی فریدی، بەدرێژایی ڕێگەکە هەردووکیان بێخەیاڵ دەهاتنە بەرچاوان. فریدی هەندێک توانجی گەیاندە مامۆستاکەی قسەی پێ وت و لاساییشی کردەوە ئێمایش بێ ئەوەی سەرزەنشتی بکات پێکەنی جا پێشئەوەی بچنە ناو مەخفەرەکەوە، ئێما قیافەی گرتەوە ئێما پێی وت: کە زۆری پێ دەچێت ئەویش پێویستە لە هەموو بابەتەکاندا هەوڵبدات ڕاستی بڵێت. فریدیش وتی: یانی لەوەش خراپتر چاوەڕێ دەکرێت کە بۆ پیرەژنێک کڕێن بەئانجام بگەیەنم؟ بەڵام ئێما ئیدی دەرفەتی وەڵامدانەوەی نەبوو، چونکە چاوەڕێیان دەکرا. پۆلیسێکی گەنج بەناو داڵانە درێژەکەی بۆنی مۆمی لێ دەهات پێشیان کەوت و بەڕێی کردن. لە کۆتایی داڵانەکە، لە دەرگەیەکی دا پیاوێک بەقژێکی بژی قاوەییەوە، کە شایەد پەنجا ساڵێک دەبوو لە پشتی مێزەکەوە خۆی بەرز کردەوە. پیاوەکە دەستی بەهەردووکیاندا و خۆی بەناوی یۆهانێس دیکسکن ناساند. ئینجا داوای لێکردن لەسەر قەنەفەکانی ئەولاترەوە دابنیشن فریدی بەدزییەوە لە کابرای هەڵدەڕوانی ئەم وەها پۆلیسێکی نەدەناسی کە بەرگی مەدەنی لەبەردا بوو. جا پێ دەچێت هاکا ئەو دوو سەگەی تری بانگ کرد و ئیدی سەما و بەزمەکە دەست پێ دەکات، بەڵام چونکە ئێمای لەتەکدا بوو هەستی بەئامان دەکرد لێ، ئەوان نەیاندەتوانی لە پێش ئێمادا، وەک لە نەخۆشخانەکە ڕای بپسکێنن و بیشکێنن! کابرا پێشنیاری کرد؛ ئایا ئێما دەیەوێت قاوەیەک بخواتەوە و فریدیش خۆشاوێک؟ چونکە هاوینە و دنیاش گەرمە، بەڵام هەردووکیان بەنەرێتی سەریان لەقانددیکسکن پەروەندەیەکی لە دۆڵابەکە دەرهێنا و لە کن ئەوانەوە دانیشت:

- کەواتە با بچینە سەر هۆکاری داواکردنەکەتان بۆ ئێرەکانە من ئەمڕۆکە چاوم بەکێشەکانی ئالفرێد هاڵسباخدا خشاند و داوای ڕاڤە لە جەنابتان دەکەم ڕوو لە

فرێدیش وتی: جەنابتان ڕازین لە کاتی لێکۆڵینەوەدا پوورتان لێرەکانە بمێنێتەوە؟

ئەو پرسیارە تووشی سەرسووڕمانی کرد، چونکە لێرەکانە دۆزەکە بەجۆرێکی دی مامەڵەی لەتەکدا دەکرێت وەک ئەم چاوەڕێی دەکرد، بەڵام هەروا خێرایش نەیدەتوانی بڕیار بۆ باشی و خراپی مانەوەکەی ئێما بدات بۆیە دوای سەرنجێکی کورتی ئێما ئینجا بەدوودڵیەوە سەری لەقاند کابرا وتیشی:

ـ ئەگەرچی تۆ هێشتاکە کەم سالآنی بەلآم بۆت هەیە هەڵبژێریت، چونکە خۆ ئێمە لە خوێندنگە نین و لە پۆلیسخانەین باشە...

ئینجا قرقێنەیەکی دایەوە و کەوتە هەڵدانەوەی پەڕەکان.

ـ لێرەدا گەلێک بابەت هەن ئێمە دەمانەوێت لە بارەیانەوە بدوێین کەواتە، وا باشترە کە لە ئاگربەربونەکەوە دەست پێکەین. لە باسی ماڵەکەی زینکەەوە، ئایا پێش لە سووتانی ماڵەکەیان هیچ گیروگرفتێکت لەتەک کوڕەکەیاندا هەبووە؟ مەبەستم شتی شەخسییە.

ـ کە ئێمە جارێک بەلای ماڵەکەیاندا تێپەڕین بەشەنێکی دەستییەوە هەڕەشەی لێ کردین.

ـ باشە ئەی ئێوە چیتان دەویست لە کولانەکەیدا؟

ـ جارجارە لەوێکانە هێلکە کەوتوون!

ـ باشە تۆ بەتەنیا بوویت یان لەتەک خەڵکی تردا؟

ـ لەتەک هەندێک هاوەڵدا.

ـ دەتەوێت ناوەکانیانم پێ بڵێیت؟

فرێدی بێدەنگ بوو.

ـ باشە تۆ چوویتەتە کولانەکەیەوە یان ئەوانی تر..؟

ـ نەخێر، من نەچوومەتە ناو کولانەکەیەوە پێشووتریش ئەم کارەم نەکردووە.

ـ باشە کە ئەو هەڕەشەی لێ کردن هیچ وەلآمێکت دایەوە؟

ـ نەء، تەنیا یەکێک لە ئێمە بەدەست ئاماژەی بێ مێشکی بۆ کرد.





ـ ئەی باشە چوویتەتە کولانەی ترەوە؟

ئینجا دیکسکن ڕێک چاوی تێ بڕی.

ـ جارجارە.

ڕەنگیشی سوور هەڵگەڕا، چونکە هەستی بەگیرخواردن و کەوتنە ناو تەڵەوە دەکرد ناشتوانێت باش وەلآم بداتەوە ئەی باشە چۆن دەتوانێت، بێ خۆ ئامادەکردن درۆی شیاو بدوزێتەوە؟ کە وەها لە ناکاو وەک هێلکەدزێک لێکۆڵینەوەی لەتەکدا بکرێت؟ ئایا دەشێت کە بەسەرکەوتنەوە درۆ لەتەک ئەم جۆرە پۆلیسانەدا بکرێت؟

ـ بەلآم بۆ هێلکە دزین؟

فرێدیش سەری بۆ لەقاند.

ـ لە کوێ و لە کن چ جووتیارێک؟

ـ شلۆتمان، لۆتێرس، ئۆلیشلێگەر و کۆهڵشاید.

دیکسکنیش لەسەر کاغەزەکانی خۆی شتی دەنووسی، پرسییەوە:

ـ باشە بۆچ شەوی ئاگربەربوونەوەکە چوویتە ئەوێکانە؟

ـ بیرم کردەوە؛ دەبێت شتێکی سەیر و پڕ لە دڵەخورپە بێت، لە وەها شتێک بڕوانیت.

ـ ئێ؟ سەیر و پڕ لە دڵەخورپە بوو؟

ـ لە هەمبەر گا و مانگاکانەوە نەء، چونکە ئەوان سووتان ئەوەیش هەر پڕ لە دڵەخورپە بوو، بەڵام بەجۆرێکی دی. ئیدی ڕووداوەکانی تر پڕ لە دڵەخورپە بوون.

ـ لەوێکانەدا پیاوی لێ بوو مۆبێل و کەلوپەلی ناو ماڵیان دەهێنایە دەرەوە تۆیش حەزت دەکرد، هاوکاری بکەیت؟

ـ بێشک.

بەدەم هەڵدانەوەی کاغەزەوە پرسی:

ـ ئەی باشە بۆچ نەتکرد؟

فرێدی بیری کردەوە کارێکی زۆر مەزن دەبوو دەسرۆکەیەک بەدەم لووتەوە و لەتەک

پیاوەکاندا تالآنی بهێنایەتە دەرەوە، ئینجا وتی:

ـ ئەوان منیان دەرکرد.

ـ بۆ؟

ـ چونکەی منیان بەمندالْ دەزانی.

ـ ئەرخەیانی؟

فرێدی سەری لەقاند. پۆلیسەکە وتی:

ـ بەلاتەوە ڕاستە ئالەم تەمەنەی تۆدا وەک مندالْ مامەڵەت لەتەکدا بکرێت؟

ـ مەرج نییە وا بێت.

دیکسکن سەرنجێکی پەروەندەکەی دا و پرسی:

ـ تۆ لەو باوەڕەیدای کوڕە گەنجی جووتیارەکە خۆی ئاگری لە ماڵەکە بەردابێت؟!

ـ من شتی وەهام نەوتووە.

ـ بەڵام تۆزێک بیرت لێکردووەتەوە؟

ـ ئەگەر بمەوێت ڕاستگۆبم لە سەرەتاوە بیرم بۆ ئەوە دەچوو کە ئەمە کاری پیرە زینکە خۆی بێت.

ـ بۆچ دەبێت ئەو کاری وەها بکات؟

ـ چونکە زۆری لێ دەدرێت.

ـ بەڵام لە بەرئەوەی کە لێدان دەخوات، ئەو ماڵ و حەوشەی خۆی ئاگر تێبەر دەدات.؟

ـ بەڵکو بیەوێت کوڕەکەشی تێدا بچێت کە ئیدی کۆتایی بەلێدانی دێت.

ـ کەواتە تۆ لەوباوەڕەیدای، دەیویست تۆڵە لە کوڕەکەی بکاتەوە؟

ـ بەڵام پاشان کە لاوکمان پێی وتم، زینکە خراپ نییە و باشە ئیدی وەها بۆچوونێکم نەبوو بەڵکو بیرم کردەوە چۆن زینکەی گەنج ئەمەی کردبێت، بەڵام ئەمە تەنیا خەیاڵاتێک بوو، چونکە زۆر جاران بۆ هۆی وەرگرتنی دراو لە تەئمین= ئامانەوە، جووتیارەکان گڕ لە ماڵەکانیان بەردەدەن.





ـ چ شتێک لەو ئاگر بەربوونەوەیە بۆ تۆ جێی سەرنج بوو؟

فرێدیش کەوتە بیرەوە مەبەستی لەم پرسیارە چییە؟ نەشیدەتوانی هیچ لە ڕوخساری دا بخوێنێتەوە بیریشی کردەوە خۆ ئەگەر پۆلیسەکە خۆی باسی وێنەکە نەکات ئەوا ئەم هیچی لە بارەوە نەڵێت لە وەڵامی پرسیارەکەدا فرێدی وتی:

ـ چۆن پیرە زینکە لەو ساتەدا لە ژێر دارگوێزەکەدا بە ئارامی وەستابوو و جگەرەی دەکێشا، چۆنیش دوو ئەسپەکە دەروازەکەیان شکاند لەو تاریکییەدا و بەحەوشەکەدا و بەچوار ناڵە هەتا چەمەنزارەکە بۆی دەرچوون پاشانیش لە ناو تەمەکەدا لە پاڵ یەکترەوە وەستا بوون.

ـ باشە ئەمەت بۆچ بەدڵ بوو؟

فرێدی بەنائەمینییەوە، وەڵامی دایەوە:

ـ هەروا جێی سەرنج و تێڕامان بوو ئەی مرۆڤ چۆنی وەسف بکات؟

ـ باشە لەو شتانەی کە لەوێکانەدا کەوتبوون هیچت برد؟

ـ شەوەکەی نەء.

ـ ئەی پاشان؟

ـ وێنەیەکی کۆن کە لەوێکانەدا کەوتبوو.

دیکسکن پرسیارێکی کونتێکەری ئاراستە کرد:

ـ لەوێدا کەوتبوو؟

فرێدی بێدەنگ بوو.

ـ ئەلفرێد من دەمەوێ تەنیا گوێم لە ڕاستییەکان بێت لەوێکانەدا نەکەوتبوو! بەڵکو تۆ چوویتەتە تەویلکە و وێنەکەت لە دیوارەکە کردووەتەوە. خۆ ئەمە جیاوازییەکەیە، وا نییە؟

فرێدی سەری لەقاند و هەمدیسان سوور هەڵگەڕا بیریشی لێ کردەوە: من هەمیشە خۆم بەرە و قووڵایی دەبەم!

ـ جا تۆ لەو باوەرەیدایت کە پۆلیسێک وەها پەڵەیەکی سپی ڕووی دیوارێک

نابینێت؟ باشە بۆچ بردت. وات دەزانی کە زۆر بەنرخ بێت؟

- بە جوانم زانی.

پاش شڵەژان و تف قووتدان وتی:

- دەتوانم نرخەکەی بدەم.

دیکسکن وەڵامی نەدایەوە و ماوەیەک بێدەنگ بوو ئینجا کەوتەوە پرسیار:

- لە دۆلابەکـەتدا سـابوونێکی ئینگلیـزیان دۆزیووەتـەوە ئادەی بۆمـی باس بـکە، لەکوێت بوو؟

فرێدیش هەروەک چۆن بۆ ئێمای باس کردبوو وەهای گێڕایەوە جا لەو ساتەی کە دەیگێڕایەوە هەوڵی دەدا ڕووخساری پۆلیسەکە بخوێنێتەوە، بەڵام سەرکەوتوو نەبوو.

- ئایا پێشووتریش دزیت لە ئینگلیزەکان کردووە؟

- جارجارە.

ئینجا قوورگی گیرا دیکسکن پرسیاری کردەوە:

- هەمیشەیش سابوون؟

- یەکجار سابوون ئیدی جگەر و شۆکۆلادە.

- هەمووی چەند جار بەسەر یەکەوە؟

فـرێدی بیری کـردەوە؛ پێی باش نـەبوو لێرەکـانەدا خـۆی وەک جـەردەیەکی گـەورە ئاماژە پێ بکات لێ ئینکاری کردنیش بێ هودە بوو، بۆیە وتی:

- پێم وابێت پێنج جاران.

- هەمیشەیش لە لۆرییەوە؟

- لە ئەمباریش، بەڵام ئەگەر ئەوان سەرخۆش بوونایە.

- ئەی چیت لەو شتانە دەکرد؟

- دەمفرۆشتن.

- چۆن دەتفرۆشت؟ لەسەر شەقام و خوێندنگە؟





- کەسێک دەناسم.

- ئەی ناوی ئەو کەسە چییە؟

فرێدی سەری ڕاوەشاند.

- ئەو کەسە شتی تری دزی دەفرۆشێت؟

- نەء تەنیا پێڵاوەکۆنە.

دیکسکن پێکەنی و وتی:

- باشە گیرمان پارەی باشی پێ داویت؟

- خراپ نەبوو.

ئینجا سوور هەڵگەڕا و درێژەی پێ دایەوە:

- بەشی دوو یان سێ هەفتەی دانی کۆترەکانی دەکرد.

- ئەها! کەواتە بۆ دانی کۆترەکانت دەویست؟

فرێدیش سەری لەقاند

- نەک بۆ لیمۆنادە، بۆ ئایسکرێم، بۆ بیرە، جلوبەرگ و یان ساجمەزەن.؟

- ئەوەم پێویست نییە.

- ئەی ئەوە چی بوو لەتەک مامۆستا و ژنەکەیدا؟

فرێدی هیچی نەوت کە دیکسکن پرسیارەکەی پاتە کردەوە، فرێدی سەری بادا. چونکە نەیدەویست بەهیچ جۆرێک لە هەمبەر کۆرنێلیا و دایک و بابییەوە شتێک بڵێت ئیدی با هەرچیش لە بارەیانەوە لە پەروەندەکەدا هەبێت و یان هەرچییەک لەم بکەن باشترە کە بچمە بەندیخانەوە.

پۆلیسەکە بەسەر سووڕمانەوە لێی هەڵڕوانی.

- لەبیرت نەچێت، ئەگەر تۆ وەڵام نەدەیتەوە ئەوا خۆم بیر لە ئاکامەکەی دەکەمەوە.

فرێدی بەبێدەنگی خۆی لە سەرنجی ئێما لادەدا دیکسکن بەدەم هەڵدانەوەی پەڕەوە، وتی:

- جارجارە لە خوێندنگە شتگەلێک دەقەومێن، بەڵام ئەوانە بۆ پۆلیس ڕووداو نین.

باشە پرسیارێکی دی: دۆستە هەرە باشەکانت کێن؟

فرێدی کـەوتە گومـانەوە: بـاشـە بۆچ وەهـا پرسـیـارێک دەکات؟ ئایا ئەگـەر ئەم ناو بێنێت کەسـەکان تووشی گرفت دەبن؟ خۆ ئەگـەر ئینکاریش بکات ئەوا پێ دەچێت کە پۆلیسەکە گرژتر بێت فرێدی وتی:

ـ فریتس هوفناگڵ، ئۆتۆ لانگە، هاینریش لاوکمان و کلاس وێلینگا.

ئینجـا بیـریشی کـردەوە: خـۆ دەکرا ناوی ئافـرەتیـشم بهـێنابایـە. بۆ نموونە؛وەک خوشکی پینەچییـەکە و میرزن، بەڵام سـەیری دەنواند، چونکە هـەرچۆنێک بێت، ژنان بۆ دۆسـتـیـیـەتی، لە کـاتەگـۆڕییـەکی دیدان بەتایبـەتیش پێگەیشـتـووەکـان فـرێدی بەئاگاییەوە پرسـی:

ـ ئایا ئەوانەیش بانگ دەکرێن؟

پۆلیسەکەیش شانەکانی هەڵتەکاند و وەڵامی دایەوە:

ـ بابزانین جارێکە هیچ هۆیەک بۆ بانگکردنیان نییە من بۆیە ئەم پرسـیارانە دەکەم هەتا تۆ باشتر بناسم سا ئەگەر بۆ بەندیخانە و یاخۆ سیبیریامان ناردیت

پۆلیـسـەکـە بەدەم پێکەنینەوە ئـەمـەی وت. فـرێدیش نەیدەزانی چۆن مـانـای ئەو پێکەنینـەی لێک بداتەوە، چونکە خـۆ ئەگـەر بەڕاسـتی بووبێت ئەوە ئیدی جێی گـاڵتـە نییە.

ـ دوو جاران هاوکارە گەنجەکانم لە کن تۆ بوون و لێکۆڵینەوەیان لەگەڵدا کردوویت. پێم وایە کە نەرمونیانیش نەبوون، یان..؟

فرێدی هیچی نەوت و تەنیا سـەری ڕاوەشاند، بەڵام ئەو خۆی وتی:

ـ بیرم لێ کردبووەوە.

ئینجا ڕووی لە ئێما کرد:

ـ هاوکـارەکـانم گـەلێک باسی فـرێدیان بۆ کـردم، بەڵام هـەمـوویم بەجـەخـتـەوە وەرنەگـرتووە هەربۆیەش دەمـویست کـە خـۆی ببـینم لە هەمـبـەر هەندێک شـتـەوە گیرکردووە بەڵام بۆ ڕووناکی خستنە سەر هەندێک بابەتی تر شتێکی ترە.

فرێدی لەوە تێنەگەیشـت کـە ئەو دەربڕی. ئێمـایش لەسـەر قـەنەفـەکە برێک خـۆی





ڕێک کردەوە و وتی:

ـ بەڵام ئەمـشەو دوو پۆلیسـەکەی تر بۆچوونێکی دیان هەبوو، چونکە بەهاتنەکەیان بۆ مـــاڵەکـــەم هـیـچ پێم خـــۆش نـەبوو بـەپێـــچـــەوانەوە، زۆر بـە بێ چـاو و ڕووی هەڵسوکەوتیان دەکرد.

ئێما تووڕە بووبوو دیکسکنیش بەجەختەوە لێی هەڵدەڕوانی، ئینجا وتی:

ـ خانمی هاڵسباخ گەرەکمە شتێکتان پێ بڵێم جا ئایا فرێدی بچێتە دەرەوە؟

ـ ئەوە دەبێت جەنابتان بڕیاری لێ بدەن.

ـ کەواتە لێرەکانە بمێنەوە ئەلفرێد ئـەگەرچیش ئەوانەی کە دەیانڵێم، بۆ گوێی لاوان نابن.

ئینجا خۆی بەلای ئێمادا وەرگێڕا.

ـ من هـەردوو پۆلیسـەکـە و هـەڵسوکەوتە ناپەسـەندەکانیشیـان دەناسم لە بەرئەوەی لە سەرلەبەیانی زووی ئەمڕۆ کارێکی دیان پێسپێردراوە ئیدی دەرناکەونەوە.

کەوتە قـووم لێدانی قـاوەکەی دەسـتـەکەی تری بەگـیرفـانـی چاکەتەکـەیدا کـرد و پاکەتێک تووتنی خستە سەر مێزەکە:

ـ زۆر بەداخـــەوەم خـــانمەکـــەم شــتـی وەهـا هـەر ڕوودەدەن، بەڵام زۆربـەی خـاوەن کێشەکان هیچ شکایەتێک لە حاڵی خۆیان ناکەن!

دەسـتـی دایە سـەبیلـەکەیی و پڕی لە تـووتن کـرد ئینجـا بەوەسـتـان و پچڕپچڕەوە کەوتەوە قسە. هـەروەک بابەتەکە زۆرپێچی دەبێت و ئەویش لە خۆی ئەرخەیان نەبێت.

ـ شـتێک لـە خـوشکەزاکـەتاندا، بـۆتە هـۆکاری دەمـارگـرژی دوو پۆلیـسـەکـە دیارە هۆکاری هەیە! چونکە بێ شـک هـەسـتیان پێ کردووە کە ئەلفرێد دەیەوێت شـتەکانیان لێبگۆڕێت و لێ بشارێتەوە ئیدی ئەوانیش لەبەرئەوەی کە نەیانتوانیووە، فرێدی بەگیر بهێنن تووڕە و تڕۆبوون. بەباوەڕی من، ئەلفرێدەکەتان کەسێکە، هەمـوو ئازادییەکانی خـۆی فـەراهـەم دەهـەێنێت، کـە ئەو دووانە لە گـەنجییـەتیـانـدا، خـەونیـان پێـوە دیووە. هەمـیـشــە و هـەمـان فـۆڕم؛ دایک و بابی دەمـارگـرژ و تووڕە لاوانی هیـتلـەر، پارتی نازیی، سـوپا و جەنگ... لە هەمـوو لایەکیش داوایان لێ کراوە،گوێڕایەڵ بن و خـۆیان

بگونجێنن ئیدی هیچی دی! لەوەندەیش زیاتر فێر نەکراون کە فەرمان جێبەجێ بکەن و خۆیان بچەمێننەوە ئیدی کەسێک گرینگی بۆ کەسایەتی و ئاوات و خەونەکانیان نەبووە، وە من ئەرخەیانم کە پاشانایش کەسێک لێیانی نەپرسیووەتەوە جا چ لە ماڵەوە لە خوێندنگە و یان لە پارتدا .چونکە مرۆڤێکی بەئەزموون لە تەک ئەوانەی کە پێوەندی لەگەڵیاندا هەیە، وەها هەڵسوکەوت دەکات چۆن فێرکراوە؛ بێ هەست و بێ ڕەچاوکردنی وردەکارییەکان.

بەبیرەوە پشوویەکی دا و دووکەڵی بەرەو بەرزایی فوو لێ کرد.

ـ خۆ من نامەوێت کە بۆ ئەو دووانە داوای لێبووردن بکەم، چونکە لە بنەڕەتدا مرۆڤ دەبێت داخ بۆ ئەو نەوەیە بخوات، چونکە نەوەیەکی تەفرەدراوە لە هەمبەر گەنجییەتی و ژیانیاندا تەفرە دراون. ئەو جۆرە کەسانە ناخی خاڵی خۆیان لەم کارەدا دەشارنەوە زۆر جارانیش بەهەرەشە و گوڕەشە و پیشاندانی هێزیان، چونکە وا دەزانن وەک پۆلیس دەتوانن خەڵکی بخەنە ژێر زەختەوە ئیدی کردەوە نازییەکەیان لەگەڵ سەرکەشییەکانی خۆرئاواییدا "فیلمی عەسابە!" تێکەڵاو دەکەن. وەک شەریفێکی گەڕۆک لە دووی دزی گادا، هەڵسوکەوت دەکەنگوایە لە هەمبەر ڕێکوپێکی و ئارامیدا بەرپرسیارن. ئیدی ئەوانە فێر نەکراون لە کارەکەیاندا، بەرپرسیارییەتی و خۆگونجاندن ڕەچاو بکەن، چونکە ئەگەر مرۆڤ بیەوێت پۆلیسێکی باش بێت پێویستی بەو جۆرە تایبەتمەندیانەیە. لە بنەڕەتدا ئەمانە کەسانی خراپ نین و دەیانەوێت کارەکەنیان باش بەئەنجام بگەیەنن، بەڵام ئەو کەمایەسییەی کە ئەوان هەیانە: تێنەگەیشتنیانە لە مرۆڤ و جۆرەکانی ژیان، ئیدی منیش چیبکەم. بەداخەوە کە زۆربەی ڕاهێنەرەکانیش، لەوان باشتر نین. ئیدی بۆیە، باش بێت یان خراپ، دەبێت ماوەیەک لەتەکیاندا بژین، ئەگەرچی جارجارە دژووارە.

لە ساتی قسە کردندا دیکسکن جارجارە لە ئێمای دەڕوانی هەروەک بیەوێت ڕای ئەو بۆ قسەکانی خۆی وەربگرێت. ئەگەرچی فرێدی هەمووی بەباشی تێ نەگەیشت، بەڵام هێندەی لێ حاڵی بوو کە قسەکان ڕوو لە دوو پۆلیسەکەوە بوو لەوەیش تێ نەگەیشت؛ مادام ئەوان ژیانی دژواریان بەسەر بردووە دەبێت گوێی ئەم ڕابکێشن، ئەگینا ئەوەیش ڕاست بوو کە ئەم هەردووکیانی چەسپاند! هەرچۆنێک بێت شێوەی





قسەکانی ئەم پۆلیسەی بەدڵ بوو، کە دەیوست هەموو شتێک ڕاڤە بکات، تەنات لە قسەکانی دا ئاشکرا بوو هەندێکیش بەزەیی بەدووانەکەدا دەهاتەوە لە ساتی قسەکردندا ئێما چەندین جار سەری لەقاند ئینجا پۆلیسەکە ڕووی بەلای فرێدیدا وەرچەرخاند و وتی:

ـ نهاکەیش، بگەڕێینەوە بۆ کن تۆ ئەلفرێد بۆ شکی ئەوەی کە تۆ ئاگرت لە ماڵەکەی زینکە بەردابێت، هەڵوێستەیەکی پەسەند هەیە، ئەوەیش ئەوەیە، تۆ ئەمرۆکە دەبێت ئالێرەکانەدا، بۆچوونی خۆت بخەیتە ڕوو!

ئینجا بەسەرنجی خواستیشەوە لە فرێدی هەڵڕوانی، فرێدیش سەری ڕاوەشاند. پۆلیسەکە پاڵی دایەوە و وتی:

ـ ئیدی چاوەڕێی زۆرتر ناکەم بەخەیاڵات نابێت و چارەسەرێک دەدۆزینەوە سا ئەگەر ئاگر بەربوونەوە بووبێت، ئەوا بکەرەکەی هەر دەدۆزینەوە ئیدی لە هەمبەر ڕووداوەکانی دیەوە بەڕاشکاوی بیڵێم؛ هەندێکیم بەخۆشییەوە خوێندووەتەوە.

ئینجا خۆی بەلای ئێمادا وەرگێڕا:

ـ کەنیسە پیسکردنیش بابەتێکی جدییە، بەڵام قەشە، هیچ ڕێگایەکی بۆ تاوانبارکردنی فرێدی نەهێشتووەتەوە. دەی مرۆڤ خۆ نابێت هێندەیش گەشبین بێت، کە ئەو کردەوەیە پاشخانێکی تاوانکاری نەبێت ئەوەی لەوێکانەدا ڕووی داوە، پێدەچێت زۆرتر پەیوەندی بەدەروونناسییەوە هەبێت وەک لە کردەوەیەکی تاوانکاریی گشتی ڕووی کردە فرێدی کە ئیدی لە ناکاو دەنگی وەک پێشوو دۆستانە نەبوو). بۆ ئەو کارە تۆ باسی گەڕۆکێکت کردووە. تۆ دەتوانیت بەوەها حەکایەتێک قەشەیەکی ڕێکوپێک و خۆگر تووشی سەرلێشێوان و تەفرەدان بکەیت، بەڵام نەک من! وە من باوەڕ بەیەک وشەی ئەو گێڕانەوەی تۆ لای قەشە ناکەم، چونکە یان کەسێکت نەدیووە یان تۆ ئەو کەسە دەناسیت کە چووەتە کەینسەکە و لەوێدا پیسی کردووە.

بەچاوەڕێکردنی خواستیشەوە لە فرێدی هەڵڕوانی چاوەکانی بریسکەیان دەدایەوە فرێدی ئەو توانایەی نەبوو شتێکی بەکەڵک بڵێت بیری کردەوە، دەبێت بەئینکارییەوە لەسەر ئەو قسانەی بمێنێتەوە کە لە پڕۆتۆکۆڵدا کردوونی ئەو جۆرە شێوە تایبەتییەی خۆی کە باشی لێ دەزانی بەڵام وا دیارە لە کن ئەم پۆلیسە وەها شێوەیەک بەکەڵکی

نایەت ئینجا لەبەر خۆیەوە ورتاندی: پێم باشترە بچمە بەندیخانەوە هەتا ئەوەی دەیزانم بیڵێم بەدژوواریش توانی ڕێگە لە فرمێسکەکانی بگرێت سەرنجی دابووە بەر پێی خۆی دەشیزانی کە سەرنجەکانی دی لەسەر ئەمن، دیکسکن وتی:

ـ تۆیش پارچەیەکی ڕەقیت!

ئینجا سەرنجی ئێمایشی دا و هەندێک شتی لەسەر کاغەزەکەی بەردەستیدا نووسی بێ ئەوەی سەری لەسەر کاغەزەکە هەڵببڕێت، ورتاندی:

ـ کەواتە جارێکی دیش ئینکار بۆ قسەکردن و پرۆتۆکۆڵ چێکردن. جا دەبێت ئەوەیش باش بزانیت کەروێشکە پیریکی وەک منت بۆ تەفرە نادرێت، هەروەک من نەزانم یەک و یەک چەندە دەکات دۆستۆلکە با وازبێنین کە ئەم ڕووداوە، بەتۆپزی هەمووی ڕوون نەکرێتەوە، لەناکاو کەوتە پێکەنین لێ درێژەشی پێ دایەوە) لە هەمبەر سابوونەکەیشەوە ئەی باقییەکەی لەکوێیە؟ ئەویشت فرۆشتووە؟

فرێدی سەری ڕاوەشاند هێشتاکەیش لە ژێر کارگەری ترسی ئەو فرتوفێڵەدا بوو، کە دیکسکن بۆی نابێتەوە گومانی ئەوەشی هەبوو کە شایەد دیکسکن بەهەبوونی کۆرنێلیا بزانێت بەوەیش خۆشحاڵ بوو کە پۆلیسەکە بابەتەکەی گۆڕی. ئینجا فرێدی لە وەڵامدا وتی:

ـ من لە ڕابردوودا دەرفەتی ئەوەم نەبوو باقییەکەی بێنم.

ـ جا پێ دەچێت کە هێشتاکە لە چاڵی لێواری جادەکەدا بێت؟ بەڕاستی خۆشحاڵ دەبووم ئەگەر دانەیەکم لەو سابوونە بەربکەوتایە بێ شک بۆ ژنەکەم.

ئێما هەروەک لە نائاگاییەک، هۆشیار بووبێتەوە دەمی بەهێواشی بۆ بزەیەک پان کردەوە وتیشی:

ـ پێم وایە من هیچ هۆکارێک نابینم کە وەدوای ئەو بابەتەدا بکەون هەروەک نهاکە ئەو ئینگلیزە پرسە بۆ سندوقێک سابوون بگرێت.

پۆلیسەکە سەری ڕاوەشاند و وەڵامی دایەوە:

ـ بەڵام من لەم پەروەندەیەدا تۆماری دەکەم کە ئەوە کۆتایی دزییەکانی فرێدی بووە! وا نییە؟!





بەبزەیەکیشەوە لە فرێدی هەڵڕوانی و ئەویش سەری بۆ لەقاند.

ـ ئیدی مامۆستاکانیش چی لە هەمبەر فرێدییەوە دەڵێن هیچ گرینگییەکی بۆ من نییە، چونکە خۆشم هێندە خوێندکارێکی باش نەبووم...

کە فرێدی لە ژێرەوە لە ئێمای هەڵڕوانی ڕووخساری گەشاوە بوو دیاربوو کە یۆهانیس دیکسکن، کۆتایی بەگفتوگۆ هێناوە، چونکە پەروەندەکەی داخست ئیدی فرێدی بەتەواوەتی تێ نەدەگەیشت، بەڵام وەهایش دیار نەبوو کە هاکا کەلەپچەیان لە مەچەکی گیر کرد ئیدی دیکسکن هەڵسابووە سەر پێیان فرێدیش بیری کردەوە، ئایا بوێرێت باسی وێنەکە بکات؟ جا باشتربوو کە بەجۆرێکی دی هەوڵ بدات. پێ دەچێت لاوکمان بتوانێت هاوکاری بکات، چونکە جووتیارەکان یەکتری دەناسن جووتیارێک تاڕادەیەک هەمیشە دەزانێت، ئەوی تر لە کوێیە ئەگەر کارێکی پێی بێت بەهەرحاڵ لێرەکانە باشتر کارەکە بەڕێوەچوو وەک ئەم چاوەڕێی دەکرد سا ئەگەر کۆتاییەکی قەبەی نەبێت، ئەم پۆلیسە ئەو شتانەی لێ دەرهێنا کە خۆی دەیویست بیزانێت ئەگەرچی ئەو دژی من شتی زۆری بەدەستەوەیە، بەڵام وەک دووانەکەی دی من بەخراپ نازانێت خۆیشم نازانم بۆچی کابرا دەرگەکەی کردەوەو وتی؛ ئیدی هەموو شتێک تەواوە و دەتوانن بڕۆن بەخواسپاردنی لە ئێما کرد لە هەمبەر هاوکارەکانیشییەوە، داوای لێبووردنی کرد و ئێمای بۆ بەر دەرگەکە بەڕێ کرد فرێدی ڕاگرت و پێی وت:

ـ دوێنێ ئاگەدار بوومەوە کە تۆ دۆستێکی فریتس موللەیت ؟ لە کوێوە دەیناسیت؟

ـ لە سەندیکای کۆتربازانەوە.

کە ئەو وای وت ئێما سەرنجێکی پرسیاراوی تێ گرت.

ـ ئەو دوێنێ بۆی گێڕامەوە کە بەچکە کۆتری پێشکێش کردوویت؟ جا ئەگەر فریتس کارێکی وەها بکات ئەوا حسابت لەسەر دەکات ئەوا یەقینم لەوە کە حسابت لەسەر دەکات!

بەپێکەنینەوە دەستی لەسەر شانی فرێدی بوو کە درێژەی پێدا:

ـ من زیاد لە بیست ساڵە، فریتس موللەر دەناسم من جاران پۆلیسێکی ئاسایی گوند بووم کە پێی ئاشنا بووم ئەو پیاوێکی ڕاست و دروستە ئەگەرچی لەتەک

بۆچوونە سیاسییەکەشیدا نەبم بەداخەوە کە لەو جۆرە پیاوە لە وڵاتەکەماندا زۆر کەمن.

ئێما پرسی:

ـ فریتس موللەر کێیە؟

دیکسکن وەڵامی دایەوە:

ـ کـــرێکارێکی کـــانی خـــەڵووز و باوکی منداڵ لە ڕاینکەمپ. ئەویش لە بەرهەڵستیکەران بوو، بەڵام ئێمە بەر لە جەنگ یەکترمان ناسی بۆ ئەلفرێدەکەتان، جوغز و دەوورووبەرێکی خراپ نییە.

ئینجا خۆی بەلای فرێدیدا وەرگێڕایەوە:

ـ لە داهاتوودا، بڕێک بەئاگاییەوە کارەکانت جیبەجێ بکە باشە؟ چونکە ناچار دەبم کە ڕۆژێک لە ڕۆژان بتگرم! دەی لاوۆ، باشیت بۆ دەخوازم.

ئەمەی بە زەردەخەنەیکی هاندانەوە وت:

ـ کەسێکی وەک تۆیش، لێ ناگەڕێت هەروا بەسانایی وەگیری بێنن وانییە؟

کە لە بەرسەرادا وەستان چاوەڕێ نەکراو ئێما باوەشی بەفرێدیدا کرد فرێدیش لێ گەڕا باوەشی پێدا بکات دەشیزانی کە فرمێسک بەری چاوەکانی گرتووە ئێما وتی:

ـ یەزدان هەمیشە دەستی پاراستن دەخاتە بان سەری هەتیوان، بەڵێنم پێ بدە، لە ئێستا بەدواوە بڕێک ئاگات لە خۆت دەبێت!

فرێدیش سەری لەقاند و بەتیلەی چاویش لە کاتژمێرەکەی سەرای هەڵڕوانی زانی کە دەتوانێ فریای ئەوە بکەوێت لە ساتی خۆیدا بەکۆرنێلیا بگات ئەو دەیویست هەرچۆنێک بێت ئەمڕۆکە کۆرنێلیا ببینێت.



## یەزدان و هاوکارەکەی

لێپرسراوی لاوان بەدەست خستنە ناو دەستێک و تەوقەیەک بەخێرهاتنی لێ کرد. ئەو قژێکی زەردی لوولی هەبوو. هەروەک فرێدیش پێشبینی لێ دەکرد لە بریتی پانتۆڵێکی چەرم پانتۆڵێکی شیکی بەدوو هێڵی ئوتوو کراوی لەبەردا بوو جووتێک پێڵاوی وەرزشی سپیشی لە پێدا بوو تاڕادەیەکیش هەر هەموو خورتەکانی دەناسی کە لە هۆڵە کەم مۆبیلەکە و لەسەر مێزەکان دانیشتبوون بەسەرنجێکیش هەستی پێ کرد هیچیان خەڵکی گەڕەکەکەی ئەم نەبوون لە تەک هیچیشیاندا دۆستایەتییەکی وەهای نەبوو چوار پێنجێکیان کراسی سەوزیان بەمێدالێکی سەر سنگەوە لەبەردا بوو ئیدی منداڵەکانی دیش هەر وەسا بوون لەوجۆرە کراسە و پانتۆڵی کورتی بەشەیالەوە ئەو ناوی ڤۆڵفگانگ بێرترامە ئەو ڕێگەیان پێ دەدات کە تەنیا بەڤۆڵفگانگ ناوی بێنن، بەڵام بەجەناب بانگی بکەن جا ئەوەی کەجارێک بێرترام وتی، پێ دەچێت تەنیا مەبەستی لە فرێدی بووبێت، چونکە ئەو نوێیە، هەتا نەکەوێتە هەڵەوە ئەمەیش زۆر بەدڵی فرێدی نەبوو بۆ فرێدی جێی شەرم بوو کە ئەو بەتایبەتی سڵاوی لەم کرد ئەمی وەک ئەندامی نوێ ناساند و ئەندامەکانی تریشی بەم ناساند خورتەکانیش بەچاوێکی وەها لەمیان هەڵدەڕوانی، دەتگۆ هەرگیز نەیاندیووە ئەم گریمانەی ئەوەیشی هەبوو کە بێرترام شتێکی لە ناواخنی پەروەندەکەی پۆلیس زانیبێت سا ئەگەر ئەم بێرترامە، پێوەندی بەئێماوە هەبێت دیارە ئەویش باسی خەم و پەژارەکانی خۆی بۆ کردبێت بیری کردەوە؛ کە زۆر بەداخەوە، دەبێت ماوەیەک لە لایەن ئەوانی ترەوە، وەک جەردەیەک سەیری بکرێت. لێپرسراوی لاوان ئایەتێکی لە ئینجیل خوێندەوە و کەوتە ڕاڤەکردنی. فرێدیش هەوڵی دەدا لە هەمووی تێ بگات ئینجا کە ئەو لە هەمبەر نوێژ و خۆشەویستییەوە قسەی کرد فرێدی بیری کردەوە: ئەو بەڕاستی قەرزاری ئێمایە کە وا دەتوانێت باش گوێ بگرێت:

خۆشەویستی دایک و باب لەسەر زەوی جێگری خۆشەویستی یەزدانە تەنیا ئەو

خۆشەویستییەی کە مرۆڤ لە منداڵیدا وەری دەگرێت دەتوانێت لەدواییدا بیدات بەمنداڵەکانی دۆستەکانی بەوانەی کە پێویستیان بەهاوکاری هەیە و بەهەژارانی دنیا، چونکە ئەوانە هەموویان بەرەکەتی خوان.

فرێدی بیری کردەوە؛ کەواتە وەک سێ سووچێک وایە ئەگەر فریای یەکێکیان نەکەویت ئەوا لە بەرباراندا دەمێنیتەوە، بەڵام گرینگیشی بۆ ئەوە هەبوو، پێ دەچێت شت هەیە کە پێوەندی بەوانی ترەوە هەیە، ئەمەیش بێ ئەوەی مرۆڤ هەستی پێ بکات و بزانێت جا دەبێت بەکاوەخۆ بیری لێ بکەمەوە. چونکە پێ دەچێت سوودبەخش بێت، ئەگەر لە هەندێکی تێ بگەم جا باشە ئەگەر ئەم قسانە ئاوا بەڕاست بگەڕێن؟ لە هەمبەر کۆرنێلیا و دایک و بابییەوە چۆن دەبێت؟ ئایا ئەویش لە داهاتوودا دەبێتە مەستکەرێک؟ یان لەتەک ئەمدا؟ جا پێ دەچێت کە بێرترام بەهەڵە ڕاڤەی بکات؟ بەهەرحاڵ، شتێک لە گۆڕێدایە کە من دەبێت باش بیزانم. لێپرسراوی لاوان پەڕتووکێکی لە جانتاکەی دەرهێنا ئینجا پێشنیاری کرد ئەگەر ڕازین ئەوا چیرۆکێکی تاوانکاریان بۆ دەخوێنێتەوە.

هەر هەموویان ڕازی بوون، بۆیە فرێدی شانسی ناڕازیبوونی نەما فرێدی چیرۆکەکەی بەلاوە گرینگ بوو، بەڵام سادەیش دوو هاوڕێ لە تاوانکارییەک ئاگەدار دەبنەوە، ئینجا لە حەزی سەرکەشییەوە هەوڵ دەدەن، خۆیان لە دووی تاوانکارەکەدا بگەڕێن و تەسلیمی بکەن، بەڵام تاونبارەکە لە هەمبەر ئەواندا، زۆر توونددوتیژ و دەمارگرژ بوو هەردووکیانی لە ژێرخانێکی تەڕ و شێدار و قووڵدا بەند کرد کە هاتنە دەرەوە و لێ دەرچوون لەو جێیە تەنیا بەهۆی پەیژەوە مەیسەر بوو. تاوانکارەکە ئەگەر کاتی هەبووایە، نانی کەڕاوی بۆ هەڵدەدانە خوارەوە و گاڵتەشی پێ دەکردن هەردوو هاوڕێکە بێ هیوا بوون برسێتی و تینووێتی و تەنیاییان دەچێشت یەکێک لەوانە هاتەوە یادی، کە ئەو لە منداڵیدا هەمیشە لەتەک دایکیدا، نوێژ و دوعای دەکرد بۆیە بە هاوڕێکەی وت: وەرە با ئێمەیش هیچ نەبێت هەوڵێک بدەین. ئینجا کەوتنە نوێژ و دوعا کردن بۆیە هەر خێرا گۆڕانێک دروست بوو. پۆلیس ئەوانی لە جێگە شاراوەکەیان پەیدا کرد و هێنانییە دەرەوە.

چیرۆکەکە هێندە خراپ نەبوو، بەڵام شتێک فرێدی قەڵس دەکرد کە لەم ساتەدا





نەیدەزانی چییە؟ جا پێ دەچێت، ڕزگاربوونەکە، فێڵی سەرگرتنەکە لە نوێژ و دوعاکەدا بێت ئەی چی دەبوو ئەگەر تاوانکارەکەیش هەمان بیری بۆ بهاتبایە؟ بەڵام چیرۆکەکە وەها باشتر دەبوو، ئەگەر خوا ئەو ئەرکەی نەک بەپۆلیسەکان، بگرە بەیەکێک لە دایک و باوکەکان و یان خاڵ و مامەکان بسپاردایە، کە لەوەو پێش و بۆ ڕزگارکردنی ئەو دووانە نوێژ و دوعایان کردبێت. جا ئایا ئەو دوو پۆلیسەی کە بەشداری ئەو کارەیان کردبێت هاوکاری یەزدان بن بەدڵی ئەم نەبوو لێپرسراوی لاون لەوەدا بوو، بکەونە گەنگەشەی باسەکە دەرگەکە کرایەوە ژنە قەڵەوەکەی ناوی پلۆتەرمان بوو، هاتە ژوورەوە و دەستیشی بەدەستی دیتسەوە و بەدوای خۆیدا کێشی کرد دیتسیش کڵاوەکەی خستبووە گیرفانی پانتۆڵەکەیەوە ژنەکە لە کن دەرگەکەوە بەگوێی جەنابی بێرترامیدا چرپان کە هیچ کەسێکیش لێی تێنەگەیشت ئیدی کوڕەکەی لە ژوورەکەدا جێ هێشت و ڕۆیشتەوە دەرەوە جەنابی بێرترام، دەستەکانی لێک خشاند و وتی:

- لە ڕۆژێکدا دووانی نوێ کەواتە دەتوانین بەم زوانە تیپێکی تۆپێن ئامادە بکەین

کە هەندێک لە کوڕەکان پێکەنین فرێدی نەیزانی چ شتێک بۆ پێکەنین هەیە چاوەکانی دیتس لە ژێر شووشەی ئەستووری چاویلکەکەیەوە زیتەیان دەهات بەرە و کورسییە خاڵییەکی کن فرێدی هات و دانیشت کە دانیشت  هەردوو دەستی لەسەر کۆشی دانا و چاوی لە بەرپێی خۆی بڕی. فرێدی تێی ژەنی، بۆ ئەوەی کە تێی بگەیەنێت ئەم لە پاڵیدایە بێرترام کەوتەوە قسە:

- ئیدی دەچینەوە سەر باسەکەمان چۆن لە ئینجیلدا هاتووە، نوێژ و دوعا دەتوانێت جێگۆڕکە بەچیا بکات، ئایا ئەم ڕووداوە دەیەوێت چی ترمان پێ بڵێت؟

لەڕاستیدا فرێدی بەو نیازە بوو، لە هەمبەر دوو پۆلیسەکەوە شتێک بڵێت.بەڵام لێپرسراوەکە لە هەلومەرجی گوێگرتندا نەبوو. فرێدی لەسەر پارچە کاغەزێک هەندێک شتی نووسی و خستییە دەستی دیتسەوە یەکێک لەو دوو سروودانەیشی دەزانی کە پاشان خوێندیان بەرپرس دەنگی لە هەموویان بڵندتر بوو. فرێدیش بیر کردەوە کە هیچ ئارەزووی لە خوێندنی ئەو جۆرە سروودانە نییە ئینجا ڕوانییە کاتژمێرەکەی بۆ ئەوەی بزانێت ساتی ڕۆیشتن نەهاتووە؟ چونکە بێرترام ئێمای

دەناسی بۆیە دەیویست هەرچۆنێک بێت هەتا کۆتایی بمێنێتەوە پاشانیش لە تەک دیتسدا بچێتە دەرەوە.لێ، سا ئەگەر دایکە قەڵەوەکەی لە دەرەوە چاوڕێی نەکات ئەوەتا لە هەموو لایەکەوە دەبنە ڕێگر لە خۆشی پرسی: تۆ بڵێیت ئێما پەیوەندیەکی لە تەک ئەم بەرپرسەدا نەبێت؟ بیرەکەشی بەلاوە ناخۆش بوو لەبەر دەرگەی دەرەوەیش، بێرترام بەچاوە زۆر شینەکانییەوە لە فرێدی هەڵڕوانی. بەمیهرەبانییەوە وتیشی:

ـ فرێدی، سا ئەگەر جارێک لە جاران، ویستت شتێکی ناو دڵت بدرکێنیت ڕێک وەرە کن من ئێمە دەکارین لە هەمبەر هەر شتێکەوە بدوێین!

زانیشی کە ئەو، هەمان شتیشی بەدیتس وت. بۆیە فرێدی بیری لێ کردەوە: ئەو چاوێکی لەسەر ئێمەی جەردەیە ئینجا سەرنجیشی دا چۆن کراس لەبەرەکان، دەوری بەرپرسی ڕووخسار پێکەنیناویان دابوو ئەگەرچی فرێدی لە باڵا بەرزان نەبوو، بەڵام هێشتاکە (دیتس) باڵای لە خوار ئەمەوە بوو ئەگەر لە ساتی وەرزشدا بچوونایەتە ڕیزەوە، لە ٣٢ وەمیندا ئەم لە ڕیزبەندی ١٢دا بوو مامۆستای وەرزش دەیویست کارەکەی ڕێکوپێک و دیار بێت.

فرێدی لای ئاشکرا نەبوو تا چ ڕادەیەک دیتس هەست بەناڕێزی مامۆستاکە لە هەمبەر بچکۆلەکاندا دەکات، فرێدی پێی وت:

ـ نا؟ تۆیان بۆ ئێرە گەڕاندەوە؟

دیتس بێدەنگ بوو و لێی هەڵڕوانی ئەگەرچی بەجەختەوە لە فرێدی هەڵدەڕوانی، بەڵام خەمیش لە چاوەکانیدا بەدی دەکرا، فرێدی وتی:

ـ من دەمویست سەردانت بکەم، بەڵام دایکت وەدەری نام.

ـ ئەو لێناگەڕێ کەسێک بەلامدا بێت تەنانەت خوشکەکانیشم.

ـ دەی باوابێت، بەڵام ڕۆژێک لە ڕۆژان خۆی چاک دەبێت، باشە چۆنیان گرتیت؟

ـ دوو گەرۆک منیان گرت و تەسلیمی مەخفەرێکیان کردم، چونکە وایان دەزانی کە خەڵاتێک وەردەگرن، بەڵام هیچیان پێنەدرا.

چڵمەکەی هەڵلووشی، ئینجا فرێدی پرسی:





ـ باشە ئەوان دەیانزانی کە لە تۆ دەگەڕێن؟

ـ ئێمە لە ژێر پردەکەی ڕایندا دانیشتبووین لە برسێتیدا خەریک بوو شێت و هار دەبووم بۆیە دەمویست بخەوم.لێ، ئەوانیش لەوێکانەدا دانیشتبوون و سجووقیان دەخوارد لە سجووقە گەورەکە پارچەیەکیشیان بەمن دا منیش زۆری پێ تێک چووم پێم وایە بۆگەنی کردبوو. ئیدی باسی زۆر شتیان کرد و پرسیاریان دەکرد منیش وتم کە لە دوای بابم وێڵم. ئەوانیش پرسیان، ناوی چییە و چۆن چۆنییە؟ پاشان وتیان؛ پێمان وایە دەزانین لە کوێ بێت و لەوە دەچێت بتوانین هاوکاریت بکەین بۆیە منیش لەگەڵیاندا بەڕێکەوتم پێش لە مەخفەرەکە منیان ترنجاندە سندووقێکەوە و تەسلیمی مەخفەریان کردم.

ـ باشە لە ڕێگاوبانان لە کوێدا دەخەوتیت؟

ـ دوو جاران لە کایەنێک کە خراپ نەبوو دوو جارانیش لە ژێر پردا کە لەوێکانەدا جرجی لێ بوو و هەر زۆریش سارد بوو. منیش لە مقەبا زیاتر کە لەو ناوەدا کەوتبوون و پیسایشیان پێوە بوو، هیچی ترم بۆ خۆداپۆشین نەبوو.

ـ باشە لە کوێوە دەتزانی لە کوێ دەتوانیت بابت بدۆزیتەوە؟

ـ بابم جارێکیان وتی: ئارەزووی وایە کە جارێکی دی، وەک ڕووناکی ئامادەکەر لە سێرکۆسدا کار بکاتەوە، چونکە ئەو پێشتر ئەم کارەی کردووە کە منیش لە مۆرس لە جابییەکی تراموایم پرسی: لە کوێ سێرکۆس هەیە؟ ئەویش وەڵامی دایەوە؛ لە کۆلن و، ئەمەشی لە ڕۆژنامەدا خوێندووەتەوە، بەڵام بەداخەوە کە نەگەیشتمە سێرکۆسەکەی کۆلن و منیان گرت.

ـ ئەو بەرازانە تۆیان ئاشکرا کرد و خیانەتیشیان لێ کردیت.

ـ ئەوان دەیانویست، پارە لە من....

ـ ئەی لەو جەردە و ڕێگرانە باشە بەڕاستی ناوت دیتسە؟ یان ناوێکی دی؟

ـ لەڕاستێکەیدا ناوم دیتریشە. بەڵام زۆرم حەز لێی نییە.

ـ زۆر باشە دیتس من دوو کۆتری نوێم هەن دێیتە کن من؟

دیتس لە پشتی شووشەی چاویلکەکەیەوە سەرنجی دا و وتی:

- هەی لە تۆ جا من پێم وابوو کە لە ساڵی ڕابردووەوە ئیدی تەواو...

ئەوە ساڵی ڕابردوو بوو نهاکە دوو کۆتری ترم لە قەفەزەکەی ئۆتۆدا هەیە. مرۆڤ دەبێت هەمیشە شتێک بۆی خۆی بکات.

- ئۆتۆ هاوڕێتە وا نییە؟

- هەروەها!

فرێدی لەتەک دیتسدا بەپەیژەکەدا هەڵگەڕانە سەرەوە دیتس هەرگیز نەچووبووە کن قەفەزی کۆترەوە فرێدی بەوەی خۆشحاڵ بوو هەردوو کۆترە نوێکانی پیشانی کەسێک بدات. ئینجا وتی:

- جا ئەگەر من بتوانم شتێک بخەمە سەر پشتیان، ئەوا لە سەرەتای ساڵی داهاتوودا پارەی باشم بۆ فەراهەم دەکەن.

فرێدی کۆترە سوورەکەی بەدەستەوە گرت و وەک شەیدایەک، لە چاوە گێلاسییەکانی هەڵدەڕوانی، دیتس وتی:

- وتت شتێک بخەیتە سەر پشتیان؟

ئینجا بەنابەڵەدییەوە سەرنجی دا، فرێدی وەڵامی دایەوە:

- مرۆڤ وەها دەڵێت مەبەستم لەوەیە پارەی دەستپێکردنی بدەیتێ من ئەگەر لە ساتی فڕیندا مارکێک بەسەر پشتیەوە بنووسێنم جا ئەگەر لە فڕینەکەدا بردییەوە، ئەوا چوار مارک وەردەگرمەوە ئەگەریش لە خواری ژمارە دەوە بێت ئەوا حەوت مارک وەردەگرم خۆ خراپ نییە وا نییە؟

فرێدی باسی دەمژمێری کۆتریشی بۆ کرد و هەتا بەردەرگەکەیش ڕەوانەی کرد. فرێدی لێی پرسی:

- دەتەوێت کە جارێکی دیش تێی تەقێنیت؟

- من هەوڵی زۆرم بۆ خوشکەکانم داوە هەتا بابم بگەڕێتەوە و ئەوانیش کەسێکیان هەبێت، چونکە دایکم ئەوانی خۆشناوێت و منی بەدڵە بۆیە دەمەوێت بابە فرێدی بدۆزمەوە و بیگێڕمەوە، چونکە لەو باوەڕەیدام کچەکانی زۆرتر لە من خۆش دەوێت،بەڵام ناتوانم بیدۆزمەوە جا ئیدی بێ شک ئەوەی کە بیەوێت هەڕا بکات، هەر





دەیگرنەوە.

دیتس بەدەم قسەکانەوە لە گەنمەجاڕەکەی هەڵدەڕوانی فرێدی دەیدی کە ئەو کەیفی ساز نەبوو، بۆیە وتی:

- بیرێکی لێ دەکەینەوە، باشە دەتویست هەرچۆن بێت بێیتە یانەی لاوان؟

- نەک من خۆم. دایکم دەیوست حەتمەن ئەویش بۆ باشەی من. چونکە منیش تێم تەقاندبوو ئەو لە مێژە دەیوست کە بێم گوایە سوودی هەیە، بەڵام بابە بێ سوودە پێ دەچێت هەر بۆیەشە کە ئەو سەری خۆی هەڵگرتووە.

- لەبەر بەسوودی بێ سوودی گەنگەشە و بەزم ڕوویان داوە؟

- هەر لەبەر ئەوانە جارجارە بەزم و هەرایان بوو جارێکیش دایکم پێی وت: ئەو لە گوناحکارێکی بێ دین زیاتر هیچی دی نییە ئەویش وەڵامی دایەوە: دەبووایە بەر لەوەی کە دوو منداڵیان ببێت، بیری لێ بکردبایەتەوە.

فرێدی وتی:

- جا لەوە دەچێت کە جاری داهاتوو باشتر بێت. بێ ئەوەی کە بەڕاستی باوەڕت پێی هەبێت.

دیتس نەیدەزانی ئەو مەبەستی لە چییە.

- مەبەستم ئەم یانەی لاوانەیە. پێ دەچێت کە جاری داهاتوو زۆرتر بەدڵمان بێت

- جا پێ دەچێت.کێش باوەڕدار بێت خۆشحاڵ دەبێت، کێش پەتاتە خۆربێت، ئارداوی دەبێت من هیچ بەدڵم نەبوو، چونکە هەر هەموو چیرۆکەکان، خۆبەخۆ بەعیسا کۆتاییان دێت بەڕاستی کۆتری ڕند و جوانت هەن. من هەرگیز نەمدازانی کۆتری نامەبەر هێندە جوانن جا ئەگەر دایکم ڕێگە بدات، پێ دەچێت کە منیش بتوانم چەند دانەیەک ڕابگرم.

- پێگەیشتووەکان هەمیشە لە خەم و ترسی ئەوەدان هەورەبانەکەی سەرەوە بەرتەسک دەبێتەوە کۆترەکانیش هەموو لایەک بەڕیقنە پیس دەکەن ئەگەر تۆیش کۆترت هەبووایە، دەمانتوانی هەندێک شت پێکەوە بکەین.

- بێ شک، خراپ نابێت با بزانین سا ئەگەر لەسەر حاڵ بێت، چونکەی لەم ساتەدا

کەیفی ساز نییە ئەویش لەبەر ئەو ڕووداوە.

ـ دیتس ئەمانە هەمووی تێدەپەڕن ئەی جارجارە دەچیتە سەر گۆمەکە و مەلە بکەیت؟

ـ کە دنیا تاریک بێت دەچمە ئەوێکانە، چونکە ئیدی کەسی لێ نییە و هەر زۆر خۆشە، ئاوەکەیش تەواو ڕەشە وەک مەرەکەب.

ـ لەوە دەچێت کە منیش لەگەڵتا بێم من هەرگیز لە تاریکیدا لەوێ نەبووم وتت ئاوەکە وەک مەرەکەب؟

ـ هەروەک مەرەکە بەڕاستی! جا هەر زۆر زۆریش خۆشە فرێدی جارێک پێکەوە و بەتاریکی دەچینە ئەوێکانە، بەشە؟

ـ باشە. کەواتە تا کاتێکی دی.



## هەڤاڵبەندی لە تەک دیتسدا

لەبەرئەوەی کە ڕیناتا بۆ کن دایەگەورە و بۆ فەرەنسا گەڕابووەوە، بۆیە ئۆتۆ کاتی زۆری هەبوو. ڕۆژێکی دووشەممە چوو بەشوێن فرێدی و دیتسدا لە یانەی لاوان ئینجا لە تەک ئەواندا ڕۆیشتن بۆ شارۆچکەی ئۆرسۆی لە سەر ڕووباری ڕاین پێکەوە چوونە بەستەنیخانەیەک و ئۆتۆ پارەکەی دا پاشان چوونە سەر بەربەستەکە و دەیانڕوانییە ئاوی ڕاین و ناوچەی پیشەسازی دویزبورگ دیتس تا ئەم کاتەیش ڕاینی نەدیبوو،چونکە کە لە کۆلنیش بوو، دنیا تاریک بوو. جارجارە گەلەیەک مەڕ لە خوار بەربەستەکەوە، بەلێواری ڕایندا و بەدەم لەوەڕەوە، بەوێکانەدا تێ دەپەڕین ئۆتۆ تەپلەیەکی فەرەنسی لەسەردابوو، کە ڕیناتا پێشکێشی کردبوو. فرێدی لەوباوەڕەیدا بوو ئەو لێی دێت ئۆتۆیش تەپلەکەیی خۆشدەویست لە قەیفەی سەوزی تۆخ بوو بەقۆپچەیەکیش قەراغەکەی بەبەشی خوارەوە توونددەکرا، کە ئیدی وەک تەپلەی خلیسکانێی نەدەنواند ئۆتۆ بەڵێنی بەفرێدی دابوو، وەها تەپلەیەکی بۆ مەیسەر بکات بۆ ئەم مەبەستەیش پۆستکارتێکی بۆ ڕیناتا و بۆ فەڕەنسا ڕەوانە کرد هەتا تەپلەیەکی وەهای بۆ بێنێت جا بۆ ئەوەی کە ئەندازەیەکی ڕاستی بۆ بێنێت، ئەندازەی سەری فرێدیشی گرت.

دایکی دیتس هیچ دژی ئەوە نەبوو جارجارە کوڕەکەی لەتەک فرێدی و ئۆتۆی هاوڕێیدا بچێتە دەرەوە.هیچ نەبێت خۆ فرێدی وەک کوڕی ئێما وابوو ئەویش لەتەک ئێمادا پێکەوە دەچوونە کۆمەڵەی ئافرەتانی مەسیحی هەر زۆریش ڕازی بوو، چونکە ئێمایش باسی باشی ئۆتۆی دەکرد و ڕێزی بۆی هەبوو هیچ ئاگایشی لە پەروەندی فرێدییەوە لە کن پۆلیس نەبوو ئێمایش بەپێویستی نەدەزانی لە هەرلا باسی بکات بەو جۆرە خورتەکەی کۆمەڵگایەکی باشی هەبوو ئەگەرچی هێشتاکەیش ڕازی نەبووبوو، بەڵام پێ دەچێت کە ڕازی بێت، کوڕەکەی کۆتریشی هەبێت فرێدیش ئامۆژگاری دەدایە، چۆن دیتس کار لە دایکی بکات و ڕازی بکات هەرسێکیان لەسەر

کورسییەکی لێواری ڕاین دانیشتبوون لەو ساتەوەی کە ڕیناتا ڕۆیشتبوو، ئۆتۆ دەستی بەجگەرەکێشان کردبووەوە. فریدیش بیری کردەوە: ئەو لەبەرئەوەی شەیدایە قەلەقە دەیزانی کە ئۆتۆ حەز دەکات لە بارەی ڕیناتاوە قسە بکات بۆیە فریدی لێی پرسی:

- باشە ڕیناتا کەنگێ دێتەوە؟

- یەک دوو هەفتەی تر دەبێت بگەڕێتەوە.

- دەی خۆ وەها باشە.

دیتس بەکەیفسازییەوە، لە نێوانیاندا دانیشتبوو و دەیڕوانییە ڕەوتی ئاوەکەی ڕاین ئۆتۆ پێی وت:

- کاتی ئەوە هاتووە کە ژوورێکت بۆ قەفەز بۆ ئامادە بکەین.

دیتس زەردەخەنەیەکی کرد ئۆتۆ درێژەی پێدا:

- هیچ کێشەیەک نییە لە سەرەتای ساڵی داهاتوودا دەتوانیت بەچکە کۆترت لە لایەن منەوە هەبێت تەنیا بزانە دایکت ڕازی دەبێت ئینجا لەگەڵ فریدیدا دێین و قەفەزێکت بۆ چێ دەکەین.

دیتس لە ژێر چاویلکەکەیەوە سەرنجی دا و وتی:

- ئەو وتی کە دەبێت بیری لێ بکاتەوە من کۆترەکاتژمێرم نییە.

- لە سەرەتادا پێویستت بەشتی وەها نییە پاشان پەیدای دەکەین نا فریدی، تۆ دەڵێیت چی؟ جارێک لە پیرە موللەر دەپرسین، چونکە ئەو هەمیشە دەزانێت، لە کوێدا یەکێک هەیە.

فریدیش وتی:

- خۆ من هەر دەمویست سەردانێکی لێ بکەم و بۆ بەچکە کۆترەکان سوپاسی بکەم جا تۆ لەو باوەڕەدای کە بۆ کۆترەکان پارە وەردەگرێت؟

ئۆتۆ وەڵامی دایەوە:

- بۆ کۆترەدەمژمێر؟ نەء، ئەو شتی وەها ناکات.





کە فریدی وتی، بەرپرسی پۆلیس موللەری دەناسی، ئۆتۆیش وتی:

- پێ دەچێت پێوەندی بەکۆمۆنیست بوونەکەیەوە بێت ئەگەرچی پۆلیس بۆیان نییە، کۆمۆنیست بن، جا ئیدی هەرچۆنێک بێت، کێ دەزانێت؟

کە دیتس کەوتە قسە، ڕووخساری ئەملاولای دەکرد:

- بابم، بۆی نووسیووم.

فریدی پرسی:

- لە کوێوە؟ مەبەستم لەوەیە نامەکە لە کوێوە هاتووە؟

- نازانم دایکم نامەکەی وەرگرتووە بۆ خوشکەکەیشم، بەڵام دایکم نایەوێت، ئێمە نامەکەی بخوێنینەوە.

- یانی تۆ نامەکەت نەخوێندووەتەوە؟

- خۆ ناتوانم، چونکە ئەو وەری گرتووە و کردویەتیەوە.

ئۆتۆ و فریدی بەخەمبارییەوە، لە بەردەمی خۆیان هەڵڕوانی. ئۆتۆ کە لە بەسەرهاتی بابی دیتس بەئاگا بوو، وتی:

- جا ئەگەر نامەکە بۆ تۆ بووە، دەبووایە تۆ وەرت بگرتبایە، ئایا لەتەک دایکتدا لەم بارەیەوە قسە بکەم؟

- باشترە نەء.

فریدی پێشنیاری کرد:

- ئێمە دەتوانێت لەتەکیدا بدوێت، چونکە پێم وایە دایکت لە خەت دەرچووبێت، جا پێ دەچێت کە لە کۆڕ و کۆبوونەوەکاندا کە پێکەوە دوعا و نوێژ دەکەن ئێمە دەتوانێت فرسەتی لێ بێنێت.

دیتس بەترسەوە وتی:

- پێ دەچێت.

هەروەک بەڕێکەوت بێت فریدی دەستی خستە بان شانی و وتی:

- ئێمە دەتوانێت ئەگەر ویستت کە داوا لە ئێمە بکەم پێمی بڵێ.

ـ باشە، هەوڵێک بدە.

ئینجا کەوتە سڕینی چاویلکەکەی. کەوتنە ڕێ بەڕێگەیەکی ناو مەزرادا و بەلێواری ڕایندا، بەرەو راینبێرگ ڕۆیشتن دیتس و فرێدی لە کابینەکەی پاڵ مۆتۆڕەکەدا، کە ئۆتۆ لەبەر ڕیناتا دروستی کردبوو، جامێکی شووشەشی پێوە نابوو، لە پاڵ یەکدا دانیشتبوون لەگەڵ هەبوونی ئەو شووشەیەشدا، بەڵام باکە قژیان و کراسەکانیانی دەلەراندەوە ئەگەر برێک سارد نەبووایە، خراپ نەبوو. لێ، ئەمرۆ ڕۆژێکی گەرم بوو هەردووکیان خۆیان لەتەک ئۆتۆدا بەخۆشحاڵ دەزانی و کەیفیان لەوەها گەشتێک دەکرد جارێکیش بەلای ڕوپل ویتس و بۆکمەنە خێلدا، ڕابووردن ئەوانیش لێیان هەڵدەڕوانین بۆیە فرێدی بەکەیفەوە بیری کردەوە، دیارە کە ئێرەییمان پێ دەبەن سا ئەگەر باسی ئۆتۆ شیان بکردبایە دەیانوت؛ ئۆتۆی خۆمان.

پاش نیوەڕۆی ڕۆژی داهاتوو، فرێدی و دیتس چوونە گەڕەک خۆیان لە شەقامی لێر بەدوور خست کە بۆکمانە خێل و ڕوپل ویتس لەوێکانەدا دەژیان جارجارە لە پەنجەرە کراوەکانەوە، گوێیان لە کۆکە کۆکەوە دەبوو فرێدی وتی: بەهۆی تۆزی بەردەوەیە ژن و پیاوەکان لە باخەکانی پشت ماڵەکانەوە کە قاپقاپیان لە پێدا بوو، کاریان دەکرد یان لە پەتاتە و کەلەمی سەوز دەگەڕان فریتس موللەریان لە باخەکەیدا دی ئەو لەسەر مێزێک دانیشتبوو ڕۆژنامەیش لە بەردەمیدا بڵاو بووبووەوە. لەولایشەوە مریشک گارەگاریان بوو. ئەو چاویلکەیەکی بەسەر لووتەوە بوو فرێدی هەتا ئێستاکە، ئەوی بە چاویلکەوە نەدیبوو کە تەوقەی لەگەڵدا کردن ئەو وتی:

ـ دانیشن ئەم دیتسە هاوەڵتە؟

فرێدی سەری لەقاند دیتسیش بەخۆشحاڵییەوە بزەیەکی کرد موللەر پرسی:

ـ دیتس تۆ لە کوێوە دێیت؟ چونکە هەتا نهاکە من تۆم نەدەیووە.

ـ لەوسەری شەقامی ڤیندموللن، خانووە ڕەنگ تۆخەکە.

ـ ئەها مرۆڤ کەسێک لەوێدا نابینێت من هەمیشە لە خۆمم دەپرسی، دەبێت کێ لەوێکانەدا بژی.





هەنوکە دەزانم تۆ لەوێکانە لە ماڵیت؟ بابت خەریکی چییە؟

ـ ئەو ئێستاکە لێرە نییە دەنا لە کانی بەردەخەڵووز کار دەکات.

جا لەبەرئەوەی کە دیتس بابەتەکەی بەدڵ نەبوو هەوڵی دا بیگۆڕێت، بۆیە بەفرێدی وت:

ـ جووتێک کۆتری جوانن هەردووکیان موتوربەن؟

ـ هەروەک پێتم وت: لە کۆتری سپی دەبێت تەواو بەئاگا بیت لەتەک چ کۆترێکدا جووتی دەکەیت، چونکە دەشێت تووشی هەڵە بیت.

فرێدی پێش یوت: ئەو دەبێت لەم بارەیەوە لەگەڵ ئۆتۆدا تەواو خۆیان ڕێک بخەن بێ شک کە ئەو جووتەی باش بۆ ئەم تێکەڵ کردنە پەیدا دەکات

ـ کەواتە باوەڕ بەئۆتۆ بکرێت، چونکە ئەو سەری لە کۆتر دەردەچێت.

فرێدی وتی:

ـ دەمەوێت کە لە سەرەتای ساڵی داهاتوودا کۆترەکان بۆ هەڵفڕین ببەم، بەڵام جارێ بۆ لەیەک بڕان منداڵن! وا نییە؟

موللەریش وتی:

ـ بۆ بێوەژن بوون ئەوە پاشان.

ـ باشە بۆچ ئەگەر کۆترە نێرە، بێوەژن بکەیت (لە مێکەی دابڕیت!)، باڵ پێکدادانەکانیان، جۆرێکی دی دەنوێنێت؟

موللەر وەڵامی دایەوە:

ـ جا ئەگەر ئەوە بزانرایە. لەوە دەچێت شڵەژان و یان مەیل و تاسەی مێ بێت!

فرێدیش هەڵیدایە:

ـ پێ دەچێت کە وابێت بەڵام تێگەیشتن لە هۆکارەکەیش، هێندە سانا نییە.

ـ لە ڕاستیدا، ئاشکرا نییە، بەڵام زۆریش لە بەردڵانە، چۆن بەو بەرزاییەوە خۆیان لار دەکەنەوە و شەقە لە باڵەکانیان هەڵدەستێنن.

ـ هەر زۆر لە بەردڵانە منیش زۆرم حەز لێیە، کە وەک بەلەمێکی چارۆکەداری دەم

با لار دەبنەوە بۆیە لەو باوەڕەیدام لەو ئان و ساتەدا دابڕانەکانیان لە یەکتری لە بیر دەکەم.

ـ هەروەسایە، بەڵام پێویستە جارێ بۆ ئەو کارە پێبگەن من ئیدی بەبێوەژن بوونیان هەڵناسم بۆ من زۆری تێ دەچێت و بۆ باڵندەکانیش زیانی هەیە.

فرێدیش وتی:

ـ ئەوەی ڕاستی بێت منیش هێندەی لێ شارەزا نیم هەردووکیان بێ دابڕانیش لە یەکتری گەشتەکانیان دەکەن ئەوان لە تەمی خۆردا بێ هاوتان. تۆ ڕات چییە؟

ـ باشترینیان ئەنتڤێرپن هییە، چونکە بەسنگەپان وپۆڕەکەیەوە و بۆ مەدای زۆر، بێ هاوتایە و کۆتری دی لەگەڵیا هەڵناکەن ئینجا بەو چاوانەشەوە! هەروەک گێلاسی ڕەنگ تۆخ بەتایبەتیش لە تەمی خۆردا ئەو ساتەی کە ئەوانی دی وەک کەشتییەکەی تیتانیک نووقم دەبن و دیار نامێنن...

فرێدیش وتی:

ـ هەر هەموو کۆترە موتوربەکراوەکان، لە تەمی خۆر دەتۆقن...

ـ ئەوەیش هۆکاری خۆی هەیە فرێدی هەر بۆیە ئێریش مچیلانگیلی خەڵکی زیگبورگ پازدە کۆتری لە دەستدا، چونکە تەم تەواوی حەوت چیای داپۆشی بوو ئەو هەژارە وەک منداڵێک دەگریا و لێ بووبووەوە!

فریتس مولەر، بەبیرەوە و بەدەم پێچانەوەی جگەرەیەکەوە وتی:

ـ ئەوەیش نهێنییەکە، بۆچ لە تەمی خۆردا ئیدی نازانن لە کوێن؟

ـ من لە کن پۆلیس بووم دووان لە پۆلیسەکان لەو باوەڕەیدا بوون، من ئاگرم لە ماڵەکەی زینکە بەردابێت لەو بێ مێشکانە لەوێکانە دانەیەکی لێبوو کە تۆی دەناسی.

ـ من تەنیا یەک پۆلیس ناس دەکەم ئەوەی ئەوێکانە یۆهان دیکسکن بوو؟ دانەیەک بەقژی چڕی قاوەییەوە؟

ـ بەڵێ دیکسکن، ئەو وتی: کە لە مێژە تۆ دەناسێت.

فریتس مولەر، کاغەزەکانی بەلاوە ناو وتی:





ـ ئەو بۆی گێڕامەوە، کە داوات کرابوو منیش پێی موت: پێ دەچێت کە فرێدی گەڕۆک بێت، بەڵام ئەو بەکاری خراپ هەڵناسێت.

ـ ئەو وتی: ئیدی کارەکە کۆتایی پێهاتووە.

مولەر بە گرینگییەوە لەوی هەڵڕوانی و ئینجا لە دیتسیش هەروەک بیەوێت لێیان تێ بگات کە ئایا قسەیان بۆ بکات. ئینجا وتی:

ـ جا کە ئەو شتێک بڵێت ئەوە بەڕاستێتی باوەڕت پێی بێت.

کە کۆمەڵێک کۆتر هەڵنیشتنەوە ئەویش سەرنجی بەرەو سەربانەکە وەرگێڕا نێرەکان بەکلکی بەرزبووەوە و گمە گم، بەدوای مێیەکانەوە بوون. فرێدی لێ پرسی:

ـ لە کوێوە دەیناسیت؟

ـ باشە دەمەوێت لەو بارەیەوە شتێکتان بۆ بگێڕمەوە بۆچی و چۆن من ئەو دەناسم پێم وایە کە ئێوە لە خوێندنگە لە بارەی سەردەمی نازییەکانەوە باس ناکەن؟

هەردووکیان سەریان بادا.

ـ دەمزانی کە وایە، بەڵام ئەوە خراپە دەبا وازی لێ بێنین لە ڕابردوودا، ئەوانەی کە بۆچوونێکی تری جیاوازیان لەو نازییە جەنگ هەڵگیرسێنەرانە هەبووایە، دەخزێنرانە مۆڵگای زۆرەملێ و بەندیخانەکانەوە لێیان دەدرا و دەکوژران بەتایبەتیش چاویان لەسەر ئێمەی کۆمۆنیست و جوولەکەوە بوو ئێمە جاران لەتەک دۆستە هۆڵەندیەکانماندا، بەیان و بڵاوکراوەی دژی جەنگ و فاشیزم و ڕاسیزممان لە هۆڵەندەوە بەکەشتی و بەئاوی ڕاین دا، دەگەیاندە روورئۆرت ئافرەتەکانمان وەریان دەگرتن پاشان لە ژێرسەلکە زەڵاتە و گێزەر و لە ناو سەبەتەی پاسکیلەکەیاندا، دەیان شاردنەوە ئەوان زۆر لە پیاوەکان بوێرتربوون، چونکە هەرگیز گیستاپۆ ـ پۆلیسی نهێنی ئەڵمانیی نازییەکان نەیتوانی ئاشکرایان بکات و بیانگرێت ئێمەیش ئەو شتانەمان بەلەشمانەوە دەنووساند و دەشاردەوە و دەمانگەیاندنە کانەکان ئیدی یان بڵاومان دەکردنەوە یان لەو ناوەدا دامان دەنان بێ شک ئەم کارە هەر زۆر قەدەغە بوو ئەوەی بگیرایە دەیانکوشت.

دیتس لە ناکاودا وتی:

ـ فرێدی باوکیشم چووەتە جەنگ و بەسەختیش زامدار بووە، بابیشم وتی؛ کە نازییەکان، تاوانکار و جەردەکردار بوون.

موللەریش درێژەی پێ دایەوە:

ـ لە جەنگدا هەموو تاوانکارن! ڕاستە ئەوانە جەردەکرداربوون و بابت ڕاستی بێژاوە ئەوانەیش کەمۆکەیەک بوون کەوتنە داوێنیانەوە، ئێمە هەمیشە بەیان و بڵاوکراوەی یاساغمان، لە ژێرخاندا هەبوو جا ئەگەر پۆلیسی نهێنی بیویستایە بەماڵاندا بگەڕێت ئەوا دیکسکنی لێپرسراوی پۆلیس، پێی دەزانی ئەوجا لە ئۆتفۆرتەوە بەپاسکیل دەهات و بەپەنجەرەی ماڵەکانی ئێمەیدا دەکێشا. ئینجا منیش دەمتوانی هاوڕێکانم ئاگەدار بکەمەوە و شتەکانیش بشارمەوە، چونکە هێشتا کاتی دەما، هەتا گیستاپۆ دەگەیشت ئەوان هەمیشە زۆر زوو دەهاتن هەتا دراوسێکان هەستی پێ نەکەن، بەڵام ئەویش بەم کارەی سەری خۆی دەخستە مەترسییەوە! ئەم دیکسکنە، پۆلیسی گوند بوو، بەڵام ئەهریمەنۆلکەیەکیش بوو بۆ خۆی! پێ دەچێت کە بێ ئەو، من ئەمڕۆکە لە ژیاندا نەدەبووم...

مـوللەر ڕۆیشتە ناو ماڵەکەیەوە و بەلێوان و خۆشا و شەربەت ـ ەوە گەڕایەوە. ئینجا وتی:

ـ لەو جۆرە پیاوانەی کە لە ئەڵمانیادا خۆیان بۆ کاری باشە تەرخان کردبوو، کەم بوون ئەگینا نازییەکان نەیاندەتوانی وەڵاتەکەمان بەو ئاقارەدا بەرن.

فرێدی تۆزێک لە مانا و مەبەستی قسەکەی تێگەیشت. پێوەندی بەجەنگ و پەنابەری و ماڵ وێرانییەوە هەبوو بێ شک بەهیتلەرەوە.

موللەر خۆشاوی بۆ تێ کردن ژنە فەڕەنسییەکەی هاتە باخەکە و لە کن ئەوان دانیشت بەدەڤۆکە نەرمە فەرەنسییەکەی وتی:

ـ من خۆم ناوم ئەنا مارییایە، بەڵام ئێوە دەتوانن تەنیا بەئەنا ناوم بێنن.

بۆ فرێدی جێگای ڕێز بوو کە ئەوان بێ ئەوەی دیتس بناسن مامەڵەی باشیان لەگەڵی دا دەکرد. فرێدی ناوی ئەنا ماریاشی هێندە بەناوێکی فەڕەنسی نەدەزانی. فرێدی وتی:





ـ لەوە دەچێت کە ماوەیەکی دیش ئەو ـ دیتس ـ کۆتری بدرێتێ ئێمەیش چاو بۆ کۆترەدەمژمێرێک دەگێڕین، ئایا دەزانیت کە لە کوێ دانەیەکمان چنگ بکەوێت؟ بەڵام بەپارەیەکی کەم؟

موللەر وەڵامیدایەوە:

ـ تۆ جارێ با ئەو دەست پێ بکات؟ ئینجا با بزانین کۆترەدەمژمێرێک بۆ دیتسی هاوڕێت هەر پەیدا دەکەین نا؟ ئەنا؟..

ئینجا بەگاڵتە و خۆشییەوە باوەشی بەژنەکەیدا کرد ژنەکەیش بەخۆشی و پێکەنینەوە، بەرهەڵستی دەکرد فرێدی زۆری بەدڵ بوو چۆن ئەوان لەوێکانەدا دانیشتوون و دەستبازی دەکەن.

کە فرێدی بۆ ماڵەوە گەڕایەوە نامەیەک لە سەر دۆڵابەکە دانرابوو کە بۆ ئەو هاتبوو. فرێدی کەوتە ئەمدیو ئەودیو کردنی لە جێی نێرەرەکە نووسرابوو: (قەڵای بلۆمێرسهایم و هیچی دی فرێدی نەیدەتوانێت بیخاتەوە بیری، کەنگێ نامەیەکی بۆ هاتبێتلە سەر مێزەکە دانیشت و نامەیش بەدەستەوە ساتێک ئێما بەرە و دۆڵابەکە دەچوو هەتا قاپ بۆ نانی ئێوارە دەربێنێت و بیانخاتە سەر مێزەکە، بەدەم هات و چووەوە پرسی:

ـ ئەم نامەیە لە کوێوە هاتووە؟

ـ جارێکیان بەژنێکی پیر ئاشنا بووم، بەڵام نەمدەزانی کە ئەو میرژنێکە من لە نەخۆشخانەوە نامەم بۆ نووسی.

ـ بۆچ بۆت نووسی؟

ـ چونکە ئەو داوەتی کردم، سەردانی قەڵا و کۆشکەکەی بکەم ئیدی ئەوەبوو کە نەخۆش کەوتم.

لە ناخیشەوە بەخۆی وت: "من ئەگەر غەشێکی ئاسایی بکەم سوور هەڵدەگەڕێم. بەڵام ئێستاکە ڕاستی دەبێژم و سووریش هەڵدەگەڕێم. نهاکە من کەوتوومەتە تەڵەکەوە، چونکە ئەو نامەکە دەخوێنێتەوە ئینجا پێ دەچێت کە لە بارەی کۆرنێلیاشەوە شتێکی تێدا بێت،" بۆیە بڕیاری دا کە نەکەوێتە چنینی باسێک. سا

ئەگەر ئێما نامەکەی خوێندەوە، دەبا بیخوێنێتەوە. ئەوسا ئەمیش باسی کۆرنێلیای بۆ دەکات کە پێکەوە چوونەتە دەرەوە. بیرەکەی بەلاوە باش بوو پاڵەپەستۆی دەروونی لەسەر کەمتر بووەوە ئێما دانیشت بەدەم چەورکردنی پارچەیەک نانەوە، بەزەردەخەنەوە پرسی:

ـ بۆچ نامەکە ناکەیتەوە؟

فرێدی حەزی دەکرد بەتەنیا نامەکە بخوێنێتەوە، بەڵام دەشیخواست هەنوکە بیخوێنێتەوە لەگەڵ هەموو شتێکیشدا، گرینگی پیشاندانەکەی ئێمای بەدڵ بوو بۆیە دەستی دایە چەقۆیەک و زەرفەکەی هەڵپچڕی نامەکە لەسەر ڕووپەڕێکی گەورە نووسرابوو، کە ئارمێکیش وەک نیشانە بەلای ژوورووی نامەکەوە بوو لەوێشدا هەمدیسان نووسرابوو: قەلای بلۆمێرسهایم. نامەکە بەدەست و بەمەرەکەب نووسرابوو دەسنووسی منداڵ نەبوو، بەڵکو هینی گەورەسالانێک .بۆیە جارجارە خوێندنەوە و تێگەیشتنیش لە دەقەکە دژووار بوو.

بۆخورتە دۆستی ئازیزم ئەلفرێد یان فرێدی ئەگەرچی نامەکەت لە نەخۆشخانەوە هات، بەڵام لەگەڵ ئەوەیشدا، جێی سەرسووڕمان و گرینگی بوو باشە گەنجێکی وەک تۆ لە نەخۆشخانە چی دەکات؟ هیوادارم کە لە خەیاڵاتە قەڵسکەرەکانت ئەوانەی کە هەمیشە بێزارکەرن بەدوور بیت. هەتا بەبێشک و گومان، وەدوای کاری خۆت بکەویت، بەڵام تۆ دەبێت ئامۆژگارییەکی جیدی لە منەوە وەربگریت: تۆ دەبێت بڕێک بەئاگاییەوە لە تەک خۆتدا مامەڵە بکەیت! چونکە لەو تەمەنەی تۆدا مرۆڤ وادەزانێت، هێز و کات بەشی هەتا هاتایە دەکەن، بۆیە بەسەخاواتەوە، بەخەساری دەدەیت، بەڵام تۆ هاکا ماوەیەکی دی، بۆ کاری گرینگتر، پێویستت بەهەردووکیان دەبێت. کەواتە: باشتر ئاگات لە خۆ بێت، چونکە ئەوە ڕێکەوت نییە، کە لەو تەمەنەدا، دەکەویتە نەخۆشخانەوە ئەمە بۆ من جێی خەم و نیگەرانییە! بەحەزەوە پێکگەیشتنەکەمان لە تەک تۆ و هاوڕێ جوانە کچەکاتدا، دێنمەوە یادم، ئێوە نیشانەی خۆشی و شادمانیتان دەردەبڕی کە بۆ چەندین





ڕۆژێکیش گەرمی بەدڵم دەبەخشی و زۆر جاریش بیرم لێ دەکردەوە دەی هێندەیش بەخراپی وەرناگرم، کە تۆ نەتەوێت قەڵا و کۆشکە کۆنەکەمم لێ بکڕیت، چونکە ئیدی لێرەدا دەمێنمەوە لەتەک منداڵەکانمدا دەژیم خواردن بەمراوییەکان دەدەم و کاغەز و کارەکانم ڕیک دەخەم فرێدریشی کوڕم هەر زۆر هاوکاریم دەکات. ئەگەریش ڕێگەت کەوتە ئەم ناوە، ئەوا بەخێر بێیت بۆ من جێی خۆشحاڵییە، لەتەک تۆدا گفتوگۆ بکەم، چونکە خوویەکی وەها بەزەوقت هەیە، کە بەدڵمە باشتریشە کە بەر لە هاتنت پۆستکارتێکم بۆ بنووسیت و بۆ بنێریت هەتا منیش بەئامادەکردنی مێزی قاوە پێشوازی و میوانداریيەکی باشی خۆت و بووکەکەت بکەم.

هەموو هیوا باشەکانت بۆ دەخوازم سڵاویش لە دۆستە جوانە کچەکەت وماڵباتەکەت.

هۆبێرتا، میرژنی (لاین)

فرێدی جارێکی تریش نامەکەی خوێندەوە. ئینجا قەدی کرد و خستییە بان مێزەکە. ئێما سەرنجی دا و وتی:

ـ بەپۆستەکەت ڕازیت؟

فرێدیش سەری لەقاند. ئێما داوای نەکرد نامەکە بخوێنێتەوە فرێدیش هیوادار بوو کە ئێما هەستی بەسوور هەڵگەڕانەکەی نەکردبێت، فرێدی وتی:

ـ ئەگەر دەتەوێت، دەتوانیت بیخوێنیتەوە..

ئینجا خۆی بەسەر نانەکەیدا نووشتاندەوە دڵی بەخێرایی لێی دەدا، ئێما نامەکەی هەڵگرت و کەوتە خوێندنەوەی، پاشان وتی:

ـ نامەیەکی زۆر جوانە، ناسینی ئەو جۆرە کەسانە باشە.

ئێما هێندە زیاتری نەوت، بەڵام لێدانەکانی دڵی فرێدی ئارامتر نەبووبوونەوە. نەشیدەزانی کە چی بڵێت لە بیر و ناخەوە شڵەژابوو، بەڵام بیری بۆ هیچ نەدەچوو. باشە بۆچ ئێما داوای ڕوونکردنەوە لە هەمبەر کۆرنێلیاوە ناکات؟ لە بەختی ئەو، ئێما کەوتە باسکردنی سەیرانێک کە لە بایزدا ئافرەتەکان پێی هەڵدەستن سەردانی ئەو

جێیەیش دەکەن کە لە زوودا جەنابی بێرترام لەوێکانەدا بەرپرسی لاوان بووە. ئەوان سەرلەبایانی زوو، بەپاس دەردەچن، جا ئایا ئەگەر ئەو دەتوانێت ئەو ماوەیەی ئەم لێرە نییە، خواردن ئامادەکردن بۆ کرێکارەکان، وەئەستۆ بگرێت؟ تەنانەت ئەو شتەکان تۆزێک ئامادە دەکات فرێدیش وتی: هیچ کێشەیەک نییە. ئینجا سەرنجی بردە سەر ئێما، تا بزانێت لە ساتی ناوبردنی بێرترامدا، هیچ گۆڕانێک لە رووخساریدا دروست بووە؟ بەڵام هیچی وەهای بۆ دەرنەکەوت.

گارییەکە، لە بەردەمی خوێندنگەکەدا وەستا بوو تایەکان زۆر گەورە بوون. ڕەشمەکەی بەکۆتەرەدارێکەوە ئاڵێنرابوو. ئەسپە خوێنساردیش، لە ژێر سێبەری دارەکەدا وەستابوو. سەری دانەواندبوو و پشووی دەدا بەر لەوەی لاوکمانی جووتیار لە دوورەوە و بگاتە کن مەیخانەکە فرێدی ئەسپەکەی ناسییەوە لاوکمانیش دەستی لێ هەڵخست و پێی وت:

- تۆزێک لەتەکمدا وەرە.

ئینجا فرێدی قاچی خستە سەر تایە چەور و گریساوییەکان و بەتەکانێک خۆی هەڵدایە ناوەوەی گارییەکە ئەسپەکە ئارام هەنگاوی هەڵدەهێنایەوە لاوکمان هەرگیز نەیدەهێشت ئەسپەکانی بەخێرایی بڕۆن. لەوبارەیەشەوە، جارێکیان وتبووی: ئەرکیان زۆرە، لاوکمان وتی:

- من لێرەدا چاوەڕێی تۆم دەکرد دەمویست بزانم، پاش نەخۆشییەکەت چۆنیت کە نیازی سەردانتم هەبوو چووبوویتە دەرەوە.

- ئاخرییەکەی کردمیانە دەرەوە.

دیاربوو کە لاوکمان خەڵووزی بارکردبوو، چونکە دەستەکانی ڕەش بوون فرێدیش دەبوایە باش ئاگای لە خۆ بێت هەتا لە ناو گارییەکەدا پیس نەبێت. ڕوپێلڤیتس لەتەک چەند هەڤاڵێکیدا، بە لێواری جادەکەدا دەڕۆیشتن. ڕوپێلڤیتس، بەناحەزییەوە سەیری ئەمانی کرد و بە دەست ئاماژەی بەگەڵ و گونی خۆی کرد. فرێدیش خۆی لێ گێل کرد، دەتگۆ هیچی نەدی، لاوکمان وتی:

- ماریا سڵاوی بۆت هەیە و هیوای چاکبوونەوەت دەخوازێت.

فرێدی هەستی بەهیچ گۆڕانێک لە ڕووخساریدا نەکرد. جا پێ دەچێت کە ماریا





هیچی لە بارەی ڕۆژەکەی ناو ئەمباری دانەوێڵەکەوە بۆ لاوکمان نەگێڕابێتەوە لاوکمان گارییەکەی لە کن ساردەمەنیخانەکەی فوندەریشەوە ڕاگرت. دابەزی و ڕەشوەکەی هەڵدایە سەر پشتی ئەسپەکە گارییەکە هەمدیسان لە ژێر سیبەری دارێکدا وەستابوو. ئەسپە خوێنساردیش سەری دانەواندبوو هەتا پشوو بدات لاوکمان لە دوو پسکیتی درێژدا، دۆندرمەی هێنا لە ژێر سایەی گارییەکەدا و لەسەر گیاکە بۆی دانیشتن، لاوکمان پرسی:

- ئەوە چی لە تۆ رووی داوە؟

- شتێکی وەک دەماغ تێکچوون، بۆیە منیش خۆم لە نەخۆشخانە گیرساندەوە. سوپاسیش بۆ پاسکیلەکە..

- شایانی نییە. بیرم لێکردبۆوە کە کێشەیان بۆ دروست کردبیت.

- بەڵێ، (ڕوپلڤیتس) و دەستەکەی ئەو بەرازانە هەر لە بیری مندان و لە کۆڵم نابنەوە. خۆ هەرزنە پرش و بڵاوەکەی سەر زەویەکەت دی؟ لەبەرئەوەی کە نیازیان هەبوو لێم بدەن بۆیە نەمتوانی هەرزنەکە کۆبکەمەوە...

- کە پاسکیلەکەتم دۆزییەوە، هەستم پێ کرد، ئەرێ پۆلیس لە کن تۆ بوون؟

- گوایە من ئاگرم بەردابێتە خانوو و ماڵەکەی (زینکە)

- جا خۆ قابیلە تۆ نەبوویت، وا نییە؟

فرێدی پێکەنی. پاشان وتی:

- کەسێک بویانی گێڕاوەتەوە گوایە من وتبێتم تاوانی کوڕەکەی زینکە خۆیەتی.

- داوای لێبووردن دەکەم ئەوەیان لە منەوە بیستووە. من بیرم لە ئاکامە خراپەی نەکردبووەوە.

- نا وا نییە، هاینریش.

فرێدی بیری کردەوە: ئەو هەمیشە هەر بەناوی خێزانی لاوکمان ناوی دەبات، نەک بەناوەکەی خۆیەوە بۆیە وەک بیەوێت ئارامی بکاتەوە. هانریش لاوکمان وتی:

- من پێم وتن، هیچ گریمانەی ئەوە نییە کە فرێدی بێت، چونکە من زۆر لە مێژە دەیناسم.

- هەر بەڕاستیش وەهایە و لە مێژە یەکتری دەناسین لەو ساتانەوەی لە پەتاتە چنینەوەدا هاوکاریم دەکردیت و تۆیش دەتویست کۆترە کلکە تاوسم پێشکەش بکەیت، لە بیرتە؟

- لە یادمە، دەتویست و نەیشت دەویست. ئینجا بە کۆتری نامەبەر دەستت پێ کرد.

- هەروەهایە. نهاکە دووانی ترم هەیە. ئەویش لە پیرە موللەرەوە.

- چ موللەرێک؟

- فریتس موللەری گەڕەک. کۆمۆنیستەکە.

- ئاخ، بەڵێ دەیناسم. ئەو بێ غەل و غەشە.

- لەگەڵ ئەوەیشدا، کەسایەتییەکی گەلێک چاکە. ئەمەیش لای هەر کەسێک ئاشکرایە ئەی باشە چیت لە پاسکیلەکە کرد؟ خۆت چاکت کردەوە؟

- بێگومان خۆم چاکی دەکەمەوە هەموو شتێکم لە وێرکشۆپەکەم هەیە. نیوکاتژمێر و هەندێ پارچە و پوچە. ئیدی تەواو هەروەک نوێ بێت.

- پاش ئەو ڕووداوە تووشی کێشە بووم و لە نەخۆشخانەیش گیرسامەوە وام دەزانی تەنیا بەهۆی ڕەبۆکەمەوەیە، بەڵام شتی تریش بوو.

- جا خراپە؟

- خراپتر لە کن پۆلیس بوو دەیانکێشا بەپشتەملمدا و خەریکبوو گوێمیان دەردەهێنا .بەرازینە، بەڵام پۆلیسە کۆنترەکە، منی سەرفراز کرد. هاینریش ماوەیەکە دڵدارێکم هەیە.

ئینجا چاوەڕێی کرد، بزانێت ڕای چییە. ئەو بە خۆشحاڵییەوە پرسی:

- من دەیناسم؟

- باوەڕ ناکەم. ئەو کچی مامۆستایەکە. جارێکیان مامۆستام بەسەرخۆشی بۆ ماڵەکەیان بردەوە. ئیستاکە کچەکەی دۆستمە ناوی کۆرنیلیایە. لەوە دەچێت کە جارێک لەجاران دیبێتت.





- سەرم لێ بدەرەوە حەز دەکەم بیناسم پێ دەچێت ڕۆژی یەکشەممە و بۆ قاوە خواردنەوە. ماریاش کێکێکی چاکمان بۆ دەکات.

- با بزانین. ئەگەر ئەو کاتی هەبێت.

فرێدی بیری کردەوە؛ کاتەکەی لەبار نییە، کە لەتەک کۆرنیلیادا کێکەکەی ماریا بخۆین و وایش خۆم پیشان بدەم، هەروەک هیچ ڕووی نەدابێت ئەو کاتەی هێشتاکە دایکی لاوکمان مابوو، ئەم هەمیشە لەوانەوە کێکی دەدرایە.ئیدی ئەو مرد و هانریشیش لەتەک ماریادا، لەو خانووەدا دەژیان. دایکی وەک چەوقۆیەک نووشتابووەوە، بەڵام گەلێک میهرەبان بوو ئەو ساتەیشی کە هاینریش دەچۆوە سەر کارەکەی، ئەم و ئەو لەسەر مێزەکە دەمانەوە، هەمیشەیش حەزی دەکرد، فرێدی شتێکی بۆ بگێڕێتەوە. شنابسی بۆ خۆی تێ دەکرد و پاداشتەکەیشی بۆ گێڕانەوەکە، پێکەنینەکانی بوو، کە لە قووڵایی ڕۆحییەوە هەڵدەقووڵا کە پێ دەکەنی پشیلەکان لە ترسا دەردەرفرتانە دەرەوە و بۆ تەویلەکە. لەوێوە گوێیان هەڵدەخست هەتا ئەو ترسە نەدەما .جارێکیان، چونکەی هێندەی خواردبووەوە، هێندەیش پێکەنی، لە کورسییەکەی کەوتە خوارەوە. فرێدیش توانی بەخێرایی بیگرێتەوە ئیدی کە فرێدی بیری بۆ شتێک نەدەچوو بیگێڕێتەوە، ئەویش پێشنیاری دەکرد، چیرۆکێکی هەڵبەستراو و درۆ بگێڕەوە فرێدی هەمیشە هەستی بەخۆشی و ئارامی دەکرد، لە کن خێزانی لاوکمان لەگەڵ ئەو پیرەژنەیشدا، بەقسەی خۆش بەسەریان دەبرد. وا ساڵێکە ئەو مردووە و فرێدی یادی دەکات، لاوکمان پرسی:

- ئەی ڕوپلڤیتس و دەستەکەی، چییان لێدێت؟ شکاتت لێ کردن؟

فرێدی سەری ڕاوەشاند:

- شکاتی چی بکەم؟ خۆ لەسەر شەڕ و لەیەکدان شکایەت ناکرێت. یان..؟

- باشترە کە مرۆڤ بەشەڕ و لێدان هەڵنەستێت باشترە نەکرێت ئەی دەتەوێت تۆڵە بکەیتەوە؟

- ئەرخەیان بە ڕۆژێک لە ڕۆژان نۆبەی ئەوانە.

هەردووکیان بێدەنگ بوون فرێدی دەیزانی کە لاوکمان بیرەکەی ئەمی زۆر بەدڵ

نییـه فرێدی ڕوانی وا دیتس له کن ئـاشـهکەوه دێت. دەسـتی بۆ هەڵخست دیتسیش لەسەر گیاکه و له لایانەوه دانیشته چونکه بسکویتەکەی دەستی لاوکمان، له دەسته ڕەشـەکـەیدا ڕەش و پیس بووبوو، بۆیه ئەویش فـڕێیدایه چاڵی لێـواری جـادەکـه. ڕۆیشت و ئایسکرێمێکی بۆ دیتسیش هێنا، بەڵام کاغەزێکی لێوه پێچابوو، ئینجا گرتبووی. فرێدی ئاماژەی به دیتس کرد و وتی:

- ئەمه دیتسه. پێکەوه غارغارێنی ئەسپ دەکەین. پێ دەچێت که لەم نزیکانەیشدا، کۆتری بدرێتێ.

ئینجا پێکەنی پێشی باش نەبوو که دیتس خێرا بزانێت، لاوکمان حیزه، چونکه ئەگەر دایکی لێیەوه ببیستێت ئەوا مەترسی بۆ سەر دۆستایەتییەکەیان دەبێت گوایه فرێدی دۆستێکی حیزی وەهای هەیه مرۆڤ ناشزانێت ئیدی چی پێوه دەنێن لاوکمان وتی:

- که ڕۆژی یەکشەممه لەتەک کۆرنیلیادا هاتیت دیتسیش لەگەڵ خۆتا بهێنه.

ئینجا هەڵسا خۆی ڕێک کرد ڕەشوەکەی بەدەستەوە گرتوو خۆی هەڵدایه سەر کورسی گارییەکه هەردووکیان له دواوه لەگارییەکەیان هەڵدەڕوانی له لاوکمان تەنیا لاق و جزمەکانی پێی دەبینرا، شۆڕ بووبوونەوه و دەلەنگین له ئەسپه خوێنساردیش، هەرچوار پەل و کـەفەڵی دەبینرا و تووکەکانی دەوری سمەکانی تەپ و تۆزیان هەڵدەستاند. هەروەک لاوکمان گۆرەوی ڕەشی خووری له پەل کردبن. که هەردەم بخزێنه خوارەوه.



## پیشانگەی کـۆتـر

ڕۆژێکی یەکشەممەی ناوەڕاستی پایز بوو کە فرێدی بەئاگا بووەوە، نەیدەزانی چشتێک بەئاگای هێناوەتەوە بێویستی خۆی کەوتە هەڵڕوانین. ڕووناکییەکەی له پەنجەرەکەوە دەهاتە ژوورەوە هێشتاکە بێ هێز بوو باڵندەیەک لە جێیەک شەرمنانە دەیجریواند کە گوێی لە دەنگەکە بوو خۆی بەلایدا وەرگێڕا:

- فرێدی کۆترەکان!

ئۆتۆ بوو، کە بەلارەلارەوە لە بەردەرگەکەدا وەستا بوو ئەو باشترین قاتەکەی لەبەردا بوو. شەپقە فەرەنسییەکەی لەسەردا و تەواو سەرخۆش فرێدی ڕوانییە شێوەی وەستانەکەی و چاوە سوور هەڵگەڕاوەکانی ئیدی توانی بۆنی کحولیش بکات، ئەو وتی:

- دەتوانیت هاوکاریم بکەیت؟

فرێدی بەخێرایی پانتۆڵەکەی هەڵکێشا کراسەکەی خزاندە ناوی پێڵاوەکانی کردە سەر پێی و پەلاماری چاکەتەکەییدا ئۆتۆ چووبووە دەرەوە فرێدی ئەوی لە بەردەم قەفەزی کۆترەکاندا دییەوە. ئۆتۆ سەبەتەکەی لە بەردەرگەی قەفەزەکەدا ڕاگرتبوو، لە هەوڵی ئەوەدا بوو، ئەو کۆترانە بگرێت کە ئەو لە یانەی سەفەر وەک کۆتری نامەبەر، بۆ هەڵفڕین تۆماری کردبوون. ئۆتۆ تەواو نەیدەپێکاو بۆی نەدەگیرا، ئەمەیش ئاژاوە و قەلەقی لە ناو کۆترەکاندا دروست کردبوو، فرێدی وتی:

- ئاتۆ وازبێنە با من ئەم کارە بکەم، خێراتری دەکەم.

ئۆتۆیش ڕازی بوو و لە بەردەرگەکەدا کەوتە چاوەڕێکردن، بەڵام لەسەر ئەوە سوور بوو خۆی سەبەتە پڕەکە هەڵبگرێت.فرێدیش لێی بەگومان بوو لە سەرەتاوە باش بوو. بەڵام هێشتاکە پێنج پلیەکانەی پەیژەکەی بۆ خوارەوە مابوو، کە بەسەبەتەکەوە بەر بووەوە خوارەوە و کەوت. ئیتر هەروا بەدانیشتنەوە مایەوە. وا پێ دەچوو کە خەیاڵ

بێت فرێدیش هەر خێرا سەبەتەکەی بەکۆترەکانەوە ڕاست کردەوە هەتا ئارام ببنەوە ئینجا چوو بەلای ئۆتۆوە و هەڵیسانە سەر پێ قاتە باشەکەی تۆزاوی بووبوو، کای پێوە نووسابوو. فرێدی بیری کردەوە: جا هیوادارم کە ئەو نەیەوێت بەماتۆڕەکەی بەرێ کەوێت، چونکەی خۆ ئەگەر بمانگرن، ئەوا مۆڵەتی لێخوڕینەکەی لێدەستێنن. ئۆتۆ پاسکیلەکەی لێدەخوڕی، دەستێکیشی بەسەبەتەکەی سەر کورسییەکەی دواوەوە گرتبوو، فرێدی بەتکاوە پێی وت:

ـ دە ئەوسەبەتەیە بدە بەمن. چونکە خۆ من سەرخۆش نیم. لەکن من ئەرخەیانترە.

ئۆتۆ بێئەوەی ڕەخنە قبووڵ بکات، بەلاڵەپەتەوە، وەڵامیدایەوە:

ـ منیش بەشی خۆم، بەئاگام. دەی وەرە و با ڕێکەوین.

ئۆتۆ لە پێشەوە لێی دەخوڕی و فرێدیش بەدوایدا. چۆن سەرخۆشەکان لێدەخوڕن، ئۆتۆیش وەهای دەهاژوو ڕەپ و ڕاست دەستی چەپیشی بەسەر سەبەتەکەوە گرتبوو، هەتا بەرنەبێتەوە فرێدی بیری کردەوە: چونکە بەیانی زووە و هاتوچۆی ئۆتۆمبێل نییە، پێ دەچێت کە لێخوڕینەکەی بێ کێشە بێت تا لە گەڕەکدا بوون، بەڕێگە تایبەتییەکەی پاسکیلدا دەڕۆیشتن. ئینجا بەناو ڕێی مەزرادا و بەرە و کەمپ ـ لینتفۆرت. لەبەرئەوەی شەو باران باری بوو، گڵی مەزراکێڵراوەکە، وەک چەوری بریسکەی دەدایەوە.ئیدی دەستپێکی ماڵەکانی لینتفۆرتیان لێ دەرکەوت فرێدی پاسکیل سوارێکی بەدی کرد، بەرەو ڕووی ئەمان دەهات. فرێدی بیری کردەوە: دەبێت ئۆتۆیش دیبێتی، بۆیە برێک خۆی دواخست. تەنانەت، سووکانەکانی پاسکیلەکانیان بەر یەکتر کەوتن کابرا بەلای زەوییە کێڵراوەکەدا بەربووەوە و ئۆتۆیش بەلاکەی تردا و بەسەر گیادا سەبەتەکەیش کەوتە خوارەوە و سەرەوخوار قلپ بووەوە سەر زەوییەکە فرێدیش دابەزی بینی چۆن ئۆتۆ بەرەو کابراکە دەچێت. ئەویش بەجنێودان بەرەو ڕووی دەهات. قاتەکەی ئۆتۆ قووڕاوی بووبوو. وا دەردەکەوت کە ئۆتۆ هیچ نەڵێت بەڵام کەگەیشتە بەر کابرا، شەپازلەیەکی وەهای تێسرەواند کابرا کەوتەناو گڵی مەزراکە. ئۆتۆ پاسکیلەکەی هەڵگرتەوە و سەبەتەکەی لە پشتەوە قایم کرد. ئیدی بێئەوەی ئاوڕ بداتەوە، کەوتەوە ڕێ. فرێدی بەکاوەخۆ جێگەکەی جێ دەهێشت کابرا هەڵسابووەوە. بەرگەکانی و ڕووخساری قووڕاوی







بوون کابرا بەتووڕەیی و سکاڵا ئاساییەوە، دەمی کردەوە:

ـ ئەم بەرازە کێ بوو؟

فرێدیش وەڵامی دایەوە:

ـ نازانم.

ئینجا دابەزی و پاسکیلی کابرای هەڵگرتەوە کابرا لە هەوڵی ئەوەدا بوو کە خۆڵ و قووڕی سەر قاتەکەی بەری بتەکێنێت و لێ بکاتەوە، بەڵام بێ سوود بوو. نیوەی ڕووخساریشی قووڕاوی بوو. کابرا وتی:

ـ باشە خۆ من دیم کە ئێوە پێکەوە دەهاتن! تۆ دەیناسیت، دەی بڵێ بزانم کێیە؟

فرێدی خۆی لە گێلی دا و بەدەنگێکی خەمگینەوە، وەڵامی دایەوە:

ـ من بەم بەیانی زووە، دەمەوێت سەردانی نەنکم بکەم. بەڵام دەبێت یەهوو، هەموو کەسێک بناسم! من ئەو پیاوەم هەرگیز لەوەبەر نەدیووە! من هەر بەڕێکەوت لێرەکانەم.

کابرا وتی:

ـ تۆ درۆ دەکەیت.

ئینجا سوواری پاسکیلەکەی بووەوە هەتا دوای ئۆتۆ بکەوێت. هەر قسەشی دەکرد:

ـ ئەرخەیان بە کە ئەو بەرازە بەگیر دێنم شکایەتێکی وەهای لێ دەکەم قابیلی بێت.

ئینجا بەتووندی پایدەری لێ دەدا فرێدیش ئۆتۆی دی کە بەلای جادەیەکی چەپدا پێچی کردەوە ئەو جێیەی کە خواردنگەکەی لێبوو و لەوێکانەیش کۆترەکان پیشان دەدران بۆیە هیوادار بوو کە ئۆتۆ برێک خێراتر لێیبخوڕێت ئەمیش بەدوای کابرادا دەیهاژووت، کە بەردەوام جنێوی بەئۆتۆ و ئەمیش دەدا، کابرا چەند مەترێک لە پێشییەوە بوو، ئاوڕێکی دایەوە و بەدەنگی بەرز وتی:

ـ نەخێر، تۆ دەیناسیت!

ـ جا باوەڕ بەوە بکە کە خۆت دەتەوێت

ـ زەردەواڵە، ئەی کێ مۆڵەتی پێداویت، بەئامرازی ناسراو لەگەڵمدا بدوێیت؟

کابرا کەوتە توانج دان و لە دابەزیندابوو.بەڵام خێرایش پەشیمان بووەوە، چونکە بیری لە وەدواکەوتنەکە کردەوە فرێدیش هەر بۆ ئەوەی دوای بخات، وەڵامی دایەوە:

ـ من لەتەک بوتڵەشووشەیەکی وەک تۆدا، هەمیشە بە ئامرازی ناسراو دەپەیڤم. جا ئەگەر بەتایبەتیش لەتەک قووندەرێکی وەک تۆدا قسە بکەم...

دەتگۆ کابرا باش لێی تێنەگەیشتووە. بۆیە بەدەوری خۆیدا هەڵڕوانی و کەوتەوە لێخوڕین فرێدیش هیچی دی نەوت. لەبەر لینتفۆرتدا، بەری جادەکانیان گۆڕی و خۆیان بەناو گەڕەکدا کرد. ئۆتۆ دیار نەبوو، بەڵام لە چوار ڕێی چەند سەد مەتری نێزیکی خواردنگەکە، شتێک ڕوویدا. کابرا دەیویست لە جادەیەک بپەڕێتەوە لە لای ڕاستیەوە ئوتۆمبێلێکی فۆڵکس ڤاگن هات. ئەگەرچی خێرایش ئیستۆپی گرت، بەڵام خۆی بەتایەی دواوەی پاسکیلەکەدا کێشا و کابرا کەوت ئۆتۆمێلەکە وەستا و ماتۆڕەکەشی کوژایەوە. ئافرەتێکی ڕووخسار تۆخ بەسووراو و سپیاو، کە قژی لە دواوە کۆکردبووەوە دابەزی. بەڵام لە کن دەرگەی ئۆتۆمبێلەکەوە وەستا کراسەکەی بەریشی، وەک ڕەنگی ئۆتۆمبێلەکە شین بوو کابرا چوار پەل و لە ناوەڕاستی جادەکەدا کەوتبوو، هەر وەک چۆن بۆق پان دەبێتەوە فرێدی لێی نێزیک بووە. کەمۆکەیەک خوێن لە ژێر ڕووخسارییەوە دەهاتە دەرەوە قووڕ و خۆڵی قاتەکەشی، نیشانەی لەسەر جادەکە جێهێشتبوو فرێدی وتی:

ـ پێ دەچێت کە مردبێت، بانگی پۆلیس بکەن.

ئافرەتەکەیش بەئارامی، لە پاڵ ئۆتۆمبیلەکەیەوە، وتی:

ـ ئەمە جادەی یەکلایەنە.

ئیدی دەتگۆ هیچ بەلایەوە گرینگ نییە، کەسێکی کوشتبێت فرێدیش تا توانی بۆی دەرچوو. بەهەناسە بڕکەوە خۆی گەیاندە مەخفەری پۆلیس ماوەیەکی پێ چوو هەتا بۆی دەرکەوت کێ لە بەرامبەریدا وەستاوە لە پێشدا پۆلیسە لەڕەکەی دی و ئینجا قەڵەوەکە. ئەو لەسەر کورسییەک دانیشتبوو و سەرگەرمی کاغەزەکانی بوو پۆلیسە لەڕەکە وتی:

ـ جا بزانە کە چ باڵندەیەکی گچکە فڕیوەتە ئێرەکانە جا ئەگەر ئەمە لەقلەقە بچکۆلەکەی ڕاینکەمپی خۆمان نەبێت ئەوا من ناوم گۆڕین نییە.





ئینجا هەردووکیان بەناشیرینی پێکەنین فرێدیش وەها خۆی نواند، هەروەک گوێی لە هیچ نەبووبێت. فرێدی وتی:

ـ سێ سەد مەترێک لە دووری ئێرە و لە خوارووی ئەم جادەیەوە کەسێک بوو بەژێر ئۆتۆمبێلەوە لەوە دەچێت کە مردبێتیش.

هەردوو پۆلیسەکە بێدەنگ بوون، فرێدیش درێژەی پێدا:

ـ کابرا هیچ ناجووڵێتەوە.

قەڵەوەکەیان پرسی:

ـ کابرا ناوی چییە؟

ـ نایناسم من بەڕێکەوت لەم ناوەم.

ـ وتت مردووە؟ باشە کێ وای لێ کردووە؟

ـ لەوێکانەدا فاوڤێیەکی شینی لێیە ئەو لە سەری چوارڕێیانەکە، خۆی بەپاسکیلەکەیدا کێشا.

لەبەر ئەو ڕێکەوتەی کە ئەمڕۆکە ئەم دووانە لێرەکانە ئێشکگرن، فرێدی زەوقی تێک چوو پۆلیسە قەڵەوەکە پرسی:

ـ باشە ئۆتۆمبێلەکە هینی کێیە؟ ژمارەکەی؟

ـ نازانم.

قەڵەوەکە وتی:

ـ دۆستەکەمان هەمدیسان هیچ نازانێت، بەڵام لە ئان و ساتی خۆشیدا، لە جێی ڕووداوەکەیە، جا بەم بەیانییە زووەیەش. دەیباشە با بچینە سەیری.

فرێدیان ترنجانە ئۆتۆمبێلێکی(ئۆپڵ) و نێوان خۆیانەوە و کەوتنە ڕێ. ئۆتۆمبیلەکەیان لە سەری چوارڕێیەکە وەستا و دابەزین نەفاوڤێ دیار بوو، نە کابرای بان جادەکە و نە پاسکیلەکەیش پۆلیسە قەڵەوەکە گوایە بەمیهرەبانییەوە قسە دەکات، وتی:

ـ دەی دۆستی دەم درێژمان، ئادەی مردووەکەتمان پیشان بدە.

فرێدی ڕوانییە پیسی قووڕ و خۆڵ و خوێنی بان جادەکە ئینجا هەوڵی دەدا ڕاستی و جەخت بەقسەکەیەوە دیار بێت، وەڵامی دایەوە:

ـ ئالێرەدا کەوتبوو.

پۆلیسە لەڕەکەیان پرسی:

ـ لێرەکانەدا، مردوویەک دەبینرێت؟

ـ وەڵا من چاویلکەکەمم پێ نییە، تەنیا هەندێک پیسی و پەڵە خوێن دەبینم.

فرێدیش وتی:

ـ ئێ ئەوە هینی پیاوەکەیە.

ئارەزووشی کرد، ئەمەشی هەر نەوتایە.

لەڕەکەیان بەتوانج و تەشەرەوە وتی:

ـ باشە ئەو بەپیسییەوە بەڕێوە بوو؟

ـ ئەو لە (لینتۆرف) کەوتووەتە ناو کێڵگەیەکی تەڕەوە. ئەو پیسییە هینی ئەوەیە.

ـ ئەها ئـەمـە چیـرۆکـێکی پڕ لـە نهـێنییـە کـە ڕووی داوە. مـردوویەکی پیس بوو، ئۆتۆمبێلێکی تامپۆنکەر و وردەکارییـەکانی تریش هیچ شـتێک بۆ دیتن دیار نییـە، چونکە لە ڕاستیدا، هیچ شـتێک نییـە! لێ هەمدیسـان، دۆسـتـە دەمدرێژەکـەمانیش پێوەندی بەهیچەوە نییە و هیچیش نازانێت باش بۆی چووم؟

پۆلیسـە لەڕەکە، پەنجـەیەکی ژەنییـە خـوێنـەکە و کـەوتە بۆن کـردنی. هـەڵسـایەوە و چووە کن پۆلیسـە قـەڵەوەکەوە فـرێدی لەوەدا بوو، پاسکیلەکەی هـەڵبگرێت و لەو ناوە بزر بێت بەڵام پۆلیسە قەڵەوەکە قوورسایی دەستی نایە بان شانی و پرسی:

ـ ئەم پاسکیلە هینی کێیە؟

ـ هینی خۆم.

ـ ئەها!

کە پۆلیسە لەڕەکە ئەمەی وت کەوتە سەرنجدانی پاسکیلەکە.

ـ ناوی مارکەکەیت ڕنیوە، بۆچ؟





فـرێدی بێـدەنگ بوو باشــە چیـان بۆ باس بکات؟ مـرۆڤی وەک خـۆشـیـان بەوەها پاسکیلێک کە شنوکیپوتس و نازانم چی لێ نووسـراوە بەو نـاوەدا دەگـەڕێن. ئینجا پۆلیسەکە وتی:

ـ جارێ تۆ دەبێت لە گەڵماندا بۆ مـەخفـەر بێیت، ئینجا بزانین چی دەبێت، چونکە خۆ ئـەگەر لاشـەیەکیش لە گۆڕێدا نەبێت، ئەوا هیچ نەبێت، پاسکیل دزێک. تۆ لـەسـەر خـۆ و لە پێش ئێـمــەوە لێ دەخـوڕیت، تێ دەگـەیت؟! ئەوسـا بـزانین چی لەتـەک ئەم دۆسـەتە دەمدرێژەماندا دەکەین، چونکە برێک لێکۆڵینەوە هێشتاکە ماوە، وا نییە؟

قەڵەوەکە لە پشتی سـووکانی ئۆتۆمبێلەکەوە دانیشتبوو. فرێدی بیری لێ کردەوە؛ خۆ ئەگەربمەوێت هەڵبێم، هیچ شکی نییـە کە دەمگرنەوە لەوە زیاتر چارەیەکی تری نەمـا کـە لە پێـشـیـانـەوە پاسکیلـەکـەی بەهاژوێت. لە دوای خـۆشـیـیـەوە گـوێی لە ئۆتۆمـبێلـەکە بوو جـارجـارەیش هێندە نێزیک دەکـەوتەوە، بەر چەمـەڵغـەکەی دواوە دەکـەوت وای بەبـاش دەزانی هیچ ئاوڕ لەو جـەردانە نـەداتەوە. بەخـۆیشی وت: بەڵام منیش دەبەنگم کە لە بەر شـارەوانیدا دابـەزی، هـەردووکیـان هاتنە پاڵی. لەڕەکەیان باڵی گـرت و بەپلیکانەکـاندا سـەری خـست ئەویان بردە ژوورێکی پشـتـەوە و لـەسـەر تاکە کـورسـییـەکەی لەوێدا بوو دایاننیشـانـد هـەردووکیـان لەوێدا مـانـەوە. بەچپەوە قسەیان دەکرد کە چی لەتەکدا بکەن. لەڕەکەیان سەری قسەی کردەوە:

ـ دەی لە ســەرەتاوە دەست پـێ دەکـەینـەوە و بەکــاوەخــۆیش. بـەو بەیانـی زووە لە لینتۆرف چیت دەویست؟ ئایا دەستەکەت لێرەکانە دەژین، یان شتی لەو بابەتە؟

فرێدی وەڵامی نەدایەوە، قەڵەوەکە چووە لایەوە و بەنزمی وتی:

ـ ئێمە چاوەڕێ دەکەین، بەڵام هێجگار زۆریش نا! تێ دەگەیت؟

فـرێدی هـەر بێدەنگ بوو.چونکە دەیزانی، هـەمـووشی جـارێکی دی بگێڕێتـەوە، هیچ سـوودێکی نییـە. ئەوەیشی کـە خـۆیان دەیانەوێت دەیکەن جا ئەگـەر لێیـاندام، ئەوا یۆهانێس دیکسکن ئاگەدار دەکەمەوە کە ئیدی هەردووکیان شایان و ئامادەی چوونە سـیـبـیـریـا دەبن، بەڵام ئەم بیـرەیش ئارامی پێ نـەبەخـشـی هەسـتی دەکـرد کـەوتۆتە تەڵەوە و زۆریش تەنیــایە ســا ئـەگـەر هـەر بـەدوای ئۆتۆدا دەڕۆیشــتم و هـەوڵـی ئەوەم نەدەدا کابرای دەبەنگ بخـڵافێنم، ئەمـەیش ڕووی نەدەدا . باشـە، وای دابنێین کە ئێما

لە هـەمووی ئاگەدار دەبێتەوە.بەڵام خـۆ دەبێت پێمی بڵێت؛ ئەی باشـە چی بکرێت کە مرۆڤ برێک بە ئاگەیییەوە، هەڵسوکەوت بکات.؟

پۆلیسە لەڕەکە هەمدیسان بەدەنگێکی تیژ وتی:

ـ وا ئێمە هەر چاوەڕێ دەکەین دۆستی دەمدرێژ.

فرێدیش هـەر بێدەنگ بوو بیریشی لە شیرۆڤە فەلسەفییەکەی (دیکسکن) دەکردەوە لە هەمبەر کردەوەکانی ئەم دووانەوە، بەڵام ئەوە ئێستاکە، هیچ یارمەتییەکی ئەمی نەدەدا چونکە ئەگەرچی شەپازللەیەکی یەکێک لەمان لە پشتە ملی، لە ڕاستیدا هێندە گرینگ نەبێت، بەڵام ئازاری خـۆی هەبوو! لە ئان و ساتی کە قەڵەوەکە دەیویست دەست بداتە گوێی، غەڵبەغەڵبی خەڵک لە داڵانەکەی پێشەوە بیسترا. هەردووکیان بۆ ئەوێیان هەڵڕوانی و قەڵەوەکەیش دەرگەکەی کردەوە، فرێدی فریتس موللەر و ئۆتۆی بەدی کرد، لە پشتی بەینە تەختەکەوە وەستابوون. ئەوانیش لە هەمان ساتدا، کورسێکەی ئەمیان بەدی کرد موللەریش بێ ئەوەی لە خەمی پۆلیسەکاندا بێت پێچێکی لێدا و هاتە کن فرێدی فرێدی هەڵسا موللەریش پەلی گرت و لە ژوورەکە بردیە دەرەوە.

پۆلیسە لەڕەکە، بەدەنگێکی نەرمترەوە لە پێشوو، وتی:

ـ ئەو بۆ لێکۆڵینەوە لێرەکانەیە.

موللەریش وتی:

ـ وەرە و بملێسەوە! ئەو دەبێت چی کردبێت؟

خۆشی وەرگێڕا ئاورێکی دایەوە و بۆکسێکی بەسەر تەختەکەدا کێشا.ئۆتۆیش کە ئیدی مەستییەکەی پێوە دیار نەمابوو، دەستی لە ملی فرێدی ئاڵاندبوو. پۆلیسە قەڵەوەکە وتی:

ـ ئەو بەپۆلیس ڕادەبویرێت ئەو باسی تامپۆنێکی ئۆتۆمبێل و مردوویەکی کرد و ئێمەیشی بۆ گوایە جێگاکە هەڵفریواند، بەڵام هیچ شتێک نەبوو ئێمەیش نامانەوێت تەفرە بدرێین و پێمان ڕاببوێردرێت بێجگە لەوەیش، هیچ شکێک نییە کە پاسکیلەکەی دزییە!





ئۆتۆ وتی:

ـ ئەو پاسکیلەی لە  هەوفناگڵەوە پێ دراوە.

فریتس موللەریش بەگاڵتەجاڕییەوە پێکەنی و بەتوڕەیییەوە، خێسەی لە هەردوو پۆلیسەکە کرد. ئینجا وتیشی:

ـ کابرا نەمردووە و زرپوزیندووە. چونکە ئێمە دیمان....

ئەوجا پارچە کاغەزێکی لە گیرفانی خۆی دەرهێنا..

ـ فەرموو، ئەمەیش ئەدرێسەکەی ئەو لەتەک ئەو ژنەی کە بەژێرەوەی کردووە، خۆیان ڕێکەوتوون.ئیدی ئێوەیش چیدەکن بیکەن بەڵام جارێکی تر، دەستدرێژی نەکەنە سەر مێردمنداڵان... ئەوەیش هەر نابێت، سا ئەگەر دۆستێکی من بێت!

ڕوو لە فرێدیش پرسی:

ـ لێیان دایت؟

فرێدیش سەری ڕاوەشاند پۆلیسەکانیش هیچی تریان نەوت. لەساتی دەرچووندا، موللەر پێشیان کەوتبوو. لە بەردەرگەی دەرەوە، هەڵویستەیەکی تری کرد و بە قینەوە، لە هەردوو پۆلیسەکەی هەڵڕوانی. لێ، سەرنجێکی میهرەبانی نەبوو بۆ جێهێشتن. فرێدی پرسی:

ـ منتان چۆن دۆزییەوە؟

لە نێوان هەردووکیاندا دەرۆیشت و نەیدەتوانی باوەڕ بکات کە چی ڕووی داوە ئۆتۆ پاسکیلەکەی ئەوی بەدەستەوە بوو، کە وەڵامیدایەوە:

ـ کە تۆ هەر نەگەیشتیت من و فریتس کەوتینە گەڕان بەدواتا لەبەردەمی مەیخانەکەدا کابرا دەبەنگەکە لەتەک ژنێکدا قسەی دەکرد پاسکیلەکەشی لەوناوە کەوتبوو ژنەکە بەئێمەی ڕاگەیاند کە تۆ بۆ کن پۆلیس ڕۆیشتوویت.جا پێدەچێت، کابرا پیس بووەکە ئۆتۆی نەناسی بێتەوی یان ترسی هەبووە کە ئۆتۆ جارێکی تریش، تێی بسرەوێنێتەوە. فرێدی وتی:

ـ لەم بارەیەوە هیچ بۆ ئێمە نەگێڕیتەوە.

ـ دەی خۆ تۆ هیچی خراپت نەکردووە!

- بەهەرحاڵ. وەسا باشترە.

- باشە دەی تا نهاکە کەسم تەفرە نەداوە.

کۆتر پیشاندان درێژی هەبوو کۆنترۆڵەکان لە پشتی مێزەکان و بەردەم قەفەزەکاندا دانیشتبوون بەپێی لیستەکەی دەستیان کۆتریان لە قەفەزەکان دەرهێنا دوای ئەوەی کە بەئامێرە بچکۆلەکەی دەستیان ژمارەیەکی پلاستیکیان بەپەلەکانیانەوە دەکرد، دەیانخستنە قەفەزە تەلبەنکراوەکە فرێدی بۆکمانە خێلی لەوێکانە دی و ناسیەوە، کە ئەویش باڵندەکەی ئاراستە دەکرد و بەسەرنجە سەمەرەکەی هەڵیدەڕوانی. ئۆتۆ و فریتس فرێدیان لەتەک خۆیاندا بردە مەیخانەکەوە هەتا بیرە بخۆنەوە فرێدی نەیویست بیرە بخواتەوە، چونکە برسی و تینووی بوو بۆیە سینالکۆیەک و نانەچەورەیەکی هێنا.

ئێوارەی ئەو ڕۆژەیش لەتەک دیتسدا چوونە سەر گۆمەکە و لەسەر خاولییەکانیان لێی دانیشتن دیتس وتی:

- با برێک چاوەڕێ بکەین.

چاوەڕێیان کرد هەتا ئاوەکە لە تاریکییەکەدا، وەک مەرەکەبی ڕەشی دەنواند.دیتس لە پێشەوە بە ئاسپایی و ئاگاییەوە دەرۆیشت هەتا تۆزێک ئاوەکە بشڵەقێنێت. فرێدیش لاسایی کردەوە. ئیدی بێ ئەوەی زۆر پەلەقاژە و جووڵە بکەن، هەتا ئاوەکە تەوا و نەشلەقێت، کەوتنە مەلە. فرێدیش وەهای بەباشزانی لەم ساتەدا خۆی لە قسەکردن ببوێرێت ئەو لەبەر خۆیدا و لە ئاوەکەدا، تەنیا سەرە کاڵەکەی دیتسی دەدی بەمەلە چوونە کن دەوەن و بێشەکانی ڕۆخی گۆمەکە. ئەو جێیەی کە تەواو تاریک بوو، بەڵام بۆ سەرسوورمانی فرێدی ئەو ناوە ڕووناک بوو، جارجارە و لە تاریکەکەدا، مراوییەک قرتەقرتی دەکرد و یان لە ڕۆخەکەدا، باڵەکانی پێکدا دەدا. فرێدی لە ناو ئاویکەوە، خاولییە کاڵەکەی لە ڕۆخی گۆمەکەدا ناسییەوە، دەتگۆ کەسێک نەخشاندویەتی کە لە ئاوەکە هاتنە دەرەوە، پێکەنینیان بەگژوگیا و قەوزەکانی سەر شان و مل و پشتی خۆیان دەهات. بە نۆبە یەکتریان پاکدەکردەوە و کەوتنە خۆ وشککردنەوە. فرێدی هەواڵی لە خوشکەکەی دیتس پرسی. لە ساتێکدا دیتس، بەخاولیەکە گوێی پاک دەکردەوە، وەڵامی دایەوە:





- دایکم وتی: پێ دەچێت کە فرێدی باوکتان بگەڕێتەوە..

ئینجا بەکەیفسازییەوە، زەردەخەنەیەکیشی کرد فرێدی نەیدەزانی چی لەو بارەیەوە، بیر بکاتەوە، چونکە بێشک بۆ خوشکەکانی و بۆ دیتسیش، باش دەبێت. بەڵام پێش دەچێت، جۆرێکی دی بێت. فرێدی پرسی:

- خراپ نییە مرۆڤ خوشکێکی هەبێت، وا نییە؟

- خراپ نییە ئەگەرچی قەڵسیشت بکات ئەی تۆ خوشکت هەیە؟

- هیچم نییە یەکدوانێک خراپ نەدەبوو دەتوانم هەستی پێ بکەم.

دیتس وتی:

- بەڵام هیچ شکی نییە کە قەڵس دەکەن..

- بەڵام پێ دەچێت لایەنە باشەکەی ئەوە بشارێتەوە. کێ دەزانێت؟ من پێشوازی وەها شتێک دەکەم.

بەدەم قسە کردنەوە خاولییەکەی لوول کرد دیتس لەسەر کورسییەکەی دواوەی پاسکیلەکە دانیشتوو، فرێدیش کەوتە لێخوڕین.

## نامەکەی کۆڕنێلیا

لە پشووەکەدا و لە حەوشەکەدا کۆڕنێلیا بەلای فرێدیدا تێپەڕی ئەوان هەمیشە وەهایان دەکرد، دەتگۆ یەکتری ناناسن هەڵبەت ئەمەیش، یارییەکی بچکۆلانە بوو، هەتا خۆیان لە بەرچاو ئەوانی تردا ئاشکرا نەکەن.

هەرکە ئەرخەیان بوو کەسێک چاودێریان ناکات پارچە کاغەزەکەی پێدا کە تێیدا نووسرابوو:

" ئەمرۆکە حەتمەن دەبێت لەتەکتا بپەیڤم دەمژمێری ١٦ وەرە بۆ ماڵەوە بۆ لام. دایک و بابم لە ماڵ نین و دەووروبەری دەمژمێری ٩ ی شەو دەگەڕێنەوە.

ماچت دەکەم خۆشەویستە ئاگرهەڵگیرسێنەرەکەم

کۆڕنێلیاکەت"

فرێدی بیری کردەوە، ئەگەرچی پێشووتر پۆستکارتێکی بۆ میرژن نەناردبێت و لە هاتنیان ئاگەداری نەکردبێتەوە، بەڵام خراپ نابێت ئەگەرپێکەوە سەردانێکی لێ بکەن. مێز ڕازاندنەوە و قاوە خواردنەوەکەیش، زۆر گرینگ نییە، ئەو سەرلەبەیانییە، ئۆتۆ نەچوو بۆ کارەکەی.کە فرێدی تویێشووەنانی کارەکەی لەسەر مێزی چێشتخانەکەی دی چووە ناو ژوورەکەیەوە.ئەو وەک مەیخانەیەک بۆنی لێ دەهات و بەئاگا هێنانەوەشی گەلێک دژوار بوو. بۆیە فرێدی پەنجەرەکەی تۆزێک کردەوە. ڕۆژێکی پێنجشەممە بوو جا لەبەرئەوەی کە ئۆتۆ حاڵی باش نەبوو، بۆیە فرێدی چووە کن قەفەزی کۆترەکان ئاوی تازەی بۆ گۆڕین و گەنمەشامی بۆ ڕۆکردنە ناو جامەکەوە. ئینجا هەردوو بەچکە کۆترەکەی خۆی هەڵگرت و کەوتە سەرنجدانیان.گۆشتی لووتیان سپی بووبوو، هێشتا پێنەگەیشتبوو پێ دەچێت کە مێیەک و کەڕەیەک بن. بەڵام چ جۆرێک؟ پێدەچێت کە سپییەکەیان کەڕێلەکە بێت، بەڵام با چاوەڕێ بکەین، فرێدی بە بێ ئارەزووییەوە و بەماڵەیەک، کەوتە کڕاندن و پاکردنەوەی ناو قەفەزەکە ئەگینا چۆن ئەم دوو کاتژمێر و نیوە بەسەر بەرێت، هەتا





بەکۆڕنێلیا دەگات؟ چووە باخەکەوە، پەتاتەکان وەها پێگەیشتبوون دەیتوانی دەریان بێنێت کە سەرنجی کەوتە سەر بەلاڵووکە ڕەشەکان، هاتەوە بیری کە لە ڕابردوودا و لە هەمان وەرزدا، سەردانی ژوورەکەی کردبوو کەواتە وا ساڵێکە ئۆتۆ لە کن ئەمان کرێچییە و دەژی. لە نێوان داری چەپەرەکەوە قەشەی بەدی کرد. ئەو بەرگی ئاسایی لەبەردا بوو، قاپقاپی تەختەی بەسەر پێیانەوە بوو پەتاتەی لە زەوی دەردەهێنا. فرێدی هیچ گرینگییەکی نەبوو، لەتەکیدا قسان بکات هەرگیز نەیانزانی کێ کەنیسەکەی پیس کردبوو پێ دەچێت هەرگیزیش بۆیان دەرنەکەوێت، کێ ئاگری بەردایە خانووەکەی زینکە ئەمیش نەیدەزانی کە زینکە و کوڕەکەی لە کوێن ئەم لە یادی چووە کە لەم بارەیەوە لە لاوکمان بپرسێت، بەڵام لێی دەپرسێت لێیشم سوورە کە لاوکمان دەتوانێت، وێنەکە پەیدا بکاتەوە ئەی باشە لە پێش کۆڕنێلیادا، خۆم ڕووت بکەمەوە؟ گوێی لە دەنگی داخستنی دەرگەکەیش بوو دەی کەواتە وا ئێما دەچێت بۆ کۆبوونەوەی ژنان هەمدیسان بیری لەوە کردەوە؛ پێ دەچێت کە ئێما، شتێکی لەتەک ئەو بەرپرسی لاوانەدا هەبێت بیرەکەیشی بەلاوە باش و پەسەند نەبوو دەی خۆ ئەوەیش شتێکی لەبەرچاوە کە جارێک لە جاران شویەکی دی هەر دەکاتەوە ئەم هەر لە یەکەم کۆبوونەوەیان لە تەک بێرترامدا، ئەم بیرەی لە کن دروست بوو لە ڕاستیشدا هەتا ئاشکرا نەبێت، لەتەک کێدا یەکانگیر دەبێت وەها بیرکردنەوەیەک هیچ سوودێکی نییە ئینجا ئەوەشی هێنایە بەر زەنی خۆی بەرپرسی لاوان بگوێزێتەوە کن ئەمان بەڵام باشترە شتی وەها ڕوونەدات چونکە ئەوجا بێرترام هەوڵ دەدات کە ئەم ئیماندار بکات ئەمەیش کێشە چیدەکاتو بێرترام بۆ ئەوەی کە ئەمان بترسێنێت، لە کۆبونەوەی لاواندا پێیوتن: " مرۆڤێک کە بێباوەڕ بێت، وەک گژوگیایەکی بێ ئاوە." دەی خۆ ئەویش زۆرترین مەبەستی لەم و لە دیتس بوو. ئەمانیش بەوەها شتێک ژیانی خۆیان خراپ و تێک نادەن، چونکە باوەڕ بەپێی بۆچوونی بەرپرسی لاوان، گەلێک قەدەغەی بەدوای خۆیدا دەهانی لە بنەڕەتدا، ئەوەی جێی کەیف و خۆشی بوو، قەدەغە بوو کە دیتسیش وتی: "هیچ نەبێت جارێ بەبێ مەسینە باشترە" هەموویان کەوتنە پێکەنین باش دەیزانی بەکرێچی بوونی ئەو بەرپرسی لاوانە لە کنیان، دەبێتە سەرەتای سەرهەڵدانی کێشەکان بۆیە وای بەباشتر دەزانی، خۆی لە وەها کارێک هەڵبوێرێت کە لە کاتژمێری هەڵڕوانی

هێشتاکە دوو دەمژمێری بۆ چوونە لای کۆڕنێلیا مابوو. بەڵام کەوتە ڕێ هەتا لەسەر ڕێگە سەرێکیش لە کلاس ڤێلینگا بدات، چونکە ئەگەر بڕێک لەتەک ئەودا قسان بکات، کاتەکە زووتر دەڕوات کلاس ساردکەرێکی هەر تەواو نوێی پیشاندا، کە لە جێیەک پەیدای کردبوو. لە ڤێرکشۆپەکە داینابوو و گرمەی دەهات لیمۆنادەیەکی لێ دەرهانی و دای بەفرێدی هەر بەڕاستی سارد بوو. فرێدی لە هەمبەر ساردکەرەوە هەواڵی بیستبوو لە فیلمیشدا دیبووی. هەر هێندە. کلاس ڕای وابوو؛ ئەو هێندە کاری بۆ دێت بۆیە لەوە دەچێت کەسێک لە کن خۆی بۆ کار دابمەزرێنێت کلاس وتی:

ـ کارەکان هەردەم لە ئەڵمانیادا، بەرەو پێش دەچن بەیانی بەئۆتۆمبێل کەرەستە و پێداویستییەکانم دەگەن ئیدی ژیان بۆ من ئاسانتر دەبێت ئەی تۆ چۆنی، ئازیزەکەم؟

ـ هەرشتێک باشە. هیچی وەها نەبوو، تەنیا تووشی قەلەقی بووبووم.

ـ نا، شتێکی بچووک و ئاسایی نەبوو، ئێمایش زۆر لە خەمدا بوو.

ـ وایە، ئەو زۆر خومخۆرە.

کلاس بەبیرەوە لێی هەڵڕوانی و وتی:

ـ بۆ من ئارامبەخش بوو، کە هیچی وەها لە بەرەوڕووبوونەوە لەتەک پۆلیسدا، پێشنەهات. جا هەر هێندە بەسە، بکەویتە لیستەکەیانەوە ئێما بۆی باسکردم.

فرێدی بەدەم گسکلێدانی شتەوە وتی:

ـ خەیاڵپلاو دەکەن.

ئینجا بیریشی کردەوە: ئەم ڤێرکشۆپەیش پێویستی بەکۆکردنەوەیە پێ دەچێت هۆکارەکەیش ئەوە بێت، هەمیشە وردە و تەڵەزمی تەختە ئەم ناوە بەبەربڵاوی پیس دەردەخەن پێ دەچێت ئەمەیش جۆرێک لە شێوەی کاری هۆڵەندی بێت، کە لەم ڕاینلاندە کەسێک نایزانێت سەرنجی لە کاتژمێرێکدا زۆری بۆ چوار مابوو. لەبەرئەوەی قەلەق بوو دەیویست بڕوات، بۆیە وتی:

ـ من دەبێت کارێک بەئەنجام بگەیەنم هیوام باشیتە و تا ساتێکی دی.

کە بۆ کۆتایی جار ئاوڕێکی دایەو و سەرنجی دا، کلاس لە دواوە لێی هەڵدەڕوانێت





کە نیگاکانیان یەکیانگرتەوە کلاس دەستێکی لێ هەڵخست هەمدیسان بیری کردەوە؛ خۆ هێشتاکە کات ماوە با بچم پێڵاو بێنم و بیبەم بۆ گێرمان، بەڵام ئەم کارەشی بۆ جارێکی تر دواخست، چونکە لەگەڵ کۆڕنێلیادا سۆزی هەبوو قەلەق بوو نەشیدەزانی هۆی ئەم بانگکردنەی بەچ هۆیەکەوەیە و بۆچ ئەمڕۆیش بەرلەوەی فرێدی ئەنگوست بەزەنگەکەدا بنێت، کۆڕنێلیا دەرگەکەی لێ کردەوە. ڕایکێشایە هۆڵەکە و دەرگەکەی داخستەوە. هۆڵەکە پڕ بوو لە کارتۆن و سندوق کە لەسەر یەک دانرابوون ئەم حەزی دەکرد چاوێک بەماڵەکەدا بگێڕێت ئەو جێیەشی کە پیرەکان خۆیانی لێ سەرمەست دەکەن بەڵام کۆڕنێلیا بەرەو ژوورەکەی خۆی ڕۆیشت ماڵەکە جیاواز بوو لە خەیاڵاتەکەی ئەم بەرلەوەی کۆڕنێلیا شتێک بڵێت، ئەم دی کە تەنیا تەختەخەوەکە و دۆڵابی جلەکان لەوێکانەدا مابوونەوە. بەپەڵە سپییەکانی ڕووکاری دیوارەکانیش هەستی کرد وێنەکان لێ کراونەتەوە. بەدەنگێک کە ئەم چاوەڕێی نەدەکرد، کۆڕنێلیا وتی:

ـ لە کن من دانیشە.

ـ چ باسە؟

بێ ئەوەی لێی بڕوانێت وتی:

ـ بەیانی زوو ئۆتۆمبێلی ماڵگواستنەوە دێت ئێمە دەگوێزینەوە بۆ شاری دۆرتمۆند.

فرێدیش هیچی نەوت لە هەوڵی ئەوەدا بوو لە مانای وتنی ڕستەکە تێ بگات.

ـ بۆ چ؟

ـ چونکە باوکمیان بۆ خوێندنگەیەکی تر گواستووەتەوە پێ دەچێت کە هۆکارەکەشی، زۆر جار مەستکردنەکەی بێت.

دەستەپاچەیییەکەی فرێدی تێکەڵ بەخەم و تووڕەیی بوو تووڕەیش لە شتێک:

ـ باشە تۆ لەمڕۆوە دەزانیت؟

کۆڕنێلیا بەنیگەرانییەوە وەڵامی دایەوە:

ـ دەمویست بڕێک دوای بخەم

جا بۆ ئەوەی کە فرێدی شتێکی وتبێت، وتی:

ـ دەی خۆ دەتوانم نامەت بۆ بنووسم و بۆت بنێرم سەردانیشت بکەم.

کۆڕنێلیا لە ژێر سەرینەکەیدا پارچەیەک کاغەزی دەرهێنا کە ئەدرێسەکەی لەسەر نووسرابوو، ئینجا وتی:

ـ وا باشترە کە بێ نێرەر نامەم بۆ بنێریت.

ئینجا سەریشی خستە سەر کۆشی فرێدی، فرێدی وتی:

ـ بۆچ ئەمە بەسەر ئێمەدا دێت؟

ئینجا بیریشی کردەوە: لە بنەڕەتدا ئەمە یانی کۆتایی هاتن بێگومان کە نامە بۆ یەکتر دەنووسن. ئەمیش ئەگەر پارەیەکی پەیدا کرد دەچێتە دۆرتمۆند و لە پارکێکدا یەکتر دەبینن. ئەمە ئەوە نەبوو کە ئەم دەیویست، بۆیە وتی:

ـ باشە بۆچ زەماوەند نەکەین؟

کۆڕنێلیا خۆی ڕاست کردەوە پێکەنی و وەڵامی دایەوە:

ـ چونکە ڕێگەمان پێنادەن، ئاگرهەڵگیرسێنەر.

فرێدی ئارەزووی گریانی دەکرد وایشی دەزانی کە ئەویش هەمان ئارەزووی هەیە و دژی نییە، هیچ نەبێت ئەم چەند کاتژمێرە بێ خەمەیان پێکەوە ماوە فرێدیش بەڵێنی بەخۆیدا خەم و نیگەرانییەکەی بۆخۆی بهێڵێتەوەهەتا هەر شتێک خراپ نەکات. جا هەروەک کۆڕنێلیا بیری ئەمی خوێندبێتەوە، فرمێسک لە چاوەکانییەوە و بەڕوومەتەکانیدا هاتنە خوارەوە. هەردووکیان بەگریانەوە، توند باوەشیان بەیەکدا کردبوو، بەڵێنیان بەدرێژەدانی ئەو ژیانەیان دەدائەگەرچی دەشیانزانی کە دژووار دەبێت، چونکە تواناکەیان بەشی نەدەکرد و هەمیشە کێشەیەکی دی سەری هەڵدەدا. چونکەی نهاکە مێردمنداڵ بوون و نەیان دەتوانی، بیر لە هەموو ئەگەرەکان بکەنەوە هەردووکیان پۆشاکەکانیان داکەند. لەسەر پێخەفەکە پاڵکەوتن و باوەشیان بەیەکتردا کرد دەیانویست هەست بەیەکتری بکەن و ئەو ترس و قەلەقییە نەهێڵن. ناخی فرێدی شڵەژابوو لەوەبەر وەها شڵەژانێکی بەخۆیەوە نەدیبوو. بەخێرایی بیری کردەوە: پێ دەچێت کە هەمدیسان تووشی دەماختێکچوون بووبێتەوە، بەڵام ئەم شڵەژانە جۆرێکی دی بوو، ڕەبۆکەی کێشەی دروست نەکرد لە ناکاو هەستێکی





هێزداری بۆ هات لە ساتی جووتبووندا، سەری کۆڕنێلیای خستە سەر شانی خۆی. زۆر بەخۆشی و ئارامییەوە خەریک بوون. نەرمە گازیان لەیەکتر دەگرت و نینۆکیان لە پێستی شان و قۆڵی یەکتر گیر دەکرد سەرنجەکانیان لەسەر چاوانی یەکتر بوون و یەکتریان بەرنەدەدا. بیری لێکردەوە: من پیاوێکم و ئەمەیش ژنەکەمە. پێ دەچێت کە نەاکە منداڵێکمان دروست کردبێت منداڵێکی ڕووگرژ و بەڵام بەهێز. هەردووکمان پارێزگاری لێدەکەین فرێدی هەموو وشەکانی خەیاڵەکەی بەگوێیدا چرپاند. کۆڕنێلیایش بەخۆشحاڵی و هەنسکدانەوە گوێی ڕادێرابوو، هەموو وشەکانی بەچپەوە، پاتە دەکردەوە. سەرنجیان لەسەر یەکتری هەڵنەدەگرت. ئاواتیان بوو بۆ هەتا هەتایە، ئاوەها پاڵکەون، کە فرێدی وتی:

ـ ئێمە دەبێت بوێری زۆرمان تێدا بێت.

کۆڕنێلیا سەری لەقاند و پاتەی کردەوە. پاشانیش وتی:

ـ ئەمە کۆتایی ژیان نییە، ئاگرهەڵگیرسێنەرەکەم...

ـ من لەتەک تۆدا هەستێکم هەیە کە لەوەبەر نەمبووە. جا پێ دەچێت ئەوە تاسە و یان ژیان خۆی بێت کە ئێمە چاوەڕێی دەکەین.

ـ ئەرێ ئەم وشانە لە کوێوە دێن؟

ـ ئەم وشانە ئیدی بۆ هەمیشە هینی ئێمەن.

## ڕوپێلڤیتس

فرێدی بیری لەوە کردەوە ڕۆژی داهاتوو لە دوورەوە دەڕوانێتە ڕۆیشتنەکەیان، بەڵام کۆڕنێلیا تکای لە فرێدی کرد لە ساتی دەرچوونیاندا نەیەت فرێدیش بەڵێنی دا ئەگەرچی لە خۆی ئەرخەیان نەبوو دەتوانێت بەڵێنەکەی بێنێتە سەر کۆڕنێلیا لە ساتی خۆیدا، فرێدی بەدەرگە بچکۆلەکەی باخەکەیاندا ڕەوانەی دەرەوە کرد، هەتا نەکا دراوسێکان بیبینن. دنیا هێشتاکە تۆزێک ڕووناک بوو، فرێدیش، بێ ئەوەی بڕیاری جێیەکی دابێت، هەر دەڕۆیشت. کە لەو وڕوگێژییە بەئاگا بۆوە، هەستی کرد وا بەناو مەزرا و چەمەنزاردا هەنگاو دەنێت. گڵۆپی ماڵەکانی دوور لە خۆی لە تاریکییەکەدا دەدی ئیدی هێدی هێدی ملی توولە ڕێیەکی گرتبووە بەر سەرنجی بەسەر لاسکی بەجێماوەی خەرمانە دووراوەکاندا دەگێڕا دەتگۆ بۆ شتێک دەگەڕێت، بەڵام شتێک نەبوو کە ئەم بۆی بگەڕێت گوڵە حاجیلەکان هێشتاکە سەوز و ناکامڵ و بۆنێکی شێداریان لێ دەهات ڕوانییە مانگی ڕەنگ شیریی ئاسمان. وێنەیەکی جوان بوو. بەڵام لەم ساتەدا، هیچ دڵی پێی خۆش نەبوو بیری کردەوە، پێ دەچێت دیتس لە سەر گۆمەکە بێت باش دەبێت کە لەتەک ئەودا قسان بکەم. یان با هیچ نەڵێم. خۆ ئەگەر بەدیتسیش نەگات ئەوا هەر باشە کە بڕوانێتە ئاوە وەک مەرەکەب ڕەشەکە، بەڵام باشتریش بوو کە نهاکە، لەگەڵ دیتس و ئۆتۆدا، لەسەر گۆمەکە دابنیشن و ئەمیش باسی ئازاری خۆی بۆ ئەوان بکات. ئەگەر شتێکی وەها لە هەر کەس ڕوو بدات ئەوا پێویستە هەوڵ بدات، ساتەکانی دوایی بەسەر خۆیدا تێ پەڕێنێت دەشیزانی کە ئەمشەو لەوە زیاتر هیچی دیکە ناکات، نامەیەک بۆ کۆڕنێلیا بنووسێت نامەیەک کە هەر کۆتایی نەیەت من دڵمی بۆ دەکەمەوە ئەو دەبێت هەموو شتێک لە منەوە بزانێت من ڕاستگۆتر دەبم لە هەتا ئێستاکەم لەمڕۆوە ژیانم جۆرێکی دییە لەوەیش تووڕە بوو، کە نەیدەزانی مانای ئەم بیرکردنەوانەی چین بێجگە لەو دەستەپاچەییەشی کە ئەوان دەگوێزنەوە و دەڕۆن. هەردوو دەستەکانی گرمۆڵە کرد و







دەیویست بەر بەفرمێسکەکانی بگرێت ئەو بەسەر گردە نزم و ڕووتەنەکەی کن ماڵی گرۆتڤینکلسدا تێپەڕی بۆنی گەنیو لە زیلۆکە هەڵدەستا و لە ناو قووڕ و لیتاوەکەیشدا، جێ سمی گا و مانگا دەبنرا. ڕۆشناییەکی گەرم، لەو دیوی پەنجەرە تۆزاوییە چڵکنە بچکۆلەکەی تەویلەکەوە، دەبینرا کە بەلای حەسارە ئاسنینەکدا ڕۆیشت گوێی لە دەنگی ئاژەڵەکانەوە بوو کە لە تەویلەکەدا جووڵە جووڵیان دەکرد و زنجیرەکانیش دەزرنگانەوە لەسەر جادەکەوە وەستا و ڕوانییە ئاوە ڕەشەکە ئەوەی کە ئەو بەدی کرد دەیتوانی، هێدی هێدی باوەڕ بکات. منداڵێکی کوڕی لەڕ هەتا ناوکی لە ئاوەکەدا بوو تەنیا نیوەی ڕووخساری لەمەوە دیار بوو شان و ملیشی تەڕ بوو کەسێکیش لە ڕۆخی ئاوەکەدا وەستابوو وەک تارماییەک وابوو کەسە تارمایی ئاساکە وەک دارێک یان تەختەیەکی بەدەستەوە بێت، بەهەڕەشەوە دەیشیڕاند: خۆ ئەگەر بیەوێت لە ئاوەکە بێتە دەرەوە ئەوا هێندەی لێ دەدات هەتا دەمرێت، بەڵام کە فرێدی دیتسی لە ئاوەکەدا ناسییەوە، سەرەولێژ بووەوە هەنگاوەکانی خێرا و بەپەلە بوون و یەکڕاست بەرە و تارماییەکە چوو لە چرکە ساتدا، قژێکی ڕەش و ئینجا چاکەتێکی دی، بۆنێکی ناخۆشیش دەهات ڕوپلڤیتس بوو، کە لەو غافڵگیرییە بائاگا بووەوە، تەختەکەی دەستی فڕێدا و خۆی خستە ناو ئاوەکەوە. فرێدی تەختەکەی هەڵگرتەوە و کەوتە وێزەی ڕوپلڤیتس فرێدیش هەوڵی دەدا کە بەسەر ئاوەکەوە بوەستێت، هەتا باش بێتە وێزە و لێدانی. جا بۆئەوەی کە باشتری تێبسرەوێنێت، قەراغی تەختەکەی بەکار دەهێنا. کەوتە پێداکێشانی، سەری، شان و ملی، جارێکی دیش تەپڵە سەری. هەتا ئیدی ڕوپلڤیتس لە جووڵە کەوت. لاشەکەی وەک بووکەپەڕۆینەیەک، ڕووخساری بۆ خوارەوە و کەوتە سەر ئاوەکە. چاکەتەکەشی فش بووبووەوە و هەڵکشابووە بان سەری کراسەکەی پووفی دابووەوە و بڵقیش دەکەوتنە سەر ئاوەکە. فرێدی شیڕاندی:

- هەر جارێکی دی بجووڵێیتەوە، هێندەت لێ دەدەم هەتا دەمریت!

دیتس لە ئاوەکە هاتبووە دەرەوە و خاولییەکەی لە خۆی ئالاندبوو. لێوەکانی شین هەڵگەڕابوو هەڵدەلەرزی لایەکی ڕووخساری زامدار بوو ڕووشاویش بەسەر پشت و جێی تریەوە دەبینرا چاوێکی خوێن تێزابوو و لە هەڵئاوساندا بوو تەنانەت ئەژنۆی چەپیشی هەڵئاوسا بوو فرێدی بەبێدەنگی هاوکاری کرد خۆی لەبەر بکاتەوە ئینجا

وتی: " وەرەو." ئیدی بێ ئەوەی جارێکیش ئاوڕ بدەنەوە ڕۆیشتن فرێدی دەستی ڕاستی کردبووە ملی دیتس تەختەکەیش بەدەستی چەپییەوە بوو کە گەیشتنە کن ماڵەکەی پیتگن، فرێدی پرسی:

- چێ ڕووی داوە؟

دیتس هەنسکی دەدا. فرێدی سەرنجی دا کە ئەو چاویلکەکەی لە چاودا نییە:

- ئەی چاویلکەکەت لە کوێیە؟

دیتس هەنسکێکی دا و کەوتە گریان، ئینجا وتی:

- ئەو فرێی دایە ئاوەکەوە دەیوست بەلێدان بمکوژێت. کە من لە ئاوەکەدا بووم و مەلەم دەکرد، لە ناکاو لە ڕۆخەکە قووت بووەوە و تەختەیش بەدەستەوە دەیوت؛ منیش وەک تۆ و ئەوانیتر، مالۆسێکی حیز و فشەکەرم ئەو کاتەی کە ئێمە سواری ماتۆڕەکەی ئۆتۆ بووبووین، هەر زۆر پەست و تووڕە بووە و مێشکی خراپ کردووە.کە ئیدی ناتوانێت شتی لەو جۆرە ببینێت لەوەو پێش هەتا ڕۆخەکە بەجنێودان دوام کەوتبوو ئەو بۆ ڕۆخەکە دوام کەوت و جنێوی دەدا من چوومە ئاوەکەوە مەلە بکەم، ئەویش بەتەختەکەی دەستییەوە پەیدا بوو کە هاتمە دەرەو و ویستم خۆم وشک بکەمەوە بۆکسێکی گەیاندە ڕوخسارم و ئینجا بەتەختەکە کەوتە لێدانم، هەتا ناچارهەڕام کردەوە ناو ئاوەکە ئینجا ئەویش وتی؛ هەر بێیتە دەرەوە، حسابت تەواوە ئەو ناتوانێت کەسێک تەحەمول بکات، دۆستی فرێدی قووندەر بێت.

فرێدی بەکەیفسازییەوە، وتی:

- بەڵام ئێستاکە خۆی وەک جرجێکی تۆپیووە گۆڕانیش لە دەستی مندا نییە.

دیتس بەبزەیەکەوە، سوپاسی لێ کرد، فرێدی وتی:

- باوەڕم پێ بکە، وەها باشترە.ئیدی هەمووان دەتوانن نەاکە بەئارامی بخەون. لەوەیش دەچێت سبەینێ لە ڕۆژنامەدا بنووسرێت؛ کە جرجێک لە ئاوی گۆمەکەدا خنکاوە.

هەردووکیشیان کەوتنە پێکەنین، دیتس پرسی:

- تۆ ترست نییە؟

فرێدیش وەڵامی دایەوە:





- بێگومان ترسم هەیە خۆ منیش لەو کەسانە نیم کە دەتوانن هەر ڕۆژەی یەکێک سارد بکەنەوە.

ئینجا کەوتنەوە پێکەنین فرێدی تەختەکەی فڕێدایە ناو بێشەکەوە، دیتس وتی:

- ئەگەر لە باری دینییەوە بۆی بڕوانین، دەشێت کە تووشی کێشە ببین.

- مەبەستت لە چییە؟

- مەبەستم ئەوەیە، ئەگەر بێرترام پێ بزانێت دەڵێت کە ئەوە گوناحە دەشبێت ئاشکرا بکرێت وا نییە..؟

ئینجا بەچاوە هەڵئاوساوەکەیەوە لە فرێدی هەڵڕوانی فرێدی وتی:

- هێندەی من بیزانم، مرۆڤ ناتوانێت سکاڵانامە بگەیەنێتە خوا جا نەخوازە، کەسێکی وەک بێرترامیش ئەی گوایە وەها باشتر بوو، لێگەڕابام، وەها لێدانێک بەر دۆستێکم بکەوێت؟( تفێکی کردەوە)، بۆیە وەها باشترە بچمە دۆزەخ و برێک ئارەقە بکەمەوە.

- من بیر لە دۆزەخ ناکەمەوە مرۆڤ ناتوانێت بیر لە هەر شتێک بکاتەوە بۆیە کە هیچ سوودێکیشی نییە لە بارەیەوە ترست هەبێت.

- دۆزەخ لە پاش هەموو شتەکانە کە من ترسم لێی هەبێت. جارێ لێرەکانە، سەرگەرمی زۆرمان هەیە، وا نییە..؟

- وایە، بەسە.

- پێ دەچێت دۆزەخ و ئەو شتانە هەروەک شتەکانی دی نهێنی ئامێز بن کە هەروا بەسانایی بەسەریا تێناپەڕدرێت، ئەی باشە چی بەدایکت دەڵێیت؟

ئاماژەشی بەڕووخساری کرد.

- چۆنە؟

- هەمووی خوێناوییە.

- دەتوانم بڵێم کە لێیان داوم.

- باشترە بڵێیت ڕوپلڤیتسی نەفرەتی بوو، چونکەی ئەو بۆ دەستوەشاندنی بێ بەزەییانە بەناوبانگە.

هەر کە ماڵەکەیان بەدی کرد، ئەو جێیەی دیتس و دایکی و خوشکەکەی هاکا بابیشی هاتەوە و تێیدا دەژین ئیدی لەسەر گیاکە لێی دانیشتن فرێدی جگەرەی لە گیرفانی دەرهێنا دیتس تا نهاکەیش جگەرەی نەکێشابوو. بۆیە وتی:

- سا ئەگەر دایکم بۆنی بکات؟

فرێدی بەپێکەنینەوە وەڵامی دایەوە:

- لە دواییدا بەدوای ترشۆکەدا دەگەڕێین هەر کە جوویت، ئیدی هەستی پێ ناکات.

ئینجا کە فرێدی لەسەر ڕۆیشتن بوو، دیتس وتی:

- ئیدی سەرمان لەو بەرازە ڕەحەتە. وا نییە؟

هەمدیسان پێکەنینەوە. فرێدی بەئارامییەوە وتی:

- پێ دەچێت کە نەمردبێت بەسەرە شکاوەکەیەوە، خۆی بۆ ماڵەوە و کونەجرجەکەی بەکێش دەکات.

ئینجا دەستی هەڵتەکاند و کەوتە ڕێ. هەڵوێستەیەکی تری کرد، هەتا بزانێت گڵۆپی ژوورەکەی دیتس هەڵدەبێت.

ئیدی هەستێکی نامۆی تەنیایی دای گرتەوە هێندە نیگەران و دڵشکاو بوو، بەدژووارەی بەرەو ماڵەوە دەرۆیشتەوە بەهەنگاوی خاو و بێ زەوقەوە، خۆی بەکێش دەکرد. وەک پیرە پیاوێک کۆمابووەوە و کەوتیشە گریان هەموو بیری لە لای کۆرنێلیا بوو، کە ئیدی ناتوانێت هەموو ڕۆژێک بیبینێت بەر لە گەیشتنە بەر دەرگەکەی ئۆتۆ، بەدەسرۆکەکەی تەڕایی فرمێسکەکانی سڕی ئینجا بەئاسپایی لە دەرگەی دا خێرایش کەوتەوە یادی کە ئۆتۆ شیشتی شەو کار دەکات. چووە ژوورەکەی خۆی بەرگەکانی داکەند و لەسەر پێخەفەکەی پاڵکەوت. ماوەیەکی زۆر بەئاگابوو و بیری لە کۆرنێلیا دەکردەوە جا ئەگەر لە بۆچوونی ئاینییەوە لە مەسەلەکە بڕوانیت وەک ئێمایش لە مەخفەری پۆلیس لە هەمبەر منداڵی هەتیوەوە باسی کرد ئەوا ڕۆژێک لە ڕۆژان وەها دەبێت، بەڵام ئەم هەموو هەوڵێک دەدات، کە لە دۆرتمۆند سەردانی بکات هەوڵیشی دەدا بوونی کۆرنێلیا لە شار و خانوویەکی تر، بێنێتە بەرچاو و هەستی خۆی بەلایەوە سانا بوو، بەڵام هەمووشی خەیاڵات. گڵۆپەکەی هەڵکردەوە و کەوتە نووسینی نامەیەکی درێژ بۆ کۆرنێلیا.



## ڕێناتا لە فەڕەنسا دەمێنێتەوە

پاشنیوەڕۆی ڕۆژی هەینی ئۆتۆ چووە سەرکارەکەی. ئەو ڕۆیشتبوو کە فرێدی لە خوێندنگە گەڕایەوە.

فرێدی لە چێشتخانەکە هەندێک خواردنی پاشماوەی خوارد، ئێما پارچەیەک کاغەزی بۆ جێ هێشتبوو، تێیدا نووسیبووی: ڤێلینگا بە ئۆتۆمبێلەکەی، ئەمی لەتەک خۆیدا بردووە بۆ مۆرس بۆ شتکڕین فرێدی هاتە ناو باخەکەوە و بەسەرنجەوە کاری دەکرد چڵەکانی دارەکەی هەڵدەپچڕوکاند و بەلاڵوکەکانی دەچنییەوە، چونکە ساتی ڕنینەوەیان گەیشتبوو.دوو کودی گەورەشی هێنایە چێشتخانەکە، هەتا ئێما کاریان تێدا بکات و ئامادەیان بکات. ئیدی لە ڕۆژێکدا، هێندە زیاتری بۆ بەئەنجام ناگەیەنرێت ڕێگەکەی بڕێک پاک کردەوە و ئینجا کەوتە دەرهێنانی پەتاتە. زۆر بە ئاگاییەوە ئەم کارەی دەکرد کە ڕوانیشییە چوار هێڵی گڵی باخەکە، هەستی بەکەیفسازی و باشی کارەکەی دەکرد پەتاتەکانی خستە ناو دوو سەبەتەی گەورە و بردنییە ژێرخانەکەوە.پاسکیلەکەی هێنا و بە نۆیکیرشندا بەرە و ڤلین بەڕێ کەوت پاسکیلەکەی لەبەر قەڵا و کۆشکەکەدا بەستەوە و بەدەوری ئاوەکەدا کەوتە گەڕان. سەرنجی دەدایە ناو حەوشەکە، تا بزانێت میرژن نابینێت. بەڵام لەوێکانەدا، تەنیا سەگێکی گەورە لە بەردەرگەکەدا ڕاکشابوو و لەبەر خۆیەوە مڕەمڕی دەکرد پێ دەچێت کە ئەو سەفەری کردبێت. چونکە وەها ئافرەتێک سەری زۆر قاڵە کەسێکی نەدەدی، پرسی لێ بکات. تۆزێک چووە ناو باخەکەوە و کەوتە کۆکردنەوەی بڕنوو کەستان، کە بۆ خواردن شیاو بوون خستنییە گیرفانییەوە لە پشتی دەوەن و بێشەکەوە و لە شاراوەییدا، ئاسنبەندی ژەنگ هەڵاتووی بەدی کرد لە پشتی ئاسنبەندەکەیشەوە گۆڕستانێکی بچکۆلە شایەد بە دە گۆڕەوە کێلەکانیش قەوزەیان گرتبوو لێرەوە نەیدەتوانی، نووسینەکان بخوێنێتەوە بەناچاری جارێکی دیش خولێکی تری بەدەوری قەڵا و کۆشکەکەدا کرد بیری لەوە دەکردەوە کە لەدەرگە بدات،

بەڵام نەشیدەزانی ئەگەر میرژن و یان یەکێک لە خزمەتکارەکانی، دەرگەیان کردەوە، ئەم چی بڵێت. ئەوەش پەسەند نەبوو، کە هەر لە یەکەم یەکتر بینینەوە، باسی خەمی خۆی لە هەمبەر کۆرنێلیاوە بکات. ئەگەرچی خۆشی هیوای یەکتر بینینەکەی هەبوو بێت بۆیە بەهێواشی گەڕایەوە دواوە سەردانە نائاکامەکەی، باری دەروونی ئاسن نەکرد.

ڕۆژی یەکشەممە، هیچ شتێک لە بارەی لێدانەکەی ڕوپلڤیتس ەوە لە ڕۆژنامەدا نەنووسرابوو. بۆیە فرێدی بیری کردەوە:

لەوە دەچێت جرج تۆپانێک، شایانی هەواڵ نەبێت.ئینجا دەمژمێری ١٢ چووە سەردانی قەفەزەکەی.

ئۆتۆ لە بەردەرگە کراوەکەدا چیچکەی دابووەوە و بێدەنگ بوو، فرێدی وتی:

- دوێنێ لە دەرگەکەتم کوتا، بەڵام وا دیاربوو شەوکار بوویت باشە نەدەبوایە ئەمرۆکە لەمێژە لە سەر کار بوویتایە؟

ئۆتۆ هەر بێدەنگ بوو. ئینجا بەدەم هەڵکڕاندنی تەختی قەفەزەکە، بەماڵەکەی دەستی، وتی:

- ڕوپلڤیتس و دەستەکەی دوێنێ سەروگوێلاکی دیتسیان باش کوتاوە. هەر بەختی هەبوو کە بەسەردا چووم.....

ئۆتۆ لەمی نەدەڕوانی فرێدیش شڵەژابوو بەدەنگی نیگەرانەوە، وتی:

- کۆرنێلیا لەتەک دایک و بابیدا دەچنە دۆرتمۆند ئەمرۆ گواستیانەوە.

ئۆتۆیش بێ ئەوەی لەو بڕوانێت، وتی:

- هەی پیسی نەفرەتی، پیسی نەفرەتی..

- ئەرێ دۆرتمۆند دوورە؟

ئۆتۆ لە لاوە، پێی وت:

- من هەرگیز لە دۆرتمۆند نەبووم.

ئینجا ماڵەکەشی بەزەوی قەفەزەکەدا دەخشاند، فرێدی وتی:

- بەرنامەیەک بۆ خۆم دروست دەکەم بتوانم بەردەوام سەردانی بکەم ئەمە ئەگەر





پارە فەراهەم بێنم.

ئۆتۆ تەنیا وەڵامی دایەوە:

- من پارەت دەدەمێ.

هیچی تری نەوت و سەیری فرێدیشی نەدەکرد ئیدی هەردووکیان بێدەنگ بوون. جمووجووڵی قەلەقی کۆترەکانیش لە قەفەزەکەدا ئارامتر بوو لە پێشووترکۆترەکان لەسەر دارە هەڵواسراوەکان هەڵنیشتبوون و گمە و کرتەکرتیان دەهات کە ئۆتۆ دەرگەی قەفەزەکەی کردەوە، کۆترەکان چوونە پاڵ یەکتری و خۆیان لە گرتن دەپاراست. فرێدی بیری کردەوە؛ پێ دەچێت ئەوانیش هەستی پێ بکەن کە ئەمرۆ کەیفمان ساز نییە. ناو قەفەزەکە ئارام بووەوە. ئۆتۆیش بێ ئەوەی لە فرێدی هەڵبڕوانێت، لە ساتێکدا بەماڵەکەی دەستی کرەکرێ دەکرد، وتی:

- ڕیناتا بۆی نووسیووم کە بەم زوانە ناگەڕێتەوە دەیەوێت ماوەیەکی درێژتر لە فەڕەنسا بمێنێتەوە.

ئینجا هەڵسا پەنجەرەی بنمیچەکەی کردەوە و سەری بردە دەرەوە، فرێدیش نەیدەزانی چی بڵێت، بەڵام پرسیشی:

- هەر نایەتەوە؟

ئاواتەخوازیش بوو، ئۆتۆ بەنەرێتی وەڵامی بداتەوە، ئۆتۆ وتی:

- پێ دەچێت جارێک لە جاران بگەڕێتەوە، بەڵام ئەمە مانای چییە... ئەمرۆیش ناچمە سەر کار بەئێمایش بڵێ کە تۆێشووم نەگەرەکە باشە؟

ئۆتۆ بێ ئەوەی شتێکی دی بڵێت، بەپەیژەکەدا هاتە خوارەوە و فرێدی بەتەنیا جێ هێشت. فرێدیش گیرەی دەرگەکەی خستە ناو کونی قفڵەکەوە و چووە خوارەوە لە هیچ لایەکەوە ئۆتۆ دیار نەبوو ماتۆڕەکەی کە مارکی هۆرێکس بوو، لە پاڵ تەپۆڵکە خەڵووزەکەدا بوو فرێدی کەوتە گەڕان بەدوای ئۆتۆدا، چونکە پێ دەچێت کە هاوەڵەکەی پێویستی بەم بێت خۆ ئەو ناتوانێت باسی خەمی خۆی لە هەمبەر ڕیناتاوە، لەتەک پیرە موللەر و یان ئێمادا باس بکات ئەو لە من زیاتر کێی تری هەیە؟ لەوە دەچێت ئەگەر باسی کۆرنێلیای بۆ بکەم، بتوانم لە خەمی ڕیناتا دووری

بخـەمەوە، بیرکردنەوە لە کۆڕنێلیا، هـەمـدیسـان نیگەرانی کردەوە بیـری لە قسـەکـەی ئۆتۆ دەکردەوە کـە وتبـووی: نازانرێت چۆن باس و ڕاڤـە لە خـۆشـەویسـتی بکرێت لە مەیخانە و چێشتخانەکەی بێک، دوو پیاو لە کن سەکۆکەوە دانیشتبوون و قنگەتیلەی ئافرەتێکیان دەدا. فرێدی لە خاوەنەکەی پرسی؛ ئایا ئۆتۆ هاتووە بۆ ئێرە؟ بەڵام ئەو بۆ ئێرە نەهاتبوو دەووروبەری کاتژمێری پێنج، فرێدی وازی لە گەڕان هێنا گەڕایەوە بۆ ماڵەوە و لە دەرگـەکـەی ئۆتۆی دا. ژوورەکە چۆڵ بوو. پەڕپـووت دەهاتە بەرچاوان. دەفرەکانی چێشتخانەکە هەموویان شۆرابوون و ئەو ناوە ڕێکوپێک کرابوو. بەڵام هێشتاکەیش ئێما نەگەڕابووەوە. فرێدی بیری کردەوە، بڕوات و لاوکمان بدۆزێتەوە و پێی بڵێت؛ ئەم بەیانی ناتوانێت بچێتە کنی. بەڵام ئارەزووشی لە پێککگەیشتن بەماریا نەبوو. جا بەتایبەتیش ئەمڕۆ بەشەقامی ڤیندموولەردا چووە خوارەوە. بەدووروبەری خانووەکەی دیتسیشدا، کەسێک دیار نەبوو. لە دەرگەکەی دا و بانگیشی کرد. بەڵام ئاشکرا بوو، کەسی لێ نییە دەی خۆ دەبێت فریتس هوفناگڵ بزانێت، ئۆتۆ لە کوێیە، چونکە ئەوان هەمیشە و هێشتاکەیش دۆست و هاوکارن. کە لە زەنگی دا، کەسێک دەرگەی نەکردەوە. ژنێکی گەنج کە پەتی سەگێکی قژ بژی بەدەستەوە بوو، ئەمیش بەبینین دەیناسی، لە ماڵەکە هاتە دەرەوەو وتی:

- فـریتس لێـرە نیـیە.لەگـەڵ ژنەکـەیدا بەئۆتـۆمبـێل ڕۆیشتن جـا پێم وایە چوونەتە هۆمبێرگ بۆ شاری یاری.

سەگەکیش بۆنی بەپانتۆڵەکەی فرێدییەوە دەکرد. دەتگۆ سەگەکە ڕیشێکی بژی شانەنەکراوی هەیە. دەووروبەری کاتژمێری نۆی شەو، فرێدی جارێکی تر ڕۆیشتەوە مەیخانەکەی بێک هۆڵەکە پڕ بوو بەناو خەڵکەکەدا خۆی بەکێش کرد و هەمدیسان هەواڵی ئۆتۆی لە خاوەنەکی پرسی ئەویش بەدەم تێ کردنی بیرەوە بۆ مشتەرییە سەرخۆشەکانی، سەرێکی ڕاوەشاند کە گەڕایەوە، ڕووناکی لە ژوورەکەی ئێما بەدی کرد، بەڵام نەهاکە ئارەزووی قسەکردنی لەتەک ئەودا نەبوو بۆیە بەرەو ژوورەکەی خۆی ڕۆیشت. پەرەکۆنی وێنەکردن، بەسەر دۆڵابەکەیەوە، دانرابوون. بیری کردەوە؛ کاتی فرێدانیان هاتووە، ئینجا خۆی بۆ نووستن پاڵخست.



## بەجێهێشتنی فـریشتەیەک

ئۆتۆ فـرێدی لە قـووڵایی خـەو بەئاگـا هێنایەوە. ئۆتۆ لـە بەردەرگـەکـەدا وەسـتـابوو. دەبێت هەر زۆر زوو بێت ڕوخساری ئۆتۆ وەک هێنی سەرخۆشێکی دەنواند بەرگی ماتۆڕلێخورینی بەسەر قاتە باشەکەیدا لەبەر کردبوو. زنجیری چاکەتەکەشی کرابووەوە، ئینجا وتی:

- فرێدی من دەبێت بڕۆم. دەچم بۆ فەڕەنسا، بمێنە بەخۆشی.

بەئارامیش خـۆی وەرچەرخـاند و ڕۆیشت. فـرێدی گـوێی لە دەنگی هەنگاوەکـانی بوو، لەسـەر پلیکانەکـان کـە ئەم بەخـێـرایی ڕاچەنی و هـاواری لێ کـرد، ئۆتۆ ماتۆڕەکەی هێنابووە حەوشەکەوە و خستبووشیە کار. فرێدی هێشتاکە خەواڵوو بوو کە وتی:

- شتی قۆڕ مەڵێ! دەی خۆ نابێت هەروا بەئاسانی بۆی دەرچیت!

سەرنجی دا کە هاوار هاوارەکەی بێ سوودە دەتگۆ ئۆتۆ هەر لەوێش نییە. لەسەر ماتۆڕەکە دانیشتبوو و قاچیشی خستبووە سەر پایەدەرەکە. فرێدیش خۆی هەڵدایە کابینەکەی تەنیشتییەوە. لە ناو گرمەگرمی ماتۆڕەکەدا، فرێدی وتی:

- تۆزێک لەگەڵتا دێم.

ئۆتۆیش کەوتە لێخوڕین و حەوشەکەی بەرەو سەر جادەکە جێهێشت کە تەواو بەنزینی دایە، لە چەند چرکەدا لەسەر شەقامی کەمپەر و بەرەو مۆرس دەچوون. ئۆتۆ ڕێک لەبەرامبەری دەڕوانی. فرێدی هاواری لێکرد:

- دەی خۆ نابێت هەروا بەو ئاسانییە، تێیتەقێنیت و بڕۆیت؟ تۆ لە قەفەزەکەدا ١٥ کۆترت هەیە دەتوانیت پێمی بڵێیت چیان لێبێت؟

بەردەوام قسەی دەکرد، هەردەمیش دەنگی تووڕەتری دەنواند

- ئەی خۆ تۆ بەڵێنت بەدیتسدا، کە دەچینە کۆلن، دەزانی چەندەی پێ خۆشە؟ ئەو

کۆلنی تەنیا لە یەک شەودا دیووە، ئەو شەوەی ئەویان تێدا گرت، ئەو حەز دەکات لەوێکانەدا، بەڕووناکی ڕووباری ڕاین ببینێت، ئەو پردەشی، کە ئەویان لێ دۆزییەوە و گرتیان، دەتەوێت قسەی خۆت بشکێنیت..؟ ئەوە من نامەوێت باسی خۆم بکەم، چونکە من خۆم ئیدارە دەکەم..! بەڵام بەزەییم بەدیتسدا دێتەوە، بە کۆترەکان، بەڵام وا دیارە کە هیچیان بۆ تۆ گیرنگ نەبن وا نییە؟

فرێدی دڵی پڕ بوو و لە ئۆتۆی هەڵدەڕوانی. درێژەشی پێ دایەوە:

- دەزانیت کە ڕوپلڤیتس دەیوست دیتس بکوژێت؟ ئەویش لە ئاوی گۆمەکەدا . جا ئەگەر من هەر بەڕێکەوت، بەوێدا نەڕۆیشتمایە خۆ تۆ دەتوانیت پێکەوە لەتەک موللەردا، قسە لەگەڵ بابی دیتسدا بکەن هەتا کوڕە دەبەنگەکەی زنجیر بکات، چونکە هەر زۆرجێی مەترسییە خۆ موولەریش کۆمۆنیستە، وا نییە؟ ئیدی لە کۆمۆنیستەوە بۆ کۆمۆنیست دەتەوێت ئەم هەموو شتانە جێ بهێڵیت، هەی تاوانکار؟

فرێدی بەردەوام هاوکات لەتەک پڕەپڕی ماتۆڕەکە و لووشکە لووشکی باکەدا قسەی دەکرد ئۆتۆیش دەتگۆ هیچ نابیستێت، ڕێک لە پێشەوەی هەڵدەڕوانی. فرێدی بیری کردەوە؛ پێ دەچێت کە بەهۆی ئەو کڵاوە ناحەز و چەرمەی سەرییەوە، هیچ نەبیستێت. بەپارکی کۆشک و قەڵاکەی مۆرسدا تێپەڕین و کەوتنە سەر ڕێی کرێفێڵد لە ناکاو ئیستۆپێکی گرت و چووە لای ڕاستی قەراغی جادەکە. بێ ئەوەی ماتۆڕەکە بکوژێنێتەوە، وەستا . بۆ ماوەیەک بەبێدەنگی مایەوە کڵاوە چەرمەکەی داگرت و دابەزی ماتۆڕەکەیش بەئاسپایی برمەبرمی دەکرد ئینجا بەدەوری ماتۆڕەکەدا وەرچەرخا و بەجەختەوە، وتی:

- فرێدی. ئیدی تۆ دەبێت بڕۆیت.

سەرنجی تووڕەشی تێ بڕی سەرنجەکەی وەک ئاوی شەوی گۆمەکە، ڕەش بوو. دەنگیشی خەمگین وبێ چارەیی..

- من دەبێت بەلای کارەکانمەوە بچم بۆیە ناتوانم بمێنمەوە.

زنجیری چاکەتە چەرمەکەی کردەوە کڵاوە فەڕەنسییەکەی لە باخەڵی دەرهێنا و بەفرێدی وت:

- ئەمەیش بۆ تۆ.





بەخواریش کردیە سەری.

- ئەگەریش تۆزێک مقەبا بخەیتە ژێری ئیدی تەواو پڕ بەسەرتە.

دەستی بە گیرفانیدا کرد و تۆپەڵیک پارەی کاغەزی دەرهێنا چەندین سەدمارکی بۆ فرێدی ڕاگرت:

- پارەی سێ مانگی کرێ بەئێما بدە بەباقییەکەشی، دەتوانیت بۆ دۆرتمۆند و بۆ کن کۆڕنێلیاکەت بچیت، لە منیشەوە سڵاوی لێ بکە.

فرێدی لە کابینەی پاڵ ماتۆڕەکە هاتبووە دەرەوە و لە بەرامبەر یەکتردا وەستا بوون، ئەو تۆزێک لە ئۆتۆ بچوکتر بوو، فرێدی شیڕاندی:

- هیچت گوێ لێ نەبوو؟ ئۆتۆ، تۆ ناتوانیت نەهاکە، هەروا بەئاسانی بۆی دەربچیت.

فرێدی هیچ دەستی بۆ پارەکە نەبرد. یەقینیش بوو کە هەوڵەکەی بۆ پەشیمانکردنەوەی بێ سوودە. هەستی کرد کە هاکا فرمێسکەکانی دەرپەڕینە دەرەوە. ئۆتۆ خۆی دانەواند و پارەکەی لەسەر گیای ژێر دارەکە دانا ئینجا بەدەوری ماتۆڕەکەدا وەرچەرخا خۆی هەڵدایە سەر کوشنەکە و فرتەی کرد و ڕۆیشت. فرێدی لە ناخەوە وتی: هەی لەم تاوانکارە. ئینجا باشترین بەردی ئەو ناوەی هەڵگرتوو، لە دواوە تێی گرت. نەیدەپێکا . بەردەوامیش بەدڵپڕییەوە، بەدوایدا ڕای دەکرد و بەردی تری تێ دەگرت، ئۆتۆ نەگەڕایەوە.

فرێدی بەدەم جنێو و بۆڵەوە بەهێواشی گەڕایەوە فرمێسک بەڕووخساریدا دەڕژانە خوارەوە بەڵام هیچ گوێی پێ نەدەدان.ئەمەیش ئۆتۆی تاوانکار بەلای پارەکەدا ڕۆیشت و هەر سەیریشی نەکرد ڕێگای بەرە و ڕاینکەمپی گرتەبەر و لەبەر خۆشییەوە دەیبۆڵاند کە گەیشتە مەزرایەکی پڕ لە گوڵە زەرد، کڵاوەکەی هەڵدایە ناوی. لە بیست مەتری دوورترەوە، کڵاوەکە بەسەر گوڵە زەردەکانەوە، وەک خاڵێک ڕەش دەچووەوە بەدەم خۆشییەوە بۆڵاندی:

- کڵاوە پیسەکەت با هەر بۆ خۆت بێت.

دوای پەنجا مەترێک، بەرەو مەزرا زەردچووەوەکە گەڕایەوە. بەدوودڵییەوە لە نێزیکی کڵاوەکەوە وەستا ئۆتۆمبێلێک لەسەر جادەکە وەستا دوو کەس لە

پەنجەرەکانەوە، بەدەنگی بەرز شتێکیان دەوت ئەمیش وتی:

- من هیچم ناوێت و فەرموون بڕۆن!

دوو پیاوەکەیش بەهاوارەوە شتێکیان دەوت، کە ئەم لێیان تێ نەدەگەیشت، فریدیش وەها هەڵسوکەوتی کرد، هەروەک ئەوان هەر لەوێکانەیش نەبن ئینجا کڵاوەکەی کردەوە سەری. ئۆتۆمبێلەکە بەرە و مورس دەچوو، بەڵام یەکێک لە زەلامەکان، ملی لە پەنجەرەکەوە دەرهێنابوو فریدی لەگەڵ ئاماژەی دەستدا، بەدەنگی بەرز وتی:

- بڕۆ بزربە!

ئیدی لە پێچێکدا دیار نەمان کە بەناو مەزراکەدا کەوتە ڕێ، ئینجا هەستی کرد، تەنیا کراسی خەوی لەبەردایە. بیری کردەوە؛ قابیلە بەمەیش خۆم شێت بکەم؟ بۆیە نەگەڕایەوە بان جادەکە، چونکە دەیزانی کە هەر بێ مێشکێک پرسیاری ئاراستە دەکات هەروەک هەرگیز خەڵکیان لە کراسی خەودا نەدیبێت: جا هەر ئەوەندەمان ماوە، پۆلیسم لە دژ هان بدەن. لەسەر ڕێگەی مۆرسەوە بەرەوڕووی ئەم، پاسکیل سووارێک دەهات فریدی خاک و خۆڵی مەزراکەی، بۆ پێیە ڕووتەکانی بەباشتر دەزانی، وەک ڕۆیشتن بەسەر جادەی قیردا. پاسکیل سووارەکە لە ئاستی ئەمدا ڕای گرت فریدیش بڕیاری دا، هیچ گرینگی پێ نەدات. تەنیا بەتیلەی چاو لێی بڕوانێت بەڵام بیری کردەوە: دەڵێیت ئەم کەسەم لە جێیەک دیووە. بۆیە لێیهەڵڕوانی. پاسکیل سوارەکە، پاسکیلەکەی بەدەستەوە گرتبوو، هاوکات لە گەڵ ئەمدا دەڕۆیشت. باشە ئەوە پیاوە یان ژن؟ باشە ئەم زەلامە هیچیش ناڵێت؟ پاشان بۆی ئاشکرابوو، کێیە خوشکە کەڕ و لاڵەکەی پینەچییەکە یە فریدی تووشی سەرسووڕمان بوو.چونکە فریدی هەتا ئێستاکە، ئەوی لە دەرەوەی دوکانەکەیان نەدیبوو. جا نەخوازەڵا بەپاسکیلێکەوە. هاواری لەویش کرد:

- بڕۆ لە بەرچاوم بزربە.

ئینجا باقەیەک لاسکی بەگڵەوە هەڵپچڕقاند و تێی گرت، بەڵام ژنەکە بەردەوام و لە بەرزایی ئەودا دەڕۆیشت، هاواری لێ کردەوە:

- هیچ پێویستم بەتۆ نییە و لێرە چیت دەوێت؟ بچۆرە کن دایک و بابت، ئەگەر





هەتە..! ئەوان تۆیان لەتەک ئەو قەمبوورەی براتا، لەو کونە جرجەدا، جێ هێشتووە هەتا پێڵاوی بۆگەن بخەیەتە سەر سەکۆ جا هەر هەموو ژیانیشت هەر زۆر چاکە و دەتوانیت ئیفتیخاری پێوە بکەیت.! هەروەک من هەستم پێنەکردبێت، کە پارەی بزمارەکانیشت خستە سەر حساباتی پێڵاوەکان ئیدی ئێستاکە حسابەکەتان هەر زۆر تەواوە وا نییە؟ من دەتوانم بۆ هەر جێیەک دەمەوێت، بڕۆم. باشیش بزانە و خۆشحاڵ بە بەوەی کە دوکانەکەت نابڕم. هەموو شتێک شایانی ڕوودانە. تۆ بنواڕە بۆ چەند بزمار چیت کرد.

هەڵوێستەیەکی بۆ کرد و بەرەو ژنەکەی هەڵڕوانی، بەڵام لەو دوورەوە، نەیدەتوانی هەست بەگۆڕان لە ڕووخساریدا بکات. باشە ئەم زەلامە نەگبەتی هێنەرە، بۆچ ناڕوات؟ هاواری لێ کرد:

- تۆ دەتوانیت بچیتە کن پۆلیس و پێیان بڵێیت؛ من ڕوپلڤیتسی جرجم کوشتووە... دەی گوێزی پووچ..! لە پۆلیسەکانیش بپرسە؛ ئەوان لە کوێ بوون کە ڕوپلڤیتس دەیوست دیتس بکوژێت؟ بەڵێ، دەی لێیان بپرسە، چونکە دەمەوێت ڕووخسارە دەبەنگەکەیان ببینمەوە.!

بەبێدەنگی ملی ڕێی گرتبووە بەر.تیشکی هەڵهاتووی خۆرەکە گەرمایی بەڕوخساری دەبەخشی، بەدەم خۆیەوە کەوتەوە ورتە ورت:

" منیان بۆ ناگیرێت هەر دەڵێیت من بێ کەس بم نا، با کەس خۆی بەهەڵەدا نەبات! ڕێک بڕۆ بۆ کن پۆلیس منیش لەوێکانەدا پیاوی خۆمم هەیە..! لەوەی ئەرخەیان بە..! دەشتوانیت لەوێش باسی ئەوە بکەیت، کە بزماریشم لێ دزیویت.! سکاڵانامەیەک پێشکێش بکە، بێشک لە پێکەنیندا دەمرن..! جا ئەگەر دەخوازیت، ئەوا دەتوانم بابەتی تری سکاڵات بۆ بنێرم ئینجا بە گرینگییەوە لەوێ دێیتە دەرەوە...."

بەبێزەوقییەوە خۆی بەکێش دەکرد، جارجارە چیلکە و چەوێڵ دەچوونە نێوانی پەنجەکانی پێی و بنی پێشی ئازاری پێدەگەیشت.

" هەروەک من نەزانم کە تۆ دڵت بەپێڵاو خۆشە، داوای لێبووردنیش دەکەم، ئەوە تایبەتە بەخۆمەوە، نهێنی کارە..! هەندێک دەڵێن؛ تۆ دەتوانیت لە جوڵانی لێوەکان تێ بگەیت، بەڵام بەلامەوە زۆر جێی سەرسووڕمان دەبێت، تۆ چی لە لێوەکانی مندا

دەخوێنیتەوە، داکاپۆ..! داکاپۆ..! ئێ..هیچ تێ گەیشتیت..؟ هەر لەوەت کەمە کە کوێریش بیت، ئیدی لە هیچت کەم نابێت."

فرێدی لە ناو گوڵە حاجیلەکان هاتە دەرەوە و کەوتە ناو جۆجاڕێک. بۆ پێ ڕووتەکانی هێندە سانا نەبوو. هاواری لە ژنە کەڕەکە کردەوە:

ـ وا باشترە کە گۆڕت بزر بکەیت ئیدی خۆ بۆ تۆ هیچ گرینگ نییە، من لێرەکانە قاچەکانم زەخمی دەبن و دەشکێن..! ئەگەر دەشتەوێت کارێکی باش بکەیت، بڕۆ ئەو ئۆتۆ دەبەنگە بگێڕەوە، نایناسیت..؟ لێ، ئەو هاوەڵمە..! لە مێژیشەوە، ئائەمەیش کڵاوەکەی

هەڵوێستەیەکی کرد و کڵاوەکەی لە بەرزاییەوە ڕاگرت.

ـ کڵاوی وەها هەر نییە دەڵێیت نایەوێت بگەڕێتەوە.جا با نەگەڕێتەوە لەو جێیە بێت کە خۆی دەیەوێت بۆ من هیچ گرینگ نییە.

وەستا و هەڵوێستەیەکی کرد ڕووی لە ژنەکە وەرگێڕا و کەوتە گریان. ژنەکەیش لە ئاستی ئەمدا وەستا ئەم برۆیشتایە، ژنەکەیش دەکەوتەوە ڕۆیشتن. بشوەستایە، ئەویش دەوەستا کە بەتیلەی چاوان سەرنجیدایە، وەک وێنەیەکی لێڵ دیار بوو. بەڵام کە ژنەکە لە پڕدا دیار نەما، بەتەواوی ڕوانییە ئەوێ، هەتا بزانێت ژنەکە چی لێهات. لە لێواری جادەکە، ئۆتۆمبێلێکی پۆلیس بەگڵۆپی شەوق شینەوە، ڕای گرت و لە هەوڵی پرسیارکردن لە ژنەکە بوون دوو پۆلیسی قەڵەو بوون، کە ئەم هەتا ئێستاکە نەیانی دیبوو. بۆیە بیری کردەوە؛ دەبێت پۆلیسی مۆرس بن. پێ دەچێت کە لەوێکانە، هەموو پۆلیسەکان وەک گاکەڵە تێکسمڕاو بن. بۆ پرسیار کردن لەو ژنەیش، دەبێت سەبرێکی باشیان هەبێت.

ئینجا کەوتەوە ڕێ و لە جادەکە خۆی دوور دەخستەوە بینی کە پۆلیسەکان بەنیاز بوون، بێنە ناو جۆجاڕەکەوە، بەڵام ژنەکەیش لە هەوڵی بەرلێگرتنیاندا بوو ئەم دەیتوانی بەهەڵسوکەوتەکانیدا، هەستی پێ بکات وەک فریشتەیەک هەردوو باڵەکانی بڵاو کردبووەوە.لە ساتی دەمەدەمەکەی لەتەک پۆلیسەکاندا، لەچکەکەی خزایە خوارەوە و قژە قاوەییە چرەکەی، بەسەر شان و ملیدا بەربوونەوە ئەگەرچی ئەو نەیدەتوانی کە ڕێیان لێ بگرێت و بێ سوود بوو. هەردوو پۆلیسەکە کەوتنەڕاکردن و





نێزیک بوونەوە، فرێدی هاوارێکی کرد و بۆی دەرچوو:

ـ ئێوە منتان بۆ ناگیرێت.

کڵاوەکەی بەدەستەوە گرتبوو و هەڕای دەکرد هەستیشی کرد کە بەسانایی دەتوانێت، نێوانێکی زۆر دروست بکات. بۆیە گوڕی دایە خۆی لە دوورەوە سەکۆ کۆنی هێڵی وێستگەی شەمەندەفەرەکەی بەدیکرد. جا لەبەر خۆیەوە ورتاندی: من ئەگەر بگەمە ئەوێکانە، ئیدی هیچ پۆلیسێکی قووندەر ناتوانێت بمدۆزێتەوە ئەو هەنسکی دەدا، بەڵام لە ناخیشەوە پێکەنینی بەخۆی دەهات. بێ شک کە ژنە کەڕولاڵەکە پێیان ناڵێت، ئەوان بەدوای کێدا هەڕایان دەکرد لە بان سەکۆی وێستگەکە هەڵوێستەیەکی کردو ئاوڕی بۆ دواوە دایەوە. لە سەدمەتری دوورترەوە، پۆلیسەکانی لە ناو مەزراکەدا لە گەڕاندا بوون، کڵاوە سەوزەکانیان بەدەستەوە گرتبوو، هەتا لە ساتی ڕاکردندا لێیان نەکەوێت ڕووخساریشیان لە ماندوێتیدا، سوور هەڵگەڕا بوون. داخیشی دەخوارد کە ناتوانێت لە نێزیکەوە سەرنجیان لێ بدات دەستی ڕاستی بۆ کردنی ئەو ئاماژە ناحەزە بەرز کردبووەوە و ئامادە کردبوو، کە لە خوێندنگە خوێندکارەکان، دژی یەکتری دەیانکرد و پێیان دەوت: گەر دەتوانیت وردی بکەیتەوە، ئەوا پارەت هەیە! بەڵام دەستی داگرتەوە. خۆشی نەیزانی بۆچ. هێشتاکە قینی زۆری لە دڵدا بوو، کە ئیهانەیان بکات، بەڵام کردەوەکەی بەلاوە پەسەند نەبوو بەرەو پارکی خاڵی لە مرۆڤی یونگبۆرن هەڕای کرد و بیریشی لێ کردەوە؛ کام شەقامە بەرەو ماڵەوە بگرێتە بەر، هەتا بەرەوڕووی خەڵک نەبێتەوە.

لێ، چونکەی ڕۆژی یەکشەممە بوو، زانی دەبێت هێشتاکە، زۆربەی خەڵکەکە خەوتبن. تەنیا خوشکی پینەچییەکە بەرێی مورسەوە بوو. لە بەروەی بێ شک کە ئەمرۆ، کەسێک بۆ دوکانەکەیان ناچێت باشە ئەو ژنە لە مۆرس چی کردووە؟ دەبێت ئەو ساتەی کە باڵەکانی بۆ بەرگەگرتن و پێشگرتن لە دوو پۆلیسە قەڵەوەکە بڵاو کردبێتەوە، چۆن چۆنی نواندبێت؟ بەڵام بەهەرحاڵ، لەگەڵ ئەو ڕووداوی بزمار دزینەیشدا، هێشتا ئەو لایەنگری لەم کرد دەبێت گوڵی پێشکێش بکەم. یەک باقەیش. ئینجا بەدوودڵییەوە ڕوانییە شەقامە چۆڵەکە. بیریشی کردەوە: باقەیەک گوڵیش هێشتا زۆر نییە ئینجا، کەوتە پێچی شەقامی یونگبۆرنەوە باشتریشە کە لە سەر پارچەیەک کاغەز و بەنووسین، داوای لێبووردن لە هەموو خراپەکارییەکەنم بکەم و

سوپاسیشی لێ بکەم، چونکە خۆ ئەو دەتوانێت بخوێنێتەوە. ئینجا خانووەکەیانی لێ دەرکەوت.خۆر نیشتبووە سەر شەقامە چۆڵ و هۆڵەکە نامەکە و گوڵەکەشی هێشتا بە کەم دەزانی. بۆ ئەوەی کە دەرنەکەوێت، لە لاوە خۆی بەحەوشەکەدا کرد و بەئاسپایی چووە ژوورەکەی خۆی ماوەیەک بەبیرەوە، لە بەرپەنجەرەکەدا وەستا بیری کردەوە: ئەو وەک فریشتەیەک، لەبەر پۆلیسەکاندا وەستاو بەری پێگرت بۆیە نهاکە زۆر لەوە پەشیمان بوو، ئەو قسە ناشیرین و ناحەزانەی ئاراستە کرد دڵخۆشی خۆشی دایەوە کە ئەو لە قسەکان تێ نەدەگەیشت، بەڵام خۆ ئێستاکە، هیچ لە مەسەلەکە ناگۆڕێت، ئەگەرچی نەشیتوانی، بەر بەڕۆیشتنی پۆلیسەکانیش بگرێت، هەر زۆر گرینگ نییە و لە هەوڵ وکارەکەی کەم ناکاتەوە. هەر وا بەسانایی نابێت بەسەرمدا تێپەڕێت کاتێک ئەو ژنە فریام کەوت نەمدەتوانی چاوەڕێی کەسێک بکەم کێ دەتوانێت لە مەزرایەکدا و لە دەمژمێری شەشی بەیانیدا، فریات بکەوێت، ئەگەر دوو پۆلیس بیانەوێت بتگرن؟ بێجگە لەوی هەروەک فریشتەیەکی تووڕەبوو؟ چۆنیش قژەکانی بەسەر شان و ملیدا پەخش بووبوونەوە. بۆیە لە ناکاو خۆی بەبچووک و بێتوانا زانی لێدانەکانی دڵیشی خێراتر بوون بەڵێ، ئەو فریشتەیەی بەچاوی خۆی دی! پێم وایە وەها باشترە، بزانم ناوی خۆی چییە، چونکە ئەوە دەبێتە سەرەتایە بۆ ئەم مەبەستەیش لە براکەی دەپرسم جا خۆ دەبێت کە ئەو بێتەوە یادی، ناوی یەکەمی خوشکەکەی چییە یان بنوارێتە قەواڵە کۆنەکان پێ دەچێت ئەو ساتەی کە دایکی، لەو پینەچییە بچکۆلە و هەژارە، سکی کردبێت، فریشتەیەک دروست بووبێت..! دەبێت، بێ ئەوەی کەسێک زانیبێتی، شتێکی وەها ڕووی دابێت..!

ئیدی لەو ساتەوەی کە ئەم سەکۆی وێستەگەی جێ هێشتووە، هیچ باسێک لە پۆلیسەکانەوە نییە ڕۆژ بۆ ئەوان، بەهەلایەک دەستی پێ کردووە لەسەر تەختی خەوەکەی دانیشت قاچەکانی بەگڵ و قوورِ پیس بووبوون. بەو لاسکانەی پێشێلی کردبوون، سەوز بووبوون. بڕێکیش ئازاریان هەبوو. کڵاوەکەی لە دەستەکانیدا وەردەچەرخاند دەیکردە سەری و دای دەگرتەوە کڵاوەکە تۆزێک بەسەری گەورە بوو، دەبێت کاتژمێری چەند بێت؟ کراسەکەشی بڕێک پیس بووبوو، بۆنی گژوگیای گرتبوو: جا ئەگەر بمەوێت کە لەبەر بۆری بیرەکەدا، قاچەکانم بشۆم، ئەوا ئێما دێت و دەکەوێتە پرسیار جا ئەگەر پۆلیسەکانیش هەتا ئێرە جێ پێی هەڵبگرن، ئەوا پێیە







پیسەکانی دەبنە بەڵگە. بۆیە بەسەر پێیەکانیدا گۆرەوی لەپێ کرد کراسێکی نوێی لەبەر کرد و ئینجا پانتۆڵەکەی لە پێ کرد. لەبەر خۆیەوە بەوە پێکەنی، دەبێت بەکراسی خەوەوە و لەو مەزرایەدا، چ دیمەنێکی هەبووبێت لەوە دەچێت وایان زانیبێت کە من لە بەدەنی داهۆڵێکەوە دەرپەڕیبم؟ هیچ شکم نییە، ئەگەر منیان بگرتبایە، ئەوا دیکسکن بناگوێیانی گەرم دەکرد. هیچ نەبێت ڕەوانەی سیبیریای دەکردن! حەزی دەکرد کە لە تەک خوشکی پینەچییەکەدا، ئەم بۆچوونانەی بخستایەتە ڕوو. دەشیهێنایە بەرچاوی، ئەو چۆن بەشێوەی خۆی دەکەوتە پێکەنین. ئەمانە بیرکردنەوەی ئەم بوون. دەی خۆ ئەو هەمان خوشکی پینەچییەکەیە، بەڵام لە ئان و ساتی چاوداگرتندا. لەبەر بۆری بیرەکەدا، دەست و ڕووخسار و ملی خۆی شت هەستی بەگۆڕان لە ڕوخساری خۆیدا دەکرد دەی بێ شک هۆکاری ئەو ڕاکەڕاک و نیگەرانییەیە. بەرەو جێی کۆترەکان هەڵ گەڕا بێ شک دەبێت کۆترەکان برسییان بێت. کە دەرگەکەی کردەوە، کۆترەکان بەرەولای هاتن. جا بەڕاستی برسیانە، دەنا وەها نەدەهاتنە پێشەوە. بیری لێ کردەوە: چش لەوەی کە بەماریاش دەگەم، بەڵام لەتەک دیتسدا، دەچینە کن جووتیار لاوکمان جا کێش دەزانێت، دوێنێ بابی دیتس نەگەڕابێتەوە؟ کە ئیدی ماڵباتەکەیان تەواوکەر دەبنەوە. لە کن لاوکمان و ماریایش، وەها هەڵسوکەوت دەکەم، هەروەک هیچ ڕووی نەدابێت. بێ شک ماریاش کردەوەیەکی وەها ناکات، ببێتە هۆکاری ئاشکرابوون. مردنی جرجێکی وەک ڕووپلڤیتسیش، لە ناو ئاوی گۆمەکەدا، نابێتە هۆی جیاوازی بۆچوونی لاوکمان لە هەمبەر مندا. چونکە ئێمایش هەردەم ڕای وابوو، لاوکمان هێندە باشە، مرۆڤی ئەم سەردەمە نییە، هەرزنی ناو عەلاگەکەی بۆ هەڵڕشتنە ناو جامەکانەوە لێ، کۆتر زۆر کەیفیان بەهەرزن نایەت، بەڵام کە شتێکی باشتر لەوە نەبێت دەبێت ڕازی بن، دەی خۆ ئەوان نازانن، هەرزن بۆیان هەر زۆر باشە ناشزانم کۆتر حەزیان لە چییە چۆنیش ئەو دەنکانە قووت دەدەن. هەر هەمووی جێی سەرسووڕمان و نهێنی ئامێزە. پەنجەرەی هەورەبانەکەی کردەوە، هەتا کۆترەکانیش چێژ لە تیشکی خۆرەکە وەربگرن کە دەهاتە ژوورەوە ئینجا سەری لە پەنجەرەکەوە بردە دەرەوە ئاسمان شین بوو. دیارە کە ئەمرِۆ، دەبێتە ڕۆژێکی خۆشی پایز لە کانەبەردی خەڵووزەکەوە، دووکەڵێکی سپی و لە جێی خەڵووز وەبەرهەمهێنانەکەیشەوە بڵێسە بەرەو ئاسمانە

شینەکە هەڵدەکشان گەڵا هەڵوەری و ڕزیوەکانی دارسێوەکەیش، بەسەر گیاکە و بەدەم نەرمە باکەوە، پرش و بڵاو دەبوونەوە.

برسی بوو بەو هیوایە بوو کە ئێما لە خەو هەڵسابێت، تا پێکەوە ناشتا بکەن. لە بەرئاوێنەی چێشتخانەکەدا لە خۆی هەڵڕوانی بۆی ئاشکرابوو کە ڕووخساری نیشانی گریانی پێوە نەماوە. چونکە نەدەبووا ئێما هەستی بەوەها شتێک بکردبایە ماوەیەک سەرنجی خۆیی دا بیری کردەوە: ئەرێ ئەم لە کەسێکی وەها دەچێت کە هاکا ببێتە باوک؟ هەرکە کۆرنێلیا نامەی بۆ نارد و ئاگەداری کردەوە؛ هەر شت بەڕێکوپێکی بەڕیوە چووە، ئەوا پارە بۆ سەفەرەکەی دۆرتمۆندی فەراهەم دێنێت. چونکە ئەو سۆزی دا، هەر خێرا نامەی بۆ دەنێرێت دیارە کە هێشتاکە نامەی نەناردووە، بەڵام پێ دەچێت سبەینێ بیرکردنەوە لە کۆرنێلیا شڵەژاندی. ئاواتەخواز بوو نهاکە کۆرنێلیا لێرەکانە بووایە بەپلیکانەکەدا چووە سەرەوە و دەرگەی چێشتخانەکەی کردەوە هەتاوی پایز لە پەنجەرەکەوە دەکەوتە ناو ژوورەکە و ئەو ناوەی ڕۆشن کردبووەوە. کە چووە ژوورەوە، ئێما لەسەر مێزەکەوە هەڵساو، بۆ سەرسووڕمانی ئەم، باوەشی بۆ کردەوە و وتی:

ـ فریدی خۆشەویستم ئەمڕۆکە، ڕۆژی لەدایکبوونییەتی ئیدی وابوویتە شانزە ساڵان و پێگەیشتوویت و مەزن بوویت یەزدان ساڵێکی پڕ لە بەختەوەریت بداتێ و دەستی بەسەرتەوە بێت.

دەستیشی بەقژە تازە داهێنراوەکەیدا هێنا و ناوچاوانیشی ماچ کرد فریدی هەر لە یادی ڕۆژی لەدایکبوونیشدا نەبوو بۆیە بیری کردەوە: مرۆڤ بێ ئەوەی خۆی بیەوێت و پێ بزانێت، ئاوەها کاتی بەسەردا تێ دەپەڕێت. هەر لەو ئان و ساتەیشدا و تۆزێک لەولاترەوە پیاوێکی دی کە خێرا نەیناسییەوە. بیرێکیش وەک بروسکە بە مێشکیدا هات؛ پێ دەچێت کە بابی بێت، بەڵام کلاس ویلینگا بوو، هەڵسا و بەدڵسۆزییەوە دەستی بۆ درێژ کرد و پیرۆزبایی لێ کرد:

ـ خورتەکەم. یەزدان هەمیشە بتپارێزێت.

ئینجا بەهۆڵەندیش هەمان شتی پاتە کردەوە بەزمانێک کە وەک هۆڵەندی وەها بوو جووتیارەکانی ئەم ناوچەیە لە ناو خۆیاندا قسەیان پێ دەکرد بەهەرحاڵ، بەوەی کە





لە نێزیکەوە یەکتری دەناسن بیانی تەواو نین فریدی بەسەر سووڕمانەوە بیری کردەوە: پێ دەچێت ئەم کردەوەیش لە هۆڵەندە بەشێک لە کولتوور بێت بەیانیان زوو پیرۆزبایی لە منداڵی دراوسێکەت بکەیت کە بۆتە شازدە ساڵان فریدی هەتا نهاکە، کلاسی لە دەرەوەی ویرکشۆپەکەی نەدی بوو، جا نەخوازە لە چێشتخانەکەی ئێمایشدا. فریدی لەسەر کورسی لای مێزەکەوە دانیشت ئەگەرچی فریدی حەزی زۆری لە خواردنی هەنگوینی تەقلیدی دەکرد، بەڵام ئێما پەنیر و سجووقی کڕی بوو. بڕیاری دا بۆ ئەوەی کە ئێما نارەحەت نەبێت، پارچەیەک سجووق هەڵگرێت لە پاڵ کورسییەکەیدا پاکەتێکی پانکۆڵە دانرابوو. ئێما بەڕووخساری سوور هەڵگەڕاوەوە، ئاماژی پێدا و وتی:

ـ ئەمە لە هەردووکمانەوەیە.

لە ناکاو فریدی هەستی بەگێژە و بێ هێزی کرد بۆیە بەوەی خۆشحاڵ بوو کە لەسەر کورسییەکە دانیشتبوو. بیریشی کردەوە: کەواتە ئەوەی لەتەک ئێمادایە، کلاسە دەستیشی دایە پارچەیەک نان. دەستی تۆزێک دەلەرزی هیوادار بوو کە ئەوان هەستی پێ نەکەن بیری کردەوە: پێم وایە باشترە کلاس بێت، وەک لەو بەرپرسی لاوانە. فریتس هوفناگلیش بووایە هەر خراپ نەبوو. بەڵام ئەو بەزەماوەندەکەی، لەم گریمانەیە دەرچووە ئەم دەتوانێت هەمیشە خۆی لەتەک کلاسدا بگونجێنێت، ئەگەر ئەو وەها بمێنێتەوە، وەک تا ئێستاکە ناسیوییەتی، بەڵام مرۆڤ چی لەبارەی ژیانی ژن و مێردایەتییەوە دەزانێت؟ ئێما کە تۆزێک شڵەژاو دەبینرا و فریدیش هۆکارەکەی دەزانی، سەرنجی لە فریدیدا و وتی:

ـ ناتەوێت بیکەیتەوە؟

فریدیش بیری لێ کردەوە؛ بێ شک ئێما چاوەڕێی ئەوە دەکات تا بزانێت، ئایا من بەپێوەندییەکەی لەتەک کلاسدا ڕازیم؟ بێشک کە ئەم کلاس بەبابە ناو نابات وە کلاسیش داوای وەها شتێک لەم ناکات ئیدی هیچ بەلامەوە جێی سەرسووڕمان نابێت، هاکا کلاس ساردکەرکەی بۆ ئێرەکانە هێنا، جا پێ دەچێت، لە خواترسی و ئیمانداری هەردووکیان، لایەنی ئەرێتی نەبێت، چونکە بەسەرهاتی خراپی زۆری لە هەمبەر، دایک و بابی ئیماندار و لە خواترس و گرژکردارەوە بیستووە بێرترام

یەکێک دەبوو لەوانە! جا بۆ ئەوەی کە مرۆڤ، خۆی وەک هەڵووژەیەک وشک نەکاتەوە، هەتا دایک و باوکەکان گرژکردار تر بوونایە مرۆڤ لە هەوڵی دۆزینەوەی درۆیەکدا بوو، بەڵام خۆ مەرجیش نییە، هەمیشە وەسا بێت چونکە پێوەندی بەچۆنیەتی دایک و باوکەوە هەیە بەوانەوەشی کە شایەد، لە خواترس و ئیمانداریش نەبن.. ئێما تا نهاکە بەئیمانداریەکەی، ئەمی تووشی شەرمەزاری نەکردووە. ئەگەر شەرمەزاریشی کردبێت، ئەوا لە بەرژەوەندی ئەمدا بووە لە هەمبەر کلاسیشەوە، هێندە لە خەمیدا نەبوو، تا ئەو ڕادەیەی کە ئەو وەها بمێنێتەوە، وەک ئەم چۆنی ناسیوە. لەوە دەچێت کە هۆڵەندییەکان، بەچاوێک و تێڕوانینێکی تر لە شتەکان بڕوانن ئیدی ئەگەر کلاس بەکاری قەنەفە و کورسی و چەرمەوە بەرپرسی فەراهەم کردنی هەر شت بێت ئەوا کۆتایی بەناخونۆک دێت ئەوەتا کە ئۆتۆ ڕۆیشتووە ئەگەریش بێتەوە من نایەڵم کە ئێما دەستی پێوە بنێت! ئیدی هێندەیش لە خەمی ئێمادا نابم بەپەنهانی دەستی خستە سەر کڵاوەکەی ئۆتۆ، کە لە گیرفانیدا بوو. ماوەیەک بەدڵخۆشییەوە، دەستی لە گیرفانی پانتۆڵەکەیدا هێشتەوە. سەرئەنجام دەستی دایە پاکەتەکە بەرلەوەی بیکاتەوە، دەیزانی چییە. هەتا لووتکەی تووکە سەری، موچڕکەیەکی سەرکەوتن و خۆشی پێدا هات و کەوتە لەرزەیش. لە بیرەوە وتی: هەمدیسان ساتی گریان نییە! جا پێ دەچێت لە بریتی ئەوەی کە هەمدیسان ناچار بێت، لە دۆلابەکەدا و لە ژێر پەرەکاغەزی وێنەکێشاندا بیشارێتەوە، ئەوا ڕۆژێک لە ڕۆژان، پێشکێشی کۆڕنێلیای بکات. من پێویستە لەمەولا، بەجەختەوە کارەکانم هەڵسوڕێنم. خۆ بێ شک دەمەوێت کە ژیانم بگۆڕم کارتۆنی پشت وێنەکەیش لێ ناکاتەوە، چونکە هیچ پێویست ناکات کە نهێنییەکان ئاشکار بکرێن زۆریش دژوارە کە ئەم وێنەیە لە خۆم دوور بخەمەوە ئینجا بەرۆکی ڕووت و سنگ و مەمکی ئافرەتەکەی هاتەوە بەرچاوی خەیاڵ. هەر زۆریش لێوەی نێزیک بوو. وا دیارە کە من زۆرتر گرینگیم بۆ کاتۆلیک هەیە لێ نایشزانم چەوا؟ بۆیە وەها باشترە کە منداڵەکەیشمان، کاتۆلیک بێت پێویستیش ناکات منداڵەکەیشمان پێ بزانێت، کە بابی، ڕوپلڤیتس ی وەک جرجێک بەدار تۆپاند منداڵ نابێت بەهەر شتێک بزانن. فرێدی بەزردەخەنەیەکەوە پرسی:

ـ ئەمەتان لە کوێ پەیدا کردەوە؟

هەستیشی کرد کە دەنگی گیراو و قەبە بوو لەوە دەچێت بۆ کەسێک، بووبێتە





شانزە ساڵان ئاسایی بێت، ئێما وەڵامی دایەوە:

ـ کلاس لە کۆڵن، پیرە زینکەی دۆزیوەتەوە و ئەم وێنەیەی لێ کڕیووەتەوە.

ـ پارەی زۆری وەرگرتووە؟

کلاس بۆ ئەوەی کە ئارامی بەفرێدی ببەخشێت، وەڵامی دایەوە:

ـ پێم وایە ئەم وێنەیەی هێندە بەگرینگ نەدەزانی بەتایبەتیش نەهاکە، کە ئیدی ئەو تەویلەی ئاژەڵی نەماوە.

فرێدی پرسی:

ـ بەردەوام لە لایەن کوڕەکەیەوە، لێی دەدرێت؟

کلاس وەڵامی دایەوە:

ـ کوڕەکەی گەرەکییە بەو پارەیەی کە تەئمینات پێی داوە بەختی خۆی لە پۆڵۆنیا تاقی بکاتەوە.

فرێدی بەزەردخەنەوە وتی:

ـ جا با خۆی بخزێنێتە دوورترین سووچی پۆڵۆنیاوە جارێک هەر ئاشکرا دەبێت.

فرێدی کاغەزە پێچراوەکەی کردەوە و وێنەکەی بە دەستییەوە گرت هەرچۆنێک بێت، ژنەکە جوانتری لە پێشوو دەنواند و زەردەخەنەیەکی برێک تەفرەدەرانەی وەک ئەوەی خوشکی پینەچییەکەی بەسەر لێوانەوە بوو، بەڵام پێ دەچێت کە ئەمە خەیاڵاتی ئەم بێت زیاد لە چرکە سات سەرنجی لەسەر چاوەکانی هەڵنەگرت و بیری لە هیچی تر نەدەکردەوە. هەتا وێنەکەی لەسەر مێزەکە دانایەوە و لە کاغەزەکەی پێچایەوە نەیشەهاتەوە یادی کە ئایا منداڵێکیش لە وێنەکەدا هەبوو؟ بێ شک پاشان سەرنجی دەداتەوە ئێما بەسەرنجی پرسیارئاساوە لێی هەڵڕوانی. فرێدیش بەهەمان شێوە لێی هەڵڕوانی، بەمانای چۆنییەتی پێوەندییەکەی ئێما لەتەک کلاسدا. ئێما بەخۆشحاڵییەوە، بۆی پێکەنی و سووریش هەڵگەڕا بوو. لە بەرچاو و بۆ سەرسووڕمانی فرێدی، ئەو وەک کیژۆڵەیەکی شلەژاوی دەنواند فرێدی ویستی وەها بنوێنێت کە هەستی بەشلەژانەکەی نەکردبێت، بەڵام ئێما باوشی پێدا کرد و کەوتە گریان فرێدی کەوتەوە بیرەوە: لە ڕابردوودا، بە بێوشە و قسەکردن لێک تێدەگەیشتین، بەڵام وەک ئێستاکەیش خراپ نییە. ئینجا ڕووخساریشی بەقژییەوە نووساند.

فرێدی بە ئاگاییەوە وێنەکەی پێچایەوە لە پێشدا کراسی خەوەکەی خۆی تێوە پێچا ئینجا لە کارتۆنێکی ناو نزمدا داینا بەتەڵەزمە تەختە دای پۆشی و بەبەنێک بەستی دەیویست کە بەپاسکیل ڕێکەوێت، بەڵام بیری لەوەیش کردەوە، ئەگەر شتێک ڕوو بدات و بەپاسکیلەوە بکەوێت، ئەوا وێنەکە دەشکێت. بۆیە بڕیاری دا بەپێ بڕوات هەروەک چۆن لە پەنجەرەی هەورەبانەکەی سەرەوەیش هەستی پێ کرد، سەرلەبەیانی پایزەکە زۆر جوان و دڵگیر بوو شنەیەکیش گژوگیاکەی دەهەژێنایە جووڵە ڕێگەیەکی کورتی بەرەو گێنێنت و بەلای گۆمەکەدا گرتەبەر. کۆترەتەختەییەکانیش چۆن لە سەرەتای ساڵدا دەیان گماند، گمەگمیان بوو. لە سەر ئاوەکە، بائاگاییەوە وێنەکەی لەبەر قاچی خۆیدا دانا و چاوی بەلێوارەکەدا دەگێڕا بیری کردەوە: لاشەی ڕوپلڤیتس نەکەوتووەتە سەر ئاوەکە، چونکە لاشە هەروا بەسانایی نووقم نابن.کەواتە ئەو ڕزگاری بووە دەی وەهایش باشترە. حەزی نەدەکرد کە ئەو تێداچووبێت بگرە بەپێچەوانەوە دەنا دەبێت هەمدیسان و لە گرتنیدا، یۆهانس دکسکن بۆی تێکەوێتەوە. پێڵاو و گۆرەوییەکانی داکەند و بەباشی پێکانی شت ئاوەکە فێنک و خۆش بوو. لەسەر دارێکی کەوتوو دانیشت و قاچەکانیشی لەسەر دانا. سەرنجی دەدا چۆن وشک دەبنەوە ئیدی بەهێواشی بەرەو ڤلوین بەڕێ کەوت لێی یەقین بوو کە وێنەکە جێیەکی باش لە کۆشک و قەڵاکەی میرژن پەیدا دەکات هیچ ژنێکی دی نەبوو کە جێی باوەڕی ئەم بن بەپێی ئەزموونی خۆی، هەڵسوکەوت لەتەک ژناندا زۆر دژووار بوو ئەو بێوەژنانەشی لە ساتی کەلوپەل کڕیندا، دڕنیان بەسەرەکە دەدا و کەچی لەبەر خۆشیانەوە دەیان بۆڵاند: دەی من مێردەکەمم لە کیس چووە ئەو ژنە ئیماندار و گرژکردارانەشی، بۆ کن ئێمە دەهاتن، ڕووخساریان گرژومۆن دەبوو، ئەگەر ئەم خۆی وەک کۆترباز پێ بناساندنایە، یاخود جگەرەیەکی بکێشابایە. تەنانەت ئەو ژنانەشی بەلاوە سەیر بوو کە لە ڕۆژانی مووچەداندا، بەردەرگەی کانەبەردی خەڵووزەکەیان لە مێردەکانیان دەگرت و پارەکەیان لێ دەستاندن بۆیە وای دەزانی کە میرژن، کەسایەتییەکی دی بێت پێ دەچێت وەک کەسایەتی خوشکی پینەچییەکە. بەهەرحاڵ، میرژن لەوانە نەبوو مرۆڤ وای بەلاوە باشتر بێت، خۆی لەسەر ڕێیان لابدات. لێی یەقین بوو کە مرۆڤ دەیتوانی، ئەو ژنە کەڕ و میرژنە بکاتە جێی باوەڕی خۆی! ئەگەر مرۆڤ خۆی دڵێکی گەورەی نەبێت ئەوا هەوڵدان لەتەکیا





بێ سوودە ئیدی ژن بێت یاخۆ پیاو. لەوە دەچێت، ئەو ساتەی ئەم باسی وێنەکەی بۆ دەکات، میرژن کاتی بۆ ئەم هەبێت، چونکە ئەم وێنەیە هینی دەستپێکی چیرۆک نییە، بگرە لە ناوەڕاستەوە، بیرکردنەوەیش لە سەرەتای ئەم وێنەیە تووشی خەیاڵاتی دەکرد بۆیە ئاواتی بەوە دەخواست، کەسێک بۆ گەڕانەوەی سەرەتای باسی ئەم وێنەیە، هاوکاری بکردبایە. دیتس زۆرتر بەفەلسەفەوە سەرگەرم بوو بۆیە چاکتر بوو کە لەتەک ئەودا هەوڵ بدات ئەم و دیتس، دەبووایە لە بارەی گەلێک شتەوە قسەیان بکردبایە هێشتاکە خۆرەکە گەرمی دەبەخشی، بەڵام نەسیمێکی ساردیش دەهات گەیشتە نۆیکێرشەن و لە کن بانکی شپارکاسەوە، بەرە و جادەکەی ڤلوین پێچی کردەوە لە خۆشی بەرنامەکەی، لەبەر خۆیەوە ئەو ئاوازەی دەورتاند، کە بەیانییەکی ڕۆژێکی زستان، لە کۆشکێکی پاشائاسایی شاری مۆرس، گوێی لێ گرت بوو دەبێت ڕۆژێکیش ئەوە بزانێت کە بەڕاستی ئەوە چ جۆرە مۆسیکێک بووە؟ هەندێک بڕگەی هەر لە مێشکدا مابوو. باشە بۆچ لە بیری ماون؟ هەروەها ئاسان نییە لە نهێنی ئەم جۆرە کارتێکردنە تێ بگەیت. وا باشترە لە کن میرژن، وەها بابەتێک نەهێنمە بەر باسەوە، لەبەر خۆشییەوە پێکەنی مرۆڤ نابێت بەدەرگەکەوە بڕمێتە ناو خانووەکەوە! پێ دەچێت، وا باشتر بێت ئەم وێنەیە، بەپەنجەرەیەکی بەرزی ڕووناکدا هەڵبواسرێت ئەو جێیەی کە مرۆڤ ڕوانگەی بەسەر گوڵە ئاوییەکاندا هەیە. ئەو جێیەی کە بەیانیانی زوو، خۆر لێی دەدات ئیدی قەرەبووی ئەو هەموو ساڵی تەویلە تاریکەی بۆ دەکرێتەوە. هەتا ئەو ڕۆژەی دێن بەشوێنیا و دەبرێتەوە.

سەرچاوە:
تەمی خۆر. هێرمان شوڵتز. چاپی ٢٠٠٠ دەزگای کارڵسن ـ هامبۆرگ.